# خەونی هەبوونی دەوڵەتێکی کوردیی



" مرۆڤ دەبێت شتێکی نوێ بکات، هەتا شتێکی نوێ ببینێت" گیۆرگ کریستۆف لیشتنبێرگ

## لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە لەسەر کورد و هەلومەرجەکانی تێکۆشانی بۆ سەربەخۆکردنی خاکی کوردستان

**نووسینی: پۆڵا سەعید**

**کاتێک ئا. ئوربیلی ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ڕووسیی دێتە کوردستان و چاوی بە عبدالرزاق بدرخان دەکەوێت، بەمشێوەیە نیشتمانپەروەری کورد عبدالرزاق بدرخان لەگەڵ ئا. ئوربیلی دەدوێ:**

**هەرگیز ئەوە لەیادناکەم، کە میللەتەکەم لە کۆت و زنجیری زۆرداریی عوسمانلیی و قاجارییدایە، هیوا و ئاوات و ئامانجی ئێمە ئەوەیە، کە گەل و وڵاتمان لە کۆت و زنجیری زۆردار و بێگانەی داگیرکەر ڕزگار بکەین. جا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزەش گەلەکەمان پێویستییەکی زۆری بە خوێندەواریی هەیە، کلیلی ئەمەش ڕەخساندنی هۆکانی فێربوون و خوێندەوارییە بۆ گەلی کورد. لەمەدا یارمەتییمان بدەن ئەگەر بە من و بە هەڤاڵانم ڕزگارنەکرا، خۆ هەر کاتێ کورد بوو بە خاوەن دەست و پێنووس و خوێندەواری خۆی، ئەوسا دەتوانێ بە خۆیدا بێتەوە و ئازادیی خۆی بەدەست بهێنێت.**

# تێڕامانێک لەسەر بوونیەتی کورد:

بوونیەت و دروستبوونی ژیان و بوونەوەرەکانی سەر ڕووی زەمیین و بنەڕەتییەکانی دروستبوونی مرۆڤ، بە چەندیین شێوە و جۆری جیاجیا هاتۆتە بەرگوێمان. مرۆڤی سەرەتاییش هەریەکەیان بەپێی سەلیقەی خۆیان بیردۆزەکانیان لێکداوەتەوە، تا بتوانن بگەنە ڕاستییەک بۆ تێگەیشتن دەرهەق بە بوونی خۆیان وەک مرۆڤ. ئێمە کێین و بنەڕەتمان بەستراوە بە چ بوونەوەرێکەوە؟ هەمیشە پرسیارێکی سەرسووڕهێنەری مرۆڤی سەرەتایی بووە. مرۆڤی سەرەتایی باوەڕی بە هێزێکی نادیار هەبووە، کە ئەم جیهان و مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندانەی دروستکردبێت. هەربۆیە ئەو هێزە سروشتییانەی مرۆڤی سەرەتایی دەستەڵاتی بەسەردا نەشکابێت، هەوڵیانداوە بیپەرستن و بیکەن بە خودای خۆیان. بۆ نموونە هەورەبروسکە یەکێک بووە لەو هێزە سروشتییانەی سەرنجی مرۆڤی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە و لێی ترساون. لە قورئانیش دا دەڵێ: " لو انزلنا هذا القرآن علی جبل لرایتە خاشعا متصدعا من خشیە آللە" ماناکەی بە کوردیی واتە: ئەگەر ئەم قورئانەمان دابگرتایەتە سەر هەر شاخێک، ئەوا بە سەرکزیی و پارچە پارچەیی دەتبینی لەترسی خودا. ئەمەش لەو ڕوانگانەوە وەرگیراوە، کە زۆربینەیجار هەورەبروسکە، کە داویەتی لە شاخێک سووتاندوویەتی. بەوشێوەیە مرۆڤی کۆن لە هەورە بروسکە ترساون و بە هێزێکی دەرچووی نادیاریان ناساندووە. هەروەکوو لە ئینجیلیشدا باسی سووتانی شاخی "سینا" دەکات و دەڵێ ناڵە و گرمە نەبڕایەوە تا ئەو کاتەی

خوا بە شێوەی ئاگر گەیشتە سەر لووتکەکەی شاخی سینا و ناڵە و گرمە گرمەی ڕەواندەوە. بەمجۆرە موسا و هاوڕێکانی توانیان بگەنە سەرچیا. یەکێک لە دیاردە سروشتییەکانیش ئەوەیە مرۆڤی کۆن تا ئەوکاتە ئەو خودایانەی پەرستووە، کە دەستەڵاتی بەسەردا نەشکابێت. هەرکات مرۆڤ ترسی لەو خودایە کەم دەبێتەوە و نهێنییەکانی ئاشکرا دەکات ئیتر دەست لە پەرستنی هەڵدەگرێت. مرۆڤی کۆن مانگیشی پەرستووە، سەردەمی پەرستنی مانگ دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی سەرەتایی ڕاو و شکار. کە مرۆڤ فێری کشتووکاڵ بوو فێری ڕۆژ پەرستنبوون، مرۆڤ درکی بەوە کرد، کە بەرهەمهێنانی کشتووکاڵیی پێویستی بە تیشکی خۆرە. بەهۆی کشتووکاڵەوە دیسانەوە فێری پەرستنی باران بوون، چونکە بەبێ ئاو دەغڵەکانیان نەدەهاتە بەرهەم، هەروەک چۆن بەبێ خۆریش نەدەهاتە بەرهەم.
هەتا چەندیش مرۆڤی کورد دەکرێ باوەڕ بە بۆچوونە ئایینیەکان بهێنێ دیسانەوە ئەم بیرۆکەیە پەیوەستە بە لۆگیکی بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردەوە، دەکرێ مرۆڤ چاو بە بۆچوونە ئایینییەکاندا بگێڕێ لێکدانەوەی خۆی لەسەر بکات بەڵام نەگ بەوەی زانستی دروست بوونی ژیان بخاتە چنگ و پەنجەی ئایینەوە. بنەڕەتی مرۆڤایەتیی و مێژووی دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەد و پەنجا ملیۆن ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح. لە سەردەمی ژیانی داینەسۆرەکاندا گەیشتۆتە قۆناغی مەیموونە مرۆڤ بە گۆڕانی قۆناغەکانی ژیان و دروستبوونی بیر و هۆش لە مرۆڤدا گەیشتینە پلە و قۆناغی هەرەوەزیی و بە بەرەوپێشچوونی بیر و هۆش شارستانیەت لەناو کۆمەڵگای مرۆڤ دا هاتەکایەوە و مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بە هەست و هۆش توانی لەگەڵ ژیاندا خۆی بگونجێنێ و لەسەر بوونیەتی خۆی لێکدانەوە بکات. تا هاتنەکایەی دەستەڵاتە ناوچەیی و گرۆییەکانەوە، پاشان زاڵبوونی دەستەڵاتی ئایینیی بە هەر جۆر و شێوەیەک بوو بێ لە هەر پارچە زەوییەکی ئەم جیهانەدا، کێ ئەزانێ چ ڕۆژێکی دیکەی تر لە مێژووی ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکەی تردا زەویی دیسان گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەردا دێت. جا ئایا لەم گۆڕانەدا ئێمەی مرۆڤ وەک داینەسۆرەکان بۆ هەتا هەتایی بوونیەتی خۆمان لەکیس ئەدەین؟ یان هۆشی مرۆڤ هێندە گەورەیە، کە بتوانێ لە ئاکاری ڕۆژێکی وادا توانای بەرگرییکردنی لە خۆی هەبێ و نەهێڵێ بوونیەتی مرۆڤ بۆ هەتا هەتایی لەناو بچێ. بەپێی لێکدانەوە زانستییەکان لە ئایندەیەکی دووردا زەویی دەکەوێتە بە کاریگەرێتییە سروشتییەکان و مەترسیی لە ناوچوونی هەیە، جا ئایا دیسان لە ئاکاری چەند بارەبوونەوەی تەقینەوەی خۆردا یان هەر زەویی خۆی دەبێتە هۆکارێک لەوەی ژیان تێیدا لەناوبچێ بەو پێیەش کە لە چوار بەش سێ بەشی زەویی "ئاو" داگیری کردووە دەشێ ڕۆژگارێک بێتە پێش کە ئاو ببێتە گەورەترین مەترسیی بەرانبەر بە مانەوەی ژیانی مرۆڤ و هەموو ئەو بوونەوەرانەی لەسەر زەویی گوزەردەکەن.

ڕەگەزەکانی ئادەمیزاد لە ڕوانگەی جیاوازی مێژوونووسانەوە دەبێتە تەوەری سەرەکیی باسەکەمان و لێرەدا، هەوڵدەدەین بەچەند قۆناغ و پلەیەک باسی لەسەربکەین.

زانا ڕەگەزناسەکان ئادەمیزادیان کردووە بە چەند ڕەگەزێکەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. ڕەگەزی سپیی
2. ڕەگەزی ڕەش
3. ڕەگەزی سوور
4. ڕەگەزی زەرد

لێرەدا سەرنج ئەدەینە ڕەگەزی سێهەم و چوارەم، کە بوونیان لە ڕەگەزی ڕەش و سپییە. بەوپێیە ڕەگەزی سپیی و ڕەش بنەڕەتی کۆمەڵگای مرۆڤن، بێگومان بەردەوام لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا دوو کیشوەر دوو بلۆک هەمیشە بەرەنگاری یەک بوونەتەوە و دژایەتیی یەکیانکردووە بۆ سەلماندنی بیرۆکەی خۆیان بەسەر ژیاندا، کە ئەویش ئایین و زانستە. مرۆڤ هەمان کات پێویستە بە سەلیقەی خۆی ڕێگایەکیان هەڵبژێرێ و بیکاتە ڕابەری بەردەوامبوونی ژیان. مرۆڤ هەر لەسەرەتای لەدایکبوونیەوە ناوێکی لێ ئەنێن، کە ڕەزامەندیی خۆی لەسەر نیە، بە باوەڕ و ئایینێکەوە ئەیبەستنەوە، کە ویستی خۆی لەسەر نییە. تا ئەو کات و ڕۆژەی تەمەنیشی دەگاتە ئەوەی خۆی بڕیار لەسەر ناو و باوەڕ و چارەنووسی خۆیبدات، تووشی سەدان ململانێی هزریی و ئایینیی و کۆمەڵایەتیی دەبێت. بەمشێوەیەش مرۆڤ لەم تەمەنەدا قورسە بۆی بەیەکجار واز لە هەموو ئەو شتانە بهێنێ، کە باوەڕی پێی نییە چونکە کۆمەڵ سەپاندوویەتی بەسەریدا. مێژوو نووسە ئایینیە ئیسلامییەکان ئەڵێن: بوونیەتی بنەڕەتی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ سەر " دایە حەوا" و " بابە ئادەم" وە لە ئیسلامدا بڵاو بوونەوە و دروستبوونی تیرە و هۆز و نەتەوەکان دەبەستریێنەوە بە لێبوونەوەی نەوەکانی "سام" و "حام" کە ئەڵێن گوایە"حام" بە هۆی چەند گوناهێکەوە، کە سەرپێچێ بووە بەرانبەر بە فەرمانەکانی "خوا" بەم شێوەیە لە ئاکاری ئەم کارەدا خوا ڕووی ڕەش کردوون و جیای کردوونەتەوە لە بەرەی "سام" کە تا ئێستا بە سپییەتی ماونەتەوە. ئەمەش بۆچوونێکی ئایینییە و مرۆڤ ئەبێ بە پێی سەلیقەی خۆی لێکی بداتەوە و لەگەڵ زانستی سەردەمدا بەراوردێکی بکات، کە ئەویش کات و شوێن و ئاو و هەوای جوگرافیی ناوچە جیاجیاکانی سەرڕووی زەویی فاکتەرێکی بەهێزە لە گۆڕانی ڕەنگ و شێوەی بوونەوەرەکانی خۆیدا. هەروەها هۆکاری کیمیاویی ناوچەکە ئەبێتە هۆی گۆڕانی ژیان و بوونەوەرەکانی. لێرەدا باسەکەمان ئەخەینەسەر ڕەگەزی یەکەم " سپیی" و کارمان بەوانی ترەوە نامێنێ چوونکە ئێمە وەکوو کورد ڕەش نین بزانین ئێمەی کورد کێین؟

## زاناکانی ئیسلام و جولەکە دیسان کۆمەڵی سپیی ئەکەن بە دوو بەشەوە:

1. ڕەگەزی سامیی
2. ڕەگەزی یافتی، "یافت"

ڕەگەزی سامیی مەبەست لە  " سامیی کوڕی نوحە" کە لە عیبریی و عەرەبییدا بە یەک مانا دێن وەک مەسیح، مەشیح، شۆمۆئێل، وڵاتی شام بە ناوی سامیی کوڕی نوحەوە هاتووە. هەروەها ڕەگەزی ئاریی لە بەرەی "یافتی کوڕی نوحن" نەگ "سام و حام" زۆربەی مێژوونووسان بەرەی ئادەمیزاد بە بەرەی نوح ئەزانن نەگ هەندێکی تریان کۆمەڵی سپیی بە "ئاریی" و سامیی یان بە شامیی ناو ئەبەن. هەندێکی تر ئەڵێن بەرەی ئادەمیزاد ئەگەڕێتەوە بۆ سەر کوڕەکانی نوح  " سام و حام و یافت" ، ئەلێن تۆفانەکەی سەردەمی نوح هەموو دونیای نەگرتۆتەوە بەڵام شوێنیش هەیە وەک ئەمەریکا، کە مێژووەکەی نوێیە بۆ بەرەی ئادەمیزاد یان ئوستراليا کەچی هەمان کات مرۆڤی تێدا ژیاوە گیانلەبەری تێدا بووە، کە لەو سەردەم و کاتانەدا نا ئاشنا بووە بە مێژووی مرۆڤایەتیی وەک داینەسۆر و ماموت تیر، کە لە هیچکام لە پەڕتووکە پیرۆزەکانی ئایینە جیاوازەکانی نەتەوەکانی جیهان دا ناویان نەهاتووە.

## سامییەکان ئەکرێن بەم بەشانەی خوارەوە:

1. عەرەب ... 2. جولەکە... 3. ئاشووریی ... 4. کلدانیی ... 5. خەڵکی بابل ... 6. دانیشتوانی شام .
7. ئارامییەکام ... 8. فینیقییەکان.
فینیقییەکان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیین و تەرابلسی ئێستا پایتەختیانە لە تەوراتدا بە حام ناسراون خێزانی " قبتی و بەبەر و حەبەش و سۆدانین. سامیەکان لە شاخەکانی ئاراراتەوە هاتوون لە وێشەوە بەرەو بابل چوون پاشانیش لە فەلەستیندا ئارامیان گرتووە. "سەرچاوە 19"

## ئاریی: ئارییەکان ئەکرێن بە سێ بەشەوە.

1. هیندییەکان
2. ئەوروپییەکان
3. ئێرانیەکان " فارس و کورد"

ئەم سێ هۆزە نەتەوەی ئاریی پێک ئەهێنن هەندێک لە مێژوو نووسان وا دادەنێن کە بەر لە حەوت هەزار ساڵ پێش مەسیح بە شێوەی خێڵایەتیی و بیابان گەڕییەوە پێکەوە ژیابێتن، هەندێک دەڵێن شەش یان چوار هەزار ساڵ، هەندێک ئەڵێن لە ئاسیای ناوەڕاست بوون، هەندێک ئەڵێن لە سەرووی کەناری دەریای "بەڵتیک" بوون کە ئەکەوێتە ناوچەی ئەسکەندەنافیاوە، هەندێکی تر ئەڵێن لە ناوچەی خوارووی دەریای "بەڵتیک" بوون کە دەکەوێتە سەرووی ڕووسیاوە بەشی ئەوروپاوە. " سەرچاوە 14"

## وشەی "ئاریی" لە چییەوە هاتووە؟

زۆر بیروبۆچوونی جیا هەیە لەسەر ئەم وشەیە، وشەکە لە دوو برگە پێکدێ "ئار" و " ی" لە زمانی کوردیی و فارسیی کۆندا بە مانای ئاگر دێت، لە دیالێکتە کوردییەکاندا بەم شێوەیە ناو ئەبرێت " ئایر، ئاور، ئاهر، ئاهیر، ئاترۆ، ئاگر، ئاری " کە "یای" لە دواوەیە بە مانای ئاگری دێ و ئاگر پەرست، کە کۆکەی ئەبێتە ئاگرپەرستان، لە زمانی ئاڤێستادا بە مانای خانەدان دێت یان کردەوە باش، "ئاریاوت" واتە جێگای خانەدانان، لە ڕووی ئایینییەوە بەواتای پەرستن دێت، بە قوربانیی دێت، بە پێی گفتەکانی گەلانی کۆن واتە خانەدان. "سەرچاوە 18"

# زمانی ئاریی یان گەلە ئارییەکان:

هەندێ لە مێژوو نووسان ئەڵێن پێش ئەوەی هیند و ئەوروپی لە یەکدی جیابنەوە بە زمانێک قسەیان کردووە، کە دایکی زمانی ئاڤێستایە بەواتە زمانی سانسکریتیی. هەندێکیش ئەڵێن ناکرێت زمانی سانسکریتیی بکرێتە زمانی بنچینەیی نەتەوەی ئاریی بە پێی هەندێک پشکنین، کە لە هەزارەی چوارەمییندا لە هەندێک شوێن لە ئاسیای ناوەڕاستدا فەرهەنگ و پێشکەوتن هەبووە، بەڵام بەداخەوە نەیان توانیوە بچوکترییین بەڵگە لەسەر زمانی بنچینەیی نەتەوەی ئاریی بدۆزنەوە. " سەرچاوە 19 و 17"

# مێژووی کۆچی ئاریی و ئایینیان:

کۆچکردنەکان  لە هەزارەی چوارەمییندا پێش زایین دەستی پێکردووە، بەڵگەش بۆ ئەم باسە نەخشەکەی " بانی ئینینۆ"یە لە زەهاو، کە لە ناوەڕاستی هەزارەی سێهەمییندا فەرمانڕەوایی "لۆلۆییەکان" بووە، هەروەها پەیکەری "نەرامسین" لە دەربەندی گاوری قەراداغ کە بەشەڕ هاتۆتە سەر لۆلۆییەکان لە دەوروبەری ساڵەکانی 2300 پێش زاییندا.
ئارییەکان لە کاتی کۆچکردنیاندا چەند شتی جیاواز جیاوازیان پەرستووە، وەک " ئاسمان، خۆر ، باران، پەرستنی گیانی باب و باپیران، تیشک" واتە باوەڕیان بە خوای جۆراوجۆر هەبووە وەک خوای چاکە و خراپە. وردە وردە لە دوایدا "میترا" بووە بە خواوەندی خۆر و ڕووناکیی خوای گەورە و هەموو خواکان. بەپێی ڕۆژگار لەم قۆناغەوە "میترا" پەرستن پەرپوەتەوە بۆ خوای تاک و تەنیا پەرستیی. لە ئاڤێستادا زۆر بە ڕێز و ستایشەوە زۆر بە گەورەییەوە باسی "میترا یان مهر" کراوە ڕوانگەیەکی درێژخایەنی لەسەر نووسراوە، واتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە تا هەزارەی یەکەمی پێش زایین ئەو ئایینانە و هەندێکی تر، کە هەبوون هەموو پێش هاتنی ئایینی زەرتەشت پەیدا بوون، لە ئەنجامی ئەم کورتەیەدا ڕوونکردنەوەیەکمان وە دەست دەکەوێ بە بەڵگەوە، کە "ئاریی" بە مانای "خانەدان" دێ وشەی وڵاتی ئێرانیش هەر لە

ئارییەوە دروستبووە. " سەرچاوە 14 و 17"

# ئاریی و هۆز و تیرەکانی:

ئەو هۆزانەی نەتەوەی ئاریی پێک دێن لە مانەی خوارەوە چڕۆیان کردووە.
1ـ ئـەفـردان: بـریتین لـە دانیشـتوانی ناوچـەی سـەنـد، و پێـنج ئـاو، و سـیک، و کیشـمیر، و هیندییەکان.
2. جەرمەن: لە هۆزەکانی ئەڵمانیی، ئینگلیز، سایکس، ئەسکەندەنافیا پێکهاتوون.
3. لاتین: لە فەرەنسیی، ئیسپانیی، پرتغالیی، ئیتالیی، ڕۆمانیی پێکهاتوون.
4. ئۆسلاو: بریتین لە ڕووسەکان، پۆلەندیی، سربیی، چیک.
5. سلت: پێکهاتوون لە بۆمیەکان و ئەوروپای ڕۆژئاوا.
6. هایی: ئەمانە ئەرمەنن ئاراراتییەکانیشیان پێئەڵێن.
7. بلاچ: دانیشتوانی بەلجیکا و بولغاریان.
8. چەغزیی: بەشێکن لە ڕووسەکان و سەقالیبەکان.
9. ئابادیان: بریتین لەو ئارییانەی، کە بە ناوی "ئابادی گەورەوە" ناو ئەبرێن واتە مهاباد.
مهاباد*: یەکـەم پـەیامبـەری ئاسـیای نـاوەڕاسـتبووە، کـە پایتـەختـەکـەی لـە دەوروبـەری "بلّخ" دا بووە، پەڕتووکی "دەسـاتیر" بـە پـەڕتـووکی پیرۆز ئـەزانن، لـەم کۆمـەڵـە تـەنها چـەرکـەسیـەکانی قەفقاز ماونەتەوە لە زمانی کلدییدا بەم شێوەیە نـاوی مهابـاد هێنراوە سـەرەتـا بـە "ئابادایـان" لـە دوایدا بووە بە "ئابتین" و "یافت" بووە بە "ئابت" مەبەست لە وشەی ئابتین باوکی "فەرەیدوون"ە، کە ناوی ڕاستیی خۆی " ئانۆش"ە.
10. ئادیان: کە ئازادیانیان پێ وتوون ئەمانە ڕەچەڵکیان ئەچێتەوە سەر ئابادەکان.
11. ئاجەمیی: ئەمانە بریتین لە ئارییەکانی بنەماڵەی " یاسان جام "، کە بنـەچـەیـان دەگـەڕێتـەوە سـەر شای "مەهبول" لە زنجیرەی یاسانییەکانن. عەرەب وشەی ئاجامییان کردووە بـە "عـەجـەم" لــە فارســیی کۆنــدا بــە مانــای ســەروەر یــان خــواوەنــد یــان دروســتکاری جیهــان دێــت. دەستەڵاتدارێتییان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کەیومەرس پێش دادییەکان. پاش ئـەوەی "یاسـان جام" ئەمرێ کەسێکی وا نـەبووە جێگـای بگرێتـەوە بۆیـە مـاوەیـەکی زۆر وڵاتـی پێش دادیـەکان تووشی گیروگرفت ئەبێ، زۆری خەڵکەکە ڕوو ئەکەنە شاخ پێکەوە ژیانێکی هەرەوەزیی بـەسـەر ئەبەن.

پاش پەیدا بوونی ئادەم، هەر لە نەوەی خۆی کەیومەرس فەرمانڕەوایـەتیی ئـەگرێتـە دەست بـە هۆی زیرەکی خۆیەوە توانی خەڵک لە خۆی نزییکبکاتەوە. کەیومەرس لـە سـاڵی 3341 ی پێش زایـین دەسـتی پێکـردووە، ئـەو یاسـا و دادوەریانـەی کـە لـەپێشـدا لـە پـەڕتـووکی دەسـاتیردا نووسـرابوو ئـەم گرنگیی پێداوە و تـازەی کردۆتـەوە. پایتـەختـی کـەیومـەرس "دەمـاوەند" بـووە لەسەر دەمی خۆیدا دروستی کردووە، کە گەیشتۆتە تورکستان شاری" بەڵخی" دروستکردووە " غەنییە" ئەڵێ: کەیومـەرس نـاوی " گومری کوڕی یافت کوڕی نوحـە" کە عـەرەبـەکان بـە عـامر

ناوی ئەبەن، بەڵام کەیومەرس ڕاستەوخۆ کوڕی "یافت" خۆی نییە بەڵکو بە باپیرە گەورەی دائەنرێ چەند نەوەیەک لە نێوانیاندا هەیە.
12. مادایان: بریتین لەو ئاریانەی کە لە نەوەی"مادای کوڕی یافت کوڕی نوحن" هۆزەکانی " کورد، ئەلوار، گێلان، دەیلم، خەزران" لەم بەرەیەن، وشەی مادا لە سەدەی نۆهەمی پێش زایین بڵاو بۆتەوە بەڵام وشەی کورد زۆر لەو کۆنترە.
13. فارسەکان: بریتین لەو ئاریانەی لە وڵاتی "سفن" واتە فارسی ئێستا و کەناری دەریای عومان و ڕووباری ئەهواز جێگیربوون ڕای فارسەکان وایە کە لە نەوەی "مادای کوڕی نوحن".
" سەرچاوە 14،16،17،18"

# کورد:

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان دەردەکەوێ، کە کورد لە توخم و نەژادی ئارییە و لە ڕەگەزی هیند و ئەوروپییە. لە سەردەمانێکدا بە چەند هەزارساڵێک پێش لەدایکبوونی مەسیح هاتوونەتە ئێستای کوردستانەوە، ئەوەی جێگای مەخابوونە بۆ من نەبوونی ساڵانێک، کە مرۆڤی کورد بتوانێ دەستنیشانی بکات لە چ ساڵ و سەردەمێکدا گەلەکەی سەری هەڵداوە، لێرەدا ئەم ئەرکە دەخەمە سەرشانی دڵسۆزانێک کە زاناترن بتوانن ئەو نیشانە بپێکن، کە ئێمەی کورد وەک ڕەچەڵەک بە چەند هەزار ساڵ بەرلە مەسیح هاتووینەتە ئەم خاک و ئاوەوە؟ هۆزەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتەوە بە درێژایی ڕووباری دیجلەدا هاتوون، لە ڕیزەچیاکانی زاگرۆسەوە تا کەنداوی عەرەبیی و کەنار دەریای عومان ڕۆیشتوون، لە ڕۆژئاواوە بە درێژایی ڕووباری فورات و کۆمەڵە شاخەکانی تۆرسب تا سووریا و شامات و کەناری دەریای سپیی بڵاوبوونەتەوە. بێگومان بە چەند قۆناغ و شەپۆلێ ئەم ڕەوتە دەستی پێکردووە نەگ بەوەی هەموو پێکڕا بەسەریەکەوە کۆچیان کردبێتە ناوچەکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی مێژوونووسان بیروبۆچوونی جیا جیایان هەیە لەسەر چۆنێتیی هاتنیان بۆ ئێستای کوردستان. هەندێ ئەڵێن، کە کورد لە خوارووی یان سەرووی دەریای "بەڵتیکە"وە بەرەو "قەفقاز" هاتوون لە شاخەکانی " جودیی و ئارارات"ە وە یەکسەر سەرەوخواربوونەتەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە تا کەناری دەریای عومان هاتوون لە خۆر ئاواوە تا کەناری دەریای سپیی بڵاو بوونەتەوە. ئەوەی زیاتر لەناو مێژوو نووسانی بێگانەدا باوە کە بەشی یەکەمی کورد ناو ئەنێن ڕۆژهەڵاتییەکان یان ئاراراتییەکان و بەشی دووهەم ناو ئەنێن ڕۆژئاواییەکان یان مادەکان.
بەشێوەیەکی تر و بە زمانی شەرەفخانی بەدلیسی بڵێین کە : کەوشەنەی وڵاتی کوردان کە ناوی کوردستانە، لەسەر لێواری دەریای (( هورمز))ە، کە لەسەر کەناری دەریای هیند هەڵکەوتووە دەست پێدەکات، لەوێوە بە خەتێکی ڕاست دەکشێ و دێت هەتا لە مەڵبەدی ((مەلاتییە)) و ((مەرعەش)) دەبڕێتەوە، وڵاتی ((فارس)) و عێراقی عەجەم و ئازربایجان و ((ئەرمەنستانی بچکۆلە)) و ((ئەرمەنستانی گەورە)) دەکەونە لای باکوری ئەو خەتەوە، ((عێراقی عەرەب)) و موسڵ و دیار بەکر دەبنە باشووری ئەو سنوورە، گەشمردەی سەرووەر

دکتۆر عبدالرحمن قاسملوو ئەم چێوەیە بە((409650)) کیلۆمەتر چوارگۆشە مەزەندە دەکات، کە بە تەنیا لە خاکی بەریتانیا و هۆڵەندا و بەلجیکا و سویسرا گەورەترە. "سەرچاوە 14،19،21"

# هۆز و تیرەکانی کورد:

شەش هۆزی سەرەکیی هەن، کە پێکەوە گەلی کوردیان دروستکردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

## 1. لۆلۆ 2. گۆتیی 3. کاسیی 4. میتانیی 5. هوریی 6. ماد

## 1. لۆلۆ:

ئەمانە کۆمەڵێک بوون لە شارەزوور و زەهاو و کرماشان و دەوروبەرەکانی سلێمانیی دا ژیاون کۆنترییین بەڵگەنامەیان نووسیینەکەی نەرامسینە لە سنووری ساڵی 2500 پ.ز ئەم نووسیینە ئەوە دەگەیەنێت، کە لۆلۆییەکان لەو سەردەمەدا دەوڵەتێک بووبێتن، بەڵگەیەکی تریش "ئانوبانن" ە، کە لە ناوچەی زەهاو و کرماشاندا پاشای لۆلۆییەکان بووە، هەروەها لە نووسراوەکانی " ئانوبانن" دا هەمان شێوە باس لە دەوڵەت کراوە. لۆلۆ بە باپیرە گەورەی لوڕ ئەژمێردرێ، وشەی لۆ لە زمانی سۆمەردا بە واتای "مرۆڤ" دێت لە دووپاتکردنەوەیدا ئەبێتە خەڵکیی. لۆلۆکان لەگەڵ هۆزەکانی گۆتیی دا تێکەڵییەکی پتەویان هەبووە سنووری دەستەڵاتیان لە سلێمانیی ئێستاوە بەرەو شێخان و هۆرێن و ناوچەی زەهاو و کرماشان ڕۆیشتووە،" سپایزەر " ئەڵێ تێکڕای هۆزەکانی ئارارات خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیان بوون بەڵام زاراوەکانیان لێکەوە نزیکبوون و لەیەک تێگەیشتوون. "سەرچاوە 19"

## 2. گۆتیی:

بە کۆمەڵێکی هاونەژادیان وتووە کە لە ئازربایجانی ئێران و کوردستان دا ژیابێتن. ئەمانە چوارەمیین کۆمەڵی هۆزەکانی ئەم ناوچەیە بوون، لە هەزارەی دووهەم و سێهەمدا ناویان دەرکردووە. زمانێکی سەربەخۆ و خاوەن ڕێزمانیان هەبووە بەناوبانگترییین هێرش و دەستەڵاتی گۆتییەکان، کە لە مێژووی ئاسیای خۆرئاوای کۆندا باسکرا بێ هێرشی سەرنێوانی دوو ڕووبارە" میسۆپۆتامیا " کە 124 ساڵ فەرمانڕەوایەتییان کردووە، " ئاراپخا" کەرکووکی ئێستا پایتەختیان بووە. لەدوای گرتنی شاری " سیپار" ی نزییک بابل پەیکەری " ئانونیت" کە خوای بابلیەکان بووە لەگەڵ خۆیان هێناویانەتە ئاراپخا دایان ناوە، ئەم کۆمەڵە نەژاد و

تووخمیان لە ئازیانێکە، کە سەرەتای شەپۆلی یەکەم کۆچکردنە لە ناوەندی ئاسیاوە، لە مۆزەخانەی " لۆڤەر" پارچە بەردێک هەیە کە بۆ سەرەتای زنجیرەی بابلیەکان ئەگەڕێتەوە 2000 ساڵ پ.ز لە پشتی بەردەکە نوسراوێک هەیە باس لە شاری" ئاراپخا" "کەرکووک" ئەکات. گۆتییەکان داب و نەریتێکی گەلێ تایبەتیان هەبووە کاتێک میسۆپۆتامیایان گرت هەموو یاسا کۆمەڵایەتیی و دەوڵەتییەکانیان وەک خۆی هێشتەوە و پاراست بێ دەستکارییکردن. لە کۆتایی ساڵی هەزارەی سێهەمدا گۆتییەکان بە ویستی خۆیان ناوچەی سۆمەر ئەکەدیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ کەرکوک "ئاراپخا". بتەکەی سۆمەریشیان لەگەڵ خۆیان هێنا، کە ناوی " ننجرسوو" بوو بەم شێوەیە کەرکوک ناوبانگێکی گەلێ گەورەی دەرکرد. " سەرچاوە 17، 19"

## 3. کاسیی یان کاشیی:

جێگای هاتنی سەرەتایی ئەم کۆمەڵە نادیارە و جێگەیان وەک پاشماوە لە باکووری ئیلامدا هەیە. لە ڕووی زمانەوە لە پۆلی قەفقازەکانن نزییکن لەگەڵ تیرەکانی هیند و ئەوروپییەوە. کاسییەکان ئازا و سوار چاک و زانا بوون، بایەخێکی گەلێ زۆریان بەخۆیان داوە، لە ژن و ژنخوازییدا تێکەڵی بێگانەیان نەکردووە. ئەم کۆمەڵە لە زۆر تیرەی جۆرا و جۆر پێکهاتووە سەرکردەکانی ئەم کۆمەڵە لە ناودارەکانی سەردەمی کۆنی هیند و ئەوروپی بوون. ناوی خوای خوایان " شمش" بووە کە هەمان کات ناوێکی تریش هەبووە بە زمانی قەفقازیی واتە ئەسپ ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵە ببەستێ بە هیند و ئەوروپییە، کە ئەوانیش ئەسپیان پەرستووە. کاسییەکان لە سەردەمی حامورابیی دا، بوونەتە فەرمانڕەوای بابل و فەرمانڕەوایەتییان 576 ساڵ بەردەوام بووە. یەکێک بوون لە درێژترین فەرمانڕەوایەتییەکان. لەساڵی 1171 دا پێش زایین، بەدەستی پاشای بەناوبانگی ئیلامیەکان " کیتر ناحونتە" کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتییان هاتووە. پاشان گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەی زاگرۆس و لوڕستان. "سەرچاوە 14،19"

## 4. میتانیی:

لە ڕووی زمانەوە لە کۆمەڵی هیند و ئەوروپین، میتانییەکان کۆمەڵێکی ڕامیارکار بوون لە سەدەی هەزارەی دووهەمدا ناویان وەک چەمکێکی ڕامیاریی دەرکرد، بەشێوەیەکی بەرفراوان وڵاتەکەیان پەرەپێداوە، تا ئەو ئاستەی دەستی ژن و ژنخوازییان لەگەڵ پاشایانی میسردا تێکەڵکرد. بەتایبەت لەسەردەمی " تحومسی" چوارەم و " ئامونحوتبی" سێهەم و " ئامونحوتبی" چوارەم و " ئەخناتون"دا. میتانییەکان ئیمپراتۆر بوون و بەمشێوەیەش ناوبانگیان دەرکرد بوو. لە نێوانی 1360 هەتا 1500 پ.ز سنووریان لە باشووردا هەتا دەشتی کەرکووک ڕۆیشتووە لە ڕۆژهەڵاتەوە تا بەرزاییەکانی زاگرۆس ڕۆیشتووە لە ڕۆژئاواوە تا دەریای سپیی ناوەڕاست ڕۆیشتوون ناوچەرگە و پایتەختیشیان "خاپور" بووە. "سەرچاوە 14،17"

## 5. هورپیی:

ئـەم کۆمـەڵـە لـە قـەفقـازەوە هـاتوون لـە وڵاتـی ئـەنـادۆڵ و سـووریا و بـەرزاییـەکـانی نێـوان میسـۆپۆتامیا و ڕۆژهـەڵاتـی ئاشـوور بڵاوبوونـەتـەوە. دەوڵـەتێکی بـەهێزیـان بـە نـاوی "میتـانیی" دروستکردووە لە نێوانی گۆمی وان تا ناوەڕاستی ڕووباری فورات و لە شاخەکانی زاگرۆسـەوە تا ڕۆخی سووریا بە وڵاتی ئاشوریشەوە کەوتۆتە ژێر دەستیان. ناوی وڵاتـەکـەیان لـە هـەندێ سەرچاوەدا بە" هانی گالبات" هاتووە میسرییەکان پێیان وتوون "نەهاریی" لە تەوراتدا ناویـان بـە "ئارام" هاتووە، لە نێوانی ساڵانی 1330 هـەتا 1365 فـەرمانڕەوایـەتییان کردووە. "سـەرچاوە 14،19"

## 6. ماد:

ناساندن و پێناسی خودی توخم و نەژادی کورد وەک شتێکی باو بەتایبەت لـەناو گـەلی کورد خۆیدا پەیوەستبوونێکی زۆری بەکۆمەڵی مادەوە هەیە. زۆرینەی کورد، کە پێناسـی خـۆی بکات بەشانازییەوە بەرلە هەرشت باسی ماد دەکات. هەمان کاتیش جێگەی خۆیەتی و مـادەکان وەک هۆزێکی باڵا دەست لەناو گەلی کورددا لە هەموو کات و سەردەمێکدا جێگە پەنجـەی ڕەنگیینیـان دیار بووە لە ناوچەکەدا. سیمبوڵی هێز و شارستانیەت و خوێندەواریـی بوون، لـە زۆر شـوێندا بە " مادا یان مادایان" ناوبراون کە بریتیین لـەو ئارییانـەی، کە لـە نـەوەی مـادای کوڕی یافت کوڕی نوحن. ناوی ماد وەک خودی خۆی سنگ و بەرۆک فراوان بووە لە سەردەمی کۆندا بـەو خاکە وتراوە کـە لـە لای سـەرەوە بـە ڕووبـاری ئـاراس و لووتکـەکـانی ئـەلبـورز و خـوارووی دەریـای خـەزەرەوە بـەسـتراوە، لـە ڕۆژهـەڵاتـەوە دەشـتە شـورەکاتـەکـانی کـوێر، لـە ڕۆژئـاوا و خوارەوە بە زنجیرەچیاکانی زاگرۆسەوە بەندە، بەم سنورەش وتراوە خـاکی مـاد. لـە هـەندێ شـوێندا مـاد بە چـەند شـێوەیـەک نـاو ئـەبرێ وەک مـادی بچـووک و مـادی گـەورە یـان مـادی ڕۆژئاوا و مادی بچووک و مادی پارتاکنا. لەزۆر شوێندا باسی کورد و ماد دێتە کایەوە، کە ئایا ماد لە کوردە یان کورد لە مادە؟ زۆر لە مێژوونووسـان بـە شـێوەی جیاجیا باسـیان لێکردووە، بەڵام تەنها سەرچاوە بە بۆچوونی من ئەوەیە کە مادەکان لە نەوەی مـادای کـوڕی یافت کـوڕی نوحن دەوڵـەتـەکـەشیان لـە کـورد و خـەزەر و دیلـەم پێکهـاتبوو. کـە هـەرسێکیان نـەوەی مـادای کـوڕی یافت کـوڕی نـوحن. سـەبـارەت بـە چـۆنێتیی دروسـتبوونی دەوڵـەتـەکـەیان و یـەکـەمیین سـەرکردەیان کێ بوو یان ناوی چی بوو؟ سەرچاوەیەکی وەها نییە تا ئێستا، کـە مـرۆڤ بتـوانێ بە بەڵگەوە ناویان بهێنێ "هیرۆدۆت" ئەڵێ: مادەکان ماوەی پێنج سـەدە بـە دیلێتیی ژیـاون، بـەڵام سـەرچـاوە ئاشـوورییەکـان بـە دوو سـەدەی دائـەنێن. سـاڵی 606 پ.ز کۆتـایی بـە دەسـتەڵاتـی ئاشوور ئەهێنرێ و خاکەکەیان لە نێوانی مـاد و بابلـدا بـەش ئـەکرێ. سـەبـارەت بـە پێکهێنـەری دەوڵەتەکە مێژوو نووسان هەمـان کـات هـەریـەکێکیـان ناوێکیـان هێنـاوە بـە پێکهێنـەر بـۆ نموونـە کەیقوباد یان تووس یان کواکسار یان دیاکۆ بە دامەزرێنەر ئەزانن. فـەرمـانڕەوایانی ئاشـوور و کلدان لە سەدەی بیست و یەکی پ.ز دا بەسـەر مادەکاندا زاڵبوون ئـەمـەش پێش لـە دایکبوونی تووس و کواکسار و کەیقوباد و دیاکۆدا بووە، کـەواتـە مێژووی دەوڵـەتـی مـاد ئـەگـەڕێتـەوە بـۆ

بیست و یەک سـەدە پ.ز. لـەدوای نـەمـانی "گرشاسـپ" لـە ژیاندا کۆسـپێکی گـەلێک زۆر کـەوتـە ژیـانی کـورد و فارسـەوە ولاّتـی مـاد بـیّ سـەرکردە مایـەوە، کـەوتنـە بـەر لێشاوی هێرشـەکانی ئاشوور بە شێوەیەکی دڕندانە و ماڵوێرانکەرانە. ناچار مشورخۆرانی ولاّتی ماد کەوتنە مقۆ مقۆ بۆ پێکهێنانی سەرکردەیەی تازە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی خـاکی مـاد، بـەم شـێوەیە لـەسـەر خواسـتی هـەردوو هـۆزی مـادی گـەورە و بچـوک بڕیاریـان دا کـە کـەیقوبـادی کـورد کـە یۆنانیـەکـان بـە "ئارباس" ی کورد ناویان بردووە بکەن بە سەرۆکی ولاّتی ماد. لـە دوای گرشاسـپەوە کـەیقوباد یەکەمیین سەرکردەی ولاّتـی مـاد بـووە، مانـای کـەی قوبـاد واتـە پاشـا قوبـاد. پێدەچێت وشـەی "کاک"ی ئێستای ناوکۆمەلاّنی خەڵکی کورد، لـە "کـەی" وەرگیرابێت. وشـەی کـەیبـانوو بـە مانـای ژنی پاشـا دێـت، نـەگ ژنـی ماڵـەوە وەک ئیمـڕۆ خـەلکی کـورد بـۆ پێناسـی ژنـی ماڵـەوە بـەکـاری دەهێنن. کەی وەک گووتمان بە مانای پاشا "بانوو" بە مانای خاتوون یان خـانم، کە خاتوونـەکە پێدەچێت زیاتر لە پەیڤی مـەغۆلـەکانـەوە هاتبێتـە ناوپـەیڤی کوردییـەوە. لـە ناوچـەی پشـدەردا لـە بری خـان یـان خـانم بـۆ ژن "یـا " بـەکـار دیّ وەک یـا ئـاواز یـا شـیریین بـە مانـای ئـاواز خـان و شیریین خان، "ئاکپاتان" پایتەختی مادەکا بووە، کە سەرەتا قەلاّیەک بووە لە سالّی 1280 پێش ئیسلامدا کەیقوبادی کورد تازەی کردۆتەوە، ئەم شارە ئێستا ناوی "هەمەدان"ە.

لە دوای کەیقوبادی کورد "تووس" فەرمانڕەواتەتی ئـەگرێتـە دەسـت، تـووس چـەندوین چـەمکی تازەی هێنایە ناو دەستەلاّتداریّتییەکەوە. تـووس یـەکـەم کـەس بـوو لـە تـەواوی ئـەو سـەردەم و ناوچـەیەدا، کە دادگای پێکهێنا و دادوەری بۆ هەموو ناوچەیەکیش دانا و یاساکانیشی هەمـوو لـە ئاییینی زەرتەشتەوە وەرگرت. پاش مـەرگـی تـووس دەسـتەلاّتداریّتی بـۆ کـوڕەکـەی " فـەریبـەرز" ئەمێنێتەوە لە سالّی 655 پ.ز دا لە دوای فەریبەرز " کواکسار" ی کوڕی جێگەی پڕ ئەکاتـەوە، کواکسار پیاوێکی ژیر و دونیا دیدەبووە فەریبەرزی باوکی لە شەڕی ئاشوورییەکاندا ئەکوژریّ و سەرەکەی دەکـەنـە سـەبـەتـەیـەکـەوە و بـۆ کواکسـاری کـوڕی دەنێرنـەوە. کواکسـار لـە تۆلّـەی خوێنی باوکی هەتا قەلاّی ئاشوورییەکان ئەڕوات، کە ئیمڕۆ بە موسلّ یان بە نەینەوا ناو ئەبریّ، بۆ هەتاهـەتـایی کۆتـایی بـە دەسـتەلاّتی ئاشـوورییەکـان ئـەهێنـریّ و لـەنـاو ئـەچـن. نـاوی شـاری نەینەوا لە یەکیّ لە ژنە قارەمانەکانی ناو سووپای مادەوە هاتووە، کە ناوی "نینـە" خـان ئـەبـیّ لـە بنەماڵەی بەدلیسییەکان بووە، یەکـەم کـەسـە، کـە ئـەچێتـە ناوقـەلاّی ئاشـوورییەکانـەوە و دەرگـای قـەلاّکـە لـە سـووپای مـاد ئـەکاتـەوە تێکڕای سـووپاکە دێنـە ژوور و بـەم شـێوەیـە کۆتـای بـە ئاشوورییەکان ئەهێنریّ. لە پاداشتی ئەم کارەدا "کواکسار" قەلاّکە پێشکەشی "نینـە" خـان دەکـات و ئەکریّ بە فەرمانڕەوای ئەم شارە و قەلاّکەی بۆ تازەئەکەنەوە و ناوی ئەنێن "نینەئـاوا" بـەپێی گۆڕانی ڕۆژگار و سەردەم نینەئاوا ئـەبێتـە ئـەم نـەینـەوایـەی ئێسـتا لـەسـەر زارمانـە. لـە هـەندیّ شوێندا ناوی " دیاکۆ" دێت وەک فـەرمـانڕەوای ولاّتـی مـاد، "دخـۆ یـان دیـاکۆ یـان دگـۆ" کـە بـەم شـێوانە نـاوبراوە سـەرۆکـی بـەشـێک لـە کـوردەکـانی زاگـرۆس بـووە، لـە سـەردەمـی سـارگۆنی سێهەمـدا سـالّی 1715 پ.ز لـەگـەڵ ئاشـوورییەکـان بـەشـەر هـاتووە و تێـک شـکاوە پـاش ئـەوە ئاشورییەکان دیاکۆیان دوور خستۆتەوە بۆ ولاّتی شام. "سەرچاوە 14،17،19،20"

## گۆڕانی دەستەڵات لە کوردەوە بۆ فارس:

هەتا ئێستاش لە نێوەندی کورد و فارسدا کێشە و ململانێی ئەوە هەیە، کە ئایا کامیان خاوەنی شکۆداریی و دەستەلاتداریێتیی بوون لە کەوشەنەی ولاتی ماددا؟ هەندێجار نان ئەو نانە ئیمڕۆ لە خوانە ئەم دەستەواژەیە لە نێوەندی فارس و کورددا دەبێتە مایەی نیگەرانیی بۆ ئێمەی کورد، چونکە زۆرینەیجار ناحەزانی کورد، کە بوار بەدەستیانەوە نەمێنێ پەنا دەبەنە بەر ئەم چەکەی نان ئەو نانە ئیمڕۆ لە خوانە. فارسەکان بە کشتووکاڵەوە خەریکبوون ئاژەڵدارییشیان کردووە و هەندێجار سەربەست ژیاون و هەندێ جاریش باجدەری ماد و کلدانییەکان بوون، هەمانکات هەندێ جاریش لە سایەی باجدەری ئاشوورییەکاندا ژیاون. فارسەکان بەردەوام لە خاکی خۆیاندا بوون جوڵەیان نەبووە و پەلاماری کەسیان نەداوە تەنها لە سەردەمی "هاخامەنشینی" دا نەبێ تا خاکی فەلەستین ڕۆیشتوون و سەرپەرشتیی ولاتی عیلامیان کردووە. دەوڵەتی ئازادی فارس لە سەردەمی "کۆرش"ی گەورەوە دەست پێئەکات. پێشتر باسی بۆچوونەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ولاتی مادمان کرد، کە لەکەیەوە و لەکوێوە دەستی پێکردووە.
دوای پێنج سەدە ژێر دەستەیی لەژێر سایەی ئاشوورییەکاندا، کەیقوبادی کورد جارێکی تر سەرکردایەتی ئەگرێتە دەست بە چەند گۆڕانکارییەکی دەستەلاتداریێتیی لە کەیقوبادەوە بۆ "تووس" پاشان بۆ فەریبەرز لەویشەوە بۆ کواکساری کوڕی پاشان بۆ "ئازیدەباک"ی کوڕی کواکسار. پاش ئەوەی ئازیدەباک فەرمانڕەوایەتیی لە کواکساری باوکییەوە بۆ ئەمێنێتەوە، بەشێوەیەکی زۆر بێفەڕانە دەستیدایە کاروباری دەوڵەت و گرنگییەکی وەهای بە بەڕێوەبەرایەتیی ولات نەئەدا. ئازیدەباک زیاتر خەریکی ژیانی تایبەتی خۆی و ئارەزووە چێژدارەکانی ڕۆژانەی بوو، سەرۆک هۆزەکان و دەستەلاتدارەکانی ناو دەوڵەتی ماد بەهۆی کەمتەرخەمیی ئازیدەباکەوە خەریکی دزیی و ڕاوڕووت و پارە کۆکردنەوە بوون. ئازیدەباک تەنانەت دڵی شالیارەکانی دەوری خۆیشی سارد کرد بوو لە هەموویان دڵ ساردتر "ئارباک" بوو، کە یۆنانییەکان بە ئارباکس بانگیان دەکرد، کەوتە بیرکردنەوە و پلان دانان بۆ لەناو بردنی ئازیدەباک، کۆبوونەوەی بە شالیارەکانی تر کرد و پیاوماقوڵان و سەرەک هۆزەکانی تری لەخۆی نزیککردەوە هەموو پێکەوە بڕیاریان لەسەر ئەوە دا، کە ئازیدەباک بڕوخێنن. نامەیان بۆ " کۆرش" ی گەورە نووسیی و بارووددۆخەکەیان بۆ ڕوونکردەوە، کە ئامادەن هاریکاریی کۆرش بکەن بۆ لابردنی ئازیدەباک، کۆرشی کوڕی عیلامیش ئاگادارکرا، کە سووپا بچووکەکەی لە شاری "ئاکپاتان" نزییکبکاتەوە، ئەویش دەستبەجێ کەوتەڕێ و لە نزییک ئاکپاتان بارگەی خست. ئازیدەباک بەم هەواڵە ئاگاداردەکەنەوە، ئەویش بە پەلە سووپایەک بەسەرۆکایەتیی "ئارباک" دژیان بەڕێدەکات، ئارباک لە هێرشی دووهەمدا بە خۆی و سووپاکەیەوە ئەچێتە ناو سووپای عیلامەوە. ئازیدەباک بەم هەواڵە شێتگیر ئەبێ بۆیە ئەمجارە سووپایەک بە سەرۆکایەتیی خۆی دروست دەکات و پەلاماریان ئەدات بەلام لەگەڵ یەکەم هێرشدا سووپاکەی ئەشکێ خۆیشی هەڵدێ. بەمشێوەیە دەستەلات لە کوردەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ کۆرشی گەورەی

فارس. کۆرش زۆر وریایانە وڵاتی ماد بەڕێوە ئەبات تا تووشی کێشەی کورد نەبێ دەستبەجێ دەکەوێتە خزمایەتیی دروستکردن، کواکساری دووهەم، کە کوڕی ئازیدەباکە ئەکاتە سەرۆکی سووپای دەوڵەتی ماد، پاشان "ئەسپەنۆ" ی کچی "ئاتیمار"ی زاوای ئازیدەباکە، کە پورزای خۆیەتی بۆ خۆی ئەخوازێ و مارەی ئەکات، کۆرش ژیرانە بیر لە باسەکان ئەکاتەوە کاروباری دەوڵەت وەک خۆی ئەهێڵێتەوە هەمیشە ڕێز و خۆشەویستیی ئەدات بە سەردارانی ماد و دەستەڵاتیان ئەداتێ. کۆرش دەوڵەتە تازەکە ناو ئەنێ دەوڵەتی "ماد و فارس" وە ئەم برایەتیی و دەستەڵاتداریەتییە تا هاتن و سەرکەوتنی ئەسکەندەری مەکەدۆنیی بەسەر "دارا" دا بەردەوام ئەبێ. " سەرچاوە 14،17،19،20"

## ئایین و خوورەوشت:

گەلی کورد لە سەردەمانی پێش هاتن و بڵاوبوونەوەیان لە سەدەکانی پێش زایین دا بۆ شوێنەکانی ئێستایان، کە تێیدا ئەژیین ئایین و داب و نەریتیان ڕوون نییە. ئەوەی، کە ڕوونە پێشتریش ئاگر و ڕووناکییان خۆشویستووە، وەک بوونیەتێکی خووی مرۆڤ کە لەو سەردەمانەدا تێکرای گەل و نەتەوە جیا جیاکانی سەر ڕووی زەمیین هەر یەکەیان بەپێی سەلیقەی خۆیان باوەڕێکیان بۆ خۆیان دروستکردووە و لە هێزێکی بێ کۆتا و بێ وێنە و نادیار نزیبکوونەتەوە و پەرستوویانە. ئێمەی کورد ئەو هێزە بە خودا ناو ئەبەین، قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ و مرۆڤ پلە بە پلە لە بنکەی باوەڕ و لێکدانەوە نزیبکوونەتەوە. هەر لەسەردەمی سەر هەڵدانی کۆمۆنە سەرەتایی و هەرەوەزییەکانەوە ئەم پرۆسێسی باوەڕ و ئایین و ترسە لە هێزێکی نادیار زیاتر تەشەنەی کردووە و کۆمەڵ خۆیان پێوە سەرقاڵکردووە. گەلی کورد مێژووی ناساندنی ئایین و بڕوای خۆی ئەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی "زەرتەشت" وەک سپیتمان و پێغمبەری ئایین و بیروباوەڕی خۆی. "سەرچاوە 14،17"

# ئایین:

وشەی ئایین لە ئاڤێستادا بە دئنا هاتووە واتە توانای ناسیینی باش و خراپ لە مرۆڤ دا. هەندێک پێیان وایە ئایین هەندێ یاسا و ڕێوشوێنی دەستورە، کە لە پێش هەموو یاسا کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ڕامیارییەکانەوەیە چونکە دەستورەکانی ئایین و پێغمبەران لە پێش ئەو یاسا و دەستورانەوەن، کە لەلایەن خەڵکی و دەوڵەتەوە نووسراون. لەناو نەتەوەی گەورەی ئاریی دا سەرەتا پێشەوا و ڕابەری ئایینی نەبووە هەموو شت بەهۆی سەرۆکی خێزانەوە بەڕێوەچووە و ڕێکخراوە. پاشان هێدی هێدی خەڵکانێ پەیدا وون بە ناوی " کرپان" ە

وە، ئـەمانـە لـەنـاو خـەڵکدا کـاری خـوا ناسـییان کـردووە، ئـەمانـەش لـە پاشـاندا بـە نـاوی پێشکەشکردنی قوربانیی بۆ خواکان دەستەڵاتیان گرتۆتە دەست.

## زەرتەشت:

ناوی ڕاستیی زەرتەشت لە گاتادا بە زەرتەشت و ئەسپیتامە هاتووە، یۆنانیەکان زەرتەشتیان بە زروئاستە ناوبردووە واتە ئەستێرەناس، هەندێکی تر لە زانایان ئەڵێن بە مانای لێخوڕینی حوشتری ئازا یان خاوەنی حوشتری پیر یان سەرپەرشتکەری حوشتر، لە مێژووی بوونیەتی مرۆڤەوە پەیوەندییەکی دینامیی لە نێوانی مرۆڤ و تێکڕای بوونەوەرەکانی دیکەی سەر ڕووی زەمییندا دروست بووە. مرۆڤ بەردەوام ئاژەڵیماڵی کردووە و بەخێوی کردوون، ئاژەڵ بەکار هاتووە بۆ کارپێکردن و وەک هۆکارێکی گواستنەوە و پاشان بۆ بژێویی ژیانی ڕۆژانە سەر بڕاون و کراون بە چێشت و خواردن. وەک ئێستاش ئەم هەڵسوکەتە بەردەوامیی بەخۆیداوە هەتا ئیمڕۆ زۆر کەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەگەر بمانەوێ لێکدانەوەیەک لەسەر ناوی زەرتەشت و ماناکەی بکەین هەمانکات بۆچوونی ئەو زانایانەی کە پێیان وابووە ناوی زەرتەشت بە مانای حوشتر بێت، ئەوا بۆ ئەو کات و سەردەمە دەکرێ بڵێین، کە ناوی حوشتر ناوێکی ئاسایی بووە. ئەم ناوەش دەستنیشانی ئارییەکانی خۆرهەڵاتە. ناوی زەرتەشت لە ئاڤێستادا بە"زەرتوشترا" هاتووە واتە خاوەنی حوشتری زەرد، عەرەب ناوی زەرتەشتی بە خاوەنی زێڕ لێکداوەتەوە.

خۆر هەڵاتناسی ئەڵمانیی کاسڵ ئەڵێت زەرتەشت بە مانای پڕ ئەستێرە دێت، ئازەر گشسپ ئەڵێ: یەکێ ببێتە پێغمبەر بە هیچ جۆرێ ناوی حوشتر لە خۆی نانێ، لێرەدا پەنا ئەبەینە بەر لاپەڕەکانی ئاڤێستا، کە ناوی زەرتەشت بە ڕوونی هاتووە تێیدا لە کاتێکدا ئاهورا مەزدا ئەڵێت: من مزگێنی بەو ئەدەم و نازناوی زەرتەشتی پێئەبەخشم، ئەمە ڕوونە و ئەوە دەگەیەنێت کە ناوی زەرتەشت بە پێی ئەو کات و سەردەمە ناوێکی ئاسایی بووە. " سەرچاوە 14،17"

## بنەماڵەی زەرتەشت:

دایکی ناوی "دغد"ە و کچی "فراهیم ڕەوا" یە، باوکی زەرتەشت ناوی "پورشپ کوڕی پیترسپ"ە. زەرتەشت لە ئاڤێستادا بەناوی سپیتمان هاتووە، واتە ڕوو سپیی پاش ئەوەی گەیشتووە بە پێغمبەریی ناوی بووە بە زەرتەشت، نۆ باپیری پێش زەرتەشت نازناوی سپیتمانیان هەبووە.

لە ئاڤێستادا جێگای لەدایکبوونی زەرتەشت نەنوسراوە هەندێک ئەڵێن: زەرتەشت لە خێزانێکی دەستەڵاتداری فەرمانڕەوای "ماد"دا لەدایکبووە، جێگای لەدایکبوونی زەرتەشت لە ئازربایجان بووە لە نزییک دەریاچەی ورمێ. باوکی پیاوێکی زانا و ئایینیی بووە هەر ئەویش مامۆستای

بووه، پاشان له تەمەنی 7 تا 15 ساڵی لای پیرەمێردێ خوێندوویەتی. منداڵێکی زۆر زیرەک و لێهاتوو بووه زۆر به سەرنج و وردیی سەبارەت به کردگار و دروستبوونی دونیا خوێندوویەتی. له تەمەنی منداڵییدا ستەم و زۆرداریی زۆر دیوه ئەم هۆکاره وای لێکردووه زۆر بیر له بارۆدۆخەکانی ژیان بکاتەوه چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی گەلەکەی و ڕەفتاری ڕۆژانەیان وای له زەرتەشت کردووه له تەمەنی 20 ساڵیدا دووربکەوێتەوه له کۆمەڵ و ژیانێکی تەنهایی بەسەر بەرێت. بۆ ئەم مەبەسته ڕوو دەکاته کێوی "سەبلان" و دەس به خەڵوەت گێڕان دەکات، بەم شێوەیه زەرتەشت ماوەی 10 ساڵ دوور له خەڵکیی ژیان بەسەر دەبات. پاش تەواوبوونی له خەڵوەتگێڕان له لایەن"ئاهورامەزدا" وە. سروشی "وەح" بۆ هاتووه، لەم ڕۆژەدا که مرۆڤ تێیدا لەدایکبووه، که دەکەوێتەی مانگی خاکه لێوەوه "نەورۆز" و "فەروەردین"، فریشتەکان له خۆشییاندا ئاسمانیان به شان هەڵگرتووه. ئاهورامەزدا له سروشەکەیدا به زەرتەشت ئەڵێ: ئەی سپیتمان زەرتەشت من تۆم پێش هەموو شتێ خستووه و دروستکردووه پێش هەموو فریشته و ئازییزان، تۆم له هەموویان پێ باشتر بووه، زەرتەشت بەم بیستنه زۆر دڵ شاد ئەبێ ئەوسا لای ڕوون ئەبێ، که له جیهاندا دوو هێزی دژ بەیەک هەن باشه و خراپه، باشەکه ناوی "سپێنتا مینو"یه خراپەکەش ناوی " ئەنگرەمینۆیه" یه واته ئەهریمەن. "سەرچاوه 17"

# گـــــاتـــــــــا:

کتێبی پیرۆز له کێوی سەبلان بۆ زەرتەشت هاتۆته خوارەوه، ئەم ئایین و باوەڕه ماوەی 12 ساڵ له ڕۆژئاوای ئێران دا بڵاو بۆته. خەڵکانی پێش زەرتەشت "مەهر" پەرستبوون واته"میترا" یان تیشک ، مانگ، ئەستێره، ئاگر ، باران، ئەمانه لایان سەرچاوەی ژیان بووه.
یەکەم کەس که باوەڕی به ئایینی زەرتەشت هێنا " مدیوما"ی کوڕی مامی بووه، که به دڵ و به گیان پارێزگاریی له زەرتەشت کردووه. زەرتەشت له تەمەنی 30 ساڵییدا بووه به پێغمبەر پیاوه ئایینییەکان و زۆری خەڵکیی دژی وەستاون، ناچار ئەو ناوچەیەی به جێهێشتووه و چووه بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران و ناوچەی بەڵخ و خوارەزم. " گوشتاسپ" که سەرکردەی ناوچەکه بووه پیشتگیری زۆری کردووه پاش ئەوەی زەرتەشت باسی خوای تاک و تەنیای بۆ کردن پاشا و وەزیرەکەی، که ناوی "جاماسب" بوو هەروەها یەکێک له نزیکەکانی پاشا به ناوی "فراشوشترا" و هەمان کات شاژن "کەتایون" ژنی گوشتاسپ و ئەسفەندیاری کوڕی هاتنه سەر ڕێی ئایینەکەی زەرتەشت.
ئاهورامەزدا به زەرتەشت ئەڵێ: ئەی سپیتمان من له کاتی دروستکردنی "مهر"دا که جێگای شایان و ستایشه و خاوەنی دەشتی فراوانه بۆ ستایش بۆ لێ پاڕانەوەم دروستکردووه، ئەم بیرۆکەیه ئەگەر بەوردی سەرنجێکی بدەین دەبینین، که هەتاوەکوو ئێستا لەناو زۆرییینەی گەلانی دونیادا ئەم ڕەوشته باوه، خەڵکی لەکاتێکدا له خودا دەپاڕێنەوه تەماشای ئاسمان دەکەن یان دەست بۆ ئاسمان به شێوەی پاڕانەوه و ستایش پاندەکەنەوه. ئەمەش هێشتا کاریگەرێتیی مرۆڤی کۆنی لەسەره، که مانگ و ئەستێره و خۆر و ئاسمان و باران و هەورەبروسکەیان پەرستووه. زەرتەشت له تەمەنی 77 ساڵییدا له کۆشکی گورشتاسب له شەڕی نێوان

"ئارجسپ" پاشای توران و "گورشتاسپ"دا ، کە شەڕەکە لەسەر جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی ڕوویداوە لە ئاگردانی خۆیدا بە دەستی پیاوێک ئەکوژرێ بەناوی " برات ڕەک ڕەش".

لە ڕۆژانی کۆنی ئێران دا دابەشبوونی چینایەتیی لە کۆمەڵدا هەبووە ئەوانیش وەک ئەمانەی خوارەوە:

1. ڕۆحانیی
2. جەنگاوەریی
3. جوتیاریی

زەرتەشت لە چینی ڕۆحانیی بووە ژنەکەشی لە جەنگاوەریی لە کاتێکدا زەرتەشت دژی سانسکریتیی و کاهن و خواکانیان بووە، بەڵام ئەم وەک بنەماڵە بنەماڵەکەی ڕۆحانی بوون.
زەرتەشت لە گەیشتنی بە پێغمبەریی دا تووشی تەنگ و چەڵەمە و زۆرلێکردن و هەڕەشەی کووشتن زۆر بووە، بەڵام بەهۆی دەستەڵاتدارێتیی خێزانەکەیەوە پارێزگاریی کراوە. " مدیوما"ی ئامۆزای زەرتەشت یەکێک بووە لەو کەسانەی کە زۆر پشتگیریی لە زەرتەشت کردووە. تا پێش هاتنی ئایینی زەرتەشت خەڵکیی خوای جیا جیایان هەبووە پاشان وردە وردە هاتوونەتە سەر ڕێی خوای تاک و تەنها. خەڵکەکە بە دڵی خۆشەوە دوای ئایینی زەرتەشت کەوتوون بە بێ زۆرداریی هەرکەس بەپێی ویست و خواستی خۆی باوەڕی بە ئایینی زەرتەشت هێناوە. ئایینەکە هەتا هاتنی عەرەبی ئیسلام و ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکە بەردەوام بووە. بەهۆی زۆرداریی ئایینی ئیسلامەوە خەڵکەکە ناچارکراوە ئایینی باوباپیری زەرتەشتیی خۆیان لە بیربکەن لە نێوانی ساڵەکانی 630 تا 640 دوای زایین پیاوە ئایینییەکانی زەرتەشت لەبەر ئازار و کووشتن ناوچەکەیان بەجێهشتووە بەرە و هیندستان کۆچیان کردووە.
زمانی ئاڤێستا لەگەڵ کۆمەڵە زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران دا تێکەڵە ئەو خەتە کۆنەی ئاڤێستای پێ نووسراوە خەتی ئارامییە، کە زمانە ئێرانییەکان پێیان نووسیوە، "گاتاکان" نارەحەتترین شێوەی زمانی هیندۆ ئەوروپین گاتاکان بە گەلێک شێوە لێکدراونەتەوە گاتاکان 22 بەشن یان 22 باسن لە پەرتووکی یەسنادا وەک بەشێک لە ئاڤێستادا، گاتا خاوەنی 5 بەشە هەر بەشەی لە یەکەم وشەی گات وەرگیراوە.
1. ئاهونەوئی: حەوت بەشەو لە 100 بەند پێک دێت.
2. ئوشتوتی: لە 4 بەش پێک دێت و 66 بەندە.
3. سپنتەئین: بریتییە لە 4 بەش و 41 بەندە.
4. وهوخشترە: یەک بەشەو 22 بەندە.
5. وهیشتوایشتی: یەک بەشەو 9 بەندە.

گاتاکان لە پێش سەردەمی هاخامەنشینییەکاندا لە مادی ڕۆژهەڵاتدا پەیدا بوون، واتە لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا بووە. گاتاکان نووسراوەی هۆنراوەیی بوون خەڵکیی زوو لەبەریان کردووە، لەلایەن کاهنەکانەوە بەخەڵکی سپێرراوە. " سەرچاوە17"

# یەسنا:

پەرتووکی پیرۆزی زەرتەشتییەکانە لە ڕووی شێوەی دیالێکتەوە جیاوازیی زۆرە لەگەل ئاڤێستادا ئەگەرچی تێکەڵی هۆنراوە و پەخشانە، یەسنا بنەڕەتی زەرتەشتییەکان دەردەخات بەم شێوەیەی خوارەوە.

1. بەهۆی ڕاستییەوە شان و شەوکەتی پاک دروست دەبێ.
2. بە ویژدانی پاک لە خوا نزییک ئەبیتەوە.
3. خۆشیی و بەختەوەریی بۆ ئەوانەیە، کە ڕاستن، ناخۆشیی بۆ درۆزنە.
4. ئەوی دۆستی ڕاستییە، دۆستی خواشە.
5. ئاهورامەزدا سەرچاوەی ڕاستیی و ویژدانی پاکە.
6. کاری ڕاستیی و چاکەی خۆت بە ئاهورامەزدا بسپێرە.
7. ڕاستیی و دانایی ئیزدت فێر دەکات.
8. باشترین دەسکەوت لە ڕاستییەوەیە.
9. فەرمانبەری ڕاستیی هۆی ئاوەدانکردنەوەی زەویی و خۆشیی جیهانە.
10. ئەوکەسانەی درۆزنن ژیانی مرۆڤ لەناوئەبەن.
11. خوێندکار درۆ بکات و قسەی خراپ بڵێ مرۆڤ لەئیش و کاری وڵات دوا ئەخات.
12. دژەوەستان بەرانبەر درۆ، باشترین دیارییە لە لایەن ئاهورامەزداوە.
13. مرۆڤی درۆزن ناشرینە.
14. مرۆڤی ڕاستگۆ نابێت لە درۆزن نزییک بکەوێتەوە.

ئافێستا لە بنەڕەتدا 5 بەشە:

1. یەسنا
2. یەشت
3. ویسپرد
4. ویدوادە
5. وردەئاڤێستا

ئاڤێستا تەنها پاڕانەوەیەک نەبووە لە خوا بەڵکو بنەڕەتی خورەوشتی مرۆڤ بووە، لە ڕووی زانیین و شێوەی پیرۆزی بڕیاردانی ژیانیەوە. ڕێزگرتنی هەندێ شتی کردگاری لای زەرتەشتییەکان پیرۆزە و پێویستە پارێزگاریی بکرێت و نابێت پیس بکرێن وەک ئەمانەی خوارەوە:

1. خاک
2. ئاگر
3. ئاو

4. هەوا
لە کاتی مردنی مرۆڤدا مردووەکە شۆراوەتەوە پاشان لە بەرزاییەکاندا دانراوە تا مەل یان قەل و داڵ گوشتەکەی بخوات و پاش باران لێدانی و پاک بوونەوەی ئێسکەکان خراونەتە چاڵەوە.

## ئاهورامەزدا:

لە دوو وشە پێک هاتووە "ئاهورا" بە واتای دروستکەر "مزدا" بە مانای گەورە بەسەر یەکەوە ئەبێتە دروستکەری گەورە یان دانای گەورە، لەناو زەرتەشتییەکاندا ناوی خودا بە سەد و یەک جۆر جیاواز هاتووە. ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی، کە ئایینی ئیسلام سەدویەکجارەی ناوی خودای لە زەرتەشییەکانەوە وەرگرتبێت. هەروەکوو چۆن وشەی " اللە" پێشهاتنی ئیسلامیش لەناو گەلانی ناوەڕاستی خۆرهەڵاتدا بەکارهاتووە.
ئاهورامەزدا خاوەنی شەشە ئاشماسپەندانە" فریشتە" واتە شەش فریشتەی هەیە، ئاشماسپەند واتە نەمرانی پیرۆزە کە بریتین لەم شەش فریشتەیەی خوارەوە ئەم ئاشماسپەندانە:

1. بەهمەن ، 2. ئەردی بەهەشت، 3. شەهریوەر، 4. سپندارمز، 5. خورداد، 6. ئەمرداد.

1. بەهمەن: فریشتەی کردار و بیری چاکە،.
2. ئەردی بەهەشت: فریشتەی ڕێکخستنی جیهانە.
3. شەهریوەر: فریشتەی دوژمنەکانی ئاهورامەزدایە.
4. سپندارمز: فریشتەی ڕووناکیی و خۆر و ئەوینە.
5. خورداد: فریشتەی باشیی و لێهاتووییە.
6. ئامرداد: فریشتەی تەندروستییە.
ئەم شەش فریشتەیە پێکهاتوون لە سێ فریشتەی نێرینە و سێ فریشتەی مێینە.

1. بەهمەن، 2. ئەردی بەهەشت، 3. شەهریوەر، نێرینەن
1. سپندارمز، 2. خورداد، 3. مرداد، مێینەن،

## گوناهەکانی ئاڤێستا:

1. پەیمان شکێنیی، 2. درۆکردن، 3. خۆپەرستیی، 4. کینە لە دڵ گرتن، 5. بێدادیی، 6. ناپاکیی، 7. کڵاو لەسەرنان، 8. خووی خراپ، 9. لە خۆباییبوون،10. جادوگەریی، 11. دزیی، 12 . دوو زمانیی، 13. سووخواردن، 14. بت پەرستیی، 15. وشەی ناشرین، 16. ئازاردانی گیانلەبەران،

17ـ ئازاردانی هەژاران، 18ـ فرەژنیی، 19ـ هـەتیووبـازیی، 20ـ خۆکووشـتن، 21ـ شـینگێڕان و گریان و لەخۆدان بۆ مردوان، 22ـ داوێن پیسیی.

## فروهـەر:

یەکەم کەس، کە باش بیری کردبێتەوە و گفتەی باش و ڕەفتاری بـاش بووبێت فروهـەر بـووە.
فروهەر خۆشەویستی خوایە. ئاهورامەزدا بە سپیتمان زەرتەشت ئەڵێ:
ئـەوەی لـە هێز و توانـا و ڕاسـتیی و دروسـتیی و پشـتیوانیی فروهـەرەوە هـەبووە بـۆ یارمـەتی سەبارەت بە سەرکەوتوانان فروهەر ئاگاداری کردووم. ئـەگـەر ئـەو نـەبایـە ئـەم جیهانـە مرۆڤی باش و گیانلەبەرانی تێدا نەدەما و درۆزن و خراپەکاران جیهانیان داگیر دەکرد.
پـەیکـەری فروهــەر لـە پـەرسـتگاکاندا لـە شـێوەی پیـرەمێردێکی باڵـداردا دروسـت دەکرێ بـۆ پیرۆزیی نەگ بۆ پەرستن. ئەم پەیکەرە نیشانەی ئایینی زەرتـەشـتە، شـێوەی فروهـەر لـە شـەش بەشدا خۆی ئەبینێتەوە بەم شـێوەیە: سـەر، دەسـت، بـاڵ، بازنـەیـەک لـەنـاو شـێوەکـەدا، بـەشـی خوارەوە، دوو هۆنینەوەی تێکەڵاو.
1ـ سەر: بەمانای بیری باش، بۆ یادکردنەوەی پەیڕەوکردنی گفتەی باش.
2ـ دەست: بە شێوەی پاڕانەوە بۆ سەرەوە بڵند بۆتەوە، ئاشکرایە، کە خودا جێگا و ڕێگای نییە.
3ـ باڵ: باڵەکان نیشانەی وریاییە لە هەر باڵێکدا سێ بەشە ئەمـەش مانـای بیری بـاش و گفتـەی باش و کرداری باشـە.
4ـ بازنە: بازنەکە کەمێک شـێوەی بـۆ خـوارەوەیـە ئـەمـەش نیشـانـەی کۆتـایی نـەهـاتنی ڕۆژگـارە هەرچی کردەوەی خراپ لە ژیاندا هەیە هەر دەردەکەوێ و دوای مردنیش هەر دەمێنێتەوە.
5ـ بەشی خوارەوە: لە سێ بەش پێک هـاتووە ئـەوەی نیشـانەی بیری خـراپ و گفتـەی خـراپ و کرداری خراپە هەمیشە لە ژێرەوەیە.
6ـ دوو هۆنینـــەوەی تێکـــەڵاو: نیشـــانەی ئـــەوەیـــە، کـــە کـــردەوەی بـــاش لـــە بیـــری مرۆڤـــدا بەدەردەکەوێت.

زەرتەشت لە سەرەتای بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیدا بانگەوازی بۆ بەهەشت و دۆزەخ کردووە، بۆ زەرتەشتییەکانی ڕوونکردۆتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە.

1ـ بەهەشت: بەهەشت بەسێ نهۆمدا ڕەتدەبێ.
یەکەم: لە ناو ئەستێرەکاندایە و جێگای گفتەی باشە.
دووهەم: لە کەشکەشانی مانگدایە.
سێهەم: لە کەشکەشانی سەرووتر لە ڕۆشنایدایە.
ئـەو مرۆڤانـەی کردەوەی باشـیان هـەبووە بـەو سـێ نهۆمـەدا دەڕۆن تـا دەگـەنـە بـەهـەشـت، لـە ئاڤێستادا نهۆمی سێهەم بە" ئەنغرە ئۆچە" ناسراوە، بە مانای ڕۆشنای بێ کۆتا.
وشـەی بـەهـەشـت لـە بنـەڕەتـدا بـە " وەهیشـت" هـاتووە بـە مانـای ژیـان، بـارەگـای گـەورەی

ئاهورامەزدایە" عەرشی گەورە".
2ـ دۆزەخ: ئەوانەی بیری خراپ و گفتەی خراپ و کرداری خراپیان هەبووە ئەچنە دۆزەخ، خراپەکاران ئەگەنە سەرپردی " چینوت " کە ئیسلام بە پردی " سیرات " ناوی دەبەن لەسەر ئەم پردە دەکەونەخوارەوە. یەکەم جێگا لەوێدا بیری خراپە و کردەی خراپە و گفتەی خراپە. دوای ئازاردانیان ئەگەنە قۆناغی چوارەم، کە پێی ئەڵێن "ئەنغمر تمنگە" کە جێگای ئەهریمەن و درۆزنانە.
ئاڤێستا ئەڵێ: پاش مردنی مرۆڤ لە بەیانیی چوارەم ڕۆژدا گیان "ڕۆح" لە جەستە جیا دەبێتەوە، ئەگەر مرۆڤەکە کردەوە باش بووبێت ئەوا ویژدانی لە پێش خۆیدا بە وێنەی کچێکی شۆخ بەرە و بەهەشت ئەڕوات و لەسەر پردی "چینوت" بە ئاسانیی ئەپەڕێتەوە.
ئەوی خراپەکاربێت ئەوا ویژدانی ئەبێتە پیرەژنێک و بەشێوەی ناشرییین و ناقۆلا ئەبێتە ڕێبەری و لەسەر پردی "چینوت" ئەکەوێتە خوارەوە. ئەوانەی کردەوەی خراپ و باشیان وەک یەک بووبێت ئەوا ئەچنە جێگایەک، کە ناوی "هەمیستگان"ە لەوێ نە خۆشیی بەهەشت ئەبینن نە ناخۆشیی دۆزەخ ئەچێژن.

## پردی چینوت:

بۆ کردەوە چاکان بە ئەندازەی نۆ تا بیست و حەوت تیر پان دەبێت، بۆ خراپەکارانیش ئەبێتە دەمی تیغێکی بارییک و تیژ، هەموو ڕۆحێک دوای مردنی مرۆڤەکە سێ شەو و سێ ڕۆژ لە سەرو سەری مردووەکەوە ئەوەستێ، لە ڕۆژی چوارەمدا ئەڕوات بەرە و پردی چینوت، ئەم پردەش کەوتۆتە نێوەڕاستی جیهانەوە بە نێوەندەکەی دەڵێن "دائیتی" ئەو جێگایەیە کە پارسەنگی ئازاری لێیە.
زەرتەشت ئەڵێ: من، کە گەیشتمە جێگایەک گیانی جۆر بە جۆرم بینی هەموو بە یەک شێوە بە خۆشیی و پیرۆزییەوە وەستابوون لە "ئازەر"م پرسی ئەمانە کێن بۆچی وەستاون؟ وتی ئەمە جێگای وەستانی هەموانە، هەموو ڕۆحەکان لێرەدا ئەوەستن چاوەڕێن جارێکی تر بچنەوە ناو جەستەی خۆیان، چونکە ئەمانە خراپە و باشەیان وەک یەک بووە. پاش ئەوەی بە جێگای ئەسێرەکاندا تێپەڕییم بەرە و لای "هومتەر" چووم لەوێ پێشوازییان لەوانە ئەکرد کە گفتەیان باش بووە. من ئەمدی، کە ڕووناکیی لە گیانی چاکەکاران دەردەچوو ئەوان وەک ئەستێرە گەشاوە بوون جێگەیان خۆش بوو من لەسەروەرم پرسی"یەزدان" ئەم جێگایە کوێییە؟ لە وەڵامدا وتی شوێنی ئەوانەیە، کە نوێژیان نەکردووە گاتایان نەخوێندۆتەوە بەڵام بەهۆی کاری ترەوە ئەم شوێنەیان پێبەخشراوە.
پاش ئەوان بەرە و تەختی زێڕیینی هومنە چووم، هومنە دەستی گرتم بەرە و بارەگای "ئاهورامەزدا" بردمی ئاهورامەزدا بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم و فەرمانی دا هەندێ شوێنی ترم نیشان بدەن، بە ڕێگایەکی تارییک و ترسناکدا بردمی کە زۆر کەس تیایدا سەرگەردانن تا گەیشتینە دۆزەخ، کە چاڵێکی تارییک و قوڵ و ترسناکە هەرچەند بەرە و خوارتر ئەبووینەوە ئەوەندە تارییک و قوڵتر و بۆگەن تر ئەبوو، هەموو جۆرە جانەوەرێکی پیس و خراپی تێدا بوو.

ئەم شوێنە هەر سێ ڕۆژی بۆ ئەوانەی لەوێن بە نۆهەزار ساڵ ئەچێت.
تێبینیی:
* ئازەر : فریشتە و پاسەوانی ئاگرە.
* هومنە: فریشتەیەکە وەک جوبرائیل.

# ڕۆژ و مانگ و ساڵ و وەرزەکان:

لەلای زۆربەی ئایینەکانی دیکەی تر پێیان وایە ئەم دونیایە بە شەش شەو ڕۆژ لە لایەن خوداوە دروستکرابێت، بەڵام لەلای زەرتەشتییەکان نەخێر، ئەوان لایان وایە، کە ئەم دونیایە بە شەش جار دروستکراوە، ئاسمان، ئاو، زەوی، ڕووەک، گیانەوەر، مرۆڤ. هەربۆیە زەرتەشتییەکان مێژووی مرۆڤ لە ڕۆژی لەدایکبوونیەوە ئەنووسنەوە و گرنگییەکی زۆری پێ ئەدەن و بە سەری ساڵی نوێی مرۆڤی دائەنێن. دوانزە مانگەی ساڵ بە ناوی فریشتەکان و یاریدەدەرەکانیانەوە بووە، کە پێیان ئەڵێن " ئەشاسپندان و ئیزدانەکان".
ئارییەکان پێش ئەوەی بێنە خاکی ئێرانەوە، لای ئەوان ساڵ دوو وەرز بووە هاوین حەوت مانگ و زستان پێنج مانگ بووە، پێیان وتووە هاوینی گەورە و زستانی گەورە. پاش هاتنیان بۆ ئاسیای ناوەڕاست "ئێران" ساڵ بۆتە چوار وەرز بە شێوەیەکی گشتیی 365 ڕۆژ و 6 کاتژمێر بووە. لە کۆندا لای ئەوان ساڵ 12 مانگ بووە هەموو مانگێ 30 ڕۆژ بووە بەم شێوەیە ساڵ ئەکاتە 360 ڕۆژ و 5 ڕۆژەکەی کە بەناوی پێنج پەنجەی دەستەوە ناویان ناوە، هەر ڕۆژە و ناوێکی هەبووە. کە مانگێ 30 ڕۆژ بووە لای زەرتەشتییەکان زۆر گرنگ بووە و گرنگیی تەواویان بە هەر ڕۆژێکیداوە و ناوی تایبەتیان لێناوە.
وەرزەکان: بەهار، هاوین، پاییز، زستان. لە فەرمانڕەوایی ساسانیەکاندا سەبارەت بەو شەش کاتژمێرە زیادەیە بەم شێوەیەیان لێکردووە لەهەر 120 ساڵێکدا ئەو 6 کاتژمێرەیان کۆکردۆتەوە، کە 1 مانگی کردووە بەسەر 120 کەدا دابەشیان کردووە بەم شێوەیە سەرەتای ساڵیان بە سەرەتای وەرزی بەهار داناوە، کە شەو و ڕۆژ بەرانبەر یەک ئەوەستن ئەم ڕەوشتە هەتا هاتنی لەشکری ئیسلام بۆ ناوچەکە بەردەوام بووە. " سەرچاوە 17"

# جەژن:

واژەی جەژن لە وشەی یەسنای ئاڤێستاوە هاتووە بە واتای پەرستن و ستایش. جەژنەکان لە کۆندا بۆ خۆشیی و شادیی بووە، ستایشی ئاهورامەزدا بە سرووود وتراوە لە پەرستگاکاندا. لە جەژندا سەردانی پیاوە ئایینییەکان کراوە و یارمەتی هەژارانیان داوە. جەژنەکان سێ جۆر بوون، جەژنی مانگانە، جەژنی ساڵانە، جەژنی جۆراوجۆر بەم شێوەیەی خوارەوە.

# 1. جەژنی نەورۆز:

ئەم جەژنە ئەکەوێتە یەکەمیین ڕۆژی ساڵەوە. یەکەم ڕۆژی فەروەردینە پێی ئەوترێت "هرمزد" کە ناوی پیرۆزی ئاهورامەزدایە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی جەژنی نەورۆز ئەوەیە کە لە مانگی فەروەردیندایە ئەو ڕۆژەیە، کە مرۆڤی تێدا دروستبووە، لەم ڕۆژەدا فریشتەکان بۆ دیدەنی پیاو چاکان ئەچن، ئاگر لە هەموو جێگایەک دەکرێتەوە.

# 2. جەژنی شەشەمیینی فەروەردین:

ئەم ڕۆژە ڕۆژی خۆرداری ناوە ڕۆژی شەشەمینی مانگی فەروەردینە ئەو ڕۆژەیە کە زەرتەشتی تێدا لەدایکبووە. ئەم ڕۆژە بۆ زەرتەشتییەکان گەلێک گرنگ و پیرۆزە لەم ڕۆژەدا جەژنی لەدایکبوونی زەرتەشت دەکرێت، کە بە ساڵی زایینیی ئەکەوێتە بیست و حەوتی مارتەوە.

# 3. گەهبار:

ئەم جەژنە جەژنێکی گەورەی خواردنی کفتەیە.

# 4. تیر:

جەژنی ئاوپرژێنیشی پێدەڵێن لەم ڕۆژەدا کە "تیر"ی ناوە لە مانگی تیردایە زەرتەشتییەکان ئاو بە یەکدیدا دەکەن. لە ئایینی بودادا شتێکی وا نزییک هەیە، کە هەتا ئێستاش لە ناویاندا بە داب و نەریت ماوەتەوە لەم مانگەدا ئاو بە یەکدا دەکەن پێ ئەچێت لە زەرتەشتییەکانەوە وەرگیرابێت.

# 5. مەهر:

ئەم ڕۆژە ڕۆژی ڕاستەقینەی سەرکەوتنی کاوەیە بەسەر زوحاکدا. لە دوای زوحاک "فەرەیدونی کوڕی ئابتین" کە لە بنەماڵەی جەمشید بوو کرا بە پاشای ئێران، ئەم ڕۆژە و ئەم جەژنە لە ڕۆژی مەهر ئێزدەدایە، ئەم یادە لە دووسەد هەمیین ڕۆژی ساڵدایە، کە دەکەوێتە 04ی ئۆکتۆبەرەوە.

# 6. جەژنی سەدە:

ئەم جەژنە لە دەیەمی مانگی بەهمەندایە و پەنجا و پێنج ڕۆژ پێش جەژنی نەورۆزە، یەکێکە لە

کۆنتریین جەژنەکان، لەم ڕۆژەدا هۆشەنگ ئاگری دۆزیوەتەوە.

بێجگە لەم جەژنانە جەژنی دیکەی تر هەیە ئەویش جەژنەکانی دروستبوونی ئاسمان، ئاو، زەوی، گیا، ئاژەڵ و جانەوەر، مرۆڤ.

1. جەژنی دروستبوونی ئاسمان: لە چل و پێجهەمیین ڕۆژی ساڵدایە.
2. جەژنی دروستبوونی ئاو: لە سەد و پێنجهەمیین ڕۆژی ساڵدایە.
3. جەژنی دروستبوونی زەویی: لەسەد و هەشتا هەمیین ڕۆژی ساڵدایە.
4. جەژنی دروستبوونی گیا: لە دووسەد هەمیین ڕۆژی ساڵدایە.
5. جەژنی ئاژەڵ و جانەوەر: لە دووسەد و نەوەتهەمیین ڕۆژی ساڵدایە.
6ـ جەژنی دروستبوونی مرۆڤ: لە سێ سەد و شەست و پێنجهەمین ڕۆژی ساڵدایە. " سەرچاوە 17"

## هەڵسوکەوت لە پۆشینی جل و بەرگ دا:

بەپێی هەندێ بۆچوون لەسەر جل و بەرگی ئەو سەردەمە پێ ئەچێت، کە جلی کوردیی لەسەر بنچینەی ئایینی زەرتەشت دروستکرا بێ. چۆغە یان مراخانی، کە پشتوێنی لەسەر ئەبەسترێ لە کۆندا پێویستبووە ڕەنگی سپیی بێت پاشان پشتوێنی لەسەر ببەسترێت. پشتوێن لەسەر کراس یان چۆغە ئەبەسترێت لە کاتی نوێژکردندا ئەیکەنەوە و پاشان ئەیبەستنەوە، بەمەش ئەوترێت تازەکردنەوەی پشتوێن. ئێستاش لەناو زۆربەی پیاوە پیر و بەتەمەنەکانی کورددا باوە بەتایبەت لە مزگەوتەکاندا، کە وەک کارێکی "نائاگایانە" پشتوێن ئەکرێتەوە پاشان دەستنوێژ ئەگرن و ئەوسا ئەیبەستنەوە و نوێژ ئەکەن. لەناو ژنانی خۆرهەڵاتی کوردستان دا هەتا ئێستاش پشتوێن لەسەر کراسە کوردییەکانیان ئەبەستن ئەمەش هەر خۆی لەخۆیدا کلتورێکی ماوەیی ئاییني زەرتەشتییە ماوەتەوە. لە کاتی بەستنی پشتوێندا سێ پێچی لێئەدرێ هەر پێچە نیشانەی " بیری باش، گفتەی باش، کردەی باش" پاشان چوار گرێدەرێ دوان لەپێشەوە دوان لەدواوە هەر یەک لەو گرێیانە بریتین لە نیشانەی " ئاگر، هەوا، خاک، ئاو " کە دەبێ بپارێزرێ و پیس نەکرێ. ئەم گرێدانی پشتوێنە لە پێش و لە پاش لەناو بادینییەکان دا هەتا ئێستا باوە.

## هۆی لەبەرکردنی کراس و پشتوێن:

کراسی سپیی مانای پاک و خاوێنییە، پشتوێن مانای گفتەی "باش، کردەی باش، بیری باش" لە پێچی چوارەمدا بەیادهێنانەوەی چوار دەستووری گەورەی ئاییني زەرتەشتە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. یادکردنەوەی خودا.
2. ئایینی مەزدیسنا پاک و بێگەردە.
3. ناردنی زەرتەشت لە لایەن خوداوەیە.
4. باش بین و یارمەتیدەری هەموان بین.

## نوێژکردن:

مەرجەکانی نوێژکردن پێنج مەرجن، کە بەناوی پێنج فریشتەوەن.
1. نوێژی هاون: لەگەڵ هەڵهاتنی خۆرەوە تا نیوەڕۆ دەست پێدەکات.
2. نوێژی ڕپیتون: لە نیوەڕۆ تا کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆیە.
3. نوێژی ئاوزین: لە سێی دوانیوەڕۆ تا خۆر ئاوابوونە.
4. نوێژی ئائیوی سروترم: لە خۆر ئاوابوونەوە تا نیوەشەو.
5. نوێژی ئاشهەن ـ لە نیوەشەو تا خۆرهەڵاتن.

ئەم نوێژانەی ئایینی زەرتەشت تەنانەت کاریگەریی بۆسەر گەلانی دیکە هەبووە، بەتایبەت عەرەب. کە چ عەرەبەکانی کۆنی جزیرەی عەرەبیی لە پەرستنی خواکانیاندا ڕۆژی پێنج جار نوێژیان بۆ کردوون. لە هاتنی ئیسلامیشدا دیسانەوە ئەم دەستووری پێنج جار نوێژکردنە لە ڕۆژێکدا هەر بەردەوامیی بۆخۆی دا.

## مەرجەکانی نوێژکردن:

1. لەش لە هەموو پیسییەک پاکبکرێتەوە پێش دەستپێکردنی نوێژ.
2. جل و بەرگ دەبێت پاک بێت لە کاتی نوێژکردندا.
3. لەبەرکردنی کراس و پشتوێن.
4. شۆردنی دەست و دەموچاو.
5. جێگای نوێژکردن نابێت پیس بێت.
6. نابێت جێگای نوێژکردن زەوتکرا بێت، یان بە پارەی دزیی کڕابێت.
7. لەکاتی نوێژکردندا ڕووئەکرێتە شوێنی پیرۆز " ڕۆژ، مانگ ، ڕوناکیی".

خاڵی یەکەم و دووهەم و چوارهەم و پێنجەم، ئیسلام وەریگرتووە و لە ئایینی ناوبراودا کاری پێدەکرێت. خاڵی شەشەم کاری پێنەکراوە، چونکە ئەوان باوەڕیان بە سەپاندنی ئایینی ئیسلام هەبووە، کەواتە خانوو ماڵ و زەویی هەمیشە لە مەترسیی زەوتکردندابووە، بۆ کردن بە مزگەوت. خاڵی حەوتەمیش هەر کاریگەریی لەسەر ئیسلام هەبووە، کە محەممەد قیبلەی لە مەدینەوە گوێزایەوە بۆ کەعبە، لەبەرخاتری بەردە ڕەشەکە بوو. بەردە ڕەشەکە پێش هاتنی

ئیسلامیش هەر پیرۆز بووە و کەعبە شوێنی حەجی گەلانی دەوروبەری مەککە بووە. خەڵکی مەککە باوەڕێکی زۆریان بە چیای " ئەبی قەبیس" هەبووە. پێیانوابووە، کە ئەو چیایە هێزێک یان ڕۆحێکی جیاوازتر لە هی مرۆڤی هەیە و خاوەنی هێزێکی نادیارە. ئەم هێزەش توانای چاککردنەوەی سەرئێشەی هەیە. بەردە ڕەشەکەی کەعبە " الحجر الاسود" لەسەر ئەم شاخە دەبێت و دەیهێنن بۆ مەککە و لە کەعبەدا دایدەنێن. بەردە ڕەشەکە، کە سەرەتا بە بەردی ئاگریین ناسرابوو، شەوانە لەسەر کێوی " ئەبی قەیس" داگیرساوە و ڕووناکییداوەتەوە. خەڵکی عەرەبی ئەو سەردەمە نەیانتوانیوە لێکدانەوە لەگەڵ ئەوەدا بکات، کە دروستبوونی زەوییش بریتییە لە کەوتنەخوارەوەی پارچەیەکی گەورەی ئاگریین، کە دوای ملیۆنان ساڵ ساردبوونەوەی زەویی لێپێکدێت. ئەم تەقینەوەیەکی زەویی لە بوونیەوە هەتا ئێستا بەردەوامیی بەخۆیداوە و هەرکاتێک پلەی گەرمیی خۆر لە سنووری خۆی دەربچێت دەبێتە هۆی لێبوونەوەی پارچەیەکی. ئەو بەردە ئاگریینەی، کە بووە بە بەردە ڕەشەکە، گەردێکی بچکۆلانە بووە لە خۆر یان لە هەر ئەستێرەیەکی تر کەوتۆتە سەر چیای ئەبی قەبیس. بێگوومان هەتا ئەوکاتەی گەرمبووە ڕووناکییداوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ساردبوونەوەیدا، ئیتر ڕووناکیی نەماوە. عەقڵییەتی عەرەبی ئەو سەردەم گووتوویانە: ئەمەندە ژنانی سکپڕ و عادە سەردانی ئەم بەردە ئاگریینەیانکرد ڕەشداگەڕا. لای عەرەب ژنان لەم دوو بارووەدۆخەدا پیسن بۆیە نزییکی هەرشت بکەونەوە پیسی دەکەن. عەرەبەکانی ئەو سەردەمە پێیانوابووە، کە ئەم بەردە یاقووتێکبووە لە بەهەشت، کاتێک ئادەم هاتۆتەخوارەوە بۆسەر زەویی ئەم یاقووتەشیان لەگەڵیدا ناردۆتەخوارەوە. پاشان جبرائیل ئەم بەردەی لە کێوی ئەبی قەیس شاردۆتەوە، بۆئەوەی لەکاتی لافاو و تۆفاندا نقووم نەبێت. کاتێک ئیبراهیم خەریکی دروستکردنی کەعبە دەبێت، بە ئیسماعیل دەڵێت برۆ بەردێکم بۆ بێنە، لەم کاتەدا کێوی ئەبی قەیس دێتە قسە و بە ئیبراهیم دەڵێ: دیارییەکم هەیە بۆ تۆ ئەویش ئەم بەردە ڕەشەیە. ئەفسانەی پیرۆزبوونی بەردێکی تریش بریتییە لە بتەکەی "لات" مرۆڤی عەرەب لە کۆن دا باوەڕیان زۆر بە هێزی تێکەڵبوون هەبووە، دەڵێن: ئەو بتەی کە ناوی " لات" بوو لە سەرەتادا بەردێکی چوارگۆشەی سپیی بووە، لە شاری تایف پاشان خێڵێ " سەقیف" خانوویەکیان لەسەر دروستکردووە و کردوویانە بە کەعبە. لە کاتی سەردانی کەعبەدا لە کاتی حەجکردندا، پیاوێک لەسەر ئەو بەردە دادەنیشێت بۆ فرۆشتنی ڕۆنماسیی بە حاجییەکان. کاتێک ئەم پیاوە دەمرێت " عەمرو کوڕی لەحی" بە خەڵکەکە دەڵێت: ئەم پیاوە نەمردووە بەڵکوو چۆتە ناوبەردەکەوە. بەوشێوەیە عەمرو کوڕی لەحی فەرمانی پەرستنی دەردەکات. " سەرچاوە 22، 17"

# پەروەردەکردنی منداڵ:

پەروەردەکردنی منداڵ لەناو گەلی کورددا گرنگییەکی زۆری پێدرابوو، لەدوای لەدایکبوونی منداڵ پاش چەند ڕۆژێک پیاوێکی ئایینی ئەچێت بۆماڵیان بەبێ جیاوازیی کچ و کوڕ بە گوێی

منداڵەکەدا بانگ ئەدات. لە زمانی ساواکەوە ئەڵێت هەرچی کردەوەی باشی دونیایە لە ئاهورامەزدای خۆمی ئەزانم، ئەو تەرازووی ئەم جیهانەی ڕاگرتووە ئەو دروستکەری هەموو شتە لەم ژیانەدا، لەوەوە ڕۆشنای دەرئەچێت، من ئەمەوێ فریشتەی "سپەنتا و ئارمان" لە ماڵما بێت، من ڕێزی گفتەی باش و بیری باش و کردەی باش ئەگرم، من ڕێز لە ئایینی پاکی مەزدا ئەگرم، پاشان ناوی منداڵەکە ئەنێن.
هەتا ئەم ئاستە بە پێویستییەکی بنەڕەتییم زانی، کە پێشئەوەی ڕاستەوخۆ بێینە ناوباسەکەوە کورتەیەک لە مێژوو و ئایین و زمانی نەتەوەی کورد بناسێنم، هەتا وەک سەرخانێکی ڕۆشنبیریی قازانجێک بە بەردەوامیی بابەتەکە بگەیەنێت. یەکێکیش لە کێشەکانی ئێمە وەک کورد، نەناسینی خودە وەک کوردێک. لێرەوە دیسان قۆناغ بە قۆناغ دەچینە ناوکێشەکانەوە.

## کورد لەنێوان قەیرانی هۆشیاریی نەتەوەییی و ئایینی ئیسلام دا:

مێژوو هەموو دەمێک ڕووداوەکانی خۆێ دووبارەدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر بەزمانی بەقای کوردبوونیشمان بمانەوێ بدوێین ئەوا هەموو ڕۆژێ لە نەگبەتی ئێمەی کورددا مێژوومان دووبارە ئەکەینەوە و ئەزموونێک لە هەڵەکانی ڕابووردمان وەرناگرین.
لە نیوەی دووهەمی حەوت سەدەکانەوە چەندەها مێژوونووس و خۆرهەڵاتناسان لە سەرتاسەری کوردستان دا هەریەکەیان بەپێی بەرژەوەندیی وڵات و بەرێوەبەر و سوڵتانەکانیان مێژووی ئەم گەلەیان تۆمار کردووە، هەندێکیان بە جووتیار و بە کۆچەر و بە درندە و کێویی ناویان بردووین، هەندێکیان بە ئیسلامی فەناتیکە و هەندێکیشیان بە وەیان ناساندووین، کە هێشتا لە قۆناغەکانی ژیانی کۆمۆنە سەرەتایی و هەرەوەزیەکانداین. بەرهەرحاڵ بەهەرشێوەیەک بێ ئێستا دەمانەوێ هەنگاوێک بنێینە نێو بیرەوەرییە بەسوێکانی بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کوردەوە و سەرنجێک لە شێوەی هەڵکەوتنی شۆڕشەکانیان بدەین بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا دەچینە نێو کۆڵانەکانی چینایەتیی خەڵکی کوردەوە. بێگوومان لەو سەردەمانەدا چین و توێژ لە ناو کۆمەڵی کوردیی دا هێندە زۆر نەبووە بە دوو جۆر فیوداڵی کۆچەریی و نیشتەجێی خاوەن زەویی و زار و چینی کرێکار و ڕەنجدەر و هەژاری بێ سەرمایە لەگەڵ چینی بۆرژوازیی ناوشار و خاوەن دەست مایە و خانوو بەرە. لە سەردەمی دەستەڵاتی عوسمانلیی دا چینی فیوداڵ کاریگەریی خۆیان بەسەر خەڵکانی بێ

دەستەڵاتی هەژاری کورددا زۆر بووە، کە لە ژێر میهری تورکدا پارچە زەوییەکیان لە تورکەکان کڕیوەتەوە یان بەدیاریی لە بەرئەنجامی کارێکدا، کە بۆ تورکیان کردبێ وەریان گرتووە. ئەو پارچە زەوییەی، کە موڵکی کوردە و کەچی هاودەم بێگانە خاوەنیەتی و کوردیش کڕیار و موشتەریی. دەوڵەتی عوسمانلیی بێچاو و ڕوو، کە خاکی کورستانی داگیرکرد بە پێی شەریعەتی ئیسلام ڕەفتاری لەگەڵ کوردی هەژاری سیاسەت نەزاندا دەکرد بەپێی شەریعەتی ئیسلام، کە دەوڵەتی عوسمانلیی ببوە گەورەتریین فیوداڵی خاوەن زەویی و زار.

پاش ئەوەی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵی کوردیی ئەگاتە نیشتەجێبوون و شارستانییەتێکی سەدەیی بەپێی بارودۆخی ناوچەکە دێتەکایەوە، کە بەپێی ئەو سەردەمە ئاستی ڕۆشنبیریی و خوێندەواریی بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە لە ئاستێکی گەلێک نزمدا لەنگەری گرتبوو. دەشا خوێندەواریی تەنها لە ڕێگای مزگەوت و قورئان و فەرموودەکانی پێغمبەری ئیسلامەوە بێ. قووتابخانە نەبوو ڕەوتی زانستیی لە ئاستێکی زۆر خراپدا دەهات و دەچوو. ئەگەر بەڵایەکی سروشتیی یان نەخۆشییەکی کووشندەی وەک تاعون ڕووی بکردایە ناوچەکە ئەوا هەموو چاوەڕێیان دەکرد ئاخۆ کەی سەرەی مردنیان دێ؟! لەسەردەمی میرایەتیی بابان دا لە ساڵی 1757 دا ڕشانەوەیەکی گەورە بڵاوبۆتەوە خەڵکێکی زۆری کووشتووە، لە ساڵی 1773 جارێکی تر ڕشانەوەیەکی تر ڕوودەدات، لە ساڵی 1803 دا ناوچەی بابان بە بوومەلەرزەیەکی بەهێز هەڵ ئەتەکێنرێ، ئەمە و چەندیین کارەساتی دیکەی تری جەرگبڕ، کە بووەتە هۆی ماڵوێرانی بۆ خەڵکی کورد. نەبوونی پزیشکێکی شارەزا لە ناوچەکەدا و نەبوونی دام و دەزگایەکی تەندروستیی بێجگە لەو کەسانەی بە حەکیم و لوقمان ناسراو بوون بە هۆی گژو گیاوە هەندێجار توانیویانە هەندێ نەخۆشیی ئاسان چارەسەر بکەن.

ئەگەر بمانەوێ هەوڵ و تەقەلای خەڵکی کورد لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خۆی ئاماژە بکەین و ناوی بنێین سەدەی شارستانیەتی خەڵکی کورد بەتایبەت لە باشووری کوردستان دا ئەوا دەکرێ دەستنیشانی " شێخ مارفی نۆدێ و مەولانە خالیدی نەقشبەندیی" بکەین. ئەم دوو مرۆڤە بەرزەی کورد ئەم دوو زانایەی ئەو سەردەمە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە بۆ زیاتر ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی کورد، هەرچەندە ڕۆڵی ئەو دوو زانایەی کورد تەنها لە مزگەوتەکاندا بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی ئەو سەردەمە درێغیان نەکردووە. هەردوولا دوو ڕێگەی جیاوازی باوەڕی ئایینییان هەبووە، وەک " تەریقەتی نەقشبەندیی و تەریقەتی قادریی " کە قادریی لە شێخ عەبدولقادری گەیلانییەوە وەرگیراوە ساڵی 1077 لە لەیلان لەدایک بووە ساڵێ 1166 لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە. کە گوایە شێخ عەبدولقادری گەیلانیی بە بنەچە دەگەڕێتەوە سەر پێغمبەری ئیسلام محەمەدی عەرەبیی. بەڵام تەریقەتی نەقشبەندیی ئەگەڕێتەوە بۆ شێخ محەمەدی نەقشبەندی کە لە کوردەواریی دا بە " شای نەقشبەند" ناسراوە، لە ساڵی 1317 لەدایک بووە و لە ساڵی 1389 کۆچی دوایی کردووە لە کۆشکی هندوانی عارفان نزییک شاری بوخارا لە ئۆزبکستان نێژراوە.

شێخ مارفی نۆدێ بە 13 پشت ئەچێتەوە سەر سەید عیسی کوڕی سەید بابا عەلی هەمەدانیی، کە ساڵی 1207 لەدایکبووە و ساڵی 1305 کۆچی دوایی کردووە. ئەو شێخ بابا عەلی یە

کوڕی شێخ شەهاب الدین یوسفە برای بابا تاهیری هەمەدانی. شێخ مارفی نۆدێ ناوی شێخ محەممەدە و کوڕی شێخ مستەفایە. کاتێ شێخ مستەفای باوکی بنەو بارگەی خۆی لە بەرزنجەوە ئەگوێزێتەوە بۆ نۆدێ ئیتر لە نۆدێ دا سەقام گیر ئەبن و شێخ محەممەدیش لە نۆدێ لەدایک ئەبێ. بەڵام ناوی شێخ محەممەد بەپێی ڕۆژگار ئەگۆڕێ بۆ شێخ مارف. شێخ مارف پیاوێکی ژیر و بە سەلیقە و خوێندەوارێکی بە توانا بووە لەبواری ئایینی و فەلسەفییدا دەستێکی باڵای هەبووە بەوشێوەیەش لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کورد و بێگانەدا ناسرابوو. لە سەردەمی میرایەتیی بابان دا ڕۆڵێکی کارگەریی ئەبێ پاش ئەوەی شێخ مارف لە ناو بەڕێوەبەرایەتیی بابان دا وەک چەمکێکی هۆشیاریی بەدی دەکرێ گرنگییەکی زۆر بە شێخ مارف ئەدرێ و لە قەڵاچوالان دا بنەی بۆ ساز ئەکەن و حوجرەی بۆ دەکەنەوە. دوای ئەوەی ئیبراهیم پاشای بابان بیر لەوە دەکاتەوە پایەختی ئیماراتەکەی بەشێوەیەکی تر لێبکات، ناوچەی مەڵکەندیی و کانیی ئاسکان، کە ئێستا هەریەکەیان گەڕەکێکن لەشاری سلێمانیی دا هەڵئەبژێرێت، کە بیکات بە شارێکی نوێ. قەڵاچوالان ئەو سەردەمە شوێنێکی لەبارنەبووە بۆ حوکمڕانیەتیی میرنشینی بابان، یەک وەک ئاسایشی بەڕێوەبەرایەتییەکە، دووهەم قەڵاچوالان زۆر جار بەر ڕقی بوومەلەرزە ئەکەوت و زیانێکی زۆری بە ناوچەکە دەگەیاندە و بەرفراوانیش نەبووە.

گەلی کورد ئەو کات و سەردەمە خۆی تەنها لە چەند چینێکا ئەبینییەوە. وەک چینی فیوداڵی و چینی بۆرژوای پارەداری ناوشار و چینی کرێکار و جووتیار و ڕەنجدەران. لە چینی فیوداڵیشدا هەمان شێوە دوو بلۆک دەبینرا وەک کۆچەرییەکان و نیشتە جێبوەکان، کە ئەمانە فیوداڵی خاوەن زەویی و زار بوون. لەو سەردەمانەدا، کە دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانلیی باڵی ڕەشی خۆی بەسەر خاکی کورستانیشدا ڕاماڵی بوو، زۆر لە فیوداڵە کوردییەکان بۆ زیاتر بەرفراوان کردنی زەویی و زاریان لە ناوچەکەدا مەئمورایەتییان بۆ کۆکردنەوەی سەرانە و باجی مەڕو ماڵات لە ناوچە عەشایەرییەکاندا دەکرد و پەیوەندییەکی تووند و تیژیان بە دەزگا سەربازییەکانی تورکەوە دەبەست و خەڵکی ڕەش و ڕووتی ناوچەکانی خۆیان دەنارد بۆ ناو ڕیزەکانی سوپای عوسمانلیی و ئەکرانە خەرمانی نێو دەستاڕی غەزای ئیسلامی. لەپاداشتی ئەم کارەشدا فیوداڵە کوردییەکان یان عەشایەرە کوردییەکان لەقەبی پاشایان لە عوسمانلییەکانەوە پێ ئەبەخشرا.

وەک ئەو لەقەبانەی کە درابوون بە * مەحمود پاشای جاف وەسمان پاشای جاف و بابیز پاشای مەنگوڕ .. هتد .* ئەوەی جێگەی سەمەرەیە، کە گەلی کورد خۆی خاوەنی خاکەکەی بووە بەڵام لەلایەن دەستەڵاتە داگیرکەرەکانەوە جارێکی تر خاکەکەی پێ فرۆشراوەتەوە. سەرەک عەشایەرەکان بەوپەڕی خۆشحاڵیی ەوە پارچە زەوییەکیان لەتورکەکان کڕیوەتەوە یان بە دیاریی لە بەرئەنجامی کارێکدا، کە بۆ تورکەکانیان کردبێ وەریان گرتووە.

لە سەردەمی سەرهەڵدانی شێخ مارف دا جوڵەیەک کەوتە خوێندن و تەقەلای خوێندەوارییەوە، بە تایبەت ئەو حوجرەیەی شێخ مارف، کە لە نۆدێ* دا دانا بوو هەر لە وێشەوە " روض الزهر" کەوتە بەردەستی خوێنەر.

شێخ مارفیش خۆی هەر لە نۆدێ دا لەدایکبووە و لە قووتابخانەی ئایینیی " غەزائیە " خوێندوویەتی و ماوەیەکیش لە لای مامۆستا "محەممەد ئەمینی حەللاج" خوێندوویەتی لە گوندی هەزارمێرد بەرانبەر شاخی بەرانان. پیاوێکی بەسەلیقە و خوێندەوارێکی بەتوانای سەردەمی خۆی لێدەردەچێ، تا ئەگاتە ئەو ئاستەی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کورددا خۆشەویستییەکی زۆری پێ ئەبەخشرێ و تەنانەت لەلایەن میرایەتیی بابان و تورکی عوسمانلییشەوە گرنگییەکی فەرهەنگیی و سیاسیی پێ ئەدرێ. شێخ مارف لە ساڵی 1752 لەدایکبووە و لە ساڵی 1838 دا کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە.
لە سەردەمی ئیبراهیم پاشای بابان دا شێخ مارفی نۆدێ گرنگییەکی تەواوی پێ ئەدرێ. شێخ مارف ژیانی لە نۆدێوە ئەگوێزێتەوە بۆ قەڵاچوالان لەوێ مزگەوت و حوجرەیەکی بۆ وانە وتنەوە بۆ ئەکەنەوە. تا هاتنی بیری دروستکردنی شارێکی نوێ لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە شێخ هەر لە قەڵاچوالان دا گوزەر دەکا. ئیبراهیم پاشا دەمێک بوو بەدوای ئەوەدا وێڵ بوو بنەو بارگەی خۆی گەورەتر بکات و بەرەو پێشتری بەرێت، قەڵاچوالان لە ڕووی ئاسایشی میرنشینییەوە مەترسیی هەموو کات لەسەر بووە، پاشان زۆرجار بەر ڕقی گەورەی بوومەلەرزە کەوتووە. کاتێک ئیبراهیم پاشا دەست نیشانی دەشتەکانی کانیی ئاسکان و مەڵکەندیی دەکات، کە ئێستا دوو گەڕەکی گەورەن لە شاری سلێمانیی دا ناوچەکەی لەلا پەسەند ئەبێ ڕاستەوخۆ بڕیاری ئەوە ئەدات، کە لەم شوێنەدا شارێک دروست بکات. ئیتر ئەو هەموو ئەرک و قەڕەباڵغییە لە سەر قەڵاچوالان لابات چ دی تووشی لافاوی گەورە و زیان بەها نەبن لەو تەنگەبەرییەی قەڵاچوالان ڕزگاریان بێت و لە هێرشی ئێرانیەکانیش بە دوور بن. ئیبراهیم پاشا بۆ دروستکردنی ئەم شارە داوای پشتگیریی هەموو لایەکی کرد، کە بێنەناو ئەم شارە تازەیە بژیین لە زۆرینەی ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵکیی هاتن بۆ پشتگیریی کردنی ئەم شارە لە سنەوە چەندیین بەنای شارەزا هاتن بۆ دروستکردنی خانووبەرە. لە هەمەدانەوە بنەماڵەی " ئاغا تەها " هاتن گەڕەکی دەرگەزێنیان ئاوەدانکردەوە لە سابڵاخ و بانەوە خەڵکیی هاتن، کە قەزازەکان سابڵاخیی بوون. لە ساڵی 1784 دا دەست بە دروستکردنی شارەکە ئەکەن. کاتێک خەریکی دروست کردنی " سەرا " ئەبن لە هەڵکەندنی بناغەکەیدا مۆرێک ئەدۆزنەوە، کە مۆری سلێمان پاشای بابان بووە، کاتێک مۆرەکە ئەدەنە دەست ئیبراهیم پاشا ئیتر گەلێک دڵخۆش ئەبێ بەم ڕووداوە هەر بەو خۆشییەوە بڕیار ئەدات شارەکە ناو بنێن سلێمانیی. مزگەوتێکی گەورەش بەناوی مزگەوتی گەورەوە دروست ئەکەن بۆ خوا پەرستن و بۆ خوێندن. مەولانە خالیدی نەقشبەندییش ئەکەن بە " رئیس العلما " و خەڵکیان تێدا فێری خوێندەواریی کردووە. دوای ڕۆیشتنی مەولانەخالید بەدڵشکاویی بۆ شاری بغداد، شێخ مارفی نۆدێ ئەکەنە جێگاکەی ئیتر شێخ مارف هەتا سەردەمی هاتنی کاک ئەحمەدی شێخی کوڕی بەردەوام ئەبێ و دوای مەرگیشی کاک ئەحمەدی شێخ جێگەی باوکی ئەگرێتەوە. شێخ مارف هەموو هیوای ئەوە بووە کوڕێکی ببێت ناوی بنێ ئەحمەد، کە پێش لەدایکبوونی فەرهەنگی زمانی عەرەبیی و فارسیی بۆ دروستدەکات تا بتوانێ بە زمانی عەرەبیی و فارسیی بخوێنێ و بنوسێ فەرهەنگەکەش ناودەنێ ئەحمەدیی.

کاک ئەحمەد ساڵی 1207 هەتاویی لەدایک بووە و لەساڵی 1305 دا کۆچی دوایی کردووە و لەمزگەوتەکەیدا نێژراوە. کاک ئەحمەد زانایەکی ئایینیی و خوێندەوارێکی پلە بەرز و نووسەرێکی بە توانای ئەو سەردەمە بووە. یەکێ لە خاڵە بەناوبانگەکانی کاک ئەحمەد ئەوەیە، کە هەمیشە هەوڵیداوە خەڵک بەکوردیی بخوێنێ و بنووسێ هەوڵ و تەقەلای ئەم مرۆڤە بەرزەی کورد وای کرد خوێندن لە مزگەوتەکانەوە بگوێزێتەوە بۆ قووتابخانە زانستییەکان. کاک ئەحمەد مزگەوتی بۆ پەرستنی خودا دانابوو قووتابخانەش بۆ خوێندن. هەرچەندە ئەمە کارێکی وەها ئاسان نەبووە لەو کات و سەردەمەدا خوێندن لە مزگەوتەوە بگوێزیتەوە بۆ قووتابخانە. چونکە بە پلەی یەکەم دەوڵەتی عوسمانلیی دوای ئەوەی دەستەڵاتی میرایەتیی بابانیان کۆتایی پێهێنا لە ساڵی 1851 دا " نامق پاشای تورک " کە والی ئەو سەردەمە بووە "عەبدوڵڵا پاشا"ی بابان بانگ ئەکات بۆ ئەستەنبوڵ بەدەست بەسەریی و " ئیسماعیل پاشای تورک" لەجێگەی دائەنێ. هۆی سەرەکیی داگیرکردنی سلێمانیی لەلایەن تورکەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکیی نێوان بنەماڵەی " ئاغا تەها" کە کاتی خۆی ئیبراهیم پاشای بابان بانگی کردن بۆ سلێمانیی و گەڕەکی دەرگەزێنیان دروست کرد. لە دوای ماوەیەک تێکدەچن لە گەڵ بنەماڵەی شێخاندا و ناکۆکیی دەکەوێتە بەینیانەوە. دوای ئەم کارە نامە بۆ نامق پاشای عوسمانلیی دەنووسن، کە بێنە ناوشاری سلێمانییەوە و ئەوان حکومڕانیی سلێمانیی بکەن. ئیتر بەم شێوەیە تورکەکان ڕازیی نەدەبوون بە کردنەوەی قووتابخانە لە سلێمانیی دا و بەکارێکی نارەوا و سەرپێچی کردنی ئایینی ئیسلامیان دەزانی ناویان دەنا کفر. لەسەرێکی ترەوە زۆر لە خەڵکانی تری ئیسلامی کورد بەکارێکی نارەوا و کفریان زانیوە منداڵانیان بچنە قووتابخانە فێری زانست ببن. جگە لە قورئان و وتەکانی پێغمبەر و شیعری حافز و سەعدیی شیرازیی و کۆمەڵێ بەرهەمی هۆنراوەیی نەبێ هەموو زانیارییەکی تریان ڕەت کردۆتەوە و بەکافرستانیان زانیوە. بەڵام خۆشبەختانە کاک ئەحمەدی شێخ لە هەوڵەکەیدا سەرئەکەوێ و خەڵکانێکیش دەبێ کە پشت گیریی دەکەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە تورکە فاشستەکانی عوسمانلیی بە ڕەوای هەقیان زانیوە بۆ خۆیان لە ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە و شارەکانی تریاندا قووتابخانە هەبێ بەڵام بۆ کورد قەدەغە بووە و بە کافرستانیان زانیوە.

کاک ئەحمەدی شێخ دوو کوڕی ئەبێ شێخ بابا عەلی و شێخ محەممەدە بچکۆلە، شێخ بابابە عەلی زۆر بە گەنجی کۆچی دوایی دەکات شێخ محەممەدە بچکۆلەش هەمان شێوە لە تەمەنی 26 ساڵییدا کۆچی دوایی دەکات. بەڵام شێخ محەممەدە بچکۆلە حەوت کوڕی لەدوا بەجێ ئەمێنێ * شێخ سەعید ، شێخ مارفی نەقیب، شێخ مستەفا نەقیب، سەید حەسەن، سەید عومەر، سەید ئەحمەد، سەید عیسا * پاش کۆچی دوایی کاک ئەحمەدی شێخ، شێخ سەعید جێگەی باپیرەی ئەگرێتەوە دیسان وەک چەمێکی سیاسیی لە ناوچەکەدا ڕۆڵی کاریگەری خۆی دەبێ.

شتێکی شاراوە نییە، کە چۆن داگیرکەرانی خاکی کوردستان بۆ ڕاگرتنی تای تەرازووی سیاسەتی خۆیان لە کوردستان دا، هەموو کات گرنگییەکی زۆریان بە ناودارەکانی کورد و سەرەک عەشایەرەکان و هۆزە خێڵەکیی و کۆچەرییەکان داوە، هەمان کات بۆ دانانی هێڵێکی گەڕانەوە چەند کۆمەڵ و گروپی تریان کردووە بە گژیاندا نەوەک ڕۆژێ لە ڕۆژان لێیان

هەڵبگەڕێنەوە و باری مانەوەیان لە ناوچەکەدا لەق بکەن. لە سەردەمی شێخ مارفی نۆدێ و مەولانە خالیدا، کە ئاشکرا هەرلایەکیان ڕێگایەکی جیاوازتری گرت بوو وەک لەوی تریان، بەردەوام جیاوازیی بیروبۆچوونی جیاواز سەبارەت بەکردگار و باوەڕی ئاییینی لە نێوانیاندا هەبوو، بەتایبەت لەو کاتەوەی یەکێ لە کوڕەکانی ئیبراهیم پاشا، کە نەخۆش دەبێ دەنێرن بە دوای مەولانەخالیدا بێت تەماشای بکات، کە مەولانە کوڕە ئەبینێ ئەڵێ: هیچ نییە بە پشتیوانیی خودا چاک دەبێتەوە، بەڵام کوڕە باری تەندروستیی زۆر خراپ دەبێ، دەنێرن بەشوێن شێخ مارفیشدا، کە بزانن ئەو چیی ئەڵێ: کە شێخ تەماشی کوڕە دەکات شێخ دەڵێ: مرۆڤ ناتوانێ هەموو شت بخاتە ژێر ڕەحمەتی خوداوە کوڕەکەت پێویستی بە چارەسەر هەیە، پاش ماوەیەک کوڕە دەمرێ، گوایە لەم کارە میری بابان زۆر دڵی لە مەولانە دەشکێ و بڕیاری لابردنی مەولانە لە مزگەوتی گەورە دەدات، بەم شێوەیە مەولانە سەرگەردان و ئاوارەی بغداد ئەبێ بۆ ماوەیەک پاشان لە وێشەوە بۆ سوریا لە شام لە گەڕەکی ساڵحیە کۆچی دوایی دەکات و لەوێش ئەینێژن. بۆ دروستبوونی دووبەرەکیی لە نێوانی بنەماڵەی شێخان و جاف دا، هەمانکات هۆکاری تایبەت هەبوو، کە بنەماڵەی شێخان بەهۆی میری بابان و دەستەڵاتی عوسمانلییەوە ببوونە فیوداڵێکی خاوەن زەویی و زارێکی زۆر. هەرکات تورکەکان غەزایان کردبێ چ شێخ مارف چ کاک ئەحمەدی شێخ سەربازی کوردیان لەگەڵ ناردوون لەبری ئەم هەڵوێستە تورکەکان پارچە زەوییان داوە بە بنەماڵەی شێخان. ئەمەش بۆ فیوداڵە جافەکان جێگەی ناخۆشیی بوو بەتایبەت لەوکاتەدا، کە مەحمود پاشای جاف بە ئاشکرا دژایەتییەکی زۆری شێخ سەعید ئەکات بەوەی، کە دەوڵەتی عوسمانلیی بەگشتیی و سوڵتان عەبدول حمید * بەتایبەت گرنگییەکی زۆر بە بوونی شێخ سەعید ئەدات. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی عەشایەرە کوردییەکان ناکۆکییان لە نێوەندا هەبووە لە وانە هەمەوەندییەکان و تاڵەبانییەکانیش دژایەتیی بنەماڵەی شێخیان کردووە لەسەر کڕیین و فرۆشتن، کاتێ بەرزنجییەکان دەچنە لای تاڵەبانییەکان بۆ کڕیینی گەنم و جۆ لەوێ پارەکانیان لێ دەستێنن و تێیان هەڵدەدەن و هیچیشیان نادەنێ. بەم کارە شێخ سەعید دڵگران دەبێ و ئەنێرێتە سەریان لەم شەڕەدا براکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانیش بەشدار بووە، ئەوەی زیاتر جافەکانی هار کرد لە بنەماڵەی شێخان غەزای ئیسلامی تورک بوو بەسەر ڕووسەکاندا. تورک داوا لە کاک ئەحمەدی شێخ دەکات بۆ هاریکارییان لەو غەزایەدا کاک ئەحمەد بەسەرۆکایەتی شێخ سەعیدی کوڕەزای لەشکرێک دەنێرێ بۆ سەر ڕووسەکان، لە پاداشتی ئەمەدا تورکەکان * جۆگای کاک ئەحمەد، کە لە ئاوی سەرچنارەوە هەڵ ئەگیرێ لەگەڵ 5 گوندی تری شارباژێر ئەدەن بە کاک ئەحمەدی شێخ، بەم شێوەیە فیوداڵی بنەماڵەی شێخان لەسەردەمی شێخ سەعیدیدا دەوڵەمەند ئەبێ. کە ئێستا باسی لێدەکرێ زیاتر بووە و گرنگیی زیاتر دراوە بەو فیوداڵە، تورکەکان لەخاکی کوردستان دا ڕەوشتێکیان هەبووە لە کاتێکدا، کە دەستەڵاتیان بەهێزبووە لە کوردستان دا زەویی و زارەکانیان داوە بەکرێ بەڵام، کە زانیویانە کاتێک ناتوانن کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن زەوییەکانیان زیاتر فرۆشتووە لێرەدا پارەدارەکانی کوردیش هەلەکەیان ئەقواستەوە ئەیان کڕیی بۆ ئەم مەبەستە دەوڵەتی عوسمانلیی لە ساڵی 1858 یاسای تاپۆی لە کورستان دا دامەزراند.

که کاتێک چالاکییەکانی مەحمود پاشای جاف لە ناوچەی سلێمانیی دا دژی بنەماڵەی شێخان دەست پێدەکا کۆمەڵ و دەستە و گرووپی جیاجیا لە ماڵی شێخان هاندەدەن، شێخ سەعید لەژیانیدا دوو جار سەردانی ئەستەنبوڵی کردووە لە جاری یەکەمدا دوای شەڕی تاڵەبانییەکان بووە، کە زۆر قسە و گلەیی هاتبۆ سەرشانی شێخ سەعید. جاری دووهەمەمیشی بە بانگکردن چووە واتە لەلایەن " سوڵتان عەبدولعزیز" والیی عوسمانلییەوە دەعوەت کرابوو. لەم بانگکردنەدا شێخ سەعید کۆمەڵێ لە هاوکارانی لەگەڵ خۆی دەبات بۆ ئەستەنبوڵ، لەوانە براکانی خۆی، کە شێخ مستەفا نەقیب و شێخ مەحمودی کوڕی، کە ئەوسەردەمە تەمەنی هەر 21 تا 22 ساڵ دەبوو، مامۆستا پیرەمێردی شاعیر و مامۆستا زێوەریشیان لەگەڵ دەبێ. لەم سەردانەدا ڕێزێکی زۆر لە شێخ و یاوەرەکانی دەگیرێ ماوەی دوو مانگێک لە ئەستەنبوڵ دەمێننەوە سوڵتان عەبدولعزیز لەم دیدەنەی شێخدا گەلێ دڵخۆش دەبێ و جفرەی تایبەتی خۆی دەدا بە شێخ، کە لە کاتی گرنگدا ڕاستەوخۆ پەیوەندیی پێوە بکات. دوای تەواوبوونی کارەکانیان لە ئەستەنبوڵ شێخ سەعید و شێخ مستەفا نەقیبی برای بڕیاری چوون بۆ مەککە ئەدەن بەنیازی عەمرە، بەڵام مامۆستا پیرەمێرد و شێخ مەحمود و هاوڕێکانی تریان دەگەڕێنەوە بۆ کورستان، لە ڕێگا لە کۆیە لادەدەن لە مزگەوتێکی کۆیەدا لە لایەن حەمە ئاغای کۆیەوە ئابلۆقە ئەدرێن، کە سەرژمێریان 11 کەس دەبوون. بەڵام خۆشبەختانە بە هۆی پیاو چاکانی کۆیەوە لەو گۆڵمەزە ڕزگاریان دەبێتو دەگەنەوە سلێمانیی. *

لە کاتی عەمرەکەی شێخ سەعید و شێخ مستەفای نەقیبدا لەوێ لە مەککە شێخ مستەفا نەقیب کۆچی دوایی دەکات و لەوێ دەینێژن، شێخ سەعید لەم سەفەرەیدا ماوەی دوو ساڵی پێدەچێ تا دەگەڕێتەوە سلێمانیی. مردنی شێخ مستەفا کارێکی ڕۆحی دەکاتە سەرشێخ سەعید و ماوەیەکی زۆر پێوەی ئەتلێتەوە لە گەڕانەوەشیدا بۆ سلێمانیی جافەکان زیاتر لێیان ئەچن بە قیندا شەڕ و ئاژاوەی زیاتریان بۆ ئەنێنەوە تا لە سلێمانیی وەدەریان بنێن. گەنجانی شێخان لێرەدا زیاتر ڕقی دوژمنەکانیان بەرز دەکەنەوە بەوەی، کە سوڵتان عەبدولعزیز بەو شێوەیە بەرەوپیریان چووە. لە شاری سلێمانیی دا کەمێک زیاتر گاز و گزاف بەسەر خەڵکییدا لێ ئەدەن. ماوەیەکی درێژ نابات، مەحمود پاشای جاف پلانەکانی خۆی پەیڕەو ئەکات، کە چۆن لە ژێرەوە لەگەڵ کۆمەڵی " ئیتحادیی و تەرەقیی" دا ڕێککەوتووە بۆ وەدەرنانی بنەماڵەی شێخان لە سلێمانیی دا. متەسەرفی سلێمانیی و مەحمود پاشای جاف پلانێک ڕێک ئەخەن بۆ هەڵگێڕانەوەی پیاوەکانی شێخ سەعید بە تایبەت "میرزا غەفور" کە نزیکترین کەس بووە لە شێخ سەعیدەوە. بە هۆی میرزا غەفورەوە مۆرەکەی شێخیان دەست ئەکەوێ و تەلەگرافێک ئەکەن بۆ والی موسڵ بە ناوی شێخ سەعیدەوە، لە تەلەگرافەکەدا ئەنووسن، کە پێویستە والی موسڵ فریای شێخ سەعید بکەوێ ڕزگاری بکات لەدەست کێشەی جافەکان و بیگوێزێتەوە بۆ شاری موسڵ. پاش ماوەیەک ئێستر سوار دێن بە شوێن شێخدا و لەگەڵ خۆیان بنە و بارگەی دەگوێزنەوە بۆ موسڵ ، شێخ سەعید بەم کارە سەری سوڕدەمێنێ چونکە ئاگای لە هیچ نییە پاشان تەلەگرافەکەی خۆی نیشان دەدەن بە ئیمزای خۆی نوسراوە هیچ قسەی پێنامێنێ. ئەمە بۆ جاری دووهەمە شێخ سەعید دوور بخرێتەوە بۆ موسڵ. کاتێ شێخ دەگاتە موسڵ

خانوویەکی گەورەیان بۆ ئامادەکردوون کە هەموو پێکەوە لەو خانووەدا ئەژیین. شێخ تەواو حەپەساوە نازانێ چ پلانی لەناوبردنێکی وا بە دواوە رۆژێک بە هاوکاریی "ڕەزا دەباغ" بۆ قسە کردن لەگەڵ والی موسڵ دا لەماڵ وەدەردەکەوێ بەرەو سەرای موسڵ دەڕوات، ڕێکەوت دووهەم ڕۆژی جەژن بووە لە ساڵی 1908 دا لە بەردەمی سەرای موسڵ دا ڕادەوەستێ بچێتە ژوورەوە بەڵام دەرگای لێناکەوە لەبەردەمی سەرای موسڵ دا بە چاوەڕوانییەوە جێیدەهێڵن لەناکاو پیاوێک لە دواوە بەردێکی زل ئەدا بە سەری شێخ سەعیددا و گیانی بەخت ئەکا و ڕەزا دەباغیش گولله باران دەکەن. لەماڵەوە شێخ ئەحمەد و شێخ محەممەدی شێخ عەزییز ئەکوژن بە ڕێکەوت شێخ مەحمود لە بازاڕ ئەبێ لەگەڵ چەند کەسانێکی تردا لە دوکانێکدا ئەیشارنەوە. پیاوانی " سوارەی حەمیدیە" کوون و قووژبنی موسڵ بە دوای شێخ مەحموددا ئەگەڕێن نایدۆزنەوە. ماوەیەک بە حەشارگەیی لە موسڵ ئەمێنێتەوە، چەند ڕۆژێکیش لە ماڵی خزم و کەسوکارانی کەریمی ئەلەکە حەشار دەدرێ. کێشەی ئەم کارەساتە لە موسڵ دا لەلایەن ئەو هێستر سوارانەوە، کە زۆربەیان بە جلی سەربازیی و بە جلی کوردییەوە دەهاتن و دەچوون گێچەڵەکەیان گەرمتر کردبوو، کە هەواڵ دەگاتە گوێی عەشایەرە کوردییەکان لە سلێمانیی و لە کەرکووکەوە فشارێکی زۆر دەخەنە سەر والی موسڵ، کە ئەگەر بێتو شێخ مەحمود بە بێوەیی نەگەڕێنێتەوە بۆ سلێمانیی ئەوا ناچار دەبن بە شەڕ موسڵ داگیر بکەن. دەستەڵاتدارانی عوسمانلیی دەست بەجێ بە تەنگ هەڕەشەی عەشایەرە کوردییەکانەوە دەچن لەگەڵ هێزێکی سەربازیی عوسمانلیی دا شێخ مەحمود بەرەو سلێمانیی لە ڕێگای کەرکووکەوە بەڕێدەکەن. کە شێخ دەگاتەوە ناوچەی کەرکووک ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێ و خەڵک بە خۆشییەوە پێشوازیی لێدەکەن. مەحمود پاشای جاف ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەم کارەساتەدا بەرانبەر بە کووشتنی شێخ سەعید و لە ئەنجامی شەهید کردنی شێخ سەعیددا 3000 هەزار لیرەی حەمیدیە لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئیتحادیی و تەرەقییەوە وەردەگرێ. " سەرچاوە 9 "

لێرەدا پەنجەی ڕەخنە دەخەینەسەر نەبوونی بنەمایەکی هاوکاریی و تەبایی و پێکەوە ژیانی سەرەک عەشایەرە کوردییەکان نەبوونی بناغەیەکی گڕ لەخۆ بەردان لە پێناوی ئازادیی بۆ کوردستان نەگ دەستەڵاتدارێتیی بۆ دوژمنان. ئەم دیاردەیە لە ناو کۆمەڵگای کوردیی دا لە مێژە هەیە و سەدە بە سەدە و ساڵ بە ساڵ بە شێوەی میراتگریی بۆ نەوەی نوێی گەلەکەمان ئەمێنێتەوە. هەر لە سەردەمی دەستەڵاتدارێتیی" مادە" وە، کە " کواکسار " پاشای دەوڵەتی مادی گەورەی کورد دەستەڵاتدارێتیی لە فەریبەرزی باوکی کوژراویەوە گرتە دەست، لە تۆڵەی خوێنی باوکی، کواکسار بۆ هەتا هەتایی کۆتایی بە دەستەڵاتدارێتیی ئاشورییەکان هێنا لە ناوچەی دوو ڕووباردا " میسۆپۆتامیا". قەڵاکەی موسڵیشی لێداگیرکردن و ناویان نا " نینە ئاوا " بە ناوی یەکێ لە جەنگاوەرە ژنەکانی ناو سووپای مادەوە ناونراوە کە ناوی " نینە" بوو لە بنەماڵەی بەدلیسییەکان. نینە یەکەمین کەس دەبێ دەچێتە ناو قەڵای ئاشورییەکانەوە و دەرگا لە ڕووی سوپای ماد دەکاتەوە بۆ هاتنەژوورەوەیان. دوای شکانی ئاشورییەکان کواکسار شارەکە پێشکەشی نینە دەکات قەڵای ئاشورییەکان سەرلەنوێ دروست دەکەنەوە ناوی دەنێن

" نینه ئاوا" كه ئیمڕۆ به نەینەوا ناسراوه. دوای كواكسار ئازیدەباك * ی كوڕی دەستەڵاتداریتی وەردەگرێ، چونكه له سەردەمی ئازیدەباك دا ئاژاوه نەماوه دەوڵەت زیاتر خەریكی ئارەزووی ڕابواردن و ئاهەنگگێڕان دەبن، ئازیدەباك دڵی زۆر خەڵكیی و كاربەدەستانی دەوڵەت له خۆی دەڕەنجێنێ، به تایبەت " ئارباك " ی شالیاری خۆی، ئارباك دەكەوێته پلان بۆ ڕووخانی ئازیدەباك پەیوەندیی به كۆرشی گەورەوه دەكات هەمان كات كۆرشی كوڕی كامبوزی عیلامیان ئاگادار كرد كه سووپاكەی نزییك له " ئاكپاتان " بكاتەوه. بەم شێوەیه ئازیدەباك ئاگاداردەكەنەوه، كه كۆرش پەلاماری خاكی مادی داوه، دەستبەجێ ئارباك به له شكرەوه دەنێرێته سەریان بەڵام ئارباك ڕاست و دروست دەچێته ناو سووپای كۆرشەوه. بەم هەواڵە ئازیدەباك شێتگیر دەبێ ئەم جاره خۆی سووپایەك دروست دەكاو دەچێ به گژ كۆرشا بەڵام له گەڵ یەكەم هێرشیدا دەشكێ و هەڵدێ. بەمشێوەیه دەستەڵاتداریی له دەوڵەتی ماددا له كوردەوه دەگوێزرێتەوه بۆ فارس. "سەرچاوه 14" چیی دەبوو ئەگەر ئارباك خۆی ئازیدەباكی دەربكردایه و دەستەڵات هەر له ژێر ڕكێفی كورددا بوایه؟! بەڵام بەدبەختیی كورد هەر لەو سەردەمەوه دركی پێدەكرێ، كه ئێمەی كورد هەر خۆمان پەنجەی خۆمان شكاندووه و له ژێر ڕكێفی بێگانەدا بۆ ئەوان كارمان كردووه. مەبەستی سەرەكیی من لەم نمونەیەدا تەنها ئەوەیه، كه هەرزەكاران و لاوانی كورد هەرگیز ئەو ڕێگایه نەگرنه بەر، كه باب و باپیرانیان پێیدا ڕۆیشتوون. جگه لەوەی دەبنه جۆگه و ئاوەڕۆی خوێنی یەكتر هیچ سودێكی تری بۆ خاكی كوردستان تێدا نییه، هەوڵ بدەن هەرگیز فێری لەخۆبایی بوون و دەمار گیری بیر و باوەڕ و دەستەڵاتداریتیی نەبن. لەپێناوی ئەم خاكەدا هەموو كات ئامادەبن گیانی لێبوردن و پێكەوه ژیانیان هەبێ، نەبنه كلكی تەوری دەستی دوژمن و بەژنی درەختی خەباتی یەكتر ببڕنەوه. لێرەدا وەك پیشەیەكی هاوار سووتاوی چەندین ساڵەی دڵسۆزانی ئەم خاك و ئاوه بۆ جارێكی تر دیڵێمەوه: لاوی كوردم خۆت نەكەیته داری دەستی دوژمنت، دوژمنت نەتباته مەیدان بۆ برای خۆ كووشتنت. له سەردەمی شۆڕشەكەی شێخ مەحمودی قارەماندا هەمان شێوه له نەگبەتی كورددا شێخیش بەرلێشاوی ناپاكیی دەروپشتی كەوتووه و به ئاسانیی بۆی نەچۆتەسەر، كه بتوانێ ئەو كۆنه قینەی دڵی جافەكان له پلانی دوژمن خاڵی بكاتەوه، بتوانن هەموو پێكرا له ژێر ساباتی دەستەڵاتداریتیی شێخدا وەكو برا بژیین.

دەربارەی لەدایكبوونی شێخ مەحمود بیرو ڕای جیاواز هەیه، شێخ محەمەدی خاڵ و قونسڵی بەریتانیی له موسڵ هەریەكەیان به جۆرێك باسی لەدایكبوونی شێخ دەكەن، به ساڵی 1881 و 1883، به داخەوه ناتوانرێ به ئاسانیی بڕیار له سەر ساڵێكیان بدرێ. شێخ مەحمود له تەمەنی شەش و حەوت ساڵییدا لای مامۆستای تایبەت خوێندوویەتی. وانەی قورئان و هەندێ پەڕتوكی تری خوێندووه له قوتابخانەی ڕشدی، كه ئەوسا هەر ئەو قوتابخانەیه هەبووه له سلێمانیی دا. شێخ مەحمود دوو ژنی هێناوه ژنی یەكەمی بەهیەخانی كچی * ئەمینی عەتار * بوو كه پێشتر ژنی مامه مستەفای نەقیبی بوو، دوای مەرگی مامی له مەككه شێخ مەحمود بەهیەخان ماره دەكاتەوه. ژنی دووهەم ئایشەخانی كچی مامه شێخ مارفی بووه، هەمان شێوه ئایشەخان له

پێشدا ژنی شێخ ئەحمەدی برای بووە، لە کارەساتەکەی موسڵدا کە شێخ ئەحمەد ئەکوژرێ شێخ مەحمود ئایشەخان مارە دەکاتەوە.
ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستی سەرەکییمانە بوارە نیشتمانپەروەرییەکانی شێخ مەحمودە و ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە دەرهەق بە هەوڵ و تەقەلاکانی شێخ مەحمود بۆ وەدەرپەڕاندنی دەوڵەتی عوسمانلیی لە خاکی باشووری کوردستان دا و پاشانیش هاتنی ئینگلیز هەر لە ساڵی 1918 وە، کە پرۆژەیەکی درێژخایەنی بۆ خاکی کوردستان دارشتبوو. ئەمەش بێگومان باری شانی شێخ مەحمودی گرانتر کردبوو. ئینگلیزەکان لەمێژبوو چاوی برسییان بڕیبوە خاکی کوردستان. پشکێنەرو سیخوڕی خۆیان بەساڵەهای ساڵ لە کوردستان دا بڵاوکردبۆوە، کە فریشتەکەیان * مێجەرسۆن * بوو ، هەر لە ساڵی 1909 وە جێگە پێی خۆی لە باشووری کوردستان دا کردبۆوە. مێجەرسۆن لە شاری سلێمانیی دا بە ناوی * حاجی میرزا حسینی غلامی شیرازیی * خۆی ناساندووە، مێجەرسۆن چەندیین درۆ و دەلەسەی بە ڕاپۆرت لەسەر کورد بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا نووسیوە. کە کوردەکان بە زۆر خەڵکی کریست و جولەکەیان کردووە بە ئیسلام. کوردەکان گەلێکی ئیسلامی فەناتیکە و ڕادیکاڵن. بەرانبەر بەمەش سەرژمێری کوردەکانی سلێمانی تەنها بە *800* ماڵی کورد نووسی بوو. ئینگلیز زۆر بە هێمنیی پلانەکانی خۆی لە کوردستان دا دەخستە گەڕ. بەڵام لە پەیڕەویشدا بێ ئەندازە توندڕەو و دڕندە بوو. با بزانین ئەم والیایەتییەی ئیسلام کە چەندیین سەدە و ساڵ وەک مۆرانە دابوویە بەژنی درەختی نەتەوەی کورد، لە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ و شارستانیەت و سیاسەتدا دوارۆژی بە چ ئاقارێکدا بردووە و ئێستاش بەردەوام بەرەو کوێی دەبات؟! تورکە ڕەگەزپەرستەکان هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئیتحادیی و تەرەقییەوە بیری دروستبوونی تورکیایەکی کۆمارییان کردبۆوە. ئینگلیزیش پلانی دروستبوونی ئێراقێکی مەلەکییان لە نێوەندی دوو ڕووباردا * میسۆپۆتامیا * دانابوو، کە باشووری کوردستانیش بەزۆر بلکێنن بەم وڵاتە تازەیەوە. لە سەرەتای دروستبوونی شەڕی جیهانیی یەکەمەوە، کە ئینگلیزەکان لە کەنداوی عەرەبیی لە ناوچەی * فاو* نزیک بوونەوە، دەوڵەتی عوسمانلیی شێخ مەحمود دەنێرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەشکری ئینگلیز، لەو سەردەمەدا هەر یەک بە جۆرێ ژمارەی لەشکرەکەی شێخیان هەڵسەنگادووە. مامۆستا ڕەفیق حیلمیی بە 1000 کەس و نووسەری کتێبی ئێراق * عبدالرزاق حسین * بە 1500 کەس و بەڵگەنامەی ئینگلیزەکانیش لە 15.04.1920 دا بە 3000 کەسیان نووسیوە. شێخ مەحمود لە شەڕی * شعێبەدا * لە نیسانی 1915 دا بەشدارییکردووە و ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی کووژراون و کۆمەڵێکی زۆریش بریندار دەبن، کە شێخ مەحمود خۆی یەکێ دەبێ لەوانە لەگەڵ سەید ئەحمەدی خانەقادا. لە شەڕی شعێبەدا عەرەبەکان دەڵێن با نەهێڵین شێخ مەحمود بگەڕێتەوە بۆ کورستان تا ئەگەر کوژرا لێرە بینێژین گۆڕەکەی بکەین بە مەرقەد بۆ زیارەت کردن.
ئینگلیزەکان بڕیاری داگیرکردنی کوردستانیان بە سەرکردایەتی * جەنراڵ مارشال * پێسپێررا، لەشکرەکەیان لەبغدادەوە بەرەو کەرکووک کەوتە ڕێ و لە 17.05.1918 دا کەرکووکیان

داگیرکرد بەڵام لە 27.05.1918 دا بە پلانێکی سەربازیی بۆ ماوەیەک چۆڵیان کرد بۆ تورکەکان و پاش ماوەیەکی کورت داگیریان کردەوە.
بە پێویستی دەزانم بەرلەوەی بچینە قۆناغی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی قارەمانەوە کورتە باسێکی هەوڵ و تەقەلاکانی ڕۆشنبیران و نیشتمان پەروەرانی نیوەی یەکەمی نۆسەد و دەیەکان تا سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 لە ڕوسیادا بکەین. کۆششەکانی شێخەکانی نەهریی، کە یەکەمینیان لە * شێخ عبیداللە نەهرییەوە * دەست پێدەکا دژی ڕژێمی ئێران و تورکیا لە ساڵی 1880 دا لە ناوچەی واندا، کە چۆن ئینگلیز و ڕووس و تورک دەبنە برای گیانیی و پێکەوە هاوبەشیی لەناوبردنی شۆڕشەکەی شێخ ئەکەن. تەقەلاکانی * ئیسماعیل ئاغای شکاک سمکۆ * سەید تەها و سەید عبداللە و جوڵانەوە کاریگەرییەکانی * عبدالرزاق بدرخان.
عبدالرزاق بدرخان یەکێکە لەو کوردە قارەمان و ڕووناکبیرانەیە، کە هەمووکات و سەردەمێ جێگەی ئەوەیە باسی بکرێ و شانازیی پێوە بکرێ، زۆر زرنگانە و وریایانە کارو باری سیاسیی کوردی لە ناسکترییین و دژوارتریین هەلومەرجا ڕاگرتبوو. عبدالرزاق لە سەردەمانێکدا داوا لە ڕووسەکان دەکات ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ڕووسیی * ئا. ئوربیلی * بنێرن بۆ کوردستان بۆ دانانی ڕێزمان و فەرهەنگی کوردیی و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ڕووسیی. کاتێک ئا. ئوربیلی دێتە کوردستان و چاوی بە عبدالرزاق دەکەوێ بەم شێوەیە نیشتمان پەروەری کورد عبدالرزاق لە گەڵ * ئا. ئوربیلی * دەدوێ.
* هەرگیز ئەوە لە یاد ناکەم کە میللەتەکەم لە کۆت و زنجیری زۆرداریی عوسمانلیی و قاجاریی دایە، هیوا و ئاوات و ئامانجی ئێمە ئەوەیە، کە گەل و وڵاتمان لە کۆت و زنجیری زۆردار و بێگانەی داگیرکەر ڕزگار بکەین. جا بۆ بە دیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزەش گەلەکەمان پێویستییەکی زۆری بە خوێندەواریی هەیە، کلیلی ئەمەش ڕەخساندنی هۆکانی فێربوون و خوێندەوارییە بۆ گەلی کورد. لە مەدا یارمەتییمان بدەن. ئەگەر کوردستان بە من و بە هەڤاڵانم ڕزگار نەکرا، خۆ هەرکاتێ کورد بوو بە خاوەن دەست و پێنووس و خوێندەواری خۆی، ئەوسا دەتوانێ بە خۆیدا بێتەوە و ئازادیی خۆی بەدەست بهێنێ*. ئەم چاوپێکەوتنە لە یەکەم گۆڤاری چوار چرای ژمارە * 2 * ی یەکەم ساڵی 1986 دا لە وڵاتی سوید بڵاو کراوەتەوە، پاشان لە بەرگەکەی شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، دا نووسین و ئامادەکردنی * محەممەد ڕەسول هاوار * باسی دوور و درێژی لەسەر کردووە.
لە ساڵی 1914 دا دوای ئەوەی کۆمەڵێک هەوڵ و تەقەلای بێ وچان درا لە لایەن کوردەکانەوە بە هاریکاریی ڕووسەکان ئایندەیەک بۆ کورد پێک بهێنن، بەڵام هەوڵەکانی ئینگلیز و تورک و ئەڵمان نەیانهێشت سەربگرێ. نیشتمانپەروەرانی وەک عبدالرزاق بدرخان و ئیسماعیل ئاغای شکاک و شێخەکانی نەهریی و سەید تەها سەید عبداللە لە ناو خۆیاندا ڕێککەوتن، کە هەموو پێکەوە دەست لەناو دەست پاشەڕۆژێک بۆ کورد دروست بکەن. لە نەگبەتیی کورد شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەسەردا هات و هەموو پێکەوە گەڕانەوە بۆ تورکیا، عوسمانییەکان عبدالرزاق

بدرخان دەگرن و ڕەوانەی موسڵی دەکەن بۆ بەردەمی دادگا، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە موسڵ لە ڕێگا بە پلانێک دەیکووژن.
ڕاپەڕیینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 یەکێکە لە شکۆدارترین یادی پیرۆزی ئەم گەلە. کە پێویستە لە پیرۆزیی باوەڕدا تەماشا بکرێ، کە چۆن ئەم گەلە هەموو تێکڕا خوشک و برا ئاسا لە یەک سەنگەردا بەرەنگاری بەعسی فاشی عەفلەقیی بوونەوە. کە چۆن سەربازە هەڵهاتووەکان بە پلەی یەکەم، کە هەموو تێکڕا شارەزای بەکارهێنانی کۆمەڵێ چەک و تەقەمەنییبوون، کە هەرگیز لە بەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان دا نەبووە. خوێندکار کرێکار مامۆستا دەست گێری شەقام و کۆڵانەکانی شار، سەموون فرۆشەکان کە کوون بە کوونی ئەم خاکە شارەزابوون ڕێبەریی پێشمەرگەیان دەکرد. کیژانی ئاشقی شار و دایکانی جەرگ سووتاو، شووراکانی شار پێشمەرگەکانی ، ی ن ک، پ د ک، ح س ک ، پ س ک، ح ش ع، دیمکراتی ئێران کۆمەڵەی ئێران، هەموو پێکڕا چەپکێ گوڵی نێو گوڵدانی ئازادیی خاکی کوردستان بوون. خۆزگە هەموو ڕۆژ و کات و سەردەمێ وا دەبووین، بەڵام مەخابن دەروازەی ڕاپەڕیین چونکە ئەزمونێکی تازە بوو بۆ کورد، واماندەزانی ئەم ئازادییە هەر بۆ ماوەیەکە و لەدەستمان دەچێ نەماندەزانی چۆن ڕەفتاری پێوە بکەین. هاتنی ریزەکانی جاش و خۆفرۆشان بۆناو هێزەکانی پێشمەرگە، بڵندیی وشەی پێشمەرگەی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا لاواز کرد. دەکرا لایەنەکان لەم خۆفرۆشانە ببوورێن بەڵام هەرگیز نەدەکرا بیان خەنە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە. ئەم کارە وایکرد پیاوانی دوژمن بەردەوام لە کار دابن بۆ دەوڵەتی ئێراقیی ئەم کارە وایکرد لەبری هەوڵوتەقەلای ئەوە بدەین، کە خۆمان لە خۆفرۆشان پاکبکەینەوە و پاکسازییەک لە لایەنە سیاسیەکاندا وەگەڕ بخەین، هەستاین بەوەی خۆمان لە ناو خۆماندا سووک بکەین شکۆمەندیی خەبات و ناوی پیرۆزی پێشمەرگە ترۆ بکەین. لەبری ئەوەی دژی جاش و پیاوخراپان بنووسیین دژی پێشمەرگە تۆفانێکی ڕق بووین و دامان ئەکرد. لە بری ئەوەی ئاڵایەک لە دڵی لادێ و شاخ و شاردا هەڵ بکەین کڵاو و جامانەکەی شێخ مەحمودمان لە بەردەرکی سەرادا دا ئەگرت و بانگمان ئەکرد * خولە قۆپچە * و تۆپ تۆپێنمان بە کوڵەباڵەکەی ئەکرد. لەبری ئەوەی گیان فیدای ئاوەرۆکانی خوێنی شەهیدان بین و هەموو بە یەک دەم و بە یەک دەست بێڵی ئاوەدانیی داهاتووی ئەم خاکە بگرینە دەست، لە بری مەیدانی گوولەبارانکردنی ڕۆڵەکانی ئەم خاکە باخچەیەک بۆ منداڵانی بێ دایک و باوکی هەڵەبجە و ئەنفال و پەنایەک بۆ ئاوارەکانی دەروازەی ڕاپەڕیین دروست بکەین، کوردستان ناو دەنێین عەرشی کەلاوە و ئاوایشی بە گێل و دەبەنگ. ئەو دەنگانەی، کە لە ئەوروپاوە دەهاتن گەنج و لاوانی بێ چارەی کوردیان وەک نەخۆش سەیر دەکرد. لەلای زۆرینەی کوردەکانی دەرەوەی وڵات کوردستان باخچەیەکی ئاژەڵان بوو، بەڵام مرۆڤی تێدا دەژیا! کۆمەڵی کوردیی هێشتا فێری ئەوە نەبووە شانازیی بە کوردبوونی خۆیەوە بکات. هێشتا فێری ئەوە نەبووە خاک و ئاو و نیشتمانی خۆی لە ئاینەکەی زۆر لەلا پیرۆز تر بێ. فێری ئەوە نەبووە، کە چۆن بتوانین پێکەوە هەڵبکەین. من خۆیشم یەکێکم لەو کوردانە ئومێد ئەکەم، کە بتوانم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گیانی تەبایی پەیڕەوبکەم کوردستانم لە هەموو شت خۆشتر بوێ، تا لە ژیاندا بم

بەردەوام بۆ کوردایەتیی بسووتێم لە هەر پارچەیەکی کوردستان دا بێ. هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان نەچمە ژێر فشاری بە دیهێنانی ئاواتەکانی دوژمنەوە شانازیی بە کوربوونم و خاکی کوردستانەوە بکەم. ئەزموونی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و هەلومەرجە ناهەموارەکانی دوای ڕاپەڕیین زیانێکی گەورەی لە بزاڤی ڕزگارییخوای کورد دا. ساڵانێکی دوور و درێژ دەیان جۆگەلەی خوێنیان لەیەکتر دروستکرد. بەڵام هێشتا پێڵاوێکی شڕ و کۆنی پێی پێشمەرگەیەکی کورد ناگۆڕمەوە بە هەموو نیشتمانی عەرەبیی. ئەو کیشوەرە عەرەبیانەی چاوگەی تاوان و دڕندایەتیی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هەست و هۆشیاریی سەردەم و مرۆڤایەتین. ئەو وڵاتە عەرەبیانەی لە دەرکەلانی جەرگبڕی کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجەوە دەنگی خۆیان ئەدا بە ئەژدیهاکەی بغداد. لە دووشەممەی بەرواری 12.09.1988 دا لە هەواڵەکانی پەخشی عەرەبی لەندەن دا بڵاوکرایەوە، کە مللک حسین پاشای ئۆردن پشتگیریی سەرۆک سەدام دەکات لە چارەسەر کردنی کێشەی کوردەکاندا. لە 15.09.1988 دا وەزیری بەرگریی عێراق عدنان خیرالله لەگەڵ چەند ڕۆژنامەنووسێکی ئێراقیی و وڵاتە عەرەبیەکاندا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی بەست. ناوبراو بە ڕۆژنامەنووسەکانی ڕاگەیاندا، کە حکومەتی ئێراقیی گازی کیمیاویی دژی کورد بەکارنەهێناوە ئەگەر بە کاریشی بهێنێ ئەوە شتێکی ئاساییە، چونکە بەکار هێنانی ئەم چەکە بۆ ڕاگرتنی ئاسایشی ناوخۆیە و هیچ وڵاتێکی بێگانە بۆی نییە دەست لە کارمان وەردا. هەڵوێست سەنگی مەحەکە ئەگەر بۆم دەلوا و بۆم دەکرا هەرچی لاپەڕەکانی قورئانە و هەرچی بەرماڵی بەرپێی دایکانی جەرگ سووتاوی وڵاتەکەم هەیە لەژێر پێیانم ڕادەکێشا و دەمخستە سەرپشتی حوشترێکی شەل و ناقۆڵا ڕەوانەی مەککەم دەکردەوە. با چدی ئەوەمان لەبیرنەچێتەوە و ڕوونی بکەینەوە بۆ نەوەکانی دواڕۆژمان، کە هەموو دەوڵەتە عەرەبییە ئیسلامییەکانی سەرڕووی زەمیین بەهیچ جۆرێک هەڵوێستیان بەرانبەر بە کورد نەبوو، هیچ وتەیان لە زار نەهاتە دەر و دڵی ناسکی سەددام حسینیان نەشکاند. کە گەلێکی هەژاری چەند ساڵ ژێردەستەی وەکوو کورد دەبێ قەلاچۆبکرێ و لەناوببرێ و لەناو خاکی خۆیدا لەلایەن ڕژێمێکی فاشستی وەک حیزبی بەعسەوە بێبەزەییانە دەکرێ قڕ و قاش بکرێ، کە ڕژێمی نازیستی هیتلەریی لە ئاستیاندا شەرمەزار دەبێ. هەموو وڵاتە عەرەبییە ئیسلامییەکان کەڕ و لاڵ بوون. لەم ڕۆژانەدا 23 دەوڵەتی زل و زەبەلاحی عەرەبیی، کە قسەی سەرزاریان هەموو دەم ئەوە بوو دەگوترا: الساكت عن الحق شيتان اخرس، ئەی کوا هەڵوێستتان؟ بۆ خۆتان کردە شەیتان ئەگەر شەیتان خۆتان نەبن؟! ئەی کوا وتە و پەیڕەوی قسەکانی خواتان کوا برایەتیی خەڵکی موسڵمان کوا برا و برای ئیسلام؟! * انما المومنين اخوه* ئەی وتەی پێغەمبەرەکەتان * المسلم اخو المسلم * ؟! یان بەس بە تەنها العرب اخو العرب!

هەموو ئەو ڕژێمە عەرەبە ئیسلامییانە لە سەراتای دروستبوونی ئێراقەوە ئاگاداری ئازار و ئەشکەنجەی گەلی کوردن بە دەست ڕژێمە یەک لە دووی یەک هاتووەکانی ئێراقەوە، بەڵام هەموو کات گوێی خۆیان لە کارەساتە گەورەکان کەڕ کردووە و چاوەکانیان لێ خەپ و خێل و کوێر کردووە. لە مانگی سێپتێمبەری 1988 دا لە مەککە کۆنگرەی گشتیی ئیسلامیی بەسترا

بەڵام بەهیچ جۆرێ باسی ئازار و ئەشکەنجەکانی کورد و ماڵوێرانیی نەکرا نە هەڵەبجە نە ئەنفال. دوو دڵ نیم لەوەی ئەگەر بڵێم لە ماڵی هەریەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆنگرەیەدا کە دانیشتووی سعودییە و کوەیت و قەتەر و ئیمارات بوون بە لانی کەم کیژێک یان بێوەژنێکی ئەنفالی تێدا بووە، کە وەک کارەکەر ڕایان گرتبوون جا یان بە دیاریی لە سەددامی ئەژدەهایان وەرگرتووە یان لە نۆکەرەکانی بەعسیان کڕیوە. شەرەفخانی بەدلیسی دەڵێ: سنوور و کەوشەنە وڵاتی کوردان، کە ناوی کوردستانە لەسەر لێواری دەریای هورمزە، کە لەسەر کەناری دەریای هیند هەڵکەوتووە و دەست پێدەکات. لەوێوە بە خەتێکی ڕاست دەکشێ و دێت هەتا مەڵاتیە و مەرعش. وڵاتی فارس و ئێراقی عەجەم و ئازربایجان و ئەرمەنستانی بچکۆلە و ئەرمەنستانی گەورە دەکەونە لای ئەو خەتەوە. ئێراقی عەرەب و موسڵ و دیار بەکر دەبنە باشووری ئەو سنورە. جا کوردستانێکی وا گەورە، کە وەک گەشمردەی کەڵی ئەم گەلە دکتۆر عبدالرحمن قاسملو دەڵێ: سنووری کوردستان بە تێکڕایی دەگاتە نزیکەی * 409650 * کیلۆ مەتر چوارگۆشە، کە بە تەنها لە خاکی بەریتانیا و هۆلاند و بەلجیکا و سویسرا و دانیمارک گەورە ترە، کەچی جێگەی خاوەنەکەی خۆی کە کوردە نابێتەوە، کورد وتەنیی ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە.

سەیر نییە ئەگەر سەرنج لەوە وەربگرین، کە مرۆڤی کورد لەهەموو باسێکی وەهادا چەندییەنجار لە باس لادەدا و چەند ئازارێکی تر ئێخەی ئەگرێ، منیش وەک هەریەکێ لە ئازارچەشتوانی کورد بێبەش نەبووم لەم بوارەدا. چەند پێدا چوونەوەیەکم بەپێویست زانیی بەرلە چوونە ناو شۆڕشەکەی شێخ مەحمودەوە دژی ئینگلیز.

لە پەیمانی سایکس بیکۆدا ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس * مینۆرسکی * بە شێخ مەحمود دەڵێ: ئەچم بۆ ئێران کەبابخانە ئەکەمەوە نوێنەری خۆت بنێرە بۆ لام بۆ کرماشان گفتوگۆ بکەین. شێخ مەحمود بە خێرایی چەکدارەکانی کۆدەکاتەوە و ئەیاننێرێ بۆ سورداشت بۆ کۆبوونەوە. پاشان نوێنەری خۆی "عبدالله ئاغای حاجی حەمەسەعید" ئەنێرێ بۆ کرماشان بۆ لای مینۆرسکی، لە کۆبوونەوەکەدا مینۆرسکی بۆ عبدالله ئاغا ڕوون دەکاتەوە، کە پەیمانی سایکس بیکۆ هەلومەرجی خۆی گۆڕیوە و ئینگلیز موسڵی هەڵگرتووە بۆ خۆی. پێویستە کورد لەگەڵ ئینگلیز هەلومەرجی سیاسیی خۆی پەسەند بکات. لە پەیمانی سایکس بیکۆدا ئەگەر ڕووس دەست بەرداری باکووری کوردستان نەبوایە، کە ئەکەوێتە خۆرهەڵاتی تورکیاوە، کە چۆن بۆ ڕووسیا دانرابوو، ئەوا باری سیاسیی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە دەرهەق بە کورد پێدەچوو وای لێ بەسەر نەهاتایە. دەکرا ئینگلیز لە ترسی ئەوەی نەبوایە بە دراوسێی ڕووس کورستانی بکردایە بە سنوورێک بۆ جیا کردنەوەی دەستەڵاتی خۆی و دەوڵەتێکی لێ جیابکردایەتەوە بۆ کوردەکان.

لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم " ئارنۆڵد ویڵسن" لە کتێبەکەیدا ئەڵێ: لە مەڕ پرسیارکردنی بوونی کورد لە تورک و عەرەبی پرسیوە تورکەکان دەڵێن: کوردەکان کۆچەریین و بە مەڕ و ماڵاتەوە خەریکن هەستی نەتەوایەتییان نییە. عەرەبەکان ئەڵێن: کورد جوتیارن و تەنها بە هۆی سەرکردەکانیانەوە ئەکرێ کپ بکرێن. بێگومان ئینگلیز سوودێکی گەلێ زۆری لەم بۆچوونانە وەرگرتووە. لەنێوانی 10 بۆ 17 ی مایسی 1916 دا کە هێشتا جەنگی جیهانیی یەکەم گەرمەی

بوو دوو بلۆماتی ئینگلیز و فەرەنسیی * مارک سایکس * لە گەڵ * جۆرج بیکۆ * دا  نوێنەری فەرەنسیی، پاش گفتوگۆیەکی درێژخایەن ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی پەیمانەکە ناو بنێن پەیمانی سایکس بیکۆ.  بۆ ڕازییکردنی ڕووسیای قەیسەریی هەردوو نوێنەر دەچنە شاری * پترۆگراد * لە گەڵ قەیسەر ڕێدەکەون لە ئەنجامدا هەرسێ لا ئەم ڕێککەوتنەی خوارەوەیان مۆرکرد.

1. ولایەتی موسڵ بۆ فەرەنسە.
2. باکووری کوردستان بۆ ڕووسیا.
3. باشووری کوردستان و ناوچەی میسۆپۆتامیا بۆ ئینگلیز.

کە ئینگلیز هەروا ئاسان موسڵ ئەدا بە فەرەنسا بە هۆی ئەوەوە بوو، کە ئینگلیز نەیدەویست ببێتە دراوسێی ڕووس و سنووری دەستەڵاتی بەوانەوە بنووسێ، بەڵام، کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەسەردا هات سۆڤیەتی تازە دەستی لە کوردستان هەڵگرت و پەیمانی سایکس بیکۆی ئاشکرا کرد. بەم کارە ئینگلیز دەستی بە کارەکانیدا گێڕا و موسڵی لەژێر دەستی فەرەنسا دەرهێنا بۆ خۆی.

لە هاتنی ئینگلیزدا بۆ کەرکوک شێخ مەحمود بە پەلە نامەیەک بۆ مستەر ویڵسن ئەنووسێ، کە بەڵێنی پێ بدەن دەوڵەتێکی کوردیی لە باشووری کوردستان دا بۆ دابمەزرێنن ئەم تورک و لەشکری عوسمانلیی لە کوردستان وەدەر دەنێ. بەڵام، کە ئینگلیز بە پلانێکی سەربازیی کەرکوک بۆ ماوەیەک بۆ تورک چۆڵ دەکات، نامەکەی شێخ مەحمود بە هۆی * عەبدوڵلا سافیی * یەوە دەکەوێتە دەستی لەشکری عوسمانلیی. ئەوانیش فەرمان دەردەکەن بە پەلە و بێ کەمتەرخەمیی شێخ مەحمود دەستگیر بکەن. لە سلێمانیی دا ئەو سەردەمە * مستەفا بەگ * قائیمقامی سەربازیی تورک بوو بە ناوی گفتوگۆوە دەنێرێ بە شوێن شێخ مەحمود دا و لە لای خۆی دەست بەستی دەکاو ڕەوانەی کەرکوکی دەکات بۆ لێپرسینەوە. عوسمانلییەکان دەست بەجێ بڕیاری لەسێدارەدانی شێخ مەحمود ئەدەن. هەندێ لە سەرکردەکانی تری سووپایی تورکیی دەیانویست لەم هێرشەی ئینگلیزدا بۆ سەردەستەڵاتی عوسمانلیی سوود لە هێزی کوردەکان وەربگرن بۆیە کووشتنی شێخیان بە بەرژەوەندیی تورک نەدەزانیی. سەرلەشکری ئۆردوی عوسمانلیی لە موسڵەوە ناردی بەشوێن شێخدا، کە لە کەرکوکەوە بیگوێزنەوە بۆ موسڵ، لەوێ * علی ئیحسان پاشا * میواندارییەکی باشی شێخ دەکات و ئاشتی دەکاتەوە و ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ سلێمانیی پێ ئەدات. شێخ مەحمود لە تشرینی دووهەمی 1918 دا دەگاتەوە سلێمانیی هەتا ناوسلێمانییش * عیزەت مدفەعیی * لەگەڵ شێخ هاتبوو تا پەیوەندیی لەشکری عوسمانلیی و شێخ باش بکاتەوە.

پەلە قاژەی شێخ مەحمود لەم بێنەو بەردەیەی ئینگلیز و عوسمانلیی دا باری شانی شێخی گەلێ قورس کردبوو، شێخ بە هیچ شێوەیەک هیوای بە تورک نەمابوو دەیزانی، کە تورک ئێستا کوردی بەس بۆ بەرەکانی شەڕی ئینگلیز ئەوێ و توانای ئەوەی نەماوە دەستەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکانی کوردستان دا زاڵ بکات. هەموو ئەو بەڵێنانەشی، کە تورک دەیدا بە کورد تەنها هەوای ناوسک بوو بە تەکانێکی ئینگلیز هەمووی بە "با" دەبوو. ئینگلیزیش هەر زوو

ڕووی شاراوەی خۆی بۆ شێخ مەحمود ئاشکرا کرد بە ئاشکرا دەینواند، کە ئەوان  چۆن شێخ مەحمودیان دەوێ، تەنها لەژێر مەرجەکانی ویڵسن دا، کە بۆ شێخی دادەڕشت. ئەوان دۆستی کورد بوون، لە بری * خدری زنگە *  مێجەر سۆنی زنگەی بۆ کورد بە دیاریی نارد ئەویش تا  توانی ئارەقەی ڕەنج و ماندووبوونی ئەم گەلە و خوێنی ئەم گەلەی خواردەوە. شێخ مەحمود بەهیچ شێوەیەک نەچووە ژێر باری فەرمانەکانی ئینگلیزەوە شێخ مەحمود ئەو پیاوە نەبوو، کە ئەوان بە دوایدا دەگەڕان، بۆیە بەردەوام ئاژاوەیان دەخستە بەردەم هەوڵەکانی شێخ. ئەوان دەمێک بوو بیریان لە دورستکردنی وڵاتێک کردبۆوە لەنێوانی دووڕووباردا، کە باشووری کوردستانی پێوە بلکێنن و ناوی بنێن ئێراق. کورد و شێخ مەحمودیش هەرگیز نەیاندەویست بچنە سەرنەخشەی تازەی ئێراق، دەیانویست دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیان هەبێ ئەمەش لە ویست و کردەی ئینگلیزدا نەبوو.

ئینگلیز دەیویست "مستەر یەس"ێک لە شێخ مەحمود دروستبکەن، کە هەرگیز بۆیان نەدەلوا بۆیە هەر لەو سەردەمەوە هەوڵیان داوە  عەشایەرەکانی تر لە شێخ بکەنە دوژمن و بیکەن بە گژیا. کە ئینگلیز فریشتەیەکە و هاتووە کوردی لەژێر چنگ و چەپۆکی تورک ڕزگار کردووە و ئەیەوێ داهاتوویەک بۆ کورد دروستبکات و بیانکات بە دەوڵەتێک ،بەڵام شێخ مەحمود نایەوێ گەلی کورد بە ئاواتی خۆی بگات و دژایەتیی ئینگلیز دەکات. بێگومان خەڵکانێک هەبوون بەم زمان لوسییەی ئینگلیز خڵەتاون و فریودراون. هیچ سەیر و سەمەرە نیە، کە هەتا ئیمڕۆش ئەو سیاسەتەی ئینگلیز بۆ سووکایەتییکردن بە شێخ خستبوویەگەڕ کاریگەرێتیی لەسەر تاکی کورد هەیە. ناسینی شێخ مەحمود بە کورد وەک پیاوێکی کەللە ڕەق و خۆ ویست، کە ئامادە نەبووە دەست بکاتە نێو دەستی ئینگلیزەوە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیی. شێخ مەحمودیان بە پیاوێکی ئیسلامیی فەناتیکە و  ڕادیکاڵ ناوبردووە و هەزاران بوختانیان بەدەمەوە کردووە، کە مرۆڤی ژیر هەرگیز ناچێتە ژێرباری ئەو جۆرە بووختانانەوە، وەک ئەوەی ئەگەر شێخ مەحمود نەبوایە ئەوا ئینگلیز کوردی دەکرد بە دەوڵەت. یان شێخ مەحمود دەستی تەوقەی درێژ نەکردووە بۆ ئادمۆنز و نوێنەرەکانی تری ئینگلیز وەک مێجەر سۆنی فریشتەی دڵی کوردان و ویڵسنی  ئاشتییخواز و فرایزەری ئەیوبیی. یان گوایە شێخ مەحمود فەقیانەکانی لە دەستەوە پێچاوە بۆ تەوقەکردن لە گەڵیان، ئەمانە ئەو سەردەمانە زۆر کاریگەر بوون بۆ سەرلێشێوانی خەڵکی کورد تاکوو بەشداری شۆڕشەکەی شێخ نەکەن و باوەڕی پێ نەهێنن. ئەمەش هەتاوەکوو ئیمڕۆ هەر قسەی سەرزاری خەڵکانی نەفامن و گاڵتەجاڕیی لاوی تازە پێگەیشتوو بەتایبەت لە سلێمانیی، کە بەڵێن دەدەن بەیەک بۆ دیدەنێک دەڵێن: ئێوارە لەبەردەمی وێنەکەی شێخ قۆپچەدا چاوەڕێتدەکەم. ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشترە دانیشتوانی هەولێر، کە لەنێوانی 1995 بۆ 1996 بە هۆی شەڕی یەکێتیی و پارتی دیموکراتەوە هاتنە سلێمانیی ئەوانیش فێری بەکارهێنانی خولە قۆپچە بوون بێ ئەوەی پێدا بچنەوە ئەم کەڵە پیاوە کێ بووە و بۆ ئیمڕۆ  بووە بە خولە قۆپچە؟!

شێخ مەحمودی نەمر پاش ئەوەی لە ڕێگایەکی ترەوە توانی پەیوەندی بە ئینگلیزەوە بکات ئاگاداری کردنەوە ئەگەر ئینگلیز ئامادەیە بەوەی حکومڕانیەتێکی کوردیی لە ناوچەکەدا پێک

بهێنێ ئەوا شێخ مەحمود ئامادەیە لەشکری عوسمانلیی لە ناوچەی سلێمانیی وەدەرنێ. شێخ مەحمود ئەیویست بەهەرشێوەیەک بێ لەم پەلەقاژەی لەناوچوونی نەخشەی کوردستانەدا هەر هیچ نەبێ باشووری کوردستان نەلکێنرێ بە میسۆپۆتامیاوە. ئەو دەوڵەتە عەرەبیەی ئینگلیز نیازی دروستکردنی بوو لە ناوچەکەدا لە ژێر ناوی ئێراق دا کوردستانی پێوە نەلکنرێ. ئینگلیز تا پێش ئەوەی بێنە ناو شاری سلێمانییەوە بەڵێنی زۆریان بە شێخ مەحمود و بە عەشایەرەکانی تری کورد دا. کە ویڵسن مێجەر نۆئێلی کردە نوێنەری سیاسیی ئینگلیز لە ناوچەی سلێمانیی دا مێجەر نۆئێل لەشکرەکەی لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانیی دەخاتەڕێ بەڵام لە سەرەتادا ئەچێتە گوندەکەی شێخ مەحمود لە * داریکەلیی * تا لە ڕێگای شێخەوە ڕێگای بۆ خۆشبکرێ بێتە سلێمانیی چونکە لەشکری عوسمانلیی هێشتا لە سلێمانیی مابوون. مێجەر نۆئێل بوێریی ئەوەی نەدەکرد وا بە لەشکرێکی کەمەوە بێتە سلێمانیی و تووشی شەڕی تورک ببێ. کە هەواڵ گەیشتە سلێمانیی بە گەیشتنی لەشکری ئینگلیز بۆ داریکەلیی عەشایەرەکان و خەڵکی سلێمانیی کەوتنە مقۆ مقۆ و کۆبوونەوە، ئەو لەشکرەی تورکیش، کە لە سلێمانیی مابوو ئەوانەی، کە کورد بوون خێرا هاتنەدەر لە ناو سووپای تورکیی و جلی کوردییان پۆشی و چەکەکانیان دانا. ئەوانەشی، کە تورک بوون پەرتەوازە بوون، لەو ڕۆژەدا شێخ مەحمود کۆبوونەوەیەکی بە پیاو ماقوڵانی شار کرد و عەشایەرەکانی تریشی بانگکرد، کە کەسێک لە ناو خۆیاندا هەڵبژێرن بچن بۆ بەرەوپیرهاتنی ئینگلیز بۆ سلێمانیی. ئەم کۆبوونەوەیە گێچەڵێک بۆ شێخ دروستدەکات چونکە هەندێ لە مەلاو شێخ و ئیسلامە وشکەکانی ناو شاری سلێمانیی نەیاندەویست بچن بەرەو پیری ئینگلیزی کافرەوە. عەشایەرەکانیش هەریەکەیان ئەیانویست نێونەری خۆیان بڕوات بەرەو پیری ئینگلیز. شێخیش لێرەدا هیچ دەرفەتێکی دەربازبوونی نەبوو لەم گێچەڵە، پاشانیش ئەو سەردەمە خەڵکی کورد و عەشایەرەکان پێوانیان بۆ شێخ نەکردووە وەک ئیمڕۆ، کە ئێمەی گەنج هەڵوێستی نەتەوایەتیی شێخ هەڵ ئەسەنگێنین. بەداخەوە هەندێک بە چاوێکی تر سەیری شێخیان کردووە. هەر چۆنێک بوو کۆمەڵێکی وڵاخ سواریان سازکرد چوون بەرەوپیری مێجەر نۆئێل و لەشکرەکەیەوە. کە مێجەر نۆئێل دڵنیا بوو لە نەبوونی مەترسیی پەلاماردان کەوتە ڕێ بۆ سلێمانیی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کوردانەی، کە دانرابوون بۆ پێشوازییان. بەمشێوەیە ئینگلیز بە بێ تەقە هاتە شاری سلێمانییەوە و داگیریکرد، ئەو کۆمەڵە سەربازە تورکەی لە سلێمانیی مابوون شێخ مەحمود کۆی کردنەوە و ڕەوانەی لای عەلی ئیحسان پاشای کردن لە موسڵ. ئینگلیز پێش هاتنی بۆ سلێمانیی هەموو ڕەنگی پلانێکی خۆی ڕشتبوو بۆ بەرێوەبردنی سلێمانیی. کاتێک ئارنۆڵد ویڵسن بە مێجەر نۆئێل ئەڵێ: ئەگەر زانیت شێخ دەست ئەدا بۆمان ئەوا بیکە بە نوێنەری خۆمان لە سلێمانیی پاشان لە عەشایەرەکانی تر بۆ هەڵەبجە و چەمچەماڵ چەند نوێنەرێکی تر دروستبکە. واتە مەبەستی ئینگلیز لێرەدا تەنها ئەوە بووە، کە نەهێڵن جارێکی تر تورکەکان کۆنترۆڵی کورد بکەن بە ناوی غەزا و ئیسلامەوە بۆخۆیان بەکاریان بهێنن دژی ئینگلیز. ئینگلیز کە دڵنیا بوو لەوەی تورکەکان توانای ئەوەیان نەماوە کوردەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و هەڕەشەی شەڕی کوردیان لەسەر نەما دەستیان کرد بە گۆڕانی پلانەکانی خۆیان لە ناوچەی سلێمانیی دا. سەرەتای هاتنی ئینگلیز بۆ سلێمانی لە ساڵی 1918

دا خەڵکی ناوچەی سلێمانیی لەژێر بارودۆخێکی زۆر گرانیی و برسیەتیی و قاتوقڕیی دوای کارەساتەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم بوون بە دەست دەوڵەتی عوسمانلییەوە. کە مێجەر نۆئێل دێتە سلێمانیی بە چاوی خۆی کۆمەڵێ باری ناهەمواری ژیانی خەڵک ئەبینێ بە دەستی برسیەتییەوە خەڵکیی بە بەرچاوی ئاواییەوە لەسەر گۆشەو قوژبنی شاردا لە برسا دەمردن. ئەم هەلە زێڕیین بوو بۆ ئینگلیز و بۆ مێجەر نۆئێل دەستوبرد هەڵوێست بەرانبەر برسیەتیی خەڵکی شاری سلێمانیی وەردەگرن و خواردەمەنییان بۆ ساز دەکەن. بەمجۆرە مێجەر نۆئێل ئێسکی خۆی لە سلێمانیی سووک ئەکات و خۆشەویست ئەبێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێک هەبوو حەزیان بە چارەی نەدەکرد نەگ بەوەی، کە هاتووە خاکی کورد داگیربکات بەڵکو تەنها لەبەرئەوەی مێجەر ئیسلام نییە و لەژێر کاریگەرێتیی دەوڵەتی عوسمانلییەوە ئەو وشکە سۆفیی و مەلایانە گێچەڵیان بۆ شێخ دروستدەکرد. بەڵام شێخ مەحمود توانی بەسەریاندا زاڵ بێ و لە گەڵ مێجەر کارو باری سلێمانیی بەڕێوە بەرن. مێجەر نۆئێل ئەگەر وەک سەرزارەکیش دەری خست بێ ئەوا هەمیشە ڕێزێکی زۆری لە کورد گرتووە بەتایبەت لەگەڵ شێخ مەحموددا گەلێک ئارەزووخۆش بووە، هەرگیز بە بێ پرسی شێخ لە سلێمانیی دا هیچ کارێکی نەکردووە. مێجەر نۆئێل هەموو کات پشتگیریی بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیی پێش خستووە لە ناو شاری سلێمانیی دا زۆر هیوایان پێی هەبووە. وەک * ئەحمەد تەقێ * لە یاداشتەکانیا نووسیویەتی ئەڵێ: لە 27.11.1919 دا مێجەر نۆئێل بۆ دادوەری گشتیی بەریتانیا ئارنۆڵد ویڵسن نووسیویەتی ئەڵێ: 400 ساڵە کورد لەژێر زەبروزەنگی دەوڵەتی عوسمانلیی دا ئەناڵێنێ هیچ نەماوە نەیکەن تا بوونیەتی ئەم گەلە نەفەوتێ و لەناونەچێ. هەوڵدەدات، کە باوەڕ بە ویڵسن بهێنێ تا شێخ مەحمود نەگرن و دەوڵەتێکی بۆ پێکبهێنن. بەڵام ئینگلیز لە مێژ بووە بڕیاری پارچە پارچە کردنی کوردستانی دابوو بۆیە ئەو نامەیەی مێجەر نۆئێل هیچ کاری لە ئینگلیز نەکرد و پاشان داوای وازهێنانی لە کار و باری سیاسیی ناوچەی سلێمانیی لە ویڵسن کرد و ئەویش بەخۆشیەوە داواکەی وەرگرت و مێجەرسۆنی خستە جێگای. ئەمە پێئەچێ دڵ نەرمییەکی مێجەر نۆئێلی بەرانبەر بە کورد دەر خست بێ، بەڵام مێجەر نۆئێل هەتا سەر ئێسقان داواکانی دادوەری گشتیی بەریتانیای جێبەجێکردووە، وەک تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوانی کوردەکانی باکوور و تورکە کەمالیەکان لە ساڵی 1919 دا، کە گەشتێکی بە ناوی سەردانی کوردەکانی باکوورەوە کرد بۆ ناوتورکیا توانی ئەو بەڵێنە هەڵ بوەشێنێ، کە کەمالییەکان دابوویان بە کوردەکان دوای شەڕی یۆنانیەکان، کە کوردەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە بردنەوەی ئەو شەڕەدا، دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمیی بۆ کورد ڕێکبخەن. پاشان زانیارییەکی تەواوی لەسەر کوردە ناودارەکانی تورکیا کۆکردەوە وەکو کامەران بەدرخان و ئەکرەمی جەمیل پاشای دیاربەکر و کوردەکانی زازا و قزڵباش. لە سەرێکی تریشەوە کوردەکانی هان ئەدا دژی دەوڵەتی کەمالیی تورکی ڕاپەڕن و شەڕ بکەن واتە بە بەردێک توانی هەردوو چۆلەکەی کورد و تورک بکوژێ. کێشەی کاروباری شێخ مەحمود ئەوە بوو، کە دەورووپشتی بە خەڵکی خۆویست و گێچەڵچیی تەنرابوو، کە بۆ سوودی خۆیان ئاژاوەیان بۆ شێخ مەحمود دروست ئەکرد، شێخیش خۆی لە بواری سیاسەتدا هێندە شارەزا نەبووە تا بتوانێ لەگەڵ

سیاسەتی ئینگلیزدا هەڵسوکەوت بکات. ئەمە ڕاستییەکە و نابێ بە ئەقڵ و هۆشی ئیمڕۆ پێوانەی بکەین. مێجەر نۆئێل زۆر هەوڵی ئەدا نێوانی شێخ مەحمود و ویڵسن خۆش بکات، بەڵام ویڵسن هەر لە سەرەتاوە حەزی بە چارەی شێخ مەحمود نەکردووە زانیویێتی شێخ مەحمود ئەو پیاوە نیە، کە ئەو بۆی ئەگەڕێ. شێخ مەحمود پیاوێکی ئازا و چاونەترس و کوردستانیی بوو هەموو هەوڵوتەقەلای لەپێناوی ئازادیی کورد و دەوڵەتێکی کوردیی دا بووە. ویڵسنیش کەسێکی ئەویست، کە لە ژێر فەرمانی ئینگلیزدا هەڵسوکەوت بکات. ویڵسن هەر زۆر زوو هەموو  پیاوە ڕۆشنبیرەکان و سەربازە پایەدارەکانی کوردی لە سووپای عوسمانلیی دا ڕاکێشا بۆ ناو سووپای ئێراق نەگ بۆ لای شێخ مەحمود هەموویانی کردە دوژمنی شێخ مەحمود تا پێکەوە نەبنە دەستەڵاتێکی سەربازیی دژی ئینگلیز وەکو " نوری سەعید، جەعفەر عەسکەریی، جەمیل مەدفەعیی، ساڵح زەکی ساحێبقڕان، ئەمین زەکی مێژوو نووس، کە خۆی ئەفسەر بوو لە سووپای عوسمانلیی دا" ئەمانەی هەموو لە شێخ مەحمود کرد بە دوژمنی باوک کووژە. ئینگلیز هەر جارەی بەشێکیان لە بەڕێوەبەراتیەکەی شێخ مەحمود ئەکردەوە و دەستەڵاتیان لێ کەم ئەکردەوە.  دوای ئەوەی تورکەکان ناوچەی کۆیەیان بەجێهێشت لە نۆڤێمبەری ساڵی 1918 دا خەڵکی کۆیە تێلێگراف بۆ موسڵ ئەکەن بۆ کاربەدەستانی ئینگلیز، کە بێن بەپیری کۆیەوە لە 15 دیتسێمبەری هەمان ساڵدا  نوێنەری ئینگلیز کاپتن " های " ئەگاتە کۆیە و لهلایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێدەکرێ. بەڵام پێش های شێخ مەحمود نوێنەری دەوڵەتەکەی خۆی بە ناوی "شێخ عوسمان" وە ئەنێرێ بۆ کۆیە بۆ قایمقامیەتیی. کە هاوکات " کۆیە، قەڵادزێ، ڕانیە" بەشێکن لە دەوڵەتەکەی شێخدا. عەشایەر و ئاغاکانی کۆیە  وەک حوێزییەکان و غەفورییەکان لەناو خۆیاندا نارێک بوون و ڕازیی نەبوون لهژێر فەرمانڕەوایەتیی شێخدا بن. لە هاتنی مێجەر نۆئێلدا بۆ ناوچەی پشدەر بڕیار درا قەڵادزێ و ڕانیە بخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتیی هەولێر لە ژێر دەستی شێخی دەربهێنن لە 30.10.1918 دا بابەکر ئاغای پشدەریان کردە قائیمقامی ڕانیە، کە بابەکر لە سەرەتاوە پیاوی خۆیان بووە و بە کاپتن بەکر بانگیان کردووە. حەمەئاغای کۆیە لە لایەن کاپتن " های " یەوە ئەکرێ بە قائیمقامی کۆیە بەبیانووی ئەوەی حەمەئاغای کۆیە و حوێزییەکان و عەشایەرەکانی تری وەک بڵباس بە شێخ مەحمود ڕازیی نین. لە ڕاستییدا ناکۆکیی شێخان و کۆیە و تاڵەبان لەسەردەمی شێخ سەعیدەوە هەبووە کاتی خۆیشی حەمەئاغا نیازی کووشتنی شێخ مەحمود و هاوڕێکانی هەبووە، کە لە مزگەوتەکەی کۆیەدا بۆ پشوو لایان دابوو لە گەڕانەوەیاندا لە ئەستەنبول.

مێجەرنۆئێل نوێنەری دادوەری بەریتانیا لە ڕۆژی 1.11.1918 دا لە بەردەرکی سەرای سلێمانیی دا ڕاسپاردەی ئارنۆڵد ویڵسن بۆ خەڵکی سلێمانیی بە پەیڤی فارسیی ئەخوێنێتەوە، کە شێخ مەحمود لەلایەن بەڕێوەبەراتیی ئینگلیزەوە ئەکرێ بە حوکمداری کوردستان. ویڵسن هەر لە سەرەتای هاتنیەوە بۆ سلێمانیی سەرنج و تێبینی خۆی بەرانبەر بە هەڵوێستی کوردەکان لەناو خۆیاندا وەرگرت، کە چۆن سەرەک عەشایەرەکانی تر دانوویان لەگەڵ شێخ مەحموددا نەدەکولا و لەژێرەوە ڕاپۆرتیان لە شێخ مەحمود ئەدا، کە ڕازیی نین بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحمود. پلانی ئینگلیز لە کوردستان دا و لە سلێمانیی دا بەتایبەت پلانێکی درێژخایەن و

بەرنامە بۆ دارێژراو بوو. سەرەتا بە بووژاندنەوەی باری برسیەتیی و ناهەمواریی و هەژاریی لە شاری سلێمانیی دا، کە بەهۆی دەستەڵاتدارێتیی تورکەوە ناوچەکە ببووە کەلاوە و گۆڕستانێکی پڕ لاشەی خەڵکانی برسیی سەرگۆڕەپان و شەقامەکانی شار. هەموو لاشە فووتێکراوەکانی کەلاوەکانی شار و ناومزگەوتەکان شاردرانەوە و دوورخرانەوە لە شار، کە بۆنی شاریان ناخۆشکردبوو. هەمانکاتیش مانەوەی ئەو لاشانە لەسەر جادەکان دا هێندەی تر باری دەروونی خەڵکی شاری سلێمانیی خراپتر دەکرد. مێجەرنۆئێل بەپێی بڕیارەکانی ویڵسن پارەیەکی زۆری بەخشیەوە بەناو خەڵک و سەرەک عەشایەرەکاندا و بەناو بازرگانەکانی شاردا و زیاتر بازاڕی کڕیین و فرۆشتنی بۆ سازدەکردن. ژمارەی ئینگلیز هێندە زۆر نەبوون، کە ئەگەر هاتوو عوسمانلییەکان هێرشیان هێنایەوە سەرناوچەکە بتوانن دژیان بووەستن. بۆیە بڕیاری دروستکردنی سووپایەکی مەشقداریان بۆ کوردەکان دەرکرد لەژێر چاودێریی مێجەرنوئێل و شێخ مەحموددا. بێگومان سووپایەکی برسیی و ماندووی دوای کارەساتەکانی دەستەڵاتی عوسمانلیی بەسەر کورددا نەیدەتوانی بەرەنگاریی هێرشێکی دڕندانەی تورک بێتەوە، بۆیە هەمدیسان پارەیەکی زۆر خرایەگەڕ بۆ پتەوکردنی ئەم سووپایە و تێروتەسەل کردنی. ویڵسن هەر لە سەرەتاوە دەیزانی، شێخ مەحمود ئەو پیاوە نیە، کە چەند وەختە بۆی دەگەڕێ، بۆیە بەردەوام بیانوویەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دادەنا، ئەویش عەشایەرەکانی تر بوون، کە دانوویان لەگەڵ شێخدا نەدەکولا. شان بەشانی ئەوانیش پارەدار و بازرگان و دەوڵەمەندەکانی شاری سلێمانیی، ئەوانیش هەمووکات ئامادەبوون لەگەڵ ئینگلیزدا بن و بنەو بارگەی خۆیان بگوێزنەوە بۆ کەرکوک و بەغداد. هەموو تەقەلای ئینگلیز ئەوە بوو چ کورد چ عەرەب بکاتە دوژمنی سەرەکیی تورک تا جارێکی تر دەوڵەتی عوسمانلیی بیر لە ولایەتی موسڵ بە هیچ جۆرێ نەکاتەوە. هەموو ئەو بەڵێنانەی ئینگلیز  بە کوردی دابوون، هەمووی قسەی سەرزار بوون و سابوون بوون و لەبنی پێی کوردی بێئاگا درابوون. شێخ مەحمود نەیدەوست کرێگرتەی ئینگلیز بێ بەڵکوو دەیویست دواڕۆژێ بۆ کورد لە ناوچەکەدا بەدەست بهێنێ دوور لەدەستتێوەردانی بێگانە. ڕاستە شێخ مەحمود هێندە شارەزای سیاسەت نەبووە بەڵام ڕۆشنبیران و پیاوە گەورە سەربازیەکانی کوردیش درێغییان لە کەمتەرخەمیی و خزمەتکاریی بەغداد و ئینگلیز نەکردووە. لەبری ئەوەی شان بە شانی شێخ پشت و پەنای دەوڵەتێکی کوردیی بن لە باشووردا، دەچوون لە بەغداد دادەنیشتن و دەبوونە کارمەندی دەوڵەتی نوێی ئێراق. هەر لە ئەمین زەکی بەگەوە بیگرە کەسایەتییەکی بچکۆلەیان ئامادەبوون سەر بۆ بەغداد دابنەوێنن نەگ بۆ کورد. ڕۆشنبیرانی ئێستای گەلەکەمان گلەیی و ڕەخنەی ئەوە لە شێخ دەگرن، کە نەشارەزای سیاسەت بووە و ڕاوێژکاری سیاسیی نەبووە. بەڵام ئەگەر ڕۆشنبیرانی کورد ئەوسەردەمە نەیانویستبێ پشتگیریی دەوڵەتەکەی شێخ بکەن چ تاوانی شێخە ئەگەر سیاسیی نەبووبێ و ڕاوێژکاری نەبووبێ؟! کە ڕۆشنبیرانی کورد پێیانخۆش بووبێ کار بۆ دەستەڵاتدارانی عوسمانلیی و دام و دەزگاکانی بەغداد و سووپای ئێراقیی بکەن نەگ بۆ شێخ مەحمود چ تاوانێکی شێخی تێدایە؟ ئێمە هەموو بێ بەزەییانە ددانی ڕەقی ڕەخنەمان لە گۆشتی بێ تاوانی شێخ گیرکردووە، وەلێ هیچ باسی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە ناکەین، کە بۆ

پشتیان له شێخ کردوو چوونه پاڵ ئینگلیز له دەوڵەتی تازەی ئێراق دا بوونه کاربەدەست؟!
ئەوانەی لەگەڵ شێخ مەحمود بوون بە پەنجەی دەست دەژمێردران ئەمەش خۆی له خۆیدا
ڕێژەیەکی گەلێک کەم بوو وەک له پێویست.
ئینگلیز ڕۆژ به ڕۆژ هەڵسوکەوتی بەرانبەر حوکمڕانیەتەکەی شێخ مەحمود ئەگۆڕیی هەر له دەستهەڵگرتنی مێجەرنۆئێلەوە له کاروباری سلێمانیی دا، دەستبەجێ ئینگلیز مێجەرسۆنی خستە جێگەی. دام و دەزگاکانی ناوسلێمانیی پڕ کرد له هیندیی و عەرەب و عەجەم و ئەفغانیی به ناوی خزمەکاتکار و چێشت لێنەرەوە. له هەموو دەزگایەکیشدا نوێنەرێکی ئینگلیزی دانا به ناوی وەرگێڕەوە لەگەڵ ئەمەشدا پیاوی خۆیان لەناو کوردەکاندا ژمارەیان زیادی کردبوو. ڕۆژ لەدووی ڕۆژ دەستەلاتی شێخ مەحمودیان تەسک دەکردەوە، مێجەرسۆن هەوڵی دەدا شێخ مەحمود بکاتە نێو گێژاوێکی سیاسیەوە و کۆڵی پێبدات و سەر بۆ بڕیارەکانی بەغداد دابنەونێ. بەڵام خۆشبەختانە شێخ بەرلەوەی ناچاربکرێ ئەم زوو پەیوەندیی بە دۆستەکانی خۆیەوە کردوو بڕیاری شۆڕشی دژی ئینگلیز دەرکرد، کە له شاری سلێمانیی دەریانبکات. بۆ ئەم مەبەستە هۆزەکانی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و هەباسی مەحمود ئاغای پشدەر و مەحمود خانی دزلّی و ئیسماعیل ئاغای شکاک "سمکۆ" ئامادەی هاریکاریی شێخ مەحمود بوون. له ساڵی 1919 دا شێخ مەحمود ئاگری شۆڕشی دژی ئینگلیز خۆش کردبوو، ئینگلیز هەموو تەقەلایەکی لەگەڵ شێخدا بەکارهێنا سوودی نەبوو، دواهەمیین کارتی ئینگلیز، کە ڕای کێشا یەکێ له سیخوڕەکانی خۆیان بوو، کە فارسییەکی باشی دەزانیی شێخی بانگکرد بۆ بکرەجۆ لەوێ بە شێخی وت من ئێستا بە ناوی ئینگلیزەوە قسەت لەگەڵ ئەکەم دەست له حوکمڕانیەتیی هەڵبگرە هەرچی موڵکەکانی میریی هەیە هەمووی بۆ خۆت و ئەو موچەیەی، کە وەریشی دەگری هەتا ئینگلیز له ئێراقدا بێ وەریدەگری. شێخ ئەم قسانە له مێشکیا کۆدەکاتەوە و له کۆبوونەوەیەکدا بە هاوڕێکانی دەڵێ: ئینگلیز ئەم کارەیان لەگەڵ کردووم، دەمەوێت بزانم وەڵامی ئێوە چییە بۆ ئەم قسانە؟! بەشداربووان بە سێ دەنگ وەڵامی شێخ دەدەنەوە بەشی یەکەم دەڵێن دەستهەڵبگرە. بەشی دووهەم دەڵێن شۆڕش بکە. بەشی سێهەم دەڵێن دەست هەڵبگرە بەڵام بەرتیل له ئینگلیز وەرمەگرە. لەم کۆبوونەوەیەدا عیزەت مەدفەعیی هەڵوێست وەردەگرێ و دەڵێ: نابێ شێخ دەست له کاری حوکمڕانیی هەڵبگرێ، چونکە دوایی شێخ دەبێتە بنێشتە خۆشەی سەرزەنشتیی خەڵکی ناوشار و دێ. شێخ مەحمود هەر له بیری ئەو هیوایەدا ئەژیا، کە سنووری کوردستان له باشووردا له خانەقینەوە بگاتە ناوچەی شەمزینان و له شاخی حەمرینەوە، کە ئەو کات * قەشقە * ی پێوتراوە بگاتە سنووری ئێران. بۆیە خۆیشی ڕازیی نابێ بەوەی دەست له کاری حوکمڕانیی هەڵبگرێ، دەنگی خۆی ئەخاتە پاڵ دەنگی کۆمەڵەکەی عیزەت مەدفەعیی. هەمانکات خەڵکانێکی تر هەبوون، کە زۆر هیوایان بە شێخ مەحمود هەبووە دوارۆژێکیان بۆ پێکبهێنێ دەنگی خۆیان دا بە شێخ مەحمود بۆ مانەوەی. ئینگلیز دەیزانی، کە شێخ مەحمود ڕۆژ بە ڕۆژ دەنگداری زیاد دەبێ بەتایبەت له کەرکوک و کفریدا خەڵکەکە هاواریان بۆ شێخ مەحمود ئەکرد و ئاواتیان پێی بوو. ئەمە ترسێکی زۆری خستبۆ دڵی ئینگلیزەوە چونکە نەیدەویست بەهیچ جۆرێ کەرکوک بچێتە ژێرڕکێفی کورد و

شێخ مەحمودەوە، دوای ئەوەی مەحمود خانی دزڵی ئەگاتە شاخی گۆیژە لە سلێمانیی بۆ پشت گیریی شێخ، مێجەرسۆن ڕاستەوخۆ هەست بە مەترسیی دەکات بۆیە بیانوویەک ئەدۆزێتەوە بەرەو بەسرە کۆچ ئەکات بۆ هێنانی ژنەکەی، بەڵام هەموو ئینگلیزەکانی تر لە سلێمانیی هەمووی لە لایەن شێخەوە دەستبەست ئەکرێن، لەوانە مێجەر گرین هاوس، کاپتن دۆگلاس، کاپتن هۆلت، کاپتن ڕایت، مێجەر سانێلس، شکۆفیل سارجن،کاپتن بۆند. ئینگلیز لێرەدا سیاسەتی تورک بەکاردەهێنێتەوە، جافەکان لە شێخ قووتدەکاتەوە. لە سەردەمی ئینگلیزیشدا هەمدیسان جافەکان دەبنەوە ئاگری بن کای بەختی کورد * کاپتن لیزی فرۆکەوان * کە یاریدەدەری دادوەری سیاسی ئینگلیز بووە لە هەڵەبجە دەکەوێتە پلان و تەگبیر لەگەڵ جافەکاندا دژی شێخ. جافەکان هێندە باوەڕیان بە لیز هەبووە تەنانەت ژیانیشی لە مردن ڕزگار ئەکەرێ لە لایەن * خانمی ژنی وەسمان پاشاوە * ڕەوانە ئەکرێ بۆ خانەقین. لەوڕۆژەوە خانمی وەسمان پاشا ناونرا * بەهادرۆ خان * کاتێک کە * سدقی فاتە شەل * کە همزەی پەیوەندییان پێدەگووت گوێزرایەوە بۆ هەڵەبجە تا هێندە دۆستایەتیی لهگەڵ شێخ خۆشنەکات، زۆری پێناچێ هەر لە هەڵەبجە بە دەستی * عەلی بەگ ڕیشێن * ئەکووژرێ، بێگومان بە فەرمانی مێجەرسۆن و لیز خۆی، چونکە ئاشکرا ببوو، کە سدقی نیازی گرتنی لیزی و ڕەوانەکردنی بۆ لای مەحمودخانی دزڵیی هەبووە. دوای چەندیین ساڵ لە ناوەڕاستی پەنجا کاندا عەلی بەگ هەر لەلایەن دەزگای سیخوڕی ئینگلیزەوە ئەکووژرێ و کووشتنەکەشی ئەکرێتە نێوان ناکۆکیی دوژمنایەتیی عەشایەریی. سەرچاوە 9

هەڵگەڕانەوە یاخود بەرەوپێشچوونی هەنگاوەکانی ئینگلیز لە کوردستان دا بەرەو قۆناغی زۆرەملێیی بە تایبەت لە لایەن دادوەری سیاسی ئینگلیزەوە لە سلێمانیی دا مێجەرسۆن و بێڵ و گرین هاوس و لیزی فرۆکەوان لە هەڵەبجە ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەی زیاتری دەسەند. مێجەرسۆن بەرلەوەی بێتە سلێمانییەوە بە چەندیین ساڵ لەسەر کورد خوێندویەتی، تەنانەت زمانی فارسیی و کوردیی بێ لەق و پەق زانیوە. توانایەکی باشی وەرگێڕان و نووسینی هەبووە هەتا سەرئێسقان دڵڕەق و خۆپەرست و دوژمنی کورد بووە. هەتا توانیبێتی لووت بەرز بووە بەرانبەر بە کورد. هەر لە ساڵی 1909 وە، کە بەناوی میرزا حسین غڵامی شیرازیی هاتبۆ سلێمانیی و سەردانی جافەکانی کردبوو بە ناوی پیاوێکی بازرگانی فارسەوە ڕەفتاری لە گەڵ خەڵکیی دا کردووە. مێجەرسۆن لە ساڵی 1905 دا لە شیراز بووە پاشان خۆی کردووە بە ئیسلامی شیعە و کچێکی فارسی شیرازییشی خواستووە. دوای ئەوە ئەکرێ بە بەڕێوەبەری بانکی کرماشان، لەوێ دەستدەکات بە فێربوونی زمانی کوردیی ساڵی 1907 واز لە کارکردن دێنێ و دەستدەکات بە گەڕان. عوسمانلییەکان لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمدا ماوەیەک مێجەرسۆن دەگرن دوای بەربوونی لە تەمووزی هەمان ساڵدا لە دیزەفول دەکرێ بە ئەفسەری سیاسیی ئینگلیز. ئەدمۆنز* ئەفسەری سیاسیی ئینگلیز لە یاداشتەکانیدا باسی مێجەرسۆن دەکات و دەڵێ: مێجەر ئینگلیز نییە و بگرە قەرەجی* جیبسی* بووە لە ناوچەی * وێڵز * ی بەریتانیادا ژیاوە و لەدایکبووە. لەدوای داگیرکردنی بەغداد ساڵی 1917 ئینگلیز مێجەرسۆن دەنێرێ بۆ خانەقیین. ئینگلیز مێجەریان باش ناسیوە هەر بۆ ئەو

مەبەستەش پەروەردەیان کردووە، کە لە کوردستاندا دژایەتیی شێخ مەحمودی پێبکەن، بۆیە هەر زوو سەردەکەنە سەر مێجەرنۆئێل و کارو باری سلێمانیی لێدەستێننەوە و ئەیدەنە دەست مێجەرسۆن.

ئینگلیز سەرەتا سنوری دەستەڵاتی شێخ مەحمود لە دیالەوە تا ڕووباری زابی گەورە دەکێشن بە مەرجێ کوردەکان حکومداری شێخیان لا پەسەند بێ، بە هاتنی مێجەرسۆن ڕۆژ بە ڕۆژ دەستەڵاتی شێخ کەم دەکەنەوە لە هاتنی مێجەرسۆن دا بۆ سلێمانیی ساڵی 1919 شێخ مەحمود و عەشایەرەکانی تری ناچەکە دەچن بە پیر مێجەرسۆنەوە، کە مێجەرسۆن بە فرۆکە ئەنیشێتەوە، دێت سڵاو لە عەشایەرەکان دەکات و دەستی تەوقەیان بۆ درێژ دەکات، کە دەگاتە سەرەی شێخ مەحمود هیچ سڵاوی لێ ناکات و دەستی تەوقەشی بۆ درێژ ناکات. ئەم کارە دڵی شێخ ئەڕەنجێنێ و ڕاستەوخۆ شێخ ئەگەڕێتەوە بۆ ناو سلێمانیی و تێکڕای خەڵککە بە دوای شێخ مەحموددا دەڕۆن. مێجەر لە 1909 وە حەزی بە چارەی شێخ نەکردووە تەنانەت ئەو کەسانەشی، کە لە 1909 دا ئازارێکی مێجەریان دابێ لە 1919 دا بە دەیانقات تۆڵەی لێکردوونەتەوە. لە وانە "سەید نوریی نەقیب" کە کاتی خۆی هاوڕێی مێجەرسۆن بووە پێکەوە لە سلێمانیی ئەو کات، کە ناوی میرزا حسین غڵامی شیرازیی بوو بازرگانیان پێکەوە هەبووە. لە مێجەر وابووە، کە سەید نوریی مرخی لە ژنەکەی خۆشکردووە بۆیە هەموودەم دێتە ماڵی مێجەر. لە 1919 کە دەبێتە دادوەری سیاسیی سلێمانیی گوڵمەزێ بۆ سەید نوریی خۆش ئەکات و تووشی کۆمەڵێ سزای دەکات. سەید نوریی ناچار ئەبێ دێیەکی ئەفرۆشێ تا سزاکەی بدات بە مێجەر. پاشان لووتبەرزی مێجەر لە سنور دەرچووبوو، ماوەیەک وایکردبوو ببووە سەددام حسینی 1919 بە بەردەمی هەر دوکان و کۆلان و بازاڕێکدا بڕۆیشتایە دەبوایە هەرچی خەڵکی ئەو ناوە بووە لەبەری هەستایە، ئەوەشی لەبەری هەڵنەستایە بانگی دەکرد بۆ بنکەکەی خۆی و چیی ناشریین بوایە پێیدەکرد و سزای دەدا. گۆڕانی دەستەڵاتدارانی ئینگلیز بە ئاشکرا بە بەرچاوی خەڵکەوە دیاربوو نەگ تەنها لە سلێمانیی بگرە لە زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان دا ڕەنگی دابۆوە. بۆ نمونە "بێڵ" لە شاری کۆیەدا کرا بە جێگری دادوەری سیاسیی ئینگلیز لە 1919 دا لەگەڵ مێجەر دێنە ناوچەکەوە کاتێک بێڵ گەڕانێک بە ناوچەی پشدەر و ڕانیەدا دەکات ماوەیەکی پێدەچێ دوای گەڕانەوەی " ئەحمەد نوریی" دێتە لای داوای ئەو وەڵامەی لێدەکات، کە بۆ شێخ مەحمودی نووسیی بوو بکرێتە قائیمقامی ڕانیە، بێڵ شێتگیر دەبێ و بە ئەحمەد نوریی دەڵێ: بە چ مافێ نامە بۆ شێخ دەنووسیی تا بتکاتە قائیمقام؟ ئەوەی بتوانێ کەسێک بکات بە قائیمقام ئێمەین و کەسی تر نا. ئەحمەد نوریی دەڵێ: ئەی گوایە ئێوە نەتان وت ئێمە کورد ڕزگار دەکەین و دەوڵەتێک بۆ ئێوە دروستدەکەین بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحمود؟! منیش شێخ مەحمودم بە سەرۆکی خۆم زانیوە و پاشان من و شێخ مەحمود هاوڕێی منداڵین لەو باوەڕەدام داواکەم ڕەتناکاتەوە. دیسان بیانوویەک ئەدۆزنەوە و نۆکەرێکی خۆیان لە ڕانیە دادەنێن بە قائیمام. بێڵ پاش ماوەیەک ئەگوێزرێتەوە بۆ موسڵ بە دادوەری سیاسیی موسڵ لە بادیناندا زەبر و زەنگێکی زۆر بەکار دێنێ دژی کوردەکان ڕۆژێک لە ناوچەی عەقرەدا لە گەڵ " سکۆت " ی یاریدەدەری لە 4 تشرینی دووهەمی ساڵی 1919 دا لە

لایەن بارزانیەکانەوە بە سزای گەل دەگەیەنرێ پیشانی ئەدەن ڕێی زەبرو زەنگ لە کوێیە. ئینگلیز تا دەهات هارتر دەبوو بەرانبەر بە کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەستەڵاتی شێخ مەحمودیان کەم و تەسک دەکردەوە، لە ناوچەی کەرکوکدا بەتایبەت هەموو عەشایەرەکانیان لێکرد. لە کفریی "سەید ئەحمەدی خانەقا" و لە سەنگاو " شێخ قادریی گۆپ تەپە" لە قادرکەرەم " شێخ عبدلکریمی قادرکەرەم" کە عبدلکریم هەر لە سەرەتاوە حەزی بە چارەی شێخ مەحمود نەکردووە، تەنانەت لە ساڵی 1932 تا 1941 بەردەوام ڕاپۆرتی دەنووسیی بۆ ئینگلیز، کە نەهێڵن شێخ مەحمود بگەڕێنرێتەوە بۆ سلێمانیی. کە منداڵ بووم بیرم دێ دایکم هەر ئەوەندەم نەدەزانی هاوارێکی بۆ شێخ عبدلکریمی قادرکەرەم دەکرد یان دەچووە سەردانی تەکیەکەی، ئاخۆ دەبێ چەندیین دایکی تری داماوی کورد دوای ئەم هۆشە نەفامیە کەوتبن، کە خەڵکانی جاش و خۆفرۆش بە هۆی ئایینی ئسلامەوە ناپاکییەکانی خۆیان شاردبێتەوە بگرە خۆشیان پیرۆز کردووە لە ناو کۆمەڵی کورددا. هیچ سەمەرە نییە لە سەردەمی حیزبی بەعسیشدا هەمان قەوان بوو لێدەدرایەوە هەرچیی شێخە پیرۆزەکانی ئیسلام بوو پێشی تانک و دەبابەکانی بەعس دەکەوتن و ڕەز و باخ و دێهاتی کوردستانیان کاول دەکرد، دەگ ڕوو ڕەشی لاپەڕەکانی مێژوو و بەرد بە بەردی ئەم خاکی کوردستانە بن.
لە هەمووکات و سەردەمێکدا دوژمنانی گەلەکەمان ئەوەیان بە ڕەوای مافی خۆیان زانیوە بە ویستی خۆیان ڕەفتار لە گەڵ کورددا بکەن بە کووشتن بە قەلاچۆکردن بە لە سێدارەدان بە کێبڵ و کارەبا و گازی خەردەل و کیمیاویی و سووکایەتیی پێکردنی ڕاگەیاندن و پڕ کردنەوەی لاپەڕەی درۆ و دەلەسە بە ناوی مێژووی کوردەوە بە ناوی بوونیەتی کوردەوە. بە مافی ڕەوای خۆیان زانیوە لە کاتی لاوازبوونیاندا هاریکاریی هەموو وڵاتە زۆردارەکانی هاوڕێیان وەربگرن، بۆ سەرکوتکردنەوەی جوڵانەوە ڕزگارییخوازەکانی کورد لەهەر بەشێکی کوردستان دا بوویێت، نە تورک چارەی فارسی ویستووە نە عەرەب هی تورک و فارس بەڵام بۆ قەلاچۆکردنی گەلی کورد هەموو برای گیانیی بوون، هەمان شێوە ئینگلیز درێغیی نەکردووە بۆ سەرکوتکردنی جوڵانەوە کوردییەکان، لە 1918 بۆ 1919 دا بە خوێنی سەری عوسمانلییەکان تینوو بوون بەڵام بۆ نەهێشتنی دروستبوونی حوکمڕانیەتێکی کوردیی لە باکووردا بوو بە لەیلای عوسمانلیی مەجنون.
کاتێک شێخ مەحمود هەست دەکات، کە مێجەرسۆن لە سنووری خۆی زیاتر ڕەفتار بە رانبەر شێخ و حوکمڕانیەتەکەی دەکات، کە دەیویست شێخ مەحمود لەناو کورددا سووک بکات و گاڵتەجاڕیی پێ بکات. شێخی نەمر هەواڵ بۆ یاوەرەکانی دەنێرێ و دێن بە تەنگیەوە. مەحمودخانی دزڵیی لە هەوارمانی تەختەوە بە خۆی و 300 پێشمەرگەوە دەگەنە دەمی گۆیژە، پێش ئەوەی مەحمودخان بگاتە گۆیژە مێجەرسۆن بە هەواڵەکە دەزانێ، بەپەلە نامە بۆ شێخ دەنووسێ، کە مەحمودخان نابێ لە 10 کەسی زیاتر لەگەڵدا بێ، کە دێتە ناوسلێمانییەوە، ئەو کەسانەش نابێ چەکدار بن دەبێ چەکەکانیان بدەن بە پۆلیس. شێخ مەحمود بەم نامەیە زۆر شێتگیر دەبێ، بێگوومان ئەم نامەیە سووکایەتییە بە سەرکردەیەکی کوردی وەک شێخ مەحمود چونکە لێردەدا هیچ بوونێک بۆ شێخ دانانێ، کە سەرکردەی دەوڵەتەکەیە. مەحمودخانی دزڵیی

له 20.05.1919 دا ئه گاته گۆیژه چاوەڕوانی فەرمانی شێخ دەکات. مێجەرسۆن به پەله بیانوویەک ئەدۆزێتەوه له سلێمانیی ڕائەکات بەناوی چوون بۆ بەسره. پێش ڕۆیشتنی فەرمان به مێجەر دانیلس ئەدا ڕێگه له هاتنی مەحمودخان بگرێ، ئەو کات سوارەی لیڤیی دەخەنەڕێ به فەرمانداریێتیی جەمال عیرفان و سەرکردەی گشتیی مێجەردانیلس. له 21.05.1919 دا شەڕ به کەڵکی گۆیژەوه گەرم دەبێ لەگەڵ مەحمودخان دا سوارەی لیڤیی شکاو له دەستی پێشمەرگەکانی مەحمودخان هەڵهاتن و چەکیان فڕێدا و وتیان ئەمه کورد کوژییه، کورد نابێ کورد بکوژێ ئەو ڕۆژه جەمال عیرفان گەڕایەوه بۆ ناوشار، بەڵام ڕەزا بەگ، که لێپرسراوێک بوو له سوارەی لیڤیی دا هەتا نیوەشەو مایەوه و شەڕی کرد. له شاردا هەموو ئینگلیزەکان له لایەن پێشمەرگەکانی شێخ مەحمودەوه گیران و کرانه ژوورەوه، بەم شێوەیه له 23.05.1919 دا سلێمانیی ئازاد ئەکرێ. شێخ نامه بۆ ویلسن دەنێرێ و داوای لێدەکات، که مافی کورد بدەن وەک بەڵێنتان پێداین تا خوێن نەڕێژرێ. هەمانکات شێخ مەحمود نامه بۆ عەشایەرەکانی تر دەنووسێ، که ئینگلیز ناچاریانکردین دەست بدەینه چەک دەنا ئێمه ئاشتییمان دەوێ. هەمانشێوه نامەی بۆ عەشایەرەکانی بادینان نارد، بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانیی، شێخ ئەحمەد له شکرێک ئەنێرێ بۆ پشتگیریی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود له ڕێگەی " بیاو، خەلیفان، باڵەکەوه "وه له ڕێگا دەکەونه مۆڵگەی پیاوەکانی ئینگلیزەوه هەندێکیان لێ شەهید ئەبێ، بەرلەوەی بگەنه سلێمانیی له دەربەندی بازیاندا شێخ مەحمود به برینداری دەگیرێ. دیاره ئینگلیز هەموو پێچ و پەناکانی له شێخ مەحمود گرتبوو تا عەشایەرەکانی تر یارمەتیی نەدەن هەر لەو ڕۆژەوەی سلێمانیی گیرا ئینگلیز کێچ کەوته کەولیەوه به پەله به فرۆکه دوای چەند ڕۆژێک بەسەر هەڵەبجەدا ئەفرێ و نامەیەک بۆ لیزی فرۆکەوان دادوەری سیاسیی هەڵەبجه فرێ ئەدات، که خۆی ڕزگاربکات و هەواڵی گرتنی ئینگلیزەکانی سلێمانیی لەلایەن شێخ مەحمودەوه به لیز ئەگەیەنێت. خانمی ژنی وەسمان پاشای جاف به هەڵەداوان ئەکەوێته فریای لیز و حەشاری ئەدات و ڕزگاری دەکات. له 23.05.1919 لەشکرێکی گەورەی ئینگلیز به سەرۆکایەتیی " کۆلۆنێل بریدجس" دەگاته تاسلۆجه له 25.05.1919 لەشکرەکەی ئەشکێ و زیانێکی زۆری گیانیی و مادییان لێدەکەوێت. بردنەوەی ئەم شەڕه لەلایەن کوردە شۆڕشگێڕەکانەوه لووتی بەرزی ئینگلیزی شکاند. ویلسن سەرشێت دەبێ و هەرچی هێزی ناوچەکانی تره له دژی شێخ مەحمود و شۆڕشەکەیدا دەیخاته گەڕ، ئەم جارەیان لەژێر سەرۆکایەتیی " فرایزەر"دا نزیکەی 4000 سەربازی تێکەڵه له ئینگلیز و سیک و هیند و عەرەب و کورد دەگەیەنێته دەربەندی بازیان، ئەو دەربەندەی چەندیین داستانی نەبەردیی و قارەمانێتیی بۆ کورد تۆمار کردووه، که پێش 10 ساڵ بەر له فرایزەر لەشکری تورکی عوسمانلیی بەدەستی کوردەکان تێک دەشکێنرێت، وەلێ مەخابن، که خۆمان به دەستی خۆمان له دەربەندا بەژنی بەرز و بڵندی دەربەندمان شکان و چاوی شۆڕشمان کوێر کرد، دەنا هەرگیز ئینگلیز نەیدەتوانی بگاته ئەژنۆی بازیانیش ئەوان هێنده شارەزای ناوچەکه نەبوون تا بتوانن له قۆڵی ڕاستی دەربەندەوه له پشتەوه دەمەو بەیان بدەن بەسەر لەشکرەکەی شێخدا. موشیری حەمەی سلێمان هەمەوەنیی هەتا کورد بمێنێ و مێژوو بنووسرێتەوه مۆرێکی ناپاکییه و وا به تەوێڵی دەربەندی بازیانەوە.

موشیر ئینگلیز دەهێنێتە ناودەربەندەوە لە پشتەوە لەشکری ئینگلیز و کورد تووشی شەڕی دەستەوئێخە دەبن، 48 قارەمانی کورد لەم شەڕەدا گیانی خۆیان دەکەنە قوربانیی حوکمڕانیەت بۆ کورد و ئازادیی بۆ کوردستان. 100 شۆڕشگێڕی تری قارەمان بە دیل ئەگیرێ، شێخ مەحمودی قارەمان بەتووندیی زامدار دەبێ و تووشی شەڕی دەستەوئێخەی سیک و هیند ئەبێ قاچێکی بە شمشێر بریندار دەکەن و هێندە نابات موشیری حەمەی سلێمان دەگاتە سەری و ئەیناسێتەوە و دەیکاتە دیاریی فرایزەر ڕاستەوخۆ دەست بەجێ دەیخەنە ئۆتۆمبیلێکەوە و بەرەو بغداد ئەینێرن. ئەو گوللەیەی، کە چووبووە گیانی شێخەوە هەتا مەرگی دەرنەهێنرا، بەمشێوەیە شۆڕشەکەی شێخ مەحمود دژی ئینگلیز دەشکێت و ئینگلیز سلێمانیی داگیر دەکاتەوە و زیندانییەکانی ئازاد دەکات. ئیدی ئەوسا ڕێگای بۆ خۆشدەبێ بکەوێتە گیانی شۆڕشگێڕان، هەموو ئەوانەی هاریکاریی شێخیان کردبوو بەسزایان دەگەیەنێت. دەستبەجێ نامە بۆ بەرپۆەبەرانی ئێران دەنێرێ مەحمودخانی دزلّیی و مەحمودخانی کانی سابات لە ناوچەی هەورامانی تەختدا دەستگیربکەن و بیدەن بە ئینگلیز. ئێرانییەکان داواکەی ئینگلیز دەهێننە جێ و هەردووکیان بە قۆڵ بەستیی ئەدەن بە ئینگلیز، ئەوانیش مەحمودخانی سابات چونکە شەڕی نەکردووە بەس بە چەک و ماڵ هاریکاریی شێخ مەحمودی کردووە ونی بغدادی ئەکەن، مەحمود انی دزلّییش لە زیندانەکانی هیندستاندا توونـد دەکەن، تێکەڵ بە دز و پیاو خراپانی دەکەن بە ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆرەوە دەی چەوسێننەوە، ڕۆژانە خشتی کاڵی پێدەبرن و شەویش ئەشکەنجەی دەدەن. سەرچاوە 24 و 9

ئینگلیزەکان زۆر سەریان کردە سەرشێخ مەحمودی نەمر و هەوڵی سووکایەتیی پێکردنیاندا، بێگومان مافی ڕەوای گەلی کورد و شێخ مەحمودە سووکایەتیی لە دوژمنی داگیرکەر پەسەند نەکات و ڕەتیبکاتەوە. ئیمرۆش لەم هەلومەرجە ناسکەی گەلەکەمداندا پێویستە لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەت کێش و خاوەن هەڵوێست و هۆشیار بە ڕابەر و سەرکردە و پێشمەرگەکانی لایەنە سیاسیەکانەوە سووکایەتیی دوژمن پەسەند نەکەن و ئەوەی دەست بۆ چاوێکیان بەرێ ئەمان هەردوو چاوی کوێرکەن. ئەم گەلە لە مێژە ئەم پەندەی شێخی قارەمانی کردۆتە گوارە و لە گوێی هەڵوێستی کردووە" هەق ئەسەنرێ نادرێ" لە مێژە ئەم گەلە بە تەپڵ و زوڕنای سیاسەتی بۆگەن و چەپەڵی جیهانی ئیمپریالیزمیی هەڵئەپەڕێ. دەسا ئیدی با لە ئیمرۆوە هەموو برا بین وەک هەمیشە بە گۆشت و خوێن برابووین با هەمووومان لە سەنگەرێکدا ڕوو بە ڕووی دوژمن ببینەوە، با لە پێشەوەی هێرشێکا بۆ ئازادیی کەرکووک و خانەقین و موسڵ و شەنگار و تێکڕای بەشەکانی کوردستان خوێنمان بڕژێ. با لە ئەڵقەی ڕەشبەڵەکی کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیاردا هەموو پێکرا سێ پێیی هەڵبپەڕین، با هەموومان بۆ ئەم گەلە شێخ مەحمودێکی قارەمان و مەحمودخانێکی دزلّیی و سمکۆیەک بین.

هەموو دوژمنانی کورد بە توونـدوتیژترین ڕێگا و هەڵسوکەوت بەرەنگاری بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی کورد بوونەتەوە لە هەمووکات و سەردەمێکدا. شێخ مەحمودی قارەمان هەموو هەوڵوتەقەلایەکی بۆ پێگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردییدا، هەموو ڕێگاکانی تاقیکردەوە دەنگی خۆی ئەگەیاندە هەموو دەرگایەک بۆنی ئاشتیی لێبهاتایە، لە ساڵی 1918 دا " شەریف پاشای خەندان

" ی کردە نوێنەری کورد و لە کۆنگرەی ئاشتیی نێودەوڵەتییدا داوای مافی کورد کرد، هەرچەندە شەریف پاشای خەندان پتر لەم مێژووە لە کۆنگرەی " مودارس " دا هەمانشێوە لە کۆنگرەی ئاشتییدا، کە تا ئەوکات شەریف پاشا وەزیری دەرەوەی عوسمانلیی بووە لە ستۆکهۆڵم، داوا لە دەستەی بەرێوەبەران دەکات و دەڵێ: من ئێستا، کە هاتووم بۆ ئەم کۆنگرەیە نوێنەری کوردم نەگ تورک من کوردم و لێرەدا داوای مافی ئازادیی کورد دەکەم.
دوای ئاشکرابوونی ئەم هەڵوێستەی شەریف پاشا لەلایەن عوسمانلییەکانەوە تووشی گێرمەو کێشەی زۆر دەبێ، شەریف پاشا تەنانەت ماوەیەکیش جێگری سەرەک وەزیرانی عوسمانلیی بووە، کە ئەوکات " سەدری ئەعزەم " بوو.
یاخود هەوڵ و تەقەلاکانی شێخ عبدالسلامی بارزانی ساڵی 1914 چۆن بە هۆی کەمتەرخەمیی عەشایەرە کوردییەکانەوە، کە بە هانایەوە نەچوون شۆڕشەکەی دامرکا و ڕاونرایە ناوخاکی ئێرانەوە، ئیتر ناوچەی بادینان بێ ئەسپە شێ و بێ سوار مایەوە، پاش ئەوە حوکمڕانیەتی ئێران شێخ عبدالسلام ئەگرێ و ئەیداتە دەست تورکەکان، لە 01.12.1914 دا لە موسڵ لە سێدارە ئەدرێ. سەرچاوە 24
لە هەموو بوارەکاندا هەر لە سەردەمی فیوداڵە کوردییەکانەوە نە عەشایەرەکان نە دانیشتوانی شار بەپێی پێویست نەچوون بە تەنگ هۆشیاریی نەتەوەییی خۆیانەوە و گرنگییەکی وەهایان بە هەست و هۆشیاریی نەتەوەییی نەداوە. باشتر بڵێین خەڵکی بەپێی پێویست خوێندەوار نەبوون و زانستییانە و ئەکادێمیانە بەتەنگ کێشە سیاسییەکانی خۆیانەوە نەچوون. ئێستاش ئەوە 84 ساڵ بەسەر ئەم قۆناغەدا تێپەڕیوە، لێبەڵێ هۆشیاریی نەتەوەییی کورد هێشتا هەر کۆڕپەیە و قغە و پڤە دەکات. تا کەی فێر نەبین لەگەڵ یەکدا هەڵبکەین تا کەی بۆ گیانی یەکدیی ئازابین و بۆ دوژمنیش ڕێبەر و جێپێ هەڵگری یەکدی بین؟ ئەگەر چاوی ڕەخنە بخشێنینەوە بە ڕابووردووی 100 ساڵەمانا ئەوا دەکرێ بڵێین هۆشیاریی گەلی کورد هێندە بڵند نەبووە لە سیاسەت و هەڵوێستی دبلۆماسیەتیی مامەڵەکردندا، بەڵام خۆ ئیمڕۆ دەکرێ بڵێین بە هەزاران سیاسەتمەنداری باڵا دەستمان هەس، هەزاران مرۆڤی بەتوانا و خاوەن ئەزموونمان هەس، ئەی دەشێ چی بێ هەتا ئێستا هەر قەوانەکەی جارانە و لێدەدرێتەوە و هەمان تاسە و هەمان حەمام لە تای تەرازووی هەڵوێستی یەکێتیی کورددا بەدی دەکرێ. ئەوەی زۆر گرنگیشە لێرەدا پەیڤی پێبکرێ ئەوەیە، کە چارەنووسی ئەم گەلە بەس بە تەنها لە ئەستۆی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا نیە، بەڵکو هەموو مرۆڤێکی کورد ئەگەر تۆزقاڵە زەڕڕەیەک بیر و هۆشی کوردایەتیی هەبێ دەبێ غوڵامی ئەم خاکی کوردستانە بێ و شان بە شانی پێشمەرگە و پارتە سیاسیەکان بەرگریی لە گەلەکەی بکات، لە ناسکتریین بارودۆخی کوردستان دا لە نیوەی یەکەمی هەشتاکاندا، کە گەلی کورد پێویستی تەنانەت بە شنەی باڵی پەپوولەیەکیش بوو هاریکاریی بکات ئێمە دەبووینە جاش! لە سەرەتای دەستپێکردنی کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجەدا ئەو کاتانەی هەموو جیهان لە ئاستی چاوی هەڵکۆڵراوی ئەم خاکەدا کوێر بوون، لە بەردەمی هاوار و نوزەی دایک و منداڵ و ژن و پیاوی بێ دەستەڵاتی ئەم گەلەدا کەڕ و لاڵ بوون، ئێمەی کورد پەیامێرمان لە سلێمانییەوە دەگەیشتە هەندەران و سوێندمان دەخوارد، کە

ڕژێمی ئێراقی گازی ژەهراویی و کیمیاویی نەکردووە بەسەر کوردەکاندا و بەسەر هەڵەبجەدا . خەتیبی مزگەوتی گەورەی سلێمانیی" مەلا ئەحمەد قەرەداغی " ئەم ئابڕوو تکانەی بە بەژنی وشکهەڵاتووی 5000 گەشمردەی هەڵەبجە بڕی و ڕۆژنامەی پاشکۆی ئێراقی ئەو سەردەمە لە چاوپێکەوتنێکدا لە بەهاری ساڵی 1988 دا بڵاوی کردەوە. ئەو کاتەنانەی هەموو سەنگەرێکی بەرگریی پێویستی بە پێشمەرگەیەکی زیاتر هەبوو ئێمە دەچووین لە فەوجە سادەکانی ڕژێمدا دەبووینە جاش، بەسەر قووتەی بڵندی سەنگەرەکانمانەوە باوەشمان بۆ جانتای دپلۆماسیی پڕ دینار و ئۆزمۆبیل و سوپەر دەکردەوە، کەللەی هاوڕێی پێشمەرگەی خۆمان دەفڕاند و لە بەغداد دا بە گەڵای پانی دیناری ئێراقیی ئەمان گۆڕییەوە. دەبووینە دەستە برای ڕۆژنامەکانی بەعس و تاوانی کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجەمان بە بەرۆکی شان و باڵی پێشمەرگەدا بەر دەدایەوە، ئەو کاتانە پێشمەرگە و ئاوایی و کوردستان بە تێکڕایی شەهید دەبوون خەڵکانێکی ئێمە دەبوونە ڕێبەری ئەژدەهاکەی بەغداد و دەبوونە بازرگانی خوێنی کورد.

لە ڕاستییدا ژمارەی ڕاوێژکارەکانی ئەو سەردەمە 360 ڕاوێژکار بوون، سەمەرەش لێرەدا ئەوەیە، کە ئێستا زۆرینەی ئەو ڕاوێژکارانە لەناو دەزگاکانی دەوڵەتە بچکۆلەکەی کورددا کار بەدەستی گەورەن و چەندەها تێشوی قوربانیی ئەم گەلە ڕێیان تێدەکەوێ و لێیان دەپارێنەوە تا کارێکیان بۆ پەیدا بکەن یان لە بەڕێوەبردنی ئەرکێکیانا بەزەییان پێیاندا بێتەوە و کارەکەیان بۆ بەئەنجام بگەیەنن. لە هەندێ شوێندا لێپرسراوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەن تەنانەت بۆیان هەیە ڕێگە لە بڵاوکردنەوەی چەندەها دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەوانیی بگرن. هێشتا تەواو ساغ نەبۆتەوە، کە گەلی کورد چەند جاش و خۆفرۆشی هەبووە ئەو ژمارەیەی، کە تا ئێستا لەسەر زارە بەس بە تەنها لە باشووری کوردستان دا نزیکەی 150 هەزار جاش و 360 ڕاوێژکار 403 فەوجی جاش هەبووە بێجگە لە ئەو کەسانەی تایبەت سەر بە دەزگا ئاسایشییەکان و سیخوڕەکانی ئێراق بوون. ئاخۆ ئەگەر ئەو ڕێژە گەورەیە هەموو تێکڕا دەست لەناو دەست پێشمەرگە بوونایە دەکرا ئاسۆی ئەم گەلە ئێستا چۆن ببینرایە؟! سنووری کوردستانێکی " 409650 " کیلۆمەتر چوار گۆشەیی، کە بەتەنها لە خاکی بەریتانیا و هۆڵەند و بەلجیکا و سویسرا و دانیمارک گەورەترە ، بەداخەوە جێگەی خاوەنەکەی خۆی، کە کوردە نابێتەوە.

گەلی کورد هەمیشە ساویلکانە دڵی خۆی کردۆتە مشتی داگیرکەران و دوژمنی بێگانەوە لە پێناوی تۆزقاڵە پرشنگێکی خۆری ئاشتییدا وەیان پشت و پەنای بردۆتەبەر یەکێ لە وڵاتە زلهێز و دەستەڵاتدارەکانی دراوسێ یان ئەوروپایی و ئەمریکییەکانەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی سەلمێنراوی شۆڕشی دپلۆماسیەتی کوردە و پەنابردنە بەرئاشتیی و هێزی سیاسیی دۆستانە. یان هەندێکجار پەلمان هاویشتووە بۆ دوژمنی داگیرکەرانی تورک و فارس و عەرەب، لەو سەردەمانەی کە تورک شەڕی یۆنانی دەکرد و قەپی کردبوو بە چەند پارچەیەکی سنووری خاکی یۆناندا، گەلی کوردی بەکار هێنا بۆ لێدانی یۆنانیەکان و زاڵبوون بەسەریاندا، کەمالییەکان بەڵێنیان دابوو بە کوردەکان ئەگەر هاتوو ئەم شەڕەی یۆنان ببەینەوە ئەوا ئێمە لە ناوچەی کوردستان دا دەوڵەتێکی کوردییتان بۆ دائەمەزرێنین، پاش بردنەوەی شەڕەکە و گۆڕانی

پەیمانی سیڤەر  بۆ لۆزان ئیتر کەمالییەکان هەتا توانییان خوێنی کوردیان خواردەوە هەتا توانییان قڕوقاشی کوردیان کرد. بە زۆری زۆرە ملێیی کوردیان کرد بە تورک لە خاکی تورکیادا، لە کۆماری مهابادا  کوردەکان چاوەڕوانی ڕووسیایان دەکرد، کە پشت و پەنای کۆماری مهاباد بێ،  هێندەی نەبرد ڕووسیا لە گەڵ " قوام سەڵتەنە "ی ئێران دا ڕێککەوتن و لە ناوچەی ئازربایجاندا گەڕانەوە، ئێرانیش بە ئارەزووی خۆی کەوتە گیانی کورد و قازیی محەممەد و هاوڕێکانی لە چوار چرادا لە سێدارە دا.
لە باشووری کوردستان دا دیسان ساڵی 1970 لە پەیمانی ئاشتیی و ئازادیی دا گەلی کورد توانی بە 10 هەزار پێشمەرگەوە بە  سەرۆکایەتیی " مەلا مستەفای بارزانیی"  مل بە ڕژێمی ئێراقیی کەچبکات و ددان بە مافی  کورددا بنێت. بەڵام دوژمنی نالەبار خوێندنەوەی بڕیارەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دوائەخست تا بتوانێ خۆی بگرێ و جارێکی تر زرمە لە کورد هەڵبستێنێتەوە. خوێندنەوەی ئەم بڕیارانە کوردی 4 ساڵ دەستخەڕۆ کرد و ئاکارەکەشی ئەوە بوو گەلی کورد بە 120 هەزار پێشمەرگەوە لەژێر سەرۆکایەتیی مەلا مستەفادا وازیان هێناو چەکیان دانا و شکستیی ڕووی لە شۆڕش کرد، جارێکی تریش هەر دوژمن سەر کەوت. دەشا بارزانیی ئامادە بوایە گیانی خۆی لەدەست بدایە و ئەو 120 هەزار پێشمەرگەیە بە شاخەوە بمانایەتەوە، وەلێ ئەندازیاریی شۆڕشی ئەیلول هەڕەمێک بوو لەسەر نووک دانرا بوو نەگ لەسەر ڕووبەری پان و بەریین.

# گەمەی سیاسیی دوژمنان و تەقەلاکانی کورد لە پەیدابوونی تورکەوە هەتا جەنگی جیهانیی یەکەم.

سەرەتا چەند تیشکێکمان خستەسەر هەلومەرجەکانی بوونیەتی کورد لە ڕووی ڕەگەزیی و کۆمەڵایەتیی و ئایینیی و فەرهەنگیی و سیاسییەوە، مەبەستی ئەم پێناساندنەش تەنها ئەوە بوو، کە مرۆڤی کورد خۆی بناسێت کێیە. ئەمەش زیاتر دەچێتە خانەی سەرخانێکی ڕۆشنبیرییەوە، هەمانکاتیش ڕێگایەک بۆ چوونەناو قوڵایی باسێکی وەهاوە، لەمەڕ خەونی هەبوونی دەوڵەتێکی کوردییەوە. مەخابوونە، کە نەتەوەیەکی دێرینەی وەک کورد چەند سەدەیە پەندێکی لە ئەزموونی پڕ چەرمەسەریی ژیانی ژێردەستەییی خۆی وەرنەگرتووە. ئاخۆ سەرانی کورد ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر بۆ چرکەیەکیش بێت ئاوڕێکیان لە مێژووی خوێناویی ئەم گەلە داوەتەوە؟ هەر لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانلیی ئیسلامیی سوننییەوە هەتا دەوڵەتی

سەفەویی ئێرانی شیعە کە چۆن نەتەوەی کورد لە نێوان دەستاری ڕۆم و عەجەم دا هەپرون بە هەپرون کراوە. لە لایەن تورکەوە لە سەردەمی سوڵتان "مورادی ئاق قۆینلوو"دا یەکەمین تەقەلای لەناوبردنی چێوەی خاکی کوردستان دراوە. دوابەدوای موراد، سوڵتان سەلیمی کوڕی کە لە ساڵی 1514 دا هەڵی کووتایە سەر ئازەربایجان و ئەرمەنستان و بەرەو تەورێز بەرێکەوت. لە دووریی 140 کیلۆمەترەوە لە شاری تەورێز لە دەشتی چاڵدێراندا هەردوو لەشکری سوڵتان سەلیم و شا سمایلی یەکەم دەچن بەگژ یەکدا و خوێنێکی زۆر لە بەرەی هەردوولا دەڕژرێت و زۆرینەی کوژراوەکانیش کورد دەبن و لەشکری شا سمایلی سەفەویی دەشکێت و بێگوومان بە پشتیوانیی "مەولانە ئیدریسی بەدلیسیی" سوڵتان سەلیم سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. ئەم دەستەمۆکردنەی میرنشینە کوردەکانیش بێگوومان هەر لەسەر دەستی مەولانە ئیدریسی بەدلیسیی بووە. هەردوو دەوڵەتی زلهێزی سەفەویی و عوسمانلیی لە سەرەتای سەدەی شانزدەهەمەوە هەوڵوتەقەلای بەهێزکردنی خۆیانیانداوە لەسەر خوێنی کورد. کاتێک فارسەکان کارێکیان دژی دەوڵەتی عوسمانلیی کردبێت و ئەرکەکەیان بە کوردێک سپاردبێت جا ئایا شەڕوشۆڕی میرنشینێک بووبێت یان کۆکردنەوەی باج بووبێت، لە پاداشتی ئەم کارەدا بۆ سووکایەتیی پێکردنی یەکتر لە نێوانی تورک و فارس دا نازناوی "پاشا" و " سوڵتان"یان بە کوردەکان داوە. تورکەکان بۆ سووکایەتیکردن بە فارس ناوی پاشایان لە کوردێک ناوە هەمان کات فارسەکان بۆ سووکایەتی کردن بە تورک ناوی سوڵتانیان لە کوردێک ناوە. هەمان کات بەردەوام میرنشینە کوردەکانیان لەناوخۆیاندا داوە بە شەڕ و تەفرەیان تێکردوون. تێکڕای میرنشینە کوردەکان بە درێژاییی سەدەی شانزدەهەم هیچ لایەکیان کۆششی بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی گەورەی ئازاد نەکردووە هەریەکە لە لایەن خۆیەوە هەوڵیداوە میرنشینەکەی خۆی بپارێزێت جا چ بە شەڕ بووبێت یان بە بەرتیل و باج و ملکەچیی بووبێت. هەندێک جاریش بە فەرمانی چ فارس چ تورک میرنشینێکی تری کوردیان لەناوبردووە لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا. جا ئایا بە درێژاییی ئەم چەند سەدەیە چیمانکردووە؟ چ جیاوازییەکمان لەگەڵ میرنشینەکانی سەدەی شانزدەهەمدا هەیە؟ ئێمە لەم باروودۆخە ناسکەدا دوو لایەنمان هەبێت نەتوانن خۆیان یەکبخەن ئیتر بۆ ڕەخنە لە میرنشینەکانی سەردەمی عوسمانلیی و سەفەوییەکان بگرین؟

مرۆڤی ئازادیخواز پێویستە دوژمنەکەی بناسێت، تا باشتر ڕەفتاری شۆڕشگێڕانەی خۆی لەگەڵ هەلومەرجە تایبەتییەکانی قۆناغەکانی گۆڕانی سیاسیی لەسەر ئاستی ناوچە و لەسەر جیهان بکات. ئەو نەتەوەیەی دوژمنەکەی باش نەناسێت کاروانی خەباتی درێژە دەکێشێت، دیارە کوردستان کۆلۆنیالیزمێکی نێونەتەوەییە ئازادبوونیشی بە شۆڕشی ماندوونەناسانەی دڵسۆزانی کوردە و هەمانکاتیش بە پشتگیرییکردنێکی سیاسیی دیپلۆماتیی ئاسایشی نێودەوڵەتییە. گەورەترین کێشەی خاکی کوردستان چوار دوژمنەکەیەتی ئێمە لەبری یەک داگیرکەر چوارمان هەیە و پلارە نامرۆییانەکانی وڵاتانی دونیاش بە بەردەوامیی پشت و پەنای ئەم داگیرکەرانەبوون. نەتەوەیەکی وەکوو توورک لە هاتنیانەوە بۆ ناوچەکانی ئێستایان بە قاتوقڕیی و قەلاچۆکردن هاتوون. توورکەکان مەغۆل بوون لە ساڵی 1258 ز دا لەژێر

دەستەڵاتی هۆلاكۆدا كۆتاییان بە دەستەڵاتی دەوڵەتی عەباسییەكان هێنا و بغدادیان گرتوو و دەوڵەتی ئیسلامییان شكاند. لەم مێژووەدا فارسەكان خاوەنی مەزهەبی شیعەیی خۆیان بوون، هۆكاری ئەم شەڕە وایكرد كە ژمارەیەكی زۆری توورکەكان بكەونە ئاسیای بچووكەوە وەك " ئاق قوینلیی" لە ساڵی 1378 ز هەتا 1520. پاشان "قەرەقوینلی" لەساڵی 1404 ز دا هەتا 1447 ز ڕژانە كوردستانەوە و وڵاتەكەیان داگیركرد. توورکەكان توانییان لە29. 05.1403 ز دا " كۆستەنتینە " ئەستەنبوڵی ئێستا داگیربكەن و كۆتایی بە دەستەڵاتی بیزەنتینییەكان بهێنن و دەوڵەتی عوسمانلیی دروستبكەن. توورکەكان لەسەرەتای دروستكردنی دەوڵەتەكەیانەوە مەزهەبی سوننییان لە ئایینی ئیسلامدا بۆ خۆیان هەڵبژارد. دوابەدوای توورکەكان فارسەكانیش لە ساڵی 1502 هەتا 1524 ز دەوڵەتی سەر بە مەزهەبی شیعەیان دروستكرد، لەوكاتەوە كێشەی نێوان شیعە و سوننیی لەنێوانی تورك و فارسدا پەیدا بوو، لەم بەینەشدا كورد بووە بەرداشی شەڕەكانی نێوان تورك و فارس. دەوڵەتی عوسمانلیی هەتا دەهات زیاتر گەشەی دەكرد و زیاتر هەوڵی شوێنی زیاتری دەدا لە كوردستاندا بۆ داگیركردن، ئەم كارەش لە نیوەی یەكەمی حەوت سەدەكانەوە بەشێوەیەكی بەربڵاویی خاكی كوردستانی گرتەوە و توورك زۆر دڕندانە باج و سەرانەی لە خەڵكی هەژار و كەم دەرامەت و جوتیارانی كورد دەستەند. لە نەگبەتی گەلی كورددا هەتا ئەو كاتە چین و توێژ زۆر نەبووە لەناو كۆمەڵی كوردیی دا، خەڵكی كورد بە دوو جۆر فیوداڵی نیشتەجێ و كۆچەر جیاكراونەتەوە، لەو سەردەمانەدا چینی فیوداڵ كاریگەریێتیی خۆیان بەسەر چینی هەژار و دەست كورت و كرێكارانی شار و دێدا هەبووە. فیوداڵەكان لەژێر سایەی توورکەكاندا پارچەزەوییەكیان پێدراوە لە ئاكامی هەركارێكدا كە بۆ توورکیان كردبێت ئەو پارچەزەوییەی كە موڵكی كوردە و توورك پێمان ئەفرۆشێتەوە یان بەرانبەر بە كارێك كە بۆمانكردبن دیارییمان دەكەن. دەوڵەتی عوسمانلیی بەپێی شەریعەتی ئیسلام ڕەفتاری لەگەڵ گەلی كوردی هەژاری سیاسەت نەزاندا دەكرد بەو شەریعەتەش دەوڵەتی عوسمانلیی بووە گەورەترین فیوداڵی خاوەن زەویی. پاش ئەوەی قۆناغەكان دەگەنە نیشتەجێبوون شارستانییەت وردە وردە پەیدا دەبێت، لێرەدا میرایەتیی بابان ڕۆڵێكی گرنگی هەبووە بۆ بە شارستانیەتكردنی خەڵكی كورد بەتایبەت لەكاتی دروستكردنی شاری سلێمانیی دا لە 1784 ز دا لەژێر سایەی ئیبراهیم پاشای بابان دا. ئەو كات دوو زانای كوردی وەك " شێخ مارف"ی نۆدێ و " مەولانەخالید"ی نەقشبەندیی هەمانكات ڕۆڵێكی باشیان هەبووە بۆ خوێندەواركردنی كۆمەڵی كورد. بەڵام مەخابن بەردەوام تەقەلاكان لەژێر چەتری ئیسلامدا بووە هیچ كات بیر لەوەنەكراوەتەوە قوتابخانەیەكی زانستیانە بكەنەوە بەدەر لە بیروباوەڕە ئایینییەكان كە بتوانێ سوود بەنەوەی داهاتووی گەلەكەمان بگەیەنێت. تا ئەو كاتیش چ عوسمانلیی چ فارس سوودێكی باشیان لە ئیسلام وەرگرت هەریەكەیان دەوڵەتێكی ئازاد و سەربەخۆیان بۆ خۆیان لێپێكهێنا توورك لەژێر چەتری سوننییدا و فارس لەژێر چەتری شیعەدا. لەم نێوەندەدا لە نەگبەتی كورد دوو ڕێگەی جیاواز لە ئارادا هەبووە بۆ پەیڕەوكردن و ستایشكردنی خوا، هەرچەند زۆرییینەی كورد چ لە خۆرهەڵاتدا و چ لە باكووردا سوننی بوون عوسمانلییەكان سودێكی باشیان لەم هەلە وەردەگرت بۆ بەكار هێنانی كوردەكان دژی دەوڵەتی

ئێران، فارسەکانیش دڵڕەقانە بەرامبەر کوردەکانی خۆرهەڵات دەجوڵانەوە بەبیانگەی هەبوونی جۆرە مەزهەبێکی تر و هاریکارییکردنی دەوڵەتی عوسمانلیی سوننیی. هەردوو ڕێگەی ستایشکردنی خوا بە "قادریی" و " نەقشبەندیی"ەوە، بەردەوام زەرەرمەندبوون بۆ گەلی کورد کە چ عوسمانلیی چ فارس بەکاری دەهێنان دژی یەکدیی، بەتایبەت توورکەکان زۆر ئەم سیاسەتەیان لەگەڵ کورددا بەکارهێناوە دەمێک لایەنگری نەقشبەندییان دەکرد بۆ لاوازکردنی بنەماڵەی شێخان کە لە شێخ مارفی نۆدێوە دەستەڵاتێکیان پەیداکردبوو، دەمێک لایەنگری جافەکانیان دەکرد کە لە"محمود پاشا"ی جافەوە دەستەڵاتێکیان پەیداکردبوو، دیارە ڕێگەی قادریی لە "شێخ عبدالقادری گەیلانی"ەوە سەری هەڵداوە کە بە نەوەی پێغمبەری ئیسلام دەژمێردرێ، ساڵی 1077 لەدایکبووە و لە ساڵی1166دا لە بغداد کۆچی دوایی کردووە، ڕێگەی نەقشبەندی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی " شێخ محەمەدی نەقشبەندیی" کە کورد بە"شای نەقشبەند" ناوی دەبات ساڵی 1317 لەدایکبووە و لە 1389 کۆچی دوایی کردووە لە کۆشکی "هندوانی عارفان" لە نزییک شاری بوخارا لە ئۆزبکستان نێژراوە. ئەم دوو ڕێگایە زیانێکی گەلێک زۆری لە ڕەوتی هۆشیاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد داوە نەگ سودی هەبووبێت وەک ڕێگەی شیعە و سوننیی بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتێکی ئازاد، ئێمەی کورد لەناویەکدا دژایەتیی یەکدییمان دەکرد بەوەی لایەکمان قادریین و لایەکمان نەقشبەندیی ئەمە جگە لە بێهێزکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد هیچ سودێکی تری نەبووە بۆ گەلی کورد. بەردەوام تورکەکان لایەکیان بەهێز کردووین بۆ ڕووخانی لاکەی ترمان، یاخود وەک ڕاگرتنی تای تەرازووی دەستەڵات کە نەهێڵێ هیچ کامیان بگەنە ئەوەی دەستەڵاتێک پەیدا بکەن ئەوکات تورک دەرەقەتیان نەیەت بۆیە بەردەوام ئاگای لە هەردوولایان بووە، دیارە ئەم کارە لەسەردەمی " شێخ سەعید"ی باوکی شێخ مەحمودی قارەماندا و لەسەردەمی مەحمود پاشای جافدا زۆر بەناخی داخ لە دڵیی و دژایەتیی و یەقینداچوو. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە بە پلانی" ئیتحادیی و تەرەقیی" کە ئەوکات مەحمود پاشا لە سلێمانیی نوێنەری تورکە ئیتحادیی و تەرەقییەکان بووە شێخ سەعید لە سلێمانییەوە تووشی ڕاگوێزانبکەن بۆ شاری نەینەوا و لە سلێمانیی دووربخەنەوە هەتا بەدەستی ئیتحادییەکان لەبەردەم سەرای نەینەوادا لەساڵی1908 دا ئەکوژرێ. لەدواوە تاشەبەردێکی زل ئەکێشێن بەسەری شێخ سەعیداو خوێنی ئەڕێژن، بۆ ئەم کارە مەحمود پاشای جاف "3000 " لیرەی حەمیدییە وەردەگرێت. توورکەکان بە بەردەوامیی کوردیان ڕاپێچکردووە بۆ بەرەکانی جەنگ بەناوی غەزای ئیسلامییەوە شەڕی ئەوروپییەکان و ڕووس و ئەرمەنیان پێکردووە لە ئەنجامی ئەم شەڕانەشدا تورکەکان چەند پارچە زەوییەکیان دیاریی سەرەک هێز و سەرەک عەشایەرە کوردییەکان کردووە. توورکەکان یاسای تاپۆیان لەساڵی 1858 دا بۆ کوردەکان دروستکرد، بەوەی ئەو پارچە زەوییانەی دەیانداتێ کە ببێتە موڵکی ڕاستەقینەی خۆیان لەم ڕێگەیەشەوە زەویی و زارێکی زۆری بە فیوداڵە کوردییەکان دەفرۆشت. خاکی کوردستان هەر لە مێژبووە بە نێهنی لەنێوانی هەردوو دەوڵەتی تورک و ئێران دا دابەشکرا بوو ساڵی 1639 ز ئەم دوو هێزە ڕێکدەکەون پەیماننامە مۆر دەکەن ناوچەی دەستەڵاتی خۆیان لە کوردستاندا جیادەکەنەوە، کە هەرچەندە هەردوولایان

بەردەوام هەوڵیانداوە زیاتر لە خاکی کوردستان بۆ خۆی داگیربکات. لەسەرەتای دەستپێکردنی سەدەی هەژدەوە کوردەکان زۆر بەتووندی بەرەنگاری تورک بوونەتەوە و خەباتیانکردووە تا بەردەوام لەژێر سایەی دەستەڵاتی خودی خۆیانا و لەژێر دەستەڵاتی میرنشینە کوردیەکاندا بمێننەوە بەتایبەت لەسەردەمی میرایەتیی سۆرانەوە "پاشای کۆرە" میری ڕەواندز. میری ڕەواندز کە دژی تورک ڕاپەڕی و خۆی ئامادەکرد بۆ شەڕی عوسمانلیی کە پاشای کۆرە یەکێک بووە لەهەرە دەستەڵاتدارەکانی ئەوسەردەمە و خاوەنی تۆپخانەی خۆی بووە لەگەڵ ئەوەشدا بەوپەڕی مەخابوونەوە نەیتوانی بەردەوامیی بدات بەدژایەتییکردنی توورکەکان و ڕووخا. پاشای کۆرە داوای لە عەشایەرەکانی تری کورد کردبوو کە هاریکاریی بکەن لە پێناوی مانەوەی میرنشینەکەیدا کەچی کەسیان بەتەنگییەوە نەچووبوون، عوسمانلیی دلڕەق زۆر کاری ئایینی کردبووە سەر کوردەکان بەناوی والییەکانی ئیسلامەوە، تەنانەت لەهەندێ ناوچەدا مەلاکانی هاندابوو کە لە مزگەوتەکانەوە جاڕبدەن هەرکەس پشتیوانی میری سۆران بکات بۆ شەڕی دەوڵەتی عوسمانلیی تەلاقی دەکەوێت. مەلای خەتێ* یەکێکبووە لەو مەلایانەی ئەم جاڕەیداوە، ئیتر ئەو کات کورد هێندە بلیمەت و ڕۆشنبیر نەبووە کە باوەڕ بەم قسەیە نەکات، خەڵکانێکی زۆر پشتیانکردە میری سۆران و بە تەنها بەجێیانهێشت تا ساڵی 1836 کۆتایی بەدەستەڵاتی پاشای کۆرە هات. لەناو کورددا بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیی نەبووە هەتا هاتنی " جەلادەت بەدرخان پاشا" هەمان کات ئەو خەڵکی کوردی فێری ڕاپەڕینی سەرتاسەریی و بەستنەوەی هەموو پارچەکانی تری کوردستان پێکەوە لەژێر ئاڵای کوردستاندا کردبوو، کە ئەو کات کوردستان کرابوو بە دوو بەشەوە لەنێوانی توورک و فارس دا بەشکرابوو. بەدرخان لە ڕاپەڕینەکەیدا سوود لە بێهێزیی فارسەکان وەردەگرێت دەیەوێت سەرەتا ئەو پارچەیەی ژێردەستی فارسەکان ڕزگار بکات و ئەوێ بکاتە بنکەیەک بۆ ڕزگارکردنی پارچەکەی ژێردەستی توورک، بدرخان بانگەشەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دەکات و لە شاری جەزیرەدا سکەی پارەی خۆی لێدەدات خۆی لەژێر دەستەڵاتی تورک و فارس جیادەکاتەوە. بێگومان شۆڕشەکەی بدرخانیش هەمان شێوە لەسەر دەستی کورد خۆی شکاوە بەناپاکیی لێکردن کە"یەزدان شێر"ی ئامۆزای بدرخان دەبێتە پیاوی دەوڵەتی ئێران پشتدەکاتە لەشکرەکەی بەدرخان بۆ ڕووخاندنی. بەدرخان ئەشکێت و دەستگیر دەکرێ لەلایەن هێزەکانی فارسەوە ڕاستەوخۆ ڕەوانەی ئەستەنبوڵی دەکەن ساڵی 1847ز شۆڕشەکەی جەلادەت بەدرخان پاشا هەمدەست پێدەکات هەم لە هەمان ساڵ دا کۆتایی پێدێت، کە بە بەدەستەڵاتی میری بۆتان ناسرابوو. بدرخان لە ئەستەنبوڵەوە ڕەوانەی شاری "ڤارنا" دەکرێت لە بولغاریا پاشان دەینێرن بۆ دیمەشق لەوێ لە گەڕەکی ساڵحییە ساڵی 1868 ز کۆچی دوایی دەکات. لەدوای جەلادەت بەردخانەوە بە تێپەڕبوونی چەندیین ساڵ " شێخ عوبەیدوڵلای نەهریی" ساڵی 1880 ز شۆڕش دیسان دووپاتدەکاتەوە دژی تورک و فارس هەمان کات شێخ عوبەیدەڵلا ئاڵای کوردستانی ئازاد هەڵدەکات و داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دەکات ئەویش دەیەوێت دیسان سود لەو بێهێزییەی ئێران وەربگرێت و لەوێوە شۆڕشەکەی دەست پێبکات، دیارە ئەوکات شێخ پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕووسەکاندا ڕێکخستبوو کە ڕووسەکان بەڵێنیان پێدابوو پشتی

بگرن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی. هەرچەند ئینگلیزەکان زۆر هەوڵی نزییکبوونەوەیان لەگەڵ شێخ ئەدا، بەڵام شێخ باوەڕی پێیان نەبوو چونکە ئینگلیز زۆر پشتگیریی توورک و فارسی دەکرد ئامادەی ئەوە نەبوو پشتگیریی دەوڵەتێکی کورد بکات. بۆیە شێخ عوبەیدوڵڵا ئینگلیزی بە ڕێوی دەزانی و ڕووسیش بە شێر دەیگووت کورد باشترە پشت بەشێر ببەستێت نەگ بە ڕێوی، بەڵام بەداخەوە کە ڕووسەکان لەژێر جەوری پاڕانەوەی فارسەکاندا پشتیانکردە شێخ عوبەیدەڵڵا و شۆڕشەکەی شکا. شێخ هەر کۆڵنادات و بەردەوام لە خەباتدا دەبێت بۆ بەدیهێنانی خەوەکانی دەوڵەتێکی کوردیی بۆ گەل و نیشتیمانەکەی ساڵی 1882 دیسان ڕادەپەڕێت و شۆڕشدەکاتەوە دیسان بە پلانی تورک و فارس و ئینگلیز و ڕووس شۆڕشەکەی دەشکێت و دەگیرێت ڕەوانەی ئەستەنبووڵ دەکرێت پاشان بۆ ئەسکەندەروونە لەوێوە بۆ بەیرووت پاشان بۆ مەککە لەویَ لە داخاندا ئەمرێت. گێڕانەوەی چۆنیەتی شۆڕشەکانی بەدرخان و شێخ عوبەیدوڵڵا زۆر لەوە گەورەترە کە بە چەند دێڕێک کۆتایی پێبهێنرێت بەڵام من لێرەدا گەرکمە تەنها سەرەپێنووسێک لە ڕووداوەکان بدەم و چیترنا. توورک دوو میرنشینی تریشی لەناو کوردەکاندا لەناو بردووە وەک میری بادینان ساڵی 1837ز وە میرایەتی بابان ساڵی 1851ز. توورک بە بەردەوامیی هەوڵوتەقەلای ئەوەیانداوە بۆ هەتاهەتایی دەستەڵاتی کوردەکان کەمبکەنەوە و لەژێر فەرمانەکانی خۆیاندا ڕایانبگرن، بەڵام هیچ کات ئەو مەرامەیان بە بەردەوامی بۆ نەچۆتە سەر چونکە گەلی کورد هەرچەند خاوەنی ئەزموونی خراپیش بووبێت نەیویستووە خۆی و خاکەکەی لەدەستبدات و بەردەوام ملکەچیی بۆ بێگانە بکات. خەڵکی کورد بەردەوام دژیان ڕاپەڕیوە و شۆڕشیانکردووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەوە بوارەکان بەرەو ئامانجێکی تر دەڕۆیشتن خەڵکی کورد بەرەو ئاستێکی تری خوێندەواریی دەڕۆیشت و بیروهۆشی باشتر بەکار دەهێنا وەک لە جاران، بەڵام هێشتا هەر بەداخەوە بیروهۆشمان بەشی ئەوەی نەکردووە کە کوردستان ئازاد بکەین لەژێردەستی ئەم دڕندانەدا. لە ساڵەکانی 1913 بۆ 1914 "شێخ عبدالسلامی بارزانیی" شۆڕشێکی بە گڕوکڵپەی دژی دەوڵەتی عوسمانلی بەرپاکرد کە دەیویست دەستەڵاتیان لە موسڵدا لێبستێنێتەوە کە ئەوکات " سلێمان نەزیف" لێپرسراوی عوسمانلییەکان بوو لە نەینەوا شۆڕشەکەی عبدالسلام دەشکێنێت و شێخ هەڵدێت بۆ ناوچەکانی "سەڵماس" و "خۆی" بۆ لای ئیسماعیل ئاغای شکاک "سمکۆ" ماوەیەک لای سمکۆ دەبێت و پێکەوە سەردانی ڕووسیا دەکەن و چەند سیاسەتمەندارێکی ڕووس دەبینن و بەڵێنیان پێدەدەن کە هاریکاری کورد بکەن بۆ ڕووخانی دەستەڵاتی عوسمانلیی. لەم کاتەدا بابی عالیی لە ئەستەنبوڵ فەرمان دەکات هەرچی شێخ عبدالسلام بهێنێت بۆلای دەستەڵاتی عوسمانلیی چ بە مردوویی چ زیندوویی ئەوا باشتریین خەڵات وەردەگرێت. شێخ عبدالسلام دوای ماوەیەک دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی بەرزان ماڵئاوایی لەسمکۆ دەکات و لەڕێگا شەوێک لە گوندی " گەنگەچین" لا ئەدات لە ماڵی " سۆفی عەبدوڵڵا" کە خاوەنی گوندەکە بوو. شەو ئەوکات کە شێخ عبدالسلام دەخەوێت دەستبەستی دەکات و ئەیدات بەدەستی توورکەکانەوە لە 14.12.1914 دا لە شاری نەینەوا لە سێدارەی ئەدەن. هەتا ئێستا هەرچییەکمان باسکردووە کارەساتە جەرگبڕەکان بەدەستی خۆمان بووە بەسەر خۆمانمانا هێناوە، بەهیوام توانیبێتمان

ئیمڕۆ دوای تەماشاکردنی چەندیین جار کارەساتی وەها پڕ ئێش و ئازار وانەیەکی باشمان بۆ ڕزگارکردنی ئەم خاک و ئاوە وەرگرتبێت. لەهەمان ساڵدا شۆڕشی ڕۆشنبیریی لەژێر بەڕێوەبردنی " عەبدولڕەزاق بەدرخان"دا دەستی پێکرد، عەبدولڕەزاق زۆر باوەڕی بەوەبوو هەتا کورد ڕۆشنبیر نەبێت ناتوانێت ئازاد بێت، بۆیە بەردەوام هەوڵوتەقەلای بۆ خوێندەوارکردنی گەلی کورد بووە. بەدرخان شارەزاییەکی باشی لە زمانی ڕووسیی و فەرەنسیی و ئینگلیزیی دا بووە ماوەی هەشت ساڵ لە لەندەن ژیاوە لە نزیکەوە شارەزای سیاسەتی ئینگلیزبووە بۆیە هەرگیز باوەڕی بە ئینگلیز نەبووە کە کوردستان ڕزگار بکات لەژێر دەستی تورک و فارسدا بەڵام هیوای زیاتر بە ڕووسەکان هەبووە. بەدرخان لە ساڵی 1906 دا بە تاوانی گوومان لێکردن لە کووشتنی " ڕەزوان پاشا"دا کە سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نێهێنی عوسمانلییەکان بووە دەستگیر دەکرێت و دووردەخرێتەوە بۆ تەرابلس لە ساڵی 1910 دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبوڵ. دیسان لە هەوڵوکۆشش بەردەوام دەبێت لەگەڵ ڕووسەکاندا ،بەڵێنێکی زۆریان لێوەردەگرێت کە خوێندەواریی بخەنە ناو کوردەکانەوە. لە 24.11.1914 ز دا یەکەمیین قووتابخانە بەپشتیوانیی ڕووسەکان لە شاری "خۆی" سەر بەدەستەڵاتی شکاک دەکرێتەوە ئەم قوتابخانەیە " 29" خوێندکاری هەبووە لە یەکەم ڕۆژی کردنەوەی قووتابخانەکەدا ئاهەنگ دەگێڕن. مندالانی کورد لەم قووتابخانەیەدا فێری خوێندنەوە و نووسیینی کوردیی و ڕووسیی دەبوون و بە زمانی کوردیی دەیانخوێند. بەدرخان پێشتر لە ساڵی 1913 چاپخانەیەکیشی لە شاری "خۆی" دامەزراند کە ماوەی ساڵێک بەردەوامیی کێشا. ئاواتەکانی عەبدولڕەزاق ئەوەبوو کە پێشتر لەگەڵ مینۆرسکیدا باسیکردبوو کە گەلی کورد لەڕێگەی خوێندەوارییەوە بە هیوا و ئامانجەکانی خۆی بگات و ئازاد بێت. دەڵێت ئەگەر هاتوو ئەم کارە بە من و هاوڕێکانم بە ئەنجام نەگەیەنرا ئەوە دڵنیام کە ڕۆژێک دادێت کورد دەبێتە گەلێکی خوێندەوار و بلیمەت بەڵکووم ئەوان بتوانن کوردستان لەژێردەستەیی ڕزگار بکەن. دیارە مەخابن بە لەناوچوونی ڕووسیایی قەیسەریی ئاواتەکانی بەدرخانیش لەناو دەچن ئەو دەستە کوردە ڕۆشنبیرەی کە لە ڕووسیا بوون بە هاتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەریان لێدەشێوت و هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەستەنبوڵ لەوانە عەبدولڕەزاق یەکێکیان دەبێت کە عوسمانلییەکان دەیگرن و ڕەوانەی دادگاکەی نەینەوای دەکەن، بەڵام لە ڕێگا بۆسەیەکی بۆ دادەنێن پێش ئەوەی دادگایی بکرێت دەیکووژن. ئیدی لەدوای پەیمانی سایکس بیکۆوە و ئاشکرابوونی پلانەکانی سایکس بیکۆ لەلایەن دەستەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە باروودۆخی ناوچەکە بەشێوەیەکی دی ڕەنگیدایەوە ئینگلیز دەستیکرد بە گۆڕانی پلانەکانی خۆی لە ناوچەکەدا. شاری نەینەوای بە فێڵ لەدەستی فەرەنسا و توورک دەرهێنا، پلانی دروستکردنی وڵاتی ئێراقی دا و کەوتە بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی عوسمانلیی. ناوچەکانی باشووری کوردستانی بە تێکڕایی لەدەستی عوسمانلیی وەدەرهێنا بە پشتیوانیی کوردەکان. ئینگلیز بۆ وەدەرنانی توورک لە کوردستان دا درۆیەکی زۆری لەگەڵ کورددا کرد، چونکە بەو هێزە کەمەی کە هەیبوو لە کەرکووک دا توانای ڕاونانی توورکی نەبوو. بە بەڵێنی درۆ و فێڵ کوردەکانی کرد بەگژ توورکدا، هەرچەندە هەلێکی باشبوو بۆ کورد توورک لە باشووردا ڕاوبنێت، لێبەڵێ

قازانجەکەی هەر بۆ ئینگلیز بووە نەگ بۆ کورد. "مێجەر نۆئێل" کە ئەوکات نێونەر و دادوەری سیاسی ئینگلیز بووە لە ناوچەی سلێمانیی لەگەڵ شێخ مەحمودی قارەمداندا کاری کردووە،ساڵی 1919 سەردانێکی باکوور دەکات تا بزانێ کوردەکان نیازیان چییە، کە دەمی کوردەکان تاقیدەکاتەوە بەنیازی دەوڵەتن. ئەویش زیاتر هانیاندەدات دژی توورک ڕابووەستن، کە دەچێتە لای سەرانی توورک دەڵێت: کە ئینگلیز ڕازیی نییە دەوڵەتێکی کوردیی لە باکووردا هەبێت، بۆیە ئەو بەڵێنەی کە بە کوردەکانتانداوە دەبێت پاشگەزبنەوە لێی، توورکیش وەنەبێت بەڕاستیی گفتی بە کوردەکان دابێت، مەبەستی توورک تەنها شکاندنی سووپای یۆنانییەکان بووە و هیچی تر. کاتێک توورکەکان بە پشتیوانیی کوردەکان شەڕەکە دەبەنەوە ئیدی توورک لەژێر سایە و سێبەری ئەتاتوورکدا هەتا بۆی کرابێت کوردی قەلاچۆکردووە. بەم شێوەیە ئێمەی کورد بەردەوام بە قسەی خۆش و بە پلان هەڵخڵەتاوین و دوای سۆزی سیاسەت کەوتووین. ئێستاش لەم باروودۆخەی ئیمڕۆماندا کە هێزەکانی ئەمریکایی لە باشووری کوردستان دا جێگەپێی خۆیان سەقامگیرکردووە، بەهیوام و ئومێد دەکەم کە ئێمەی کورد وانەیەکمان لە ڕابووردووی خۆمان وەرگرتبێت. بتوانین بە لۆگیک و بەس یاسەت بەرژەوەندییەکانی خۆمان لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکایی و سووپاکەیدا بگونجێنین. ڕاستییەک لە بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کورددا ئەوەی سەلماندووە کە گەلی کورد بێ هاریکاریی سیاسەتی دەرەکیی و جیهان ئازادیی بەدەست ناهێنێت، شێخ عوبەیدوڵڵا ئاسا گەلی کورد دەبێت لایەنگری شێر بێت نەگ ڕێوی دیارە ئیمڕۆش ئەمەریکا شێری سەر گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانە خوازیاری ئەوەین کە خۆری ئاشتیی و ئاوەدانیی و ژیانێکی ئازاد و دیموکراسیانە لەبەردەم دەرگای چاوەڕوانیی ئێمەی کورددا وەستابێت.

گەڕانەوەیەک بۆ ساڵەکانی کورد لە نێوان دەستاری ئینگلیز و ڕووسدا، ئەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی، کە هەرگیز ڕۆژێک لەوڕۆژانە چ دەوڵەتی قەیسەریی ڕووس چ دەوڵەتی کۆمۆنیستی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و چ بەریتانیای گەورە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد و ئازادکردنی خاکی کوردستان دا نەبوون. قەت ویستیان نەبووە گەلی کورد لەژێر جەور و ستەمی هەردوو دەوڵەتی خوێنمژی عوسمانلیی و ناسیۆناڵیزمە توندڕەوەکانی کەمالیی و فارسدا ڕزگاری ببێت. دەوڵەتی بەریتانیای گەورە لە مێژبوو مرخی لە خاک و خۆڵی کوردستان و نێوانی دوو ڕووبار خۆشکردبوو، بۆ ئەو مەبەستەش هەتا دەهات بنکەکانی خۆی لە خاکی هندستان دا بەهێزتر دەکرد و سیخوڕەکانی خۆی بە پەرش و بڵاویی لە خاکی تورکیا و ئێران و نێوانی دوو ڕووباردا بڵاودەکردەوە. بەناوبانگترینیان "مێجەرسۆن" بووە، لەساڵی 1905 دا دەوڵەتی ئینگلیز دەینێرێتە ئێران بۆ کاری سیخوڕیی. لە ئێران دا لە شاری شیراز نیشتەجێ دەبێت و دەبێت بە ئیسلام و ڕێگای شیعە هەڵدەبژێرێت، هەر لە شیراز ژنێکی شیرازیی دەخوازێت. پاشان دەبێتە بەڕێوەبەری بانکی کرماشان. لە کرماشان دەست بە فێربوونی زمانی کوردی دەکات. ساڵی 1907 واز لە کارکردن دێنێت و دەست دەکات بە گەڕان لەو ناوچانەدا. ساڵی 1909 بە ناوی "میرزا حسین غولامی شیرازیی" دێتە باشووری کوردستان و لە ناوچەی هەڵەبجە و سلێمانیی دا ماوەیەک بەسەر دەبات. لە هەڵەبجەدا لەگەڵ جافەکاندا

دۆستایەتییەک پێکدێنێت، بە تایبەت لەگەڵ بنەماڵەی "محمود پاشای جاف" دا و ماڵی عوسمان پاشا و عادیلەخان دا، ساڵی 1917 دەینێرن بۆ خانەقین. ئینگلیز مێجەرسۆنیان وەک ساوایەک لە کاروباری سیخوڕیی و ڕامیارییدا بەخێوکردبوو، هەر بۆ ئەو مەبەستەش ساڵی 1919 دەیهێننەوە بۆ سلێمانیی بۆ سەرکووتکردنی دەستەڵاتی شێخ مەحمودی نەمر.

ئارنۆڵد ویڵسن حاکمی گەورەی ئینگلیز لە عێراقی تازەدا لە کێتبەکەیدا دەڵێ: لەمەڕ پرسیارکردنی کوردەوە کە لە هەرسێ نەتەوەی عەرەب و تورک و فارسمان پرسیوە دەڵێن: کوردەکان کۆچەریین و خاک و ئاویان نییە و بە مەڕ و ماڵاتەوە خەریکن و هەستی نەتەوایەتییان نییە. دەکرێت تەنها لە ڕێگای سەرۆکەکانیانەوە بیان بەستیتەوە و خامۆشیان بکەیت. لێرەدا ویڵسن سوودێکی زۆری لەم بۆچوونانە وەرگرتووە. دیارە ئەمە شتێکی نوێ نییە بێتە بەرگوێمان کە هەرسێ نەتەوەی سەردەستی وەک تورک و عەرب و فارس هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان هەتا ئێستاش دانێکی خێریان بە گەلی کورددا نەهێناوە. لە نێوانی 10 بۆ 17 مایسی ساڵی 1916 دا کە هێشتا جەنگی جیهانی یەکەم گەرمەی بوو دوو دیپلۆماتی ئینگلیز و فەرەنسی " مارک سایکس" لەگەڵ " جۆرج بیکۆ" دا کۆدەبنەوە پاش گفتووگۆیەکی درێژ خایەن ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی پەیمانەکەیان ناوبنێن سایکس بیکۆ. بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەریی هەردوو نوێنەر دەچنە شاری "پترۆگراد" لەگەڵ قەیسەر ڕێکدەکەون، لە ئەنجامدا هەرسێ لایان ڕێککەوتنێک بەمشێوەیەی خوارەوە مۆردەکەن.

1. ولایەتی موسڵ بۆ فەڕەنسا
2. باکووری کوردستان بۆ ڕووسیا
3. باشووری کوردستان و نێوانی دووڕووبار" میسۆپۆتامیا" بۆ ئینگلیز

لێرەدا جێگەی پرسیارە کە چۆن دەوڵەتی ئینگلیز ئەوکاتە ولایەتی موسڵ هەروا ئاسان ئەدات بە فەڕەنسا؟ وەڵامەکەشی ئەوەیە کە ئینگلیز هەرگیز نەیویستووە دراوسێی ڕووس بێت. کاتێک شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەسەر ڕووسیای قەیسەریی دا دێت، سۆڤیەتی تازە دەست لە خاکی باکووری کوردستان هەڵدەگرێت و پەیمانی سایکس بیکۆ ئاشکرا دەکات. لەم کاتەدا ئینگلیز دەست بە گۆڕینی بەرنامەکانی خۆیدەکات و ولایەتی موسڵ لەژێر دەستی فەرەنسا دەردێنێت.

هەتا ئەم کاتە لە هەرسێ بەشەکەی کوردستان دا جگە لە جوڵانەوە عەشایەرییەکان هیچ دەلاقەیەکی تر لە بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کورددا نەبووە، لە باکووردا جوڵانەوەکانی سەید تەهای شەمزینیی و لە خۆرهەڵاتدا شۆڕشەکەی ئیسماعیل ئاغای شکاک و لە باشووریشدا شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی قارەمان و جوڵانەوەکانی شێخ ئەحمەدی بارزانیی. بەهیچ شێوەیەک بیرۆکەیەک نەبووە، کە پارتێکی سەرتاسەریی لە خاکی کوردستان دا دروستبکرێت بە هاوکاریی هەموو ئەو کوردە نەتەوەییانەی کە لە هەر پارچەیەکی کوردستان دا شۆڕشیان بۆ ئازادیی ئەم خاک و ئاوە کردووە. لە هەریەک لەم پارچانەدا تەگەرەیەک بەکەوتایەتە ڕێگای شۆڕش دەستێکی هانای لە ناوچەکانی دیکەی ترەوە بۆ نەدەهات، تەباییەکی وەها نەبووە لەسەر پەیڕەوپرۆگرامێکی گونجاو بۆ ڕزگاریی خاکی کوردستان. جوڵانەوەکان بەردەوام ڕۆڵێکی عەشایەرگەرێتییان بەخۆوەگرتبوو، هەموو کات لەکاتی شکستییدا بێجگە لەو

کەسانەی، کە سەربەبنەماڵەکەن و خزم و کەسی سەرۆکی جولانەوەکەن کەسی تر لە دەوری شۆڕشەکە نەدەمانەوە. نموونەش شۆڕشەکەی سەید تەها و ئیسماعیل ئاغای شکاک و شێخ مەحمودی قارەمانە. کاتێک ئیسماعیل ئاغای شکاک دەستی بە شۆرشکرد دژی ڕژێمی خوێن ڕێژی ئێران بەشێوەیەکی زۆر جەربەزانە توانی زۆرینەی خاکی کوردستان لەژێر دەستەڵاتی ئێران ڕزگار بکات، ئیسماعیل ئاغای شکاک توانی لە باشووری دەریاچەی ورمیەوە هەتا شاری " خۆی " و لە باکووریشەوە هەتا باشوور و شاری "بانە" ئازاد بکات. ڕێژەی پێشمەرگەکانی ئیسماعیل ئاغا گەیشتە نزیکەی حەوت هەزار پێشمەرگە بە کۆمەڵێک چەکی قورسی وەک تۆپ و ڕەشاشەوە سووپایەکی پتەوی پێکهێنا بوو، مێژووی ڕزگارکردنی شاری "مهاباد" لە 07.10.1921 دا لە شۆڕشەکەی ئیسماعیل ئاغادا توانی لاپەڕەیەکی پڕ سەروەریی بۆ گەلی کورد تۆمار بکات. هەرچەندە لە گرتنی شاری مهاباددا کۆمەڵێک لارێیی و تالانی هاتەکایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد. توانرا لمۆزی بەرزی دەستەڵاتدارانی ئێران بشکێنرێت و کورد ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کە بەردەوام هێزی داپڵۆسێنەری داگیرکەران نەیانتوانیوە ورەی بەرزی شۆڕشگێڕان بروخێنن. هەرچەند زۆرینەی عەشایەرە گەورەکانی وەک " زرزا، مامش، پیران، مەنگوڕ، دیبوکری، بەگزادە، گەڕوک" بەهیچ شێوەیەک نەهاتن بەپیری هێرشەکەی ئیسماعیل ئاغاوە بۆ سەرمهاباد، چونکە بەردەوام ئەڵقە لە گوێی داگیرکەرانبوون. بەڵام لە کۆتاییدا کە بینییان ئیسماعیل ئاغا سەراپای ناوچە کوردنشینەکانی ئازاد کردووە، ئەوانیش گوڵەبەڕۆژە ئاسا ڕوویانکردە خۆری کورد و سەریان بۆ شۆڕش دانەواند. بەڵام لەکاتێکدا شۆڕشەکەی ئیسماعیل ئاغا تووشی شکستبوو، دیسان ئەو عەشایەرانە ڕوویانکردەوە بەرەکانی دوژمن و هیچ پاڵپشتییان لە شۆڕش نەکرد، ساڵی 1922 شۆڕشەکەی ئیسماعیل ئاغا تووشی شکستیی دەبێت و دەوڵەتی ئێران دەستەڵاتی زیاد دەبێت و زاڵدەبێت بەسەر هێزی کورددا لە خۆرهەڵاتدا. ئیسماعیل ئاغا ناچاردەبێت ڕووبکاتە تورکیا، لە تورکیاش ئیسماعیل ئاغا و پێشمەرگەکانی چەک دەکەن و پارەو سەروەتیان هەموو زەوتدەکەن، هەمدیسان ئیسماعیل ئاغا هەڵدێتەوە پەنا دەباتە بەر باشووری کوردستان. لەوێش ناحەوێتەوە دەگەڕێتەوە ناوچەکانی خۆی و دەستدەکات بە شەڕی پارتیزانی دژی دەوڵەتی ئێران و تورکیا. تا ساڵی 1930 لە دێی " شنۆ" بە پلانێکی چەپەڵی ڕەزاشای فاشست لە بۆسەیەکدا کە بۆیان نابۆوە گەشمردە دەکرێت. دیارە ڕژێمی ئێرانی چەپەڵ بەردەوام سەردارانی گەلی کوردی بە پلانی چەپەڵ لەژێر ناوی گفتووگۆدا لەناوبردووە. ئەگەر ببا خەڵکی کورد لە تێکڕای بەشەکانی کوردستان دا هاریکاریی دەستەڵاتی ئیسماعیل ئاغایان بکردایە و نەیان هێشتایە ئەو ناوچانەی کە لەسایەی شۆڕشەکەی ئیسماعیل ئاغادا ڕزگارکراوە جارێکی دی بچێتەوە ژێر ڕکێفی ئێران، ئەوا ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریی خەڵکی کورد بەرەو قۆناغێکی تر دەرۆیشت و دوژمنانی کوردیش ئەوسا بە چاوێکی ترەوە تەماشا شۆڕشی کوردیان دەکرد. هەرچەندە دەوڵەتی گەورەی بەریتانیا بەردەوام هەوڵوتەقەلای ئەوەی ئەدا دەوڵەتێکی بەهێزی ئێران دروستبکات، بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیەتی کۆمۆنیستیی لەو ناوچانەدا.

موستەفا پاشای یامولکی یەکێکە لەو کوردە تێکۆشەرانەی هەوڵوتەقەلایەکی زۆریداوە، کە

لەتێکڕای بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان دا تەباییەک دروستبکات بۆ هاریکارییکردنی یەکدیی لە شۆڕشدا. کە خەڵکی کورد بتوانێت بە پشتیوانی خۆیان کوردستانێکی ئازاد پێکبهێنن. مستەفا پاشای یامولکی لە ساڵی 1866 لە شاری سلێمانیی لەدایکبووە و کۆلێژی سەربازیی لە تورکیا خوێندووە و ساڵی 1888 لە نووسینگەی ئەرکانی جەنگی تورکی دەرچووە و ساڵی 1893 کراوە بە قونسوڵی عوسمانلیی لە شاری "خۆی و سەڵماس". ساڵی 1918 کرا بەسەرۆکی دادگای عورفیی بۆ دادگاییکردنی " مستەفا کەمال ئەتاتورک"، مستەفا پاشای یامولکی بە لەوێ نەبوونی ئەتاتورک بڕیاری لەسێدارەدانی کەمال ئەتاتورک ئەدات. لەدوای ئەوەی کۆمەڵەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورک دەستەڵات دەگرنە دەست، مستەفا پاشا پەیوەندی بە سیاسەتمەندارانی ئینگلیزەوە دەکات کە ڕێگەی پێبدەن بگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانیی. ئینگلیز داواکەی مستەفا پاشا وەردەگرێت بەمەرجێک لە شاری سلێمانییدا نەجوڵێت و بەشداری هیچ چالاکییەکی سیاسی نەکات بێ پرسیارکردن لە دەوڵەتی بەریتانیا. مستەفا پاشا کاتێک دێتەوە شاری سلێمانیی ئۆقرە ناگرێت و بەرنامەی گەڕانێک سازدەکات بەو ناوچانەدا کە دەستەڵاتی کوردی تێدا هەیە. لە 09.10.1921 دا دەچێتە ناوچەی سابڵاغ، پاشان لەگەڵ سەید تەهای شەمزیینیدا دەچنە شاری "چهریق" بۆ دیتنی ئیسماعیل ئاغای شکاک. لەم چاوپێکەوتنەدا مستەفا پاشا کۆمەڵێک پرسیار ئاڕاستەی ئیسماعیل ئاغا دەکات دەرهەق بە شۆڕشەکەی. یەکێک لەو پرسیارانەی کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کاتێک مستەفا پاشا لە سمکۆ دەپرسێت کە ئایا هیچ ڕێکخراوێکی نەتەوەییی لە کوردستاندا هەیە؟ بۆ نموونە هیچ بەیداغێکی تایبەتی هەیە؟ ئەی تۆ چۆن حوکمی ئەو شوێنانە دەخەیتە ژێر دەستەڵاتی خۆتەوە؟

لە وەڵامدا سمکۆ دەڵێ: ئێمە ئێستا جارێ هیچ ڕێکخراوێکمان نییە، من هەر خۆمم لە کوردستان دا، بەڵام چاوەڕێبکەن با ئەم وڵاتە ڕزگاری ببێت ئەوسا بزانە چۆن دەوڵەتێک دێتەکایەوە. گرنگ نییە کێ دەیبات بەڕێوە و فەرمانڕەوا دەبێت، من خۆم هیچ چاوم نەبڕیوەتە ئەوەی فەرمانڕەوا بم لە کوردستان دا. دەربارەی ئاڵا بڕواناکەم جارێ شتی وا پێویست بێت، لەگەڵ ئەوەشدا شکاکەکان هەروەکوو ئێستا خۆت ئەیبینیت بۆ هەر ناوچەیەک ئاڵایەکیان هەیە.

لێرەدا شتێکمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە هەتا ئەو سەردەمەی شۆڕشەکانی ئیسماعیل ئاغای شکاکیش لە هیچ پارچە و کوون و کەلەبەرێکی کوردستان دا بانگەشەی پارتێکی ڕێکوپێکی سەرتاسەریی نەکراوە بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕامیاریی گەلی کورد، بەڵکوو هەر عەشایەرە و هەر کۆمەڵ و گرۆیەک لە هەر بەشێکی کوردستان دا هەڵساوە بە ڕاپەڕیینێکی ناوچەیی بەبێ پەیڕەو و پرۆگرامێکی ڕێکخراوەیی، ماوەیەک ڕابەرایەتییانکردووە و پاشان لە هۆکاری نەبوونی ئۆرگانێکی بەڕێوەبردن شکاون و تێداچوون. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا زیانێک بە خەبات و بە بەردەوامیی دەگەیەنێت لە قۆناغەکانی ڕزگارییدا. گەلی کورد پێویستی بە پارتێکی نەتەوەییی سەرتاسەرییە لە خاکی کوردستان دا کە ئەندام و لایەنگر و لێپرسراوی لە هەموو بەشێکی کوردستان دا هەبێت. هەتا قۆناغەکانی گۆڕانی ڕامیاریی گەلی کورد نەگاتە ئەم ئاستە کۆمەڵگای کوردی بەردەوام لە مەترسیی ڕۆچووندا دەبێت. ڕاستە کولێرەی ڕزگاریی خاکی کوردستان بە چکەچک دەخورێت بە هۆی ئەوەی ئەم خاکە چوار دوژمنی هەیە. بەڵام پێویستە

ئیمڕۆ قۆناغەکان کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بە خۆیانەوە ببینن هەتا هەستی لێپرسراویەتیی لە هەموو هەلومەرجێکی جیاوازدا کاریگەریتیی خۆی وەربگرێت لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە لە هەر پارچەیەکی ئەم خاکەدا بێت. خۆشبەختانە ئیمڕۆ لەهەر پارچەیەکی خاکی کوردستان دا قووتابخانەیەکی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەییی کوردیی هەیە، کە ڕەسانایەتییەکی بەخۆیەوە وەرگرتووە. ئەو کەسانەشی ئەم ئایدیۆلۆژیایە پەسەند دەکەن بە نەتەوەییی ناودەبرێن. شەرەفخانی بەدلیسیی، کە چوار سەدە لەمەوبەر ئەم هەستە نەتەوایەتییە پاڵی پێوەدەنێت کە مێژووی نەتەوەکەی بۆ وەچەی داهاتوو بنووسێتەوە، کە ئیمڕۆ سەدەها مێژوو نووسی کوردیی و بیانیی و لێکۆڵەرە ڕامیارییەکان سوود لە پەڕاوە ڕازاوەکانی وەردەگرن. ئەحمەدی خانی لە سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا هەستی نەتەوایەتیی پاڵی پێوەناوە، کە نەتەوەکەی بۆ یەکگرتن و ڕزگاریی کوردستان بانگ بکات، هۆنراوەی مەم و زین یەکێکە لەو نموونانەی کە هەتا ئیمڕۆ نووسەرانی کورد شانازیی پێوەدەکەن. هەمانشێوە حاجی قادری کۆیی هەستی نەتەوایەتیی هانیداوە داوای پاراستنی زمانی کوردیی بکات و بانگەشە بۆ دەوڵەتێکی یەکپارچەیی کورد بکات و چەندەها ڕۆڵەی وەک عبدلرزاق بدرخان پەروەردە بکات. ئەوەی کە گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە هەستی نەتەوایەتیی لەناو کۆمەڵگای کورددا هەرچەند بەربڵاویش بێت، بەڵام هەتا ئەو هەستە لە قاڵبی بیروباوەڕێکی زانستیی و ڕێکووپێکدا دانەڕێژرێت هەرگیز نابێتە ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە و هیچ ڕێبازێک و بەرهەمیشی نابێت. کەواتە پێویستە چەندیین قووتابخانەی نەتەوایەتیی لەناو کۆمەڵگای کورددا بکرێتەوە و چەندین ئاکادیمیای کادێران لەناو گرۆ و پارت و ڕێکخراوە نەتەوایەتییەکانی کورددا پەرەی پێبدرێت.

ئەو کاتانەی کە دەوڵەتی بەریتانیای گەورە شێخ مەحمودی قارەمانی لە باشووری کوردستان دا کردە دادوەرێک بۆ بەڕێوەبردنی دەستەڵاتی ڕامیاریی ناوچەکە، تەنها لە پێناوی ئەوەدا بووە کە ئینگلیز لە ڕێگای کوردەوە بتوانێ ئەو پاشکۆی هێزەی دەوڵەتی عوسمانلیی لە ناوچەکەدا وەدەرپەڕێنێت و هیچی تر. لە کاتێکدا لە ناوچەی ڕەواندوزدا کە هەتا کۆتایی ساڵی 1922 لەشکری تورکی لێبوو لە ژێر فەرمانڕەوایی " یوزدمیر"دا، کە هەمانکات ئەو سەردەمە کۆمەڵەکەی ئەتاتورک دەستەڵاتیانگرتبووە دەست، ئەتاتورک هەموو هەوڵوتەقەلایەکی ئەدا بۆ ئەوەی ولایەتی موسڵ لەژێر دەستی ئینگلیز دەربهێنێت و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. دیارە شێخ مەحمود بۆ ئینگلیز ئەو پیاوە نەبووە کە بیریان لێکردبۆوە، بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکاری بهێنن بە پێچەوانەوە شێخ مەحمود پیاوێکی یاخیی بووە هەمیشە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بێلایەنی کورد هەوڵیداوە. لە کاتێکدا ئەمەش بۆ ئینگلیزەکان مەحاڵ بووە، چونکە ئەوان دەوڵەتێکی عەرەبیی عێراقییان دەویست لەژێر فەرمانڕەوایی مەلیک فەیسەڵ دا. هەربۆیە لەپێش گیرانی شێخ مەحمود و دوای گێڕانەوەشی لە هندستان هەمانکات لە کۆتایی ساڵەکانی 1922 دا بەردەوام داوای ئەوەیان لە شێخ مەحمود دەکرد کە دامودەزگا دەوڵەتییەکانی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و بچێتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتەکەی مەلیک فەیسەڵەوە. بێگومان شێخ مەحمودیش سەری بۆ ئەم داوایە شۆڕ نەدەکرد و هەمیشە لە یاخییبووندا بووە دژی ئینگلیز. لە کاتێکدا کە شۆڕشەکەی سمکۆ تووشی شکستیی بوو لە خۆرهەڵاتی کوردستان

دا و ڕەزا شا کە ئەو کات هێشتا سەرداری لەشکری ئێران بوو توانی دەستەڵاتی سمکۆ لە خۆرهەڵاتی کوردستان دا هەڵبتەکێنێت و لە قەڵای چەهریقیش لەشکرەکەی سمکۆ وەدەربنێ هەتا ناو خاکی تورکیا. کاتێک سمکۆ دەچێتە ناو خاکی تورکیاوە ئەتاتورک فەرمان بە یەکێ لە دەستە چەکدارەکانی ئەدا کە شەو بدەن بەسەر سمکۆدا و تاڵانی بکەن. ئەتاتورک لەوە دەترسا کە سمکۆ لە باکووری کوردستانیشدا شۆڕشێک دژی تورک بەرپا بکات بە هاریکاریی سەید تەهای شەمزینیی. کاتێک کە ئەدەن بەسەر کۆمەڵەکەی سمکۆدا پێشمەرگەکانی سمکۆ لە شیرینی خەودا ئەبن چونکە سمکۆ هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووە، کە تورکەکان ئەو کارەی لەگەڵدا بکەن. لەم پێکدادانەدا ژنەکەی سمکۆ و چەند پێشمەرگەیەکی گیانیان لەدەست ئەدەن خەسرەوی کوڕیشی بە دیل دەگیرێت. سمکۆ ناچار دەبێت پەنا بەرێتە بەر باشووری کوردستان بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیی بە ئینگلیزەکانەوە دەکات کە هاریکاریی بکەن تاوەکوو بتوانێت بێتەوە سەرپێی خۆی. بەڵام ئینگلیز بەپێچەوانەوە دەیوویست سوود لەم شکانەی سمکۆ وەربگرێت بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت دژی ئەو لەشکرەی تورک کە لەناوچەی ڕەواندوزدا مابوونەوە. لە سەرێکی ترەوە شێخ مەحمود کە دەیزانی ئینگلیزەکان دەستیی دەستیی بە کورد ئەکەن و هیچ لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییدا نین دەیوویست پەیوەندیی بکات بە تورکەکانەوە دژی ئینگلیز. لە لایەکی ترەوە مستەفا پاشای یامووڵکی دەیوویست سوود لەم هاتنەی سمکۆ وەربگرێت دژی کەمالییەکان کە هەوڵی ئەوەی ئەدا سمکۆ بخاتە ژێر داواکانی ئینگلیزەوە. لێرەدا شتێک کە جێگەی سەرنج بێت ئەوەیە کە هەتا ئێستا خەڵکانێک هەیە لەناو نەتەوەی کورددا، کە پێیان وایە شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی قارەمان و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی و بەدرخان پاشا شۆڕشێکی ئیسلامیین لە ژێر ئاڵای نەتەوەییدا. بەڵام ئەو بەڕێزانە بەهەڵەدا چوون، چونکە ئەو قارەمانانە بەرلەوەی ئاڵای ئیسلام هەڵبکەن ئاڵای کوردایەتییان هەڵکردبوو وە هەرگیز لەژێر ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامدا داوای مافەکانی کوردیان نەکردووە. بەڵکوو بە پێچەوانەوە زۆرینەی جار ئەو تێکۆشەرانە تووشی کێشە و تەنگووچەڵەمەی زۆر بوون لەلایەن خەڵکانی ئیسلامیی توندڕەوەوە یان ئەو کوردە ئیسلامانانەی کە کاریگەرێتیی دوژمنانیان زۆر لەسەر بووە. وەک مەلای خەتێی ڕەواندوز کە لە مزگەوتەکاندا جاڕی دەدا ئەیگووت ئەوەی دژی دەوڵەتی عوسمانلی شەڕ بکات تەڵاقی ئەکەوێت، ئەو کات کە میری سۆران پاشای کۆرە دژی عوسمانلییەکان ڕاپەڕیی بۆ مانەوەی میرنشینەکەی لە ناوچەی سۆراندا زۆرینەی عەشایەرە کوردییەکان پشتیانکردە میری ڕەواندوز لەژێر ترسی تەڵاق کەوتندا و لەژێر ترسی فشارەکانی ئیسلامدا زۆرینەیان دەوروپشتی لەشکرەکەی میری ڕەواندوزیان بەجێهێشت و ساڵی 1836 کۆتایی بەم میرنشینە هات. ئەو بیرۆکەیەی، کە دەڵێت کورد پێویستە سوود لە ئیسلام وەربگرێت بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی ئازادی کورد زۆر هەڵەیە و ئەو سەردەمە بەسەرچووە، ئیمڕۆ ڕۆژی شۆڕشی دیموکراتییە لە جیهاندا گەلان خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان ئەدەن. ئەگەر گەلی کوردیش بۆی بلوێت و بتوانێت ژیرانە هەڵسووکەوت بکات مێژوو یاربێت دیموکراتییەت دەوڵەتێک بۆ کور پێکدێنێت نەگ ئیسلام. پەنا بردنە بەر ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلام پەنا بردنە بەر سەلەفییەتە و داهاتووی کور

بەرەو مەترسیی دەبات. ئێمە نامانەوێت کوردستان بکەینە ئەفغانستانێکی نوێ، بەڵکوو ژیانێکی دیموکراتیانەی پێشکەوتنخوازانەمان دەوێت. تاکە ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکانی کورد بەستنەوەی ئایدیۆلۆژیەتێکی نەتەوەییە بە خانەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردەوە، ئایدیۆلۆژیەتێک کە لە هەموو کوون و قوژبنێکی خاکی کوردستان دا خەڵکی کورد پابەندی ئۆرگانەکانی بێت ئەویش پارتێکی نەتەوەیی سەرتاسەرییە کە کۆمەڵگای کوردیی بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە هەر کارەساتێکی جەرگبڕانە لە هەر بەشێکی کوردستان دا ڕووبدات  خۆمان بە خاوەنی بزانین و هەڵوێست وەربگرین بەرانبەری. لە کاتێکدا لە هەر بەشێکی داگیرکراوی ئەم خاکەدا شۆڕشێک بەرپا دەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکی دەوڵەتیی لە هەر پارچەیەکدا دروستدەبێت بە دڵ و بە گیان و بە هۆش بە سەروماڵ لەگەڵ مانەوەی ئەم دەوڵەتەدا بین. بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرو هەموو شتێکی دیکەی ترەوە دابنێین و نەهێڵین پلانە ڕووخێنەرەکانی دوژمنان بەسەرماندا زاڵبن. ئێمەی کورد لەو سەردەمەوەی کە ڕۆشنبیری ڕامیاریی و ڕێکخراوەیی لەناوماندا جێگەی خۆی کردۆتەوە هەتا ئێستا ئێمە بەردەوام لە ململانێی ئایدیۆلۆژیەتدا بووین و گوێمان نەداوە بە بەرژەوەندییە سەرەکییە نەتەوەییەکانی خۆمان. زۆربینەی کات ئێمەی کورد لەو پێناوەدا دەستمان چۆتە خوێنی خۆمان. ئیمڕۆ پێویستە ئەو سنورە ببەزێنرێت و بەشانازییەوە خەڵکانی هەر لایەک لەم کوردستانە داگیرکراوەی ئێمەدا ببێتە ئەندام و دۆست و لایەنگرانی پارتە نەتەوەییەکانی کورد، بۆ ئەوەی ئێمە هەموومان کوردستان بە یەک چاو تەماشا بکەین و جارێکی تر ئەو هەڵەمێژووییانە دووبارە نەکەینەوە. دوژمنانی گەلەکەمان ئەو ڕاستییەیان لا بسەلمێنرێت کە ئێمەی کورد ئیمڕۆ هەموومان یەک فەرهادین و دڵیشمان بۆ شیرینی خاک لێئەدات.

## سەربەخۆیی تاکە ڕێگەی دەربازبوونی گەلی کوردە لە جەور و ستەمی داگیرکەران:

نیازەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی لە دوو قۆناغدا خۆی دەبینێتەوە، کۆمەڵگای کوردیش هەمانشێوە وەک هەر یەکێک لە کۆمەڵگاکانی سەررووی جیهان بە هەمان بارووودۆخدا ڕۆیشتووە و بەردەوامیش لە پرۆسێسی ئەو قۆناغەدا نەیتوانیوە خۆی دەرباز بکات. ئیمڕۆ لەم هەلومەرجە ناسکەی گەلەکەمدا، بە ئەرکێکی مرۆڤایەتی و هۆشیاریی نەتەوەیی سەرشانی خۆمی دەزانم لە هەنگاوەکانی بزاڤی ڕزگارییخوازی ئێستای گەلەکەم بکۆڵمەوە. تا منیش وەک هەریەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵگای کوردیی بگەمە ئاکارێک کە ئایا ڕازییم بەم بارووودۆخەی ئێستای گەلەکەم یان نا؟! ئێمەی مرۆڤ لە کۆمەڵدا پەروەردە بووین، ئێمە هەموو ئەو منداڵانەین کە لە پشتیوانیی کۆمەڵگای کورددا باڵامانکردووە هەریەکێک لە ئێمە ئەگەر هەتاوەکوو ئێستا نەمانتوانیبێت لەو

کۆمەڵگایەدا پێبگەین و کەڵکێک وەربگرین ئەوا یان ئێستاکە زۆرینەمان مردووین یان ئەوەتا لە بوارێکی جیادا گرۆیەکی تر یان گیانلەبەرانێکی تر پەروەردەیان کردووین و ئێستاکەش وەک ئەو گرۆ و گیانلەبەرانەمان لێهاتووە. لەم پەروەردەکرنەدا خەڵکانێکی دیکەی ترمان هەیە کە کۆمەڵ بەجێدێڵن و دەڕۆن، ئەم کۆمەڵە یاخود ئەم جۆرە کەسانە لە سەدا سەد لە کۆمەڵ جیانین بەڵکوو تەنها گۆشەگیرن و لە پەنجەرەکانی فەرهەنگی کۆمەڵەوە تەماشای جیهان دەکەن. چونکە ئەمانە میراتە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، مرۆڤ لە کۆمەڵدا شوێن هەڵدەگرێت و کۆمەڵیش لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ شوێن دادەنێت. ئێمەی مرۆڤی کورد لە سەردەمی منداڵییماندا لەسەر ئەو نەخشانەی کە کۆمەڵ بۆیان دانابووین کەسایەتییەکی دیاریکراوی خۆمان دورستکردووە، هەر یەکێکمان بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کە تێیدا ژیاوین چ لەناو ئەندامانی خێزاندا چ لە قوتابخانە و گرۆکانی گەڕەک و کۆڵان و شەقامەکانی شار و لادێدا. هەر یەکێکمان چەند سوودێکمان لەو بوارانە وەرگرتووە کە لە سەردەمی منداڵییدا پێیدا تێپەڕیووین وەک:

1. لاساییکردنەوەی کوێرانە.

2. پلەی یاریی و گەمەی تاکە کەسیی.

3. پلەی یاریی و گەمەی بە کۆمەڵ.

کەواتە لێرەدا کەسایەتیی دیاردەیەکی زگماگ نییە و لە سکی دایکامانەوە پێمان ناگات بەڵکوو لە کۆمەڵی وەردەگرین و ئەم کەسایەتییەش بێگوومان سەقامگیر نییە. لێرەدا ئاڵوگۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان فاکتەرێکی بەهێزە بۆ گۆڕینی کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی کەواتە ئەم کارە وا دەکات کە کەسایەتییەک لە جێگایەک خاوەنی متمانەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییە و کەچی لە جێگایەکی تریش لە باروودۆخێکی تردا ڕەفتار دەکات.

سەرهەڵدان و چۆنیەتیی پەیدابوونی کەسایەتییەک دەشێت لە زەمینەی کۆمەڵایەتییدا پەیدابکرێت. هەردوو زانای کۆمەڵناس "کاردینەر" و "لینتۆن" کەسایەتیی مرۆڤ دەکەن بە دوو بەشەوە:

1. جۆرێک کە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتییدا سازگارە.

2. جۆرێک کە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتییدا ناسازگارە.

هەردوو زانا پێیان وایە کە پێویستە سازگاریی کۆمەڵایەتیی لە پەروەردەکردنی بنەماڵەدا بدۆزرێتەوە. بەو ڕێگایانەی کە کۆمەڵ بۆ پەروەردەکردنی منداڵان هەڵیانبژاردووە، هاوکات کە دەبنە هۆی سازگاریی و ناسازگاریی کەسایەتیی لە کۆمەڵدا. ئەم دوو بلۆکەش لە کۆمەڵدا کە مەبەستمان لە کاردینەر و لینتۆنە پەروەردەکردنی منداڵیان بە دوو شێوە لە بەرچاوگرتووە:

1. ئەوانەی ڕێگایەکی توونديان بۆ پەروەردەکردنی منداڵ گرتۆتەبەر، یان چاوپۆشیی دەکەن. دیارە ئەمەش ڕێگایەکی ناسازگارە.

2. ئەوانەی بەپێی پێویست منداڵیان خستۆتە ژێر چاودێرییەوە. ئەمەش ڕێگایەکی سازگارە.

کۆمەڵێکی خاوەن شارستانیەت کاریگەریتییەکی بەهێزی لەسەر دروستکردنی کەسیەتیی منداڵدا هەیە. ئەگەر مرۆڤ لە تەمەنی منداڵییدا بخریتە ژێر چاودێریی و ڕێنوێنی زانایی و فێربوونەوە، ئەوا بۆ دوارۆژ دەبێتە خاوەنی کەسایەتییەکی پتەو و لەسەرخۆ و فەرمانبەر. ئەگەر وا نەبێت ئەوا بۆ دوارۆژ تووشی لاڕێیی کۆمەڵایەتیی و تاوان دەبێت. مەڵبەندی بنەماڵەی ناجۆر ئەبێتە هۆی سەرهەڵنەدانی کەسیەتی وەیان وەدەستهێنانی کەسیەتییەکی دواکەوتوو. منداڵ لە تەمەنی باڵقبوون و هەرزەییدا پتر لە هەر کاتێک لەژێر کاریگەریتیی هاوکارانیدایە. لەم تەمەنەدا مرۆڤ پشت بەستن بە بنەماڵە و خێزان لەکیس ئەدات یان کەمیدەکاتەوە و ڕوودەکاتە هاویارانی.

## لە ئایندەیەکی نزیکدا زاڵبوونێکی کۆمەڵایەتیی لە وڵاتی ئێراقدا بەرجەستە دەبێت:

وڵاتێک هەیە ناوی ئێراق بێت بەڵام نەتەوەیەک نییە ناوی ئێراقیی بێت، ئەم ئێراقیی بوونەش بەرجەستەکردنێکی زۆرەملێییە و چدی نا. بێگوومان مانەوە و مەرجی پێکەوەبوونی کۆمەڵ بریتییە لە یەکگرتنی کۆمەڵایەتیی. کۆمەڵ هەتا ئەوکاتەی خاوەنی کۆیەکی یەکگرتووە وەک کۆیەک کەم یان زیاد سەربەخۆ درێژە بە ژیانی خۆی ئەدات. بۆیە هەر کۆمەڵێک کە تێدەکۆشێ لەپێناوی خووگرتنی ئەندامە تازەکانی خۆی بە ترازووە پەسەندکراوەکانی کۆمەڵەوە کە پێیدەڵێن کارە پەسەندکراوەکانی کۆمەڵایەتیی، ئەمەش لە پێناوی هاوئاهەنگییکردنی ئەندامە تازەکانی ناو کۆمەڵە بە پەسەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە. بەڵام ئەم پەسەندە کۆمەڵایەتییەی ئێستای ئێراق پەسەندێکی زۆرەملێییە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەر کارێکیش زۆرەملێیی بێت ئاکارەکەی بەرپەچدانەوەیە، کەواتە کێ گەرەنتیی ئەوە دەدات لە داهاتوودا شۆڕشێکی دیکەی دی لە ئێراقی دوارۆژدا بەرپا نەبێت؟ ئەمەش بەوەی کە لەناو کۆمەڵگای کورددا خەڵکانێک هەن کە ئەم کارەیان پێڕەوا نییە و لەگەڵ گەلی عەرەبدا بەتایبەتی ناتوانن بە هارمۆنیی بژیین وە گەلی عەرەبیش لە ئێراقدا گەلێکی باڵادەستە و دەستەڵاتی ئەوەی هەیە کە ئەو کۆمەڵ و گرۆیانەی کە لەگەڵ هاوئاهەنگیی گشتیی وڵاتی تازەی ئێراقدا ڕێکناکەون بەپێی یاسا کۆمەڵایەتییەکان سزایان بدات. بۆیە هەر کۆمەڵێک هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتیی بە سەربەرزیی دەزانێت ناهاوئاهەنگیی کۆمەڵانی تر بە سەرشۆڕیی. کەواتە ئەگەر کەسێک بییەوێت بە ئازادیی کردەوەی خۆی بگەیەنێتە جێگایەک وە هەمانکات بە یەکگرتوویی جەماوەریی عێراق زیان بگەیەنێت ئەوا کۆمەڵی سەردەستی داهاتووی ئێراق بە ئامرازی جۆراوجۆر پێشی لێدەگرێت و سزای ئەدات. ئەم جۆرە ڕەفتارانەشمان لە ماوەی 84 ساڵی ڕەبەقی ڕابووردی پاشایەتیی و فەرمانڕەوایی ئێراقدا بۆ دەرکەوتووە بەتایبەت لە ماوەی 35 ساڵی ڕابووردی بەعسی فاشیی

عەفلەقیی لەناوچوودا. ئەم زاڵبوونە کۆمەڵایەتییەش سێ سەرچاوەی سەرەکیی بەخۆوە دەگرێت کە هەریەکێکمان لە ڕابووردی بەعسەوە دەیناسین کە ئەویش:

1. لەشیی: واتە لێدان ئەشکەنجەدان.

2. زۆرەملێیی و فشار و زۆرلێکردنی دەروونیی و سووکایەتیی پێکردن.

3. زۆرەملێیی و فشاری ئابووریی و بێبەشکردن لەسامانی وڵات و پێنەدانی پلە و پایە لە بەڕێوەبەرایەتیی و فەرمانڕەواییدا.

بێجگە لەمانە زیندانییکردن و کووشتن و قەلاچۆکردن و جینۆسایدکردن دەبێتە پیشەیەکی بەردەوامیی لە پێناوی پارسەنگکردنی دەستەڵاتدا و هارمۆنییەکی زۆرەملێیی کە وەک سەددام حوسین ڕەفتاری پێدەکرد " ئەوەی لەگەڵم نەبێت دوژمنمە" بۆ داهاتوویش ئەوەی لەگەڵ یەکگرتوویی ئێراقدا نەبێت دژی ئێراقە و سزاکەشی لە هی بەعسییان میهرەبانتر نابێت.

ئەم کۆیە یان ئەم جەماوەرەی ئێستا لە ئێراقدا بە کورد و تورکمانیی و عەرەبەوە ڕووداوێک لێکی نزیککردوونەتەوە وە دیارە خۆبەخۆ پێکهاتووە بەهۆی کردەوەی دوولایەنەی خولیی یان تووشبوونێکی کۆمەڵایەتیی و ڕامیارییەوە. بێگومان ئەم کۆیەش چەند تایبەتمەندییەک لەیەک بازنەدا کۆیاندەکاتەوە.

1. خۆبەخۆ پێکهاتووە تێکەڵاوییەکی سەقامگیری نییە.

2. زوو تێدەپەڕێت و تێکدەچێت.

3. هەندێک لە گرۆی ئەم کۆیانە داوای کۆبوونەوەی ئەندامەکانیان دەکەن، بەڵام گرۆکانی تر بە پێویستی نازانن.

4. ئەم کۆیانە تێکەڵاوییەکی سەقامگیریان نییە کەواتە ئەندامەکانی بە توندی دەگۆڕێن.

5. بە کردەوە خاوەنی سۆزێکی توندە.

ئەم پرۆسێسانەی ئێستا لە ئێراقدا بەڕێوەدەچێت بەڕێوەچوونێکی بۆ ماوەییە، بەڵام دوای سەقامگیربوونی کورسیی دەستەڵات بەپێی ئەو چوار خاڵانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بۆیە دەبێت بە هەموو شێوەیەک خەڵکی کورد خۆی لە ئەڵقە و گەمارۆی شەیدایی کۆمەڵایەتیی و شێتیی لاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتیی ڕزگاربکات دەنا لە داهاتوویەکی نزییکدا دەبێت خۆمان بۆ پەرچدانەوەی چەندەها فەرمانی یاسا کۆمەڵایەتییەکان ئامادەبکەین.

# فیدڕالیزم و شەیداییەکی تازەی کۆمەڵایەتیی:

ئەم بارودۆخەی ئێستا لە باشووری کوردستان دا بۆتە بابەتی سەرزاری گەورە و بچووکی کۆمەلانی خەلکی کوردستان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریتیی لەسەر کۆمەلگای کوردەواریی هەیە. ئەم شەیداییە کۆمەلایەتییەی، کە ئێستا بە هۆی پارتە ڕامیارییەکانی کوردەوە بلاوبۆتەوە وەک هەوەسێکی درێژخایەن کە لەگەل هەست و سۆزدا زۆر بە قولیی تێکەل بووە. هۆکارەکانی دروستبوونیشی دیارە پەیوەندییەکی پتەوی بە کۆنە پارێزییەوە هەیە کە لەکاتی سەرهەلدانی دیاردەیەکی تازەدا زۆر بە قولیی سەرقالی دەبێت و خەو و خواردنی لێ تالدەکات و پەیوەست دەبێت بە دیاردە تازەکەوە. بۆ نموونە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کورددا، ئێمەی کورد لە باشووری کوردستان دا لە سەرەتای سالەکانی شەستدا تەنانەت بە مافێکی بەڕێوەبردنی " لا مەرکزی"ش ڕازی بووین، لە حەفتاکاندا داوای خودموختارییماندەکرد، لە سالی 1984 دا دیسانەوە لە ڕوانگەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە بە خودموختاریی ڕازیبووین کە حیزبی بەعسی لەناوچوو ئەوەشی پێڕەوا نەبینین. لە ڕاپەڕیینە مەزنەکەی بەهاری سالی 1991 دا دیسانەوە هەر لەسەر هەمان قەوان ئەڕۆیشتین، تا نزییکبوونەوەی هەلبژاردنی پەرلەمانی کورد، چەندیین لایەن و پارتی کوردیی داوای دەولەتێکی فیدرالییان بۆ گەلی کورد کرد. دیارە ئەم دیاردەیە ڕۆلێکی تازەبوو لە بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کورددا، جەماوەری گەلی کورد داواکەیان بەدل بوو، بەلام دیسان ئەو قۆناغە تێپەڕی و باوی نەما دیارە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەلی کوردیی هێواش هەنگاو دەنێت بۆ پێشەوە، بەلام لەگەل ئەوەشدا دیسان دەبێت کۆمەلگای کوردیی زۆر بەخێرایی خۆی لەگەل قۆناغەکانی گۆڕاندا بگوونجێنێت و پەیوەست بێت بە شەیداییەکی کۆمەلایەتیی پۆزەتیڤەوە کە سوودمەند بێت بە گەل و نیشتیمانەکەی. ئەو فیدرالیزمەی کە ئێستا لایەنە کوردییەکان زۆر شێتانە هیوایان پێی هەیە، گەرەنتییەک بە گەلی کورد نادات کە لە داهاتوویەکی نزییک یان دووردا ڕووداوە جەرگبڕەکان دووبارە نەبنەوە. جینۆسایدێکی تر قاتوقڕیی و قەلاچۆیەکی تر، سووکایەتیی پێکردنی کۆمەلایەتیی کوردیی لە ڕووی ڕامیاریی و فەرهەنگیی و کلتورییەوە. کێ گەرەنتیی ئەوە دەکات لە داهاتوویەکی دوور یان نزییکدا دوژمنایەتیی کورد و عەرەب نەیەتە کایەوە شەڕی کورد و عەرەب دروست نەبێت؟ بۆیە ئەم دیاردەی فیدرالیزمە تەنها شەیداییەکی کۆمەلایەتییە و کۆمەلگای کوردیی کاتی دەوێت هەتاوەکوو لەو قۆناغە وەدەردەچێت بەلانی کەمەوە ئەو سەرداری دەولەتیانەی گەلی کورد کە باوەڕیان وایە فیدرالیزم گەلی کورد لە جەور و ستەمی داگیرکەران ڕزگار دەکات و دیموکراسییەت دەبێتە ڕێگە خۆشکەری گەیشتن بە ئاواتە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد.

کێشەکان لەوەدایە کە لە کۆمەلگای کوردییدا قۆناغەکان لەسەرخۆ دەڕۆن و گۆڕان بە خۆیاندا دێنن، هەر لە تێکڕای شۆڕشەکانی ڕابووردەوە ئەگەر بشگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی نزییک لە سەردەمانی شێخ عبدالسلام بارزانیی و ئیسماعیل ئاغای شکاک و شێخ مەحمودی نەمر و شۆڕشی دەرسیمیش بە ڕابەرایەتی سەید ڕەزا و پاشان دامەزراندنی حیزبی هیوا لە سالی 1941دا لە شاری سلێمانییدا و پێویستییەکانی قووتکردنەوەی سەرەک عەشیرەتێک و ناودارێکی ئایینیی بۆ وەدەست هێنانی جەماوەری ڕامیاریی. لە سالەکانی 1937 دا کۆمەلێک هەستان بە

دروستکردنی " کۆمەڵەی برایەتیی" دیارە ئیتر ئەمە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرێکی ڕێکخراوەیی و ڕامیاریی بوو بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد. ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بریتیی بوون لە " شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمودی نەمر. سدیق شاوەیس، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، مەلا ئەسعەد" بەڵام ئەم کۆمەڵە هەرچەندە خۆیان ڕۆشنبیرکردبێت هێشتا لە قۆناغەکانی عەشایەرگەرێتییدا بوون، باوەریان وابوو بێ ڕابەرێکی ئاییینی و عەشایەریی بردنەوە و بەرپاکردنی شۆڕش مەحاڵە. هەر ئەم ڕێکخراوە بچکۆلەیە هەتا ساڵی 1941 دوو باڵی دیکەی تری لێبۆوە لەسەر ئەوەی ئاستی بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژیەتیان پێکەوە نەدەگونجا وەک بیری نەتەوایەتیی و بیری نێونەتەوەییی، ئەمانەش هەموو کاریگەرێتیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو بەسەریانەوە. باڵی " ئازادیی کورد" کە لەم ڕێکخراوە ساڵی 1938 جیابۆوە نێونەتەوەییی بوون و دەستتێوەردانی حیزبی شیوعی ئێراقییان بەسەرەوە بوو، باڵی " دارک" دوابەدوای باڵی ئازادیی کورد جیابۆوە لە ڕێکخراوەکە بیروبۆچوونێکی سەقامگیر و ڕوون و ئاشکرایان نەبوو. هەر سێ باڵ لە ساڵی 1941 دا جارێکی تر کۆبوونەوە و حیزبی "هیوا"یان پێکهێنا. مامۆستا ڕەفیق حیلمیی و ماجد مستەفا دوو کەسایەتیی ناودار و بلیمەتی ناو حیزبەکەبوون، ئەو کاتانەی سەرکردە و ڕابەری گەلی کورد " مەلا مستەفا بارزانیی" بەهۆی ڕژێمی ئێراقی فەیسەڵییەوە دوورخرابۆوە لە ناوچەی بارزان و لە شاری سلێمانییدا دەست بەسەرکرابوو، توانرا هەلومەرجێک بقۆزرێتەوە و ورەیەک بدرێتەوە بە بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کورددا، بەڵام جاران ئاسا بە پشتی ڕابەرێکی عەشایەریی و ئاییینییەوە. مەخابوونە کە لێرەدایە کە شۆڕشی نەتەوایەتیی کورد لە چەقێکی زانستیی و پڕ ئایدیۆلۆژیەتەوە درەنگ دەستی پێکرد و لەگەڵ دەستپێکردنیشیدا نەیتوانیوە خۆی لە هەندێ چەرمەسەریی کۆمەڵایەتیی ڕزگار بکات. بەتەمەنترین پارتی کوردیی هەتا ئێستا مابێتەوە و خەباتی بەردەوام بێت هەردوو پارتی " حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراق"ە، کە تەمەنیان 57 بۆ 58 ساڵ دەبێت، بەڵام ئەگەر ئێمەی کوردیش وەک پارتێکی ئەڵمانیی سۆسیال دیمکرات تەمەنی پارتێکمان 150 ساڵ بوایە ئاخۆ ئیمڕۆ تووشی ئەم هەموو گێرمە و کێشەیەی فیدڕالیزم دەبووین؟! بێگوومان نەخێر بەڵام ئێمە ڕوومان بووە بە ڕووی باروودۆخێکەوە دەبێت زۆر وریایانە و بە سەلیقەوە ڕەفتاری لەگەڵ بکەین، ئەو ڕاستیانەش بخەینە بەرچاوی خۆمان کە ئێمە لە زانستی کۆمەڵگادا ساڵانێکی زۆر دوور و درێژ بە دواوەین لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕمان بە خۆمان هەبێت کە ئێستاش بتوانین گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی خۆماندا بهێنین، کە فیدڕالیزم ناتوانێت مافە نەتەوایەتییەکانمان بپارێزێت، کە ئێمە نەتەوەیەکی گەورەین و جیاوازین چ لە عەرەب چ لە تورک چ لە فارس. خاوەنی خاکی خۆمانین و سەربەخۆییمان تاکە ڕێگەیەکە لە جەور و ستەمی داگیرکەران ڕزگارمان بکات. ڕزگارکردنی گەلی کوردیش ڕزگارکرنی مێژووی کوردە. هەر وەک ڕووناکبیر و سیاسەتمەنداری کورد " ئیبراهیم ئەحمەد" دەڵێ:

نە عەرەبم نە ئێرانییم

نە تورکێکی شاخستانییم

من نەگ هەرخۆم مێژووش ئەڵێ:
هەر کورد بووین و کوردیش ئەبین،

ئەمانە هەمووی قۆناغە سست و لاوازەکانی گۆرانی بزووتنەوەی ڕزگارییخوازیین، دروستبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕابەرایەتیی قازی محەمەدی نەمر و تێکۆشەر هەمانشێوە کاریگەرێتییە جەماوەریی و ئاییینی و عەشایەرێتییەکانیان بەسەرەوە بووە. ئێمە لە شۆڕشەکانی ڕابووردودا پێمان وابووە ئەگەر کەسایەتییەکی ناوداری عەشایەر و ئاییینی سەرلەشکری شۆڕشەکان یان پارتەکان نەبێت ئەوا جەماوەر ناباتەوە و سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. هەرچەندە ڕاوێژکارانی پارتەکان و زۆرییەی شۆڕشەکانیش خەڵکانی زرنگ و زانا و سیاسەتمەنداریش بووبێتن بەڵام خاڵی لاوازی خۆیان لەو هەڵسەنگاندنەدا داوە بەدەستەوە. هەتاوەکوو ئێستاش لەناو کۆمەڵگای کورددا ئەو باوەڕە هەر ماوە وەک پێویستیی ڕابەرایەتیی و کەسایەتییەکی ناسراوی عەشایەریی یان ئاییینی یان کۆمەڵایەتیی لە پێشەوەی ڕەوتی خەباتدا دابنرێت. بەڵام پێویستە ئیدی کار بۆ ئەو مەبەستەش بکرێت و کۆمەڵگەی کوردیش خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا ڕابهێنێت کە ڕابەرێک دەڕوات و یەکێکی دی دێتە جێگەی، سەرکردەیەک مەردێر "شەهید" دەبێت و یەکێکی دی دێتە جێگەی پێویست نییە چدی کۆمەڵگە پەیوەست بێت بە تاکە کەسێکەوە، چونکە ئەو کات هەموو هێز و توانای خۆمان ئەدەینە ئەو تاکە کەسە و بە لەناوچوونیشی ئێمە خۆشمان تێیدا دەچین، بە شکستبوونی ئەو ڕابەرە ئەو سەرکردە ئاییینییە ئەو سەرکردە سیاسییە ئەوا بزووتنەوەکەش خامۆش دەبێت. هەر لە لەدەستدانی ئیسماعیل ئاغای شکاکەوە و لە دوورخستنەوەی شێخ مەحمودی قارەمانەوە، لە لەسێدارەدانی سەید ڕەزای دەرسیم و قازی محەمەدی نەمر و شکستبوونی شۆڕشی ئەیلول و چۆڵکردنی گۆڕەپانی خەباتەوە بیگرە هەتا ئێستا تەماشا دەکەین هەرەمی بزووتنەوەی ڕزگارییخوازیی لەسەر نووکێکی تیژ ڕاوەستاوە و ڕمانی هەموو کات جێگەی سەرنجڕاکێشانە. بۆیە دەبێت جارێکی دیکەی تر ئاستی بیرکردنەوەی بەڕێوەبردنی شۆڕش و بزووتنەوەکان و داواکانی مافە نەتەوایەتییەکان بدرێتە دەستی کۆمەڵگە خۆی نەگ پارتێک و لایەنێک و کەسان و گرۆیەک بڕیاری لەسەربدەن. کۆمەڵگەش خۆی لەسەر ئەو ئاستە پەروەردە بکات کە زۆر شەیداییانە پەیوەست نەبێت بە ڕابەرەوە. چونکە بەردەوام داگیرکەران بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنەوەی شۆڕشە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد سەرکردەکانیان بەهەرشێوەیەک بووبێت خامۆش کردووین ، ئەو کات لەگەڵ سەرکردەکاندا کۆمەڵگەی کوردییش خامۆش بووە.
بۆ ئەم مەبەستەش مرۆڤی کۆمەڵگەی کوردیی پێویستی بە خۆپەروەردەکردنێکی نوێیە، دایک و باوکان منداڵەکانیان بەشێوەیەکی تر پەروەردەبکەن کە لە ئێمە نەچن هەر لە منداڵییەوە فێری ڕەخنەگرتن بکرێن، فێری دواندن لەسەر ئاستی ڕاستیی و ناڕاستیی دیاردەکان بکرێن، هەتاوەکوو ئەوانیش بۆ داهاتوو نەچنە ژێر کاریگەرێتیی ڕەفتاری گشتییەوە. فێربکرێن لە ئایندەدا چۆن وەک ڕۆشنبیرێکی کورد زاڵبن بەسەر ڕەفتاری گشتییدا؟

# زاڵبوون بەسەر ڕەفتاری گشتییدا:

ئەم زارەوەیە بریتییە لە خووگرتن و فێربوون لە کەسانی ترەوە، پێویستییەکی بنەڕەتیی کۆمەڵگایە بۆ پەرەپێدانی ژیانێکی پڕ هارمۆنیی، بەڵام هەندێجار دەبێتە هۆی پاشکەوتنی کۆمەڵیش. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ڕێگا لە هۆیەکانی ڕەفتاری بە کۆمەڵ بگیرێت. ئەو ڕەفتارە گشتییەی کە ویستی کۆمەڵ نییە و بەسەریدا ئەسەپێنرێت، کە ڕەفتارێکی نێگەتیڤی گشتییە. کۆمەل پێویستە بەشێوەیەک پەروەردەبکرێت کە تەنها لەسەر ئاستی بیرکردنەوە و سۆزەکانی خۆیەوە بڕیار لەسەر ژیانی خۆیبدات. پێویستە هەوڵبدەن نەچنە ژێر ڕکێفی خەڵکانی ترەوە وە بتوانن بە هۆش و سەلیقەی خۆیان بڕیار بدەن. بوارە سۆزەکانی کۆمەڵ و فشارە نادروستەکان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. پێویستە کۆمەڵ دژی خەڵکانی ملهوڕ و تەوژمهێنەرەکان خەبات بکەن بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی بە کۆمەڵ و ویستراو لەلایەن کۆمەڵ خۆیەوە. هەمان ڕەفتاری گشتیی هەتاوەکوو ئێستا زۆرییینەمانی لەسەر ئەو ئاستە ڕاهێناوە خاکی کوردستان بە کوردستانی ئێران و ئێراق و تورکیا و سوریاوە ببەستینەوە، وەک چۆن ئێستاش ڕەفتاری گشتیی وا دەکات خۆمان لەگەڵ فیدڕالیزمدا ڕابهێنین.

لەو ڕۆژەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی هێناوەتە ناو خاکی کوردستانەوە چاولێکەرانە خەڵکی کوردیش لەسەر بنەمای فەلسەفیی و ڕێباز و شێوازی فەرمانڕەوایانی یەکێتی سۆڤیەت، هەولوتەقەلای ئەوەیانداوە کە دەوڵەتێکی کۆمۆنیستیی دابمەزرێنن لە پێکرای ئەو گەل و نەتەوانانەی نێو دەوڵەتە داگیرکەرەکان. هەمیشە هەوڵی ئەوەیانداوە هەستی نەتەوایەتیی لەنێو ئەم گەلانەدا بتاسێنن و لەناویبەرن، پێیان وایە کە بیر و ئایدیۆلۆژیەتی نەتەوایەتیی بیرێکی بۆرژوازییە و لەگەڵ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی سەرمایەداریدا هاتۆتە کایەوە، بە نەمانی ئەم ئایدیۆلۆژیەتەش بیری نەتەوایەتیی لەناودەچێت. کۆمۆنیستەکان پێیان وایە، کە بیری نەتەوایەتیی بیرێکی کۆنەپەرستیی و بیری فاشیزم و جیاوازییخوازە، ئەم جیاوازییخوازەش دەبێتە هۆی لەتوپەتکردنی نیشتمانی پێکەوەیی پرۆلیتاریای ئەو نەتەوە داگیرکەرانەی کە خاکی کوردستانیان داگیرکردووە. ئەم ئایدیۆلۆژیایەی کۆمۆنیستییەت لە کوردستان دا بێجگە لە سڕکردن و تاساندنی بیروهۆشی نەتەوەیی هیچی دیکەی تێدا نابینرێت کە تۆزقاڵەزەڕڕەیەک بەرژەوەندیی بۆ گەلی کورد هەبێت، ترسناکی ئەم ئایدیۆلۆژیەتە ئەوەیە کە خانە بە خانەی بیر و هۆشی نەتەوەییی خەڵکی کوردیان داگیرکردووە، داگیرکردنێک بە شتنەوەی خانەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد. داگیرکردنێکی ناوەکی دەروونیی کە دەستی هانای لە دەرەوە کەم بۆ درێژدەکرێت. ئایدیۆلۆژیایەک کە وەک نارنجۆکێک لە ناوەوەی

خانەکانی بیر و هۆشی مرۆڤی کورددا دەتەقێتەوە، نەگ بەوەی دەیکوژێ بەڵکوو بەشێوەیەکی وەها هەلا هەلای دەکات کە هەر کووتە گۆشتێکی خانەیەکی بیرکردنەوەی  بە لایەکدا بڵاودەبێتەوە. ئایدیۆلۆژیەتی کۆمۆنیستیی تەنانەت کاریگەرێتیی خۆی بەسەر پارت و رێکخراوە رزگارییخوازەکانی هەموو بەشەکانی کوردستانەوە هەبووە، هەر لە رۆژی دروستبوونیانەوە هەر یەکێکیان کلک و پاشکۆی ئێراق و ئێران و تورکیایان بە خۆیانەوە بەستووە. وەک پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا. تەنانەت لە داموەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕادیۆکانیاندا بەردەوام بانگەشەی دەنگی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئێراق و تورکیایانکردووە. داوای ئازادیی و مافی ئۆتۆنۆمییان بۆ گەلانی ژێردەستی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی خاکی کوردستانکردووە. پارتێکی کوردیی جگە لەوەی کە دەبێت خەبات بۆ ڕزگاریی خاکی کوردستان بکات، پێویستە بە هیچ شێوەیەک کلک و پاشکۆی ناوی وڵاتە داگیرکەرەکانی خاکی کوردستان بەخۆیەوە نەبەستێتەوە، وەک کوردستانی ئێراق و ئێران و تورکیا.

## کۆمەڵ بە دەهۆڵی چینایەتیی چینی دەستەڵاتدار هەڵدەپەڕێت:

بوونی دەوڵەت بوونێکی مێژیینەیە و تەنها لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا نەبێت، دەوڵەت بوونی نەبووە. هۆکارەکانی گەشەکردنی کۆمەڵ وەهایکرد کە دەوڵەت بوونی هەبێت بۆ پاراستنی ڕێکخستنی کۆمەڵ لە کۆی چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییدا. قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵیش وەهای کرد کە دەوڵەتی ڕاستەقینە تەنها لە کۆمەڵی خاوەن شارستانییەتدا بدۆزرێتەوە. لەپێش ڕۆڵی نوێدا چینی خانەدان "تانوپۆ" کە خاوەن کۆیلە بوون، پاشان ئاغای خاوەن زەوویی سەرداری کۆمەڵ بوون و هێزە دەوڵەتییەکانیان وەک سەرچاوەکانی سامانی کۆمەڵ داگیرکردووە. پاش گەشەکردنی کۆمەڵ بازرگانەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی دەوڵەت داگیربکەن، بەتایبەت لە چارەکی یەکەمی سەدەی شانزدەهەمیین دا. پاشان لەسەردەمی کلاسیک و چەرخی ڕۆشنگەریی دا خەڵکانی ئاسایی  کە ئەرکی بەرهەمهێنان و کشتووکاڵیان لەسەر شان بوو هەوڵیاندەدا دەوڵەت بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. لە ژیانی مۆدێرنی ئێستادا کۆمەڵە پیشەسازییەکان زیاتر هەوڵی ڕاکێشانی دەوڵەت ئەدەن بەلای خۆیاندا تا دەست بخەنە ناو بوارە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە وەک لە چینی جوتیاران. پێش ڕۆڵی بەرهەمهێنانی دەزگایی و مەکینەیی، چینی دەستەڵاتدار بە کردەوە بەهۆی دەوڵەتێکی تەوژمهێنەرەوە داواکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵدا ئەسەپاند وە بەرهەڵستییەکانی کۆمەڵیان بەزۆر دادەمرکاندەوە. بێگوومان لەم

بوارەدا دەوڵەت دەبێتە دیکتاتۆر. پاشان لە چەرخی تازەدا شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان سەریانهەڵدا و کۆتایی هات بە دەستەڵاتی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی وەک ئەڵمانیای نازیی و ئیتاڵیای مۆسۆلۆنییدا. لە تازەترین قۆناغیشدا کە کۆتایی بە دەستەڵاتی فاشیزمانەی میلۆسۆڤیچ و تاڵەبانییەکانی ئەفغانستان و سەددام حوسەینی ئێراق دا هات. واتە قۆناغەکانی گۆڕانی دەستەڵاتی سەردارانی دەوڵەتیی بەرەوە قۆناغێکی دیموکراتیانە دەڕوات، کە کۆمەڵ خۆیان بە ویستی خۆیان ئەو دەوڵەتە هەڵبژێرن کە بوونیەتیان بەڕێوەدەبات. بەڵام چینی خاوەن دەستەڵات بەردەوام بە هێزی ڕامیاریی و ئابووریی خۆیەوە بە ناوی دیموکراسییەوە ڕەفتاری دیکتاتۆریانە دەکەن. بوونی دەستە و گرۆ ڕامیارییەکان و تەوژمهێنەرەکان و نەزانین و فریوودانی خەڵک ئەبنە هۆی ڕێگا خۆشکردنی دیکتاتۆریی و دیموکراتیی. وەک ئێستای ئێراق و کوردستان لە فریوودانی بە فیدراڵیزمبوونی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی تازەی ئێراق دا. لە وڵاتە زلهێزەکانی وەک ئەمەریکا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا دا هەرچەندە هەڵبژاردنی ئازاد و ئەنجوومەنیی هەیە، هەڵبژاردنی سەرکردەکانی هێزە بەڕێوەبەراتییەکانی کاروباری کۆمەڵ لە کاتی خۆیدا بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچێت، کەچی دەوڵەت ناوەڕۆکی چینایەتیی خۆی لەدەست نادات، ئەی باشە دەبێت چی گەرەنتیی بە ئێمەی گەلی کورد بدات لە داهاتووی دەوڵەتی ئێراقی تازەدا هەمانشێوە دەوڵەتێکی دیکتاتۆریی و دیموکراسیی نەیەتە کایەوە کە بەردەوام کۆمەڵ بە دەهۆڵی چینی دەستەڵات و سەرداری دەوڵەت هەڵنەپەڕێت؟

## ئەگەرەکانی جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی کورد لە ئێراقی تازەدا:

هەموو ئەگەری دڵەڕاوکێکانی کورد و ئەگەرەکانی سەرهەڵدانەوەی جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی نوێ لە ئێراقی نوێدا دەگەڕێتەوە بۆ متمانە پێنەکردنی دەوڵەتی ئێراقی نوێ. متمانە پێنەبوون لەمەڕ دووبارەبوونەوەی جینۆسایدێکی تری وەک کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و کۆکووژیی کورد، لەلایەن سەرانی تازەی ئێراقەوە. ترس لە ئەنفالێکی تر زۆرترین شوێنی بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردی داگیرکردووە. ئاخر ئەنفال تاوانێکی کەم وێنەیە لە جیهاندا، لە مێژووی مرۆڤایەتییەوە هەتا ئێستا هیچ تاوانێک نادێتە بەرچاومان، کە دڕندەیی تێیدا بگاتە قولەپێی ئەنفال. ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە ئەگەر بەسەر کورددا نەهاتایە، بەسەر هەر گەلێکی تری جیهاندا بهاتایە، هەتا ئێستا هەزاران ڕۆمان و فیلم و فیلمی دۆکۆمێنتاریی لەسەر دەردەکرا. دەبووە مێژوویەک نەگ بەتەنها خەڵکی کورد ساڵانە یادی بکاتەوە بەڵکوو دەبووە مێژوویەک ساڵانە سەراپای ویژدانی جیهانی دەتەزاند. ئەنفال تاوانێک بوو، هەر بەتەنها لە دەستەڵاتی زاڵ و فاشیزمی بەعسییەکان دەوەشایەوە.

## ڕەگی ئەنفال لە قورئاندایە، کە دەڵێ:

" یاسالونک عن الانفال الله والرسول فاتقوا الله واصلحوا ژات بینکم واطیعوا الله و رسوله ان کنتم مؤمنین"

سوورەتی ئەنفال "بەدر"ییە، چونکە ئەم ئایەتە لە ئەهلی بەدردا هاتۆتە خوارەوە. ئایەتی ئەنفال ئاگاداری مسوڵمانەکان دەکاتەوە، کە چاوبرسێتیی خوایان لەبیر نەباتەوە و لانەدەن بەلای دەستکەوتەکان دا. هەمانکات ئەو بەشانە باس دەکات، کە سیفەتی مسوڵمانە، باسی پاڵپشتییکردنی خودا دەکات بۆ مسوڵمانان لە شەڕی بەدردا.

## واتای ئایەتی ئەنفال:

1. جیاوازیی دەکەوێتە نێوان مسوڵمانانەوە لەبارەی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕەوە کە لە جیهاددا بەدەستیانهێناوە.

2. ئایا دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ مافی شەڕکەرەکانە، کە دەستکەوتیان بەدەستهێناوە یان مافی هەموو شەڕکەرەکانە؟

3. پرسیارت لێدەکەن ئەی محەممەد، ئەوە پێیان بڵێ: حوکمەکەی تایبەتە تەنها بە خوداوە و پێغمبەرەکەشی دابەشی دەکات. هەروەکوو خودا فەرمانی پێدەکات و بەبێ ئەوەی ڕای کەسی تێدا وەربگیرێت.

4. بۆتان نییە جیاوازیی بکەوێتە نێوانتانەوە لەسەر دەستکەوت کە ڕزقێکە خودا ی گەورە بۆی ناردوون بە میهری خۆی هەمانکات بۆی حەڵاڵکردوون. لە خودا بترسن واز لە جیاوازیی بهێنن کە تووڕەییی خودای لێدەبێتەوە.

## هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتی ئەنفال؟

لە شەڕی بەدردا ئەوکاتەی مسوڵمانەکان سەرکەوتن بەسەر بێباوەڕەکاندا، جیاوازیی کەوتە نێوان مسوڵمانەکانەوە لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ. پیرەکان لەکاتی شەڕدا بە ئاڵای ئیسلامیان بەدەستەوە بوو و بەرزاییەکانیان گرتبوو. گەنجەکانیش شەڕیان کردبوو و پاشانیش کەوتبوونە کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی شەڕ. لێرەدا پیرەکان دەچن بەگژ گەنجەکاندا و داوای بەشپێدانی دەستکەوتیان دەکرد. گەنجەکان گووتیان شەڕەکە ئێمە کردوومانە و ئێمەش سەرکەوتنمان بەدەستهێناوە. کەواتە ئەم دەستکەوتانە تەنها مافی ئێمەیە نەگ هی ئێوە. پیرەکان دەڕۆنە لای پێغمبەر و گلەیی و گازندەی خۆیان بۆ محەممەد دەردەبڕن. " سعد کوڕی معاذ" لە محەممەد دێتە پێشەوە و دەڵێ: ئەی پێغمبەر ئەوی خوا کردبووی بە بەربەست لە ئێمەی پیر هەتا وەک گەنجەکان نەتوانین دیل بگرین و دەستکەوتی شەڕ کۆبکەینەوە، ئەوە بوو ئێمە شوێنە بەرزەکانمان لە بێباوەڕەکان گرتبوو هەتا لەدواوە نەدەن بەسەر مسوڵمانەکاندا.

بەمشێوەیە هەموو کاتێک مرۆڤی کورد ئامادەی ئەوەیە شۆڕشێکی تر هەڵبگیرسێنێتەوە لەپێناوی ڕێگاگرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەنفالێکی تردا. هەلومەرجەکانی مامەڵەکردنی دەوڵەتی نوێی ئێراقیش کاریگەرێتییان لەسەر چۆنێتیی شۆڕشە نوێکانی کورد دەبێت. بێگوومان

هەلومەرجی دڕندانە و زاڵ و سەرکووتکەر، هەموو کاتێک شیاوی ئەوەیە ڕاپەڕینی چەکدارانە و شۆڕشی لێبکەوێتەوە. ئەم جۆرە ڕاپەڕینانە جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و توند و لە ناکاوە بۆ کۆتایی پێهێنانی ناسازگاریی و ناهاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتیی، لە کاتێکدا لە داهاتووی ئێراقی تازەدا ئەگەر هاتوو نەتەوەی عەرەبی سەردەست نەیتوانی بنیاتە هارمۆنییەکانی پێکەوە ژیان لەگەڵ نەتەوەی کورددا بپارێزێت. بێگومان جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی جۆرینەیە مەرج نییە هەموو کات جوڵانەوە شۆڕشگێڕانەکان توند و تیژ بن، بەڵام مێژوو بۆ ئێمەی گەلی کوردی سەلماندووە کە ئێمەی کورد دوژمنانمان کارێکی وەهایان دەرهەق نەکردووین کە ئێمەش لە مێژوودا توانیبێتمان دژ بە نەتەوە سەردەست و داگیرکەرەکانی خاکی کوردستان شۆڕشێکی هێمنانە بکەین. لێرەدا لە داهاتوویەکی دوور یاخود نزییکدا هەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییش لە ئێراقی تازەدا سەرهەڵبدات لە جەمسەری کوردەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە کاریگەرێتیی نەتەوەییان لەسەرە و گۆڕانیان بەرەو شۆڕشێکی نەتەوەییی بەسەردادێت. چونکە ڕاپەڕینی ئارام و پلە بە پلە زۆرینەی جار لایەنێکی کۆمەڵایەتیی ئەکەنە نیشان و ئامانج بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان، هەندێجاریش بە پێچەوانەوەیە داوای گۆڕینی گشت کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن وە ڕەنگی چینایەتیی بەخۆیەوە ناهێڵێت. بەڵام ئەو ئەگەرانەی کە کۆمەڵگای کوردیی لە داهاتووی ئێراقی تازەدا هێناویەتە پێش چاوی خۆی، بەوەی جارێکی تر لەلایەن نەتەوەی عەرەبی سەردەستەوە نە چەوسێتەوە و زۆرداریی بەرانبەر نەکرێت و جینۆساید نەکرێت و مافە نەتەوایەتییەکانی پێشێل نەکرێت، هەمیشە ئێمەی کورد لە دڵەڕاوکێدا ئەژیین، ئێمە تازە بە تازە دوای تێپەڕبوونی زیاد لە پانزدە ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالدا باری دەروونییمان بەو ڕووداوانە بەرەو خراپبوون دەڕوات. ئێمە جاران لەتاو بەرەنگاربوونەوەی چەندین کارەساتی جەرگبڕ کاتی ئەوەمان نەبووە بیر لە چۆنێتیی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال بکەینەوە، بەتایبەت لە دوای ڕاپەڕینیش بەهۆی جەنگی ناهەقانەی ناوخۆوە هێشتا بەپێی پێویست لەگەڵ یادکردنەوەکاندا نەبووین، بەڵام ئێستا زیاتر لە جاران کاتمان هەیە تا بتوانین بە دڵ و بە گیان و بە مێشک و بە سەلیقە ئەو قۆناغە خوێناوییانە هەڵبسەنگێنین. بە چ ماف و یاسایەک من بتوانم باوەڕ بە نەتەوەیەکی سەردەستی عەرەب بکەم کە هەر هەمان ئەندامان و هاووڵاتیانی هەمان نەتەوە سەرباز و تەواریی و ئیستخبارات و قواتخاسەی هەمان دەوڵەت بوون، کە یەکە بە یەکەی ئێمەی گەلی کوردیان قاتوقڕ دەکرد. بیانووی ئەو خەڵکانە ئێستا ئەوەیە کە ئەوان بەزۆری ڕژێمی بەعس ئەو کارانەیان ئەنجامداوە، بەڵام ئەمە بۆ منێکی کورد وەڵامێکی گونجاو و بە سەلیقە نییە. بۆیە هەرگیز من گەرەنتیی ئەوە بە خۆم نادەم لەژێر ساباتی فیدڕالیزمدا جارێکی دی مافە نەتەوایەتییەکانمان پێشێل نەکرێت. با قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵی کوردیی بازێک بەسەر فیدڕالیزمدا بدات و لەداهاتوویەکی نزیکدا بە هەڵوتەقەڵای سیاسەتمەنداران و دڵسۆزانی گەلی کورد داوای سەربەخۆیی بوونی باشووری کوردستان بکرێت. با چدی پابەندی کوردستانی ئێران و ئێراق و تورکیا و سوریا نەبین. با چدی کەناڵە ئاسمانییەکانی کورد سات و کوردستان تیڤی هێند سەرقاڵی بەرنامەی هونەر و گۆرانیی عەرەبیی نەبن، با چ نەبێت ڕۆژانە ئەو لاپەڕە ڕەشانەی کە نەتەوەی عەرەبی سەردەست لە وڵاتی ئێراقدا تۆماریانکردووە بخرێتە

بەردەمیان هەر لەسەردەمی پاشایەتیی فەیسەڵییەکانەوە هەتا دوایی ئەژدەهاکەی بەغداد سەددام حسین. کە بە دڵنیاییەوە چەندیین دۆکۆمێنتی بەنرخ هەیە بە ڤیدیۆ لەبری ئەوەی کە ئێواران هەردوو کەناڵی کوردستان تیڤی و کوردسات خۆیان بە هونەری عەرەبەوە ماندوو دەکەن ئەو ڤیدیۆیانەیان بخەنە بەرچاو تا ڕێگە لە دووبارەبوونەوەیان بگرین نەگ هەر لە ئێستاوە بە برا گەورەی خۆمانیان دابنێین. ئەبێت ئەو ڕاستییانە ون نەکەین کە زۆرینەی جار مێژوو ڕووداوەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە، من لەو دووبارەبوونەوەیە دەترسم کە ئەمجارە هەتا سەرئێسقان ببینە دوژمنی نەتەوەی عەرەب. لە ماوەی 84 ساڵی ڕابووردی ئێراق دا هەر دەوڵەتێک هاتبێتە سەرکورسیی فەرمانڕەوایەتیی هەمان قەوانی بۆ نەتەوەی کورد لێداوەتەوە، کورد گووتەنی من دووبارە دەیڵێمەوە ئەوەی لە مشک بێت جەواڵ ئەدڕێت.

## نەتەوەی سەردەست:

شەرەفخانی بەدلیسیی لە مێژووەکەیدا بە ناوی "شەرفنامە"وە، دەیەژێت کە لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام محەممەدی عەرەبیی دا چەند کوردێک لە شاری مەدینە چوونەتە دیداری پێغەمبەر. ئەو چەند کوردەی، کە دیداری پێغەمبەریان کردبوو هەموو بەژن و باڵا کەڵەگەت و بەخۆ و بە پەیکەر بوون و جلەکانیشیان لە پێستی ئاژەڵ دوورا بوو، هەندێکیان کڵاوەکانی سەریان شاخی ئاژەڵی پێوەبووە. پێغەمبەر بە یاوەرێکی دەڵێ: ئەمانە کێن؟ یاوەرەکەشی وەڵام ئەداتەوە و ئەڵێ: ئەی پێغەمبەر ئەمانە کوردن. پێغەمبەر دائەچڵەکێت و ئەڵێ: خودایە ئەم نەتەوەیە قەت سەرنەخەیت، هەمیشە زەلیل و ژێردەستیان بکەیت، دەنا هەموو جیهان کاول ئەکەن. ئەم دەربڕینەی محەممەد وامان لێدەکات دیسانەوە چەند سەرنجێک بدەینە ئایین.

ئایین هەتاوەکوو ئێستا بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا بە یەکێک لە گرنگترین ڕێکخستنەکانی پلە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێرت هیچ سۆزێک هەتا ئێستا بە ئەندازەی سۆزی ئایین لە شوێن دانان لەسەر بیر و هۆشی تاکە کەس و کۆمەڵ کاریگەر نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاشەکشەی ئایینیی لەم چەرخەدا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، کاریگەرێتیی بۆسەر

جیهانی سێهەمیش هەیە.
لێرەدا ئاشکرا بوونی هەندێک لە نهێنیەکانی سروشت و گەشەکردنی ئاستی زانستیی و تەکنەلۆژیا و پیشەسازیی کاریگەرێتییەکی زۆری هەیە بۆ لاوازبوونی باوەڕی ئایینیی لە سەرتاسەری جیهان دا. بەهێزبوونی دەستەڵاتی دەوڵەتی زانستیی ئەبێتە هۆی ئەوەی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان زیاتر ئەرکە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ لە ئەستۆی خۆیان بگرن. بەو پێیە ئەو ئەرکانەی کە لە ڕابووردودا لەسەر شانی بنکە و بنیاتە نادەوڵەتییەکان بووە ئەگوێزرێنەوە بۆ سەرشانی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان. کەواتە لێرەدا ئایین ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان لە دەست ئەدەن و ڕۆڵیان نامێنێت.
زۆرییبەیجار کۆمەڵ یان تاک پرسیار لەوە دەکات ئایا ئایین لەگەڵ زانستدا ڕێکدەکەوێت؟ ئایا ئایین دژ بە زاستە؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە پەیوەندی بوونێک دروست دەبێت ئایا ئێمە ئەم پرسیارە ئاڕاستەی چ ئایینێک دەکەینەوە. ئەگەر ئایینێک لەسەر بناغەی هەڵسەنگاندنی خودا لەگەڵ مرۆڤ و هەست و بیر و هۆشیدا وەک بەرهەمی ئەو هەڵسەنگاندنە دابنرێت ئەوا ناتوانێت لەگەڵ زانستدا پەسەندبکرێت.
گەلی کورد لە سەردەمانی پێش هاتن و بڵاوبوونەوەیان لە سەدەکانی پێش زاییندا بۆ شوێنەکانی ئێستایان کە تێیدا ئەژیین ئایین و داب و نەریتیان ڕوون نییە. ئەوەی کە ڕوونە کە پێشتریش ئاگر و ڕووناکییان خۆشویستووە، وەک بوونیەتێکی خووی مرۆڤ کە لەو سەردەمانەدا تێکڕای گەل و نەتەوە جیا جیاکانی سەر ڕووی زەمین هەر یەکەیان بە پێی سەلیقەی خۆیان باوەڕێکیان بۆ خۆیان دروستکردووە و لە هێزێکی بێ کۆتا و بێ وێنە و نادیار نزیکبوونەتەوە و پەرستوویانە، کە ئێمەی کورد ئەو هێزە بە خودا ناو ئەبەین. قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ و مرۆڤ، پلە بە پلە لە بنکەی باوەڕ و لێکدانەوە نزیکبوونەتەوە هەر لە سەردەمی سەر هەڵدانی کۆمۆنە سەرەتایی و هەرەوەزییەکانەوە ئەم پرۆسێسی باوەڕ و ئایینە زیاتر تەشەنەی کردووە و کۆمەڵ خۆیان پێوە سەرقاڵکردووە، گەلی کورد مێژووی ناساندنی ئایین و بڕوای خۆی ئەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی "زەرتەشت" وەک سپیتمان و پێغمبەری ئایین و بیروباوەڕی خۆی. پێشتر ئێمە تیشکمان خستە سەرئەم باسە بۆیە لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات بەڵکوو هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی تر درێژە بە باسەکەمان بدەین.

## پلەکانی تێپەڕبوونی ئایین لە پێش ئیسلامدا:

1. بت پەرستیی
2. پلەی بە پیرۆزدانانی ڕواڵەتەکانی سروشت
3. پلەی شوێندانانی ئایینە ئاسمانییەکان " بێجگە لە ئیسلام"

4. پلەی تاک پەرستیی

بت پەرستیی بە شێوەیەکی گشتیی و بەرفراوانی لەناو عەرەب دا برەوی هەبووە، بەڵام کاتێک ئیسلام هات ئەم بارووددۆخەیان لێ تێکچوو. بەرفراوان بوونی دەستەڵاتی ئیسلام وەهایکرد، کە بەشێوەیەکی زۆر خێرا بتوانن چەقی دەستەڵات لە گشت هۆز و گەل و نەتەوە دراوسێکانی وڵاتی سعودی عەرەبیی بستێنن و بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. بەتایبەت لە دوای مردنی پێغەمبەر و هاتنی هاوڕێکانی محەممەد بۆ سەرکورسیی دەستەڵات هەر لە ئەبوبەکری سدیقەوە بیگرە هەتا عومەری کوڕی خەتاب. لە فەرمانڕەوایەتیی عومەری کوڕی خەتاب دا هێرشەکانی ماڵ وێرانی بۆ سەرخاکی کوردستان بە سەرۆکایەتی خالیدی کوڕی وەلید دەستی پێکرد. پاشانیش بۆ پشتگیری کردنی خالید، سەعدی کوڕی وقاص ملی ڕێگای نا بۆ کوردستان. خالیدی کوڕی وەلید کاتێک لەناوچەی دۆڵی بالیسان، کە ئیمڕۆ بە دۆڵی "ئەسحابە کووژ" ناسراوە تووشی شەڕێکی خوێناویی دەبێت لەگەڵ سووپای کورددا، هەمانکات لە ناوچەی مەرگە کووشتارێکی زۆریان لێدەکرێت بە شێوەیەکی وەها کە بە دەگمەن سەربازی ئیسلام بە زیندوویێتیی دەردەچن، کە خالیدی کوڕی وەلید خۆی یەکێک دەبێت لەو کەسانەی بە بێوەیی دەردەچن لە دەستی سووپای کورد. خالیدی کوڕی وەلید بە پەلە نامەیەک بۆ عومەری کوڕی خەتاب دەنێرێت و هەواڵی چۆنێتیی شەڕەکە بۆ عومەر دەگێڕێتەوە. خالید بۆ عومەر دەنووسێت، کە لەم ناوچەیەدا گەلێک هەیە زۆر ئازا و چاو نەترسن بەهیچ شێوەیەک دەرەقەتیان نایەین. عومەر بۆ وەڵامی نامەکەی خالید دەنووسێ، کە ڕێگای کڕینیان بگرێتەبەر هەوڵبدات بە پارە خەڵکانێک لەو گەلە بۆ لای سووپای ئیسلام ڕابکێشێت. یەکەم کەسێک کە پەیوەندیی بە سووپای ئیسلامەوە بکات نووسەرێکی ناو میرایەتییە کوردییەکەی ناوچەی مەرگەیە، کە پیاوێکی خوێندەوار بووە و عەرەبیشی زانیوە. کاتێک پاشا نامە بە نووسەرەکەی بۆ سووپای ئیسلام دەنووسێت، نووسەرەکە بەهیچ شێوەیەک وتەکانی پاشا نانووسێت، بەڵکوو ئەو پلانە دەنووسێت، کە چۆن پەلاماری ناوچەکە بدەن. بەم ناپاکییە سووپای ئیسلام توانی جارێکی تر هێرش بەرێتەوە سەرناوچەی دۆڵی بالیسان و مەرگە و داگیری بکات. ڕەفتارە نامرۆڤایەتییەکانی لەشکری ئیسلام بەشێوەیەکی وەها کەوتنە قاتوقڕیی نەتەوەی کورد، کە بە هیچ شێوەیەک لایان لە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کورد نەکردەوە. هیچ گرنگییان بە ناوەڕۆکی دڵ و دەروونی خەڵکی کورد نەدا، سەرەڕای ئەوەش ئەوەی کە دەکەوتە بەردەستیان لە گەنجینەی کلتوریی و مێژوویی و ئایینییەوە هەموویان بە بێ گوێپێدانە بنەما ڕەواییەکانی مرۆڤایەتیی سووتاند و لەناو برد. بەتایبەت دوای کووژرانی ئەبا عوبەیدوڵڵای جەراح لە شارەزووردا، کە ئێستا ئەو گوندەی تێیدا کوژراوە ناویان لێناوە عەبابەیلێ و خەڵکانێکی پڕ باوەڕ بە ئایینی ئیسلام دەچنە سەر گۆڕەکەیی و سەردانی دەکەن و بە پیرۆزی دەزانن، بەڵام هەر ئەو سەرکردە ئیسلامە بۆتە هۆی ڕژانی خوێنی هەزارەها کوردی قارەمان و نیشتیمان پەروەر. عومەری کوڕی خەتاب فەرمان بە سەعدی کوڕی وقاص دەکات، کە بە خۆیی و لەشکرەکەیەوە لە ناوچەی زەلمەوە بەرەو خۆر هەڵات بڕوات بۆ بە ئیسلام کردنیان. لە ناوچەی پاوەدا سەعد دەست دەگرێت بەسەر یەکێک لە پەرستگاکانی ئایینی زەردەشتییدا لەو

پەرستگایەکدا کۆمەڵێک پەرتووکی بەسوودی تێدا دەبێت کۆمەڵێک بەرگی دەستنووسی یەسنا و ئاڤێستای تێدا دەبێت. سەعد وەڵام بۆ عومەری کوڕی خەتاب دەنێرێت، کە گوایە چی لەو کتێبخانەیە بکات؟ عومەر لە وەڵامەکەیدا بۆ سەعد دەڵێ: ئەگەر ئەو پەرتووکانە شتی بەسوودیان تێدا بێت ئەوا ئێمە خۆمان لە قورئاندا هەمانە، ئەگەر خراپەشی تێدا بێت ئەوا چاکتر وایە بە زووترینکات لەناویان ببە و بیان سووتێنە. سەعد فەرمانەکەی عومەر بەجێدەگەیەنێت هەموو گەنجینە بەنرخەی نەتەوەی کورد کە مێژوویەکی دوور و درێژی باب و باپیرانمان لەگەڵیدا ماندوو بوون بۆ بەدی هێنانی داهاتووی شارستانییەتێکی لەبارتر و بەسوودتر بۆ کورد، سووپای ئیسلام بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی خۆیان لە چاوتروکانێکدا لەناویان برد. ئەوەی جێگەی سەرنجراکێشانە بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە، کە هەموو ئەندامێکی کورد دەشتێ شانازیی بە کورد بوونی خۆیەوە بکات، کە ئەگەر لە مێژووشدا ناوچەیەکیان داگیر کردبێت ئەوا ڕێکنەکەوتووە وەک مێژوو، کە کورد کلتور و داب و نەریتی گەلێکی تریان بەرەو نەمان بردبێت. بۆ نموونە هۆزی **گۆتیی**، کە لە سەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان پێکردن، بە کۆمەڵێکی هاونەژادیان وتووە کە لە ئازربایجانی ئێران و کوردستاندا ژیابێتن، ئەمانە چوارەمین کۆمەڵی هۆزەکانی ئەم ناوچەیە بوون، لە هەزارەی دووهەم و سێهەمدا ناویان دەرکردووە، زمانێکی سەربەخۆ و خاوەن ڕێزمانیان هەبووە بەناوبانگترین هێرش و دەستەڵاتی گۆتییەکان، کە لە مێژووی ئاسیای خۆرئاوای کۆندا باسکرا بێ هێرشی سەر نێوانی دوو ڕووبارە" میسۆپۆتامیا " کە 124 ساڵ فەرمانڕەوایەتییان کردووە، " ئاراپخا" کەرکووکی ئێستا پایتەختیان بووە لە دوای گرتنی شاری " سیپار" ی نزییک بابل پەیکەری " ئانونیت" کە خوای بابلییەکان بووە لەگەڵ خۆیانا هێناویانەتە ئاراپخا دایان ناوە، ئەم کۆمەڵە نەژاد و تووخمیان لە ئازیانێکە، کە سەرەتای شەپۆلی یەکەم کۆچکردنە لە ناوەندی ئاسیاوە. لە مۆزەخانەی " لۆڤەر" پارچە بەردێک هەیە کە بۆ سەرەتای زنجیرەی بابلییەکان ئەگەڕێتەوە 2000 ساڵ پ.ز لە پشتی بەردەکە نووسراوێک هەیە باس لە شاری" ئاراپخا" "کەرکووک" ئەکات. گۆتییەکان داب و نەریتێکی گەلێ تایبەتیان هەبووە کاتێک میسۆپۆتامیایان گرت هەموو یاسا کۆمەڵایەتی و دەوڵەتییەکانیان وەک خۆی هێشتەوە و پاراست بێ دەستکارییکردن، لە کۆتایی ساڵی هەزارەی سێهەمدا گۆتییەکان بە ویستی خۆیان ناوچەی سۆمەر ئەکەدیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ کەرکووک "ئاراپخا" بتەکەی سۆمەریشیان لەگەڵ خۆیان هێنا کە ناوی " ننجرسو" بوو بەم شێوەیە کەرکووک ناوبانگێکی گەلێ گەورەی دەرکرد. ئەمە یەکێکە لەو نموونانەی کە هەموو تاکێکی کورد پیویستە شانازیی پێوە بکات. " سەرچاوە 3،17"

یەکێک لە وتەکانی ئیسلام ئەوەیە کە دەڵێت: نابێت ئەو شوێنەی دەکرێت بە مزگەوت داگیر کرابێت و لە خەڵکیی زەوت کرابێت یان بە پارەی سوو کڕرا بێت. بەڵام ئەو مزگەوتانەی لە کوردستان دا دروستکران هەمووی پەرستگاکانی ئاییني زەرتەشت بوون و زەوتکران. سەربازەکانی ئیسلام دەستیانکرد بە مارەکردنی بێوەژنەکانی کورد. ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان لە شەڕی ئیسلامدا کووژرابوون. سەعدی کوڕی وقاص کۆمەڵێک عەرەبی ئیسلامی لە کوردستان دا بەجێهێشت بۆ زیاتر بەهێزکردنی ئاییني ئیسلام. هەوڵیدا ژنانێکی

زۆری کورد لە عەرەباکان مارە بکات و کوردەکان فێری عەرەبیی ببن. لێرەوە تـەعریب کردنـی نەتەوەی کورد دەستی پێکرد، لێرەوە سووکایەتی کردن بـە نـەتـەوەی کورد دەسـتی پێکرد ئـەو منداڵانەی، کە دایکیـان کـورد بـوو و باوکیـان عـەرەب لـە لایـەن عـەرەبـەکانـەوە بـە کـەم تـەماشـا کراون و هەمیشە چاوێکی سووکیان لەسەر بووە. سـووپای ئیسـلام ئـەوکاتانـەی، کـە چـەنـدیین وڵاتی دراوسێ و نەتەوەی ناعەرەبیان ئیسلام کرد بوو هەمانشێوە کێشەی عـەرەب و نـاعـەرەب لـە ئـارادا هـەبـووە. ئـاییـنی ئیسـلام ئـەو کاتـەی، کـە ڕەگ و ڕیشـەی خـۆی بـۆ هـەتـا هـەتـایی لـە ناوچەکەدا داکووتی و لای ئـەندامـەکانی ئیسـلام ڕوون و ئاشـکرا بـوو، کـە ئێسـتا گـەورەتـرییـن دەستەڵات ئەوانن، ئیتر بە ئاشکرا سـووکایەتییـان بـەو گـەلانـەوە دەکرد، کـە عـەرەب نـەبـوون و بوونەتە ئیسلام. لای عەرەبە ڕەگەزپەرستە ئیسلامەکان وا بوو، کە ئیسلام تەنها موڵکی عەرەبە و هیچی تر ئەوانەش، کە عەرەب نین و دەبنە ئیسلام دەبێت وەک نۆکـەرێک لـەنـاو دەسـتـەڵاتـی ئیسلامدا هەڵسوکەوت بکەن، نەگ کاری فەرمانڕەوایی و مووفتێتییان پێبدرێت. بۆ نموونـە" بـلال حەبەشی" چونکە عەرەب نەبوو بەردەوام کێشەی هەبوو لەگەڵ عەرەبە ئیسلامەکاندا. شۆڤێنێتی عەرەب لێرەوە سەری هەڵدا بنەماکانی تەشەنەکردنی شۆڤێنیەتی عەرەب لێرەوە ڕەگی داکووتـا. محەممەد پێغەمبەری ئیسلام بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشـانە، کـەوتـە گفتووگـۆ لـەگـەڵ ئیسـلامـە عـەرەبـەکانـدا بـۆ ئـەوەی لـە داهـاتوودا کێشـەی عـەرەب و نـاعـەرەب چـارەسـەر بکـات. لێرەدا وتەیەکی پێغەمبەر دێنینەوە بـە نموونـەی چارەسـەرکردنـی کێشـەی نێوان عـەرەب و نـاعـەرەب. پێغەمبەر دەڵێ:" یا ایها الناس ان الرب واحد والآب واحد و لیست العربیە باحدکم من أب ولا أم وانما هي اللسان، فمن تکلم العربیە فهو عربی" واتاکەی بـە کـوردیی دەڵێ: خـەڵکیینـە خـوا یـەک خوایە و باوک یەک باوکە و عەرەبێتیی هی هیچ کەسێکتان نییە: نە لـە باوکـەوە نـە لـە دایکـەوە: بەڵکوو عەرەبێتی زمانە، ئەوەی بە عەرەبی قسەی کرد ئـەوە عـەرەبـە. ئـەم قسـەیـەی محـەممـەد بنەمایەکی پتەوی شۆڤێنیی عەرەبە بۆ بە عەرەب کردنی گەلانی ناعەرەب. بۆ نەهێشـتنی کلتـوور و داب و نەریت و زمان و فەرهەنگی جیاوازی گـەلانـی دی. محـەممـەد دەیویسـت چوارچێوەی وڵاتـانی عـەرەبیـی بـە عـەرەب کردنـی گـەلانـی ناعـەرەب فـراوان بکـات. نـەخشـەکـەشـی لـە بڵاوکردنەوەی زمانی عەرەبییەوە بۆ نەخشاندبوو. ئەم سیاسەتە هەتاوەکوو ئێسـتا بـەردەوامیـی بەخۆی داوە لە پێناوی بەهێزکردنی دەستەڵاتی عەرەب و بەرفراوانکردنی نیشـتیمانی عـەرەبیی. " سەرچاوە 3،11"

هـەربۆیـە ڕەنگدانـەوەکـەی لـە خـاکی ئێـراق دا دەبینـین، کـە بـە زۆری زۆرداریـی بـە پلانـی ئیمپریالیزمی بەریتانیی لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە باشووری کوردستانیان پێوەلکان لـە پێناوی بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئینگلیزدا. لەوکاتـەشـەوە ڕژێمـە یـەک لـە دووی یەک هاتووەکانی ئێراق جەغت لـەسـەر بـەعـەرەب بوونی وڵاتـی ئێراق دەکـەن و بـە بـەشـێک لـە نیشـتیمانی عـەرەبیی دەزانـن و نایانـەوێت تۆزقاڵـەزەڕەیـەک چییـە لـەو نـەخشـەیـە گۆڕانکـاریی بەسەردا بێت. لە سەردەمانی ڕژێمی فاشیی بەعسـی عـەفلـەقیی لـەنـاوچوودا ئـەو ڕەفتارانـە بـە ئاشـکرا و ڕوون ڕۆژانـە مامـەڵـەیـان لـەگـەڵ کۆمـەڵگـای کـوردیی دا دەکـرد. قـەلاچـۆکردن و سووکایەتی پێکردن و جینۆسایدکردنی خەڵکی کورد بە هەموو جۆرە شێوەیـەک. شکاندنەوەی

نرخی مرۆڤی کورد گەیشتبۆ قۆناغێک، کە بەهیچ شێوەیەک مرۆڤ نەیدەتوانی ئەو ڕووداوانەی ڕۆژانە بە چاوی خۆی دەیبینێت لێکدانەوەیەکی لۆگیکانەی بۆ بدۆزێتەوە. ئایا لە پێناوی چیدا ئەم گەلەڕۆژانە بەم شێوەیەڕەفتاری نامرۆیانەی لەگەڵدا دەکرێت؟! تەنانەت ئەو کوردانەش کە ببوونە تاسەلێس و ئەڵقە لە گوێی عەرەبی بەعسیی هیچ جیاوازییەکیان نەبوو بۆ عەرەبی بەعسیی لەگەڵ ئەو کوردانەی، کە بە شاخەوە خەباتیان بۆ ڕووخانی ئەو ڕژێمەدەکرد. گرنگ ئەوەبوو لە ڕێژەی کورد کەم بێتەوە جا بۆ ڕژێمی فاشیی بەعس هیچ کێشە نەبوو ئەگەر پێشمەرگە بوایە یان جاش. حیزبی بەعس، کە سەرچاوەکەی لە سووریاوە هەڵقولا "مشیل عەفلەق" وەک دامەزرێنەرێکی چالاک لەو پارتە شۆڤێنییەتەدا ڕۆڵێکی باشی دەگێڕا لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەرتاسەریی عەرەب لە نیشتیمانی عەرەبیی دا. سەرەتا مشیل عەفلەق پارتەکەی لە سووریا لە حەوتی مارتی ساڵی 1947 دا دروستکرد. دیارە ئەم پارتەش سەرەتا لە یەکی مارتی ساڵی 1941 بە ناوی " الاحیاء العربی"یەوە دامەزرێنرا لە ساڵی 1963 وە، لە ئێراقدا بە ئاشکرا ڕێبازی خۆی بەرەو شۆڤێنیزم برد. لە وڵاتی ئێراقیشدا هەمانشێوە ئەو باڵەی پارتی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیزمیی هەمان هەڵسوکەوتی هەبوو لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەب دا، توانییان بە کوودەتایەک لە هەشتی شوباتی ساڵی 1963 دا فەرمانڕەوایەتیی ئێراق بگرنە دەست. لە سووریاش بەعسییەکان توانییان لە هەشتی مارتی ساڵیٚ 1963 دا بە کوودەتا دەستەڵات بگرنە دەست. هەردوو حیزبی بەعس لە قاهیرە لە 17.4.1963 دا کۆنگرەیەکیان لەگەڵ جەمال عبدالناسر بەست لەژێر ناوی" **میثاق الوحده**" دا، ئەم ڕێککەوتنەش بە تەنها بە تیۆریی و لەسەر لاپەڕە مایەوە و هیچی کارێکی پراکتیزەکردنی بەسەردا نەهات. جەمال ناسر زۆر بە توونديی بەرپەچی ڕەفتارەکانی حیزبی بەعسی ئەدایەوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکرد. لە 18.11.1963 دا "عبدالسلام عارف" توانی بە کوودەتا کۆتایی بە دەستەڵاتی بەعسییەکان بهێنێت. پاشان دەرکردنی باڵەکەی مشیل عەفلەق لە حیزبی بەعسی سووریادا بووە هۆی بەهێزبوونی باڵەکەی ناو عێراق. دیارە جەمال ناسر خۆی بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ سەربەخۆیی گەلی کورددا نەبووە هەمیشە هەوڵ و تەقەلاکانی بۆ دامەزراندنی ئێراقێکی عەرەبیی بووە، کە بکرێتە هەرێمێک لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبدا. بۆیە بەردەوام کێشەکانی گەلی کوردی بە کێشەیەکی نەتەوەیی تەماشا نەکردووە بەڵکوو وەک کێشەیەکی ناوەکی لەناوخاکی ئێراق دا. داوای دەکرد کوردەکان لە دەوڵەتی ئێراق دا مافی بەڕێوەبەرایەتییان هەبێت بەڵام لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراقی عەرەبیی دا. جەمال ناسر دەیویست هەموو هێزەکانی نیشتیمانی عەرەبیی بۆ شەڕی سەهیۆنیزم بەکاربهێنێت بۆیە بەردەوام داوای ڕاگرتنی شەڕی کوردی دەکرد. لە ڕێککەوتنەکەی کورد و دەستەڵاتی ڕژێمی بەعسییدا لە ئێراق لە بەیاننامەکەی یانزدەی ئازاری ساڵی 1970 دا جەمال ناسر بە گەرمیی پێشوازی لەم ڕێککەوتنە کرد. شۆڤێنیەتی عەرەب هەموو خانەکانی بیرکردنەوەی هەموو عەرەبێکی داگیرکردووە جا چ ڕاستەوخۆ چ نا ڕاستەوخۆ هەموو عەرەبێک خاکی ئێراق بە هەرێمێکی عەرەبیی دەزانێت لە کۆمارێکی یەکگرتووی نیشتیمانی عەرەبیی دا. هەرچەندە ئەم کۆمارە یەکگرتووە بوونی نییە وەک ژیربێژیی بەڵام یەکێکە لەخەونەکانی عەرەب کە لە

داهاتوودا بێتە دی. " سەرچاوە 11"
ئەم شۆڤێنییەتە لەناو بەعسییەکاندا زیاتر تەشەنەی کردووە، بیری بەعسێتی بیرێکی ڕاسیستانەیە و پابەندە بەوەی، کە نەتەوەی عەرەب نەتەوەیەکی زانایە و خاوەنی پەیامێکی زێڕیین و نەمرە بۆ هەموو جیهان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی ئەویش ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلام و پێغەمبەرە. ئەم ڕەفتارەش بێگوومان لە مێژە وەکوو میرات بۆ عەرەب ماوەتەوە و وەچە بە وەچە ئەوانیش ئەیگەیەنن بە دوارۆژی خۆیان. لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا، کە سەدەی شۆڤێنییەتی عەرەب بووە، کاتێک "ئەبوو موسلیمی خۆراسانیی" کە سەرکردەیەکی کورد بوو , لەشکری ئەمەوییەکان لە ناوچەی زێی گەورەدا ئەشکێنێ و کۆتایی بە دەستەڵاتیان دەهێنێت و خەلافەتی ئیسلام ئەداتە دەست عەرەبە عەباسییەکان. بەم شێوەیە دەوڵەتی عەباسیی لە نێوانی ساڵەکانی " 750 بۆ 1258" فەرمانڕەوایەتییان کرد هەتا هاتنی هۆلاکۆی مەغۆڵ دەستەڵاتەکەی لە بەغداددا شکاند. بەڵام بنەماڵەی عەباسی لە بنەماڵەی ئەمەوییەکان باشتر نەبوون لە ڕەفتارە شۆڤێنییەکانیاندا. کاتێک خەلیفەی عەباسییەکان " ئەبوو جەعفەر مەنسوور" بووە فەرمانڕەوا یەکەمیین چەپکە گوڵی بۆ پاداشتی کورد کووشتنی ئەبوو موسلیمی خۆراسانیی بوو. یەکێک لە هۆنەرە عەرەبەکان لە نێوانی ساڵەکانی 778 دا مردووە بە ناوی "ئەبوو دلامە"وە، بە هۆنراوەیەک وەڵام بۆ کورد ئەنێرێت لە کاتی کووشتنی ئەبوو موسلیمی خۆراسانیی دا و دەڵێ:
أبا مجرم. هل غير الله نعمة على   عبده حتي يغيرها العبد
أفي دولة  المنصور حاولت غدره  ألا ان أهل الغدر أباوک الكرد
"سەرچاوە 11"
مەبەستی ئەم ئەبوو دلامە ئەوەیە، کە ئەبوو موسلیم بە ئەبوو مجرم ناو دەبات واتە باوکی تاوانبار دەڵێ: ئایا خوا ئەوەی بە بەندەی خۆی بەخشیوێتی، گۆڕیوێتی تا بەندە بتوانێت بیگۆڕێ؟ واتە خوا مەنسوری گەورە کردووە، پاشان دەڵێ: تۆیەک، کە بەندەی خوایت ناتوانیت بچووکی بکەیت. تۆ لە دەوڵەتی مەنسوردا هەوڵی ناپاکییت دا، بێگوومان ڕاستە باب و باپیرانی کوردی تۆ ناپاک و بێ ویژدانبوون.
دیارە کورد مێژوویەکی دوور و درێژ بەرژەوەندییەکانی عەرەب و ئیسلامی پاراستووە بەڵام لە هیچ مێژوویەکی کۆن و نوێدا هیچ ئیسلام و عەرەبێک تۆزقاڵەزەڕەیەک بەرژەوەندییەکانی کوردیان نەپاراستووەو دانی خێریان بەکوردا نەناوە. لە ساڵەکانی 1095 بە دواوە دوای ئەوەی دەستەڵاتی ئیسلام کەوتەبەر پەلاماردانی کریستیانەکان لە هەموو ناوچەکانی ئیسلامدا بەتایبەت ئەو شوێنانەی دەستی کریستی ئەگەیشتێ کوشتارێکی زۆر  لە سووپای ئیسلام کرا بەتایبەت لە تەرابلوسدا. کریستەکان توانیان شاری قودسیش داگیر بکەن و بیکەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. ئەم هێرشانە بەردەوامیی بەخۆیدا هەتا هاتنی سەلاحەدینی ئەیووبیی، سەلاحەدینی ئەیووبیی لە ساڵی 1137 دا لە دایکبووە و لە ساڵی 1193 دا کۆچی دوایی کردووە. سەلاحەدین لە ساڵی 1178 دا بە لەشکرێکی گەورەی کوردەوە بەرەو فەلەستین ڕۆیشت و کریستەکانی لە قودس وەدەر ناو شکاند، هێشتا کوردەکان وازیان لە کریستەکان نەهێنا و دوایان کەوتن هەتا" دڵی پاشای ئینگلیز . ڕیچارد شێر" ناچار بوو ساڵی 1192 بۆ 1193

پەیمانی شەڕ وەستاندن ببەستێت لەگەڵ سەلاحەدین دا. سەرەڕای ئەم چاکەیەی کورد بۆ ئیسلام و عەرەب بەتایبەت کەچی هێشتا هەر بە چاوێکی دوژمنانە و کەم تەماشای کوردیان کردووە. لە پاداشتی ئەم کارانەی، کە کورد بۆ عەرەب و ئیسلامیان دەکرد شاعیرە شۆڤێنییەکانی عەرەب دەیان گووت: لە مار و دووپشک مەترسە بەڵکوو لە کورد بترسە کە خۆی کردووە بە عەرەب،

لا تحذر الحیە والعقرب   واحذر الكردی اذا استعرب

"سەرچاوە 11"

بە درێژایی مێژوو ڕژێمە یەک لە دووی یەک هاتووەکانی ئێراق بە ئاشکرا یان شاراوە شۆڤێنیی بوون و دژی بوونیەتی سەربەخۆیی کورد و دەوڵەتێکی کوردیی بوون. هەموو سەرانی ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەش هەمان ئایدیۆلۆژیەتی سەرانی ئێراقیان هەبووە و تێکۆشاون بۆ ئێراقێکی یەکگرتووی عەرەبیی. تاکە کەس لەناو عەرەبدا "معمر القزافی"یە کە لە یەکی ئەیلولیساڵی 1969 دا بە کوودەتا هاتۆتە سەرکورسیی فەرمانڕەوایەتیی. دیارە قەزافیی لە هاتنیەوە هەتاوەکوو ئێستا خۆی بە خوێندکاری جەمال ناسر ئەزانێت و ئەویش تێدەکۆشێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەب. معمر قەزافی تاکە کەسێکە لەناو عەرەبدا بە ئاشکرا دان بە مافەڕەواکانی کورددا دەنێت، ئەمەش بەس بە تەنها بیروڕایەکی تایبەتیی خۆیەتی و هیچی تر نا واتە معمر قەزافی وەک تاکێکی عەرەب قسە دەکات. ئەمەش شتێکی شازە بۆ کۆمەڵگای عەرەبیی. یەکێک لە هاوکارەکانی معمر القزافی بە ناوی " عبدالسلام جلود"ەوە لە کۆنگرەیەگدا، کە لە دیمەشق بەسترا بوو کە چەندیینەی نوێنەری عەرەب و کوردی لە پارت و ڕێکخراوەکان تێدا بوو ڕووی کردبووە کوردەکان و گووتبووی: ئێوە کورد عەرەبن، ئێستا بۆ ئێوە دەڵێن: ئێمە **کوردین؟** ئێوە ئێستا زۆردارییتان بەرانبەر دەکرێت بۆیە دەڵێن کوردین، دەنا هەرکات ئاسایش باڵی بەسەر ژیانی ئێراقدا ڕابکێشێت و ئێوە ئاسوودە بن ئەوسا دەڵێن: ئێمە عەرەبین. دیارە لەو ڕۆژەوەی بەعسییەکان لە ئێراقدا دەستەڵاتیان گرتبووە دەست هەرچی مامەڵەیەکی سیاسییان لەگەڵ کورددا کردبێت تەنها کات بردنەوە بووە بۆ خۆیان و چدی نا هەر لە ئەزموونەکەی یانزدەی ئازاری 1970ەوە هەتا ڕێککەوتنەکەی نێوان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بەعس لە ساڵی 1983دا. ئەو کات ڕژێمی فاشیی بەغداد، کە سەرقاڵی جەنگی ئێران بوو، هەوڵی دەدا هیچ نەبێت لانیکەم، کە یەکێتیی نیشتیمانیی لەو سەردەمانەدا تاکە هێزی گەلی کورد بوون، کە کاریگەریێتیی باشیان لەسەر ڕژێم هەبوو، بۆ ئەوەی پاڵ نەدات بە ئێرانەوە و لە پەنای ئێران دا گورزی خۆی لە ڕژێمی بەعس نەوەشێنێت. ڕژێم لەم ڕێککەوتنەدا توانی کاتێکی زۆر بباتەوە و کۆمەڵێک پلانی داڕێژراو بخاتە سەرسکەی بەڕێوەچوون و کاری پراکتیزەکردنی بۆ بکات. هەمان کات توانرا هەر لە ڕێگەی ئەم ڕێککەوتنەوە کۆمەڵێک ئەندام و لایەنگری سەربە یەکێتیی نیشتیمانیی لە ناو پۆلەکانی قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکاندا بەدی بکرێت و دەست بەستیان بکەن لە کوونجی زیندان و ونکردنیان توونند بکەن. هەمانکات هەلێکی باش بوو بۆ ڕژێمی بەعس، کە چەندیین پێشمەرگەی نەبەرد بە هۆی ئەم گەمەی کات بردنەوەیەوە گەشمردە بکرێن. لە ڕۆژانی هاتووچۆی نێوان سەرانی

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و حیزبی بەعسدا، ڕۆژێک نوێنەری بەعس " عزت دوری" دێت بۆ سەردانی بنکەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بۆ گفتووگۆ، ئەو نیوەڕۆیە چەند ئاژەڵێک سەردەبڕن بۆ عزت دوری و خواردنێکی باشیان بۆ ئامادە دەکەن. عزت دوری و پاسەوانەکانی هیچ لەو خواردنانە ناخۆن، کە هێزی پێشمەرگە بۆیان ئامادەکردبوون، عزت دەڵێ: من ئەم خواردنانە ناخۆم، مام جەلال پێی دەڵێ: ئەی حەزت لە چییە قوربان بۆت ئامادە بکەین؟ عزت دوری دەڵێ: حەزم لە خورمایە. دیارە ئەمەش هەر پێشتر پلانی بۆ کردبوو، کە یەکێ لە پاسەوانەکانی خورما لەگەڵ خۆی بهێنێت، پاسەوانەکەش دەڵێ: گەورەم من خورمام پێیە. عزت دوری دەست دەکات بە خورما خواردن و ناوکەکەشی لای هێزی پێشمەرگە بەجێدەهێڵێت. ئەم بیرەوەرییە پڕ ناسۆرە بەڕێز " سابیر کۆکەیی" لە ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو"دا باسی دەکات. " سەرچاوە 11،23"

ئەم دانووسەندنە هێندەی بەرژەوەندیی بەعسی تێدا بوو بەرژەوەندیی کورد و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی تێدا نەبوو. تەنها ئەوە نەبێت پێشمەرگەکانی یەکێتیی کەمێک هەوای شاریان هەڵمژی و بای باڵی خۆیان دا، بەشێوەیەکی گشتیی دانووسەندنەکە بەرژەوەندیی دەوڵەتی زیاتر تێدا بوو وەک لە هی کورد. بگرە ڕژێمی بەعس توانی لە ڕێگەی ئەم دانووستاندنەوە چەند کەسایەتییەک لە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی بۆخۆیٔ بکڕێت، وەک چۆن ئەو کەسانەی لەدوای پرۆسەی ڕزگارکردنی وڵاتی ئێراق دا، لەلایەنە مارینزەکانی ئەمەریکاوە، چەندیین فایلی ئەو کەسایەتییانەی سەرکردایەتیی کەوتنە بەرچاو. ئەو کاتانە ڕژێمی بەعس دەیانگووت " الكردی الجید هو الكردی المیت" ئەمە ئیتر لووتکەی شۆڤێنیەتی عەرەبی بەعسییە، کە ساڵانێکی دوور و درێژە ڕەگ و ڕیشەی خۆی لەناو عەرەبی ئێراقیی دا داچەقاندووە. بۆ ئەم مەبەستەش بە پەلاماردانی خاکی کوردستان لە باشووردا لەژێر ئاڵای ئەنفالدا بۆ سەلماندنی وتەکەی خۆیان، کە دەڵێن: باشتریین کورد کوردێکی مردووە. کەوتنە جینۆساید و قەلاچۆکردنی گەلی کورد لەم هێرشە دڕندانەدا 182،000 هەزار ژن و پیاو و کچ و کوڕ و لاو و منداڵ و پیریان بێ سەروشوێن کرد. کە ئەوەتانێ ئێستا لە دوای ڕووخانی دەستەڵاتی ئەو ڕژێمە شۆڤێنییەوە ڕۆژانە ئێسک و پروسکی ئەم قوربانییانە دەدۆزرێتەوە. ئەوەی شایانی باسە تێکڕای وڵاتە عەرەبییەکان پشتگیریی خۆیان لە هێرشەکانی ئەنفال دەکرد و بروسکەی پیرۆزباییان بۆ سەددامی دیکتاتۆر دەنارد. کچان و ژنانی کوردیان لە ڕژێمی بەعس یان بە دیاریی پێدەگەیشت یان دەیان کڕیی و لە ماڵەکانیاندا دەیانکردنە کارەکەر یان لە مەلهاکاندا دەیانخستنە گەڕ. ئەم بەڵگانەش زۆرییەنەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە لە ئەپڕیلی 2003 دا لە دەزگا سیخوڕییەکانی ڕژێمدا کەوتنە دەستی پێشمەرگەی کورد و بوونە بەڵگەی سەلمێندراو، کە ڕژێمی دیکتاتۆر چۆن ڕەفتاری لەگەڵ ژن و کچی کورددا کردووە. وڵاتی میسر یەکێکە لەو وڵاتانەی، کە خۆی جیا دەکاتەوە لە چەندیینەی وڵاتانی عەرەبیی تر خۆیان بە ڕۆشنبیرتر و بە پێشکەوتووتر دەزانن و لەسەر ئاستی جیهانیشدا بە وڵاتی کلتوور ناسراوە بەڵام مەخابن هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسی ئێراق دا نەبوو بەوەی، کە ئیمڕۆ بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە دەوڵەتی میسر چەندیینەی ژن و کچی منداڵی کوردیان لە

کارەساتەکانی ئەنفالدا کرپوەتەوە و لە مەلھاکاندا کاریان پێکردوون. " سەرچاوە 15"
ئێستاش لەم ئەزموونە پڕ مەترسییەدا، گەلی کورد کە ڕووی بووە بە ڕووی ڕیالێکی ئالۆزەوە، پێویستە بەردەوام ئەو ڕاستییانەمان لە بەرچاو بێت، کە نەتەوەی عەرەب بە درێژایی مێژوویان کوردیان بۆ مەبەستە گڵاوەکانی خۆیان بەکار هێناوە و هەر کاتێکیش کاریان بە کورد نەمابێت دەستیان کردووە بە سووکایەتیی پێکردنی و بە قەلاچۆکردن و جینۆسایدکردنی کورد. پێویستە گەلی کورد هەڵسوکەوتی خۆی بەرانبەر بە شۆڤێنیەتی عەرەب بگۆڕێ، گەلی کورد پێویستە بەردەوام ئەو ڕاستیانە بدات بە چاوی شۆڤێنێتی عەرەبدا جا گرنگ نییە عەرەبی هەر هەرێمێکی نیشتیمانی عەرەبیی بێت. پێویستە گەلی کورد چەقی قورسایی خۆی لەسەر مێزی بەرانبەریی عەرەب دا دابنێت، بێ شەرمکردن بێ سڵەمینەوە باس لە جیاکردنەوەی نەخشەی باشووری کوردستان لە وڵاتی دروستکراوی ئێراق بکات. زمانی دایکی کوردیی بە سەربەرزانە لە هەموو شوێنێکدا بەکار بهێنێت. ئەگەر عەرەبێک لە زمانی کوردیی تێنەگات هیچ کێشەی ئێمە نییە، پێویست نییە لەسەر ئێمەی کورد لەبەر خاتری عەرەبێک بە عەرەبی بدوێین. چونکە ئەوان بە عەرەبکردنی نەتەوەکان لە پێغەمبەرەکەیانەوە فێر بوون کە دەڵێ: ئەوەی بە عەرەبی قسەی کرد عەرەبە. گەلی کورد نە کارەکەری عەرەبە نە مل هوڕی ئیسلام.

# شەقامی کوردیی:

کە دەستەڵاتدارانی کورد، دەڵێن دژ وەستان بەرانبەر بە سیاسەتی سەرانی کورد، دژ وەستانە بەرانبەر مافە ڕەوا نەتەوەییەکانی کورد، بێجگە لە ڕاوەشانی سەرم، لە خەماندا چدیکەی تر شک نابەم لە داخاندا پێی بپەیڤم. ئەمە بۆچوونێکی هەڵە و مینێکە لەسەر ڕێگای ڕۆشنبیرانی کورد و جەماوەر دانراوە. ئەمە ڕاست نییە. چونکە هەرگیز دەنگی ڕەخنەی جەماوەر و ڕووناکبیرانی کورد لە دژی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان نەبووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە. ئیمرۆ گەل و دەستەڵاتی سیاسیی کورد ڕۆڵی دوو فەیلەسووف دەبینن. کە هەردووکیان لە دوو تیۆریی جیاوازدا کاردەکەن. دەستەڵاتی سیاسیی کورد فوندامێنتاڵیستانە سیاسەت دەکەن و داواکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کورددا دەسەپێنن، بە سەوز و زەردەوە بەبێ جیاوازیی. گەلیش پێچەوانەکەی خستۆتەگەڕ کە گەل دەیەوێت لە ڕێگای دیالۆگ و ڕیفۆرمێکی پڕ لۆگیکانەوە باوەڕ بە دەستەڵاتدارانی کورد بهێنێت کە تەنها سەربەخۆییی تاکە ڕێگای دەربازبوونی گەلی کوردە لە جەور و ستەمی داگیرکەران و چدی نا. ئێستا دەستەڵاتی سیاسیی کورد بەرانبەر کۆمەڵگای کوردەواریی دەستەڵاتێکی فوندامێنتاڵیستانەی پلاتۆنییە و کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستانیش سوقرات. دەستەڵاتی سیاسیی کورد بە پاساوی نەڕشتنی خوێن و نەبوونی هەلومەرجی گونجاو مامەڵە لەگەڵ چارەنووسی کورددا دەکات.

گەلیش دەیەوێت بیسەلمێنێت کە شتێک نییە ناوی مەحاڵ بێت. وەک چۆن سوقرات دەیویست بیسەلمێنێت کە خودا نییە. ئیمڕۆ ڕیفڕاندۆم سەردەمانەترین شۆڕشی ئارامی نوێی گەلەکەمانە، کە دەیەوێت بەبێ خوێنڕشتن و بەبێ بەکارهێنانی چەک، وەک کارایەکی مۆدێرن بێتە مەیدانی خەباتەوە و دەنگی ڕەوای بڕیاردانی مافی ژیانی خۆی بەرزبکاتەوە. دوێنێ ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 02.10.04 سەدانهەزار کەس لە خەڵکانی تێکۆشەر و خەباتگێڕ و هۆشیاری گەلەکەمان هاتنە سەرشەقامەکانی شار و دەنگی ڕەوای خۆیان بۆ خستنەگەڕی مەکینەی ڕیفڕاندۆم بەرزکردەوە و داوای ڕاپرسییان لە دەستەڵاتدارانی دەوڵەتی هەرێم کرد، کە گەلی کورد خۆی دەیەوێت بڕیار لەسەر چارەنووسی داهاتی خۆی بدات نەگ بەسەریدا بسەپێنن. مەخابن هەندێک لە تاکەکانی ناوکۆمەڵ هەتا ئێستا وەها لە ڕیفڕاندۆم گەیشتوون کە ببێتە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ڕامیارییەی ئێستا ئێخەی کوردستانی گرتووە، بە زمانێکی تر بڵێم ڕیفڕاندۆم وەک دەستەڵاتی سێهەم بخرێتەگەڕ. بەڵام هەرگیز ڕیفڕاندۆم نە دەستەڵات بووە و نە دەشبێتە دەستەڵاتێکی بەڕێوەبەر، بەڵکوو ڕیفڕاندۆم کارایەکە لە گەش و هەوایەکی دیموکراتییدا دەخرێتەگەڕ لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجێکدا. ئێمەی کوردیش چونکە کوردستان لامان ئامانجە دەبێت بیپێکین جا بە هەرنرخێک بێت. سەدان ساڵی ڕەبەق بە خوێن و بە قوربانیی و بە خەباتی چەکدارانە هەوڵی گەیشتنمان بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانمان داوە. ئیمرۆش بەردەوام لە ئەدمۆزفێرەیەکی تردا لە سەردەمێک و لە قۆناغێکی نوێدا لەگەڵ جوڵانەوەکانی شۆڕشێکی ئارامدا دەمانەوێت ئەو ئامانجەی سەدان ساڵە نەمانتوانیوە بیپێکین ئیمرۆ بە ئەنجامی بگەیەنین.

وەک سوقرات دەڵێت: پێویستە مرۆڤ بتوانێت جیاوازیی نێوان بۆچوونێکی هەستەکیی و ئامانج بکات. خودی ئامانج کارایەکە، کە دەبێت لە داهاتدا بێتە دی. چونکی ئامانج لێرەدا خاڵێکی پێکانە، دەبێت بیپێکیت. بۆچوونێکی هەستەکیی تێگەیشتنێکە لەوەی بەچ شێوەیەک تۆ لە مانای ژیان دەگەیت؟ کە هەستەکیی لە قووڵایی زانییندایە بۆ ناسیینەوە و بەستنەوەی شتەکان پێکەوە. ئیمرۆ پێویستە لەسەر هەموویەکێکمان بە هەموو توانایەکی خۆمانەوە پشتگیریی لەم شۆڕشە ئارامەی گەلەکەمان بکەین، بەبێ گوێپێدانە جیاوازیی بیر و بۆچوون و ڕەنگەکان. ڕیفڕاندۆم بێجگە لە شۆڕشێکی ئارام چ شتێکی تر نییە بمانەوێت بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆمان بەکاری بهێنین. ڕیفڕاندۆم نە پارتە نە ڕێکخراوە نە هیچ جۆرە کودەتایەک، بەڵکوو جوڵانەوەیەکی جەماوەریی ئاشتیخوازە لە ئەدمۆزفێرەیەکی دیموکراتییدا بۆ پێکاندنی ئامانجێکی نەتەوەییی کە مافی چارەی خۆی نووسینە. ئەوانی وا تێدەگەن کە بیانەوێت لە ڕێگای ڕیفڕاندۆمەوە بگەنە ئامانجێکی سیاسیی دەستەڵاتدارانە، ئەوا باشترە واز لە ڕیفڕاندۆم بهێنن و برۆن لە ڕێگایەکی ترەوە بە ئامانجەکانیان بگەن، چونکە ئامانجی ڕیفڕاندۆم لێرەدا چارەنووسی گەلی کوردە نەگ خودی خۆ.

# نەوەی نوێ و قەیرانی سەرۆکایەتیی:

خۆزیا ئێمەی کورد دەمانتوانی لە ئەدمۆزفێرەیەکی گونجاودا، کێڵگەیەک بە بیڵی خوێندن و هۆشیاریی بکێڵین و گوڵی گەنەراتسیۆنێکی " نەوە" نوێی تێدا بچێنین. زیاد لە نیوو سەدەیە، لەوڕۆژەوەی ئایدیۆلۆژیی بووەتە چرای دەستی کورد و لە شەوانی ئەنگوستەچاوی بندەستیی خۆیدا هەڵیدەکات، نەوە لە دوای نەوە هەموو بە سەمای هومان و ئازادییخواز و یەکسانیخواز و دیموکراتخوازەوە باوەش بە درەختی خەبات دا دەکەن. لەدوای دەوڵەتی مادەوە بەدەر لە چەندیین میرنشینی کوردیی لە مێژووری کورد و کوردستان دا شتێکمان بەرچاو ناکەوێت لە قەوارەی دەوڵەتێکی ئازاد و سەربەخۆی کورددا. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە هەوڵوتەقەلایەکی زۆر دراوە، سەردارانێکی زۆر ئەگەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش ناویان لێنەنابێتن ڕابەر یان پێشەوا یان سەرۆکی کورد، ئەوا خودی خۆیان بەو سیمبوڵەوە هاتوونەتە مەیدانی خەباتەوە. ڕاستییەکی تاڵ هەیە دەبێت هەموومان ددانی پێدا بنێن، کە لەماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئێستا کۆششکردن لەپێناوی بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکی کوردیی دا، لەلایە سەرانی کوردەوە بەدەر لە کارکردن بۆ بە خاوەنبوونی شانازیی و ڕێز و شکۆی خوددا بنەمایەک نەبووە بۆ ئەوان لەسەر بنچینەی دادپەروەریی و ئازادییخوازیی و سەربەخۆیی بوون دا کاری بۆ بکەن. ئەمجۆرە کارکردنە لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە پلاتۆن بە تیموکراسیی ناوزەندی دەکات. یەکێک لە ڕەوشتەکانی سەرانی کورد بریتییە لە ڕەوشی دیماگۆگیی، کە ئاسان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان فریوو دەدەن و بە دروشم و بەڵێنی درۆ و چاوبەستن هەم خەڵکیی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن هەم درێژە بە دەستەڵاتی سیاسیی خۆیان دەدەن. دەزگاکانی میدیا بە تەواوی بۆ پرۆژە سیاسییەکانی ئەمان تەرخان دەکرێت. ئەمجۆرە سەردارانەش چونکە لەسەر بنەمایەکی دۆگماتیکانە خۆیان پەروەردە کردووە، باوەڕیان بە گۆڕیین و گەشەکردن نییە. بەردەوام بۆ سەرکووتکردنی ڕەوشی ڕەخنە و شەقامی کوردیی، دەکەونە ناووناتۆرە دواخستنی خەڵکانی نوێخواز و شۆڕشگێر، ئەمەش یەکێکە لەو مەینەتییانەی خەڵکی کورد ئێستانێ تووشی هاتووە. کێشەکە لێرەدایە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەتا ئێستا لەژێر کاریگەریێتیی ئەم جۆرە شووناسەدان، کە نەوە بە نەوە دەگەیەنرێت بە دوارۆژی نەتەوەی کورد. ئەمەش یەکێکە لە گەورەتریین کارەسات، کە بەسەر کلتووری مەعنەویی " زانستیی، هونەریی، فەلسەفیی، هزریی" کورددا دێت. لە شۆڕشی ئەیلولەوە هەتاوەکوو ئێستا نەوەیەک لەدایک نەبووە، بتوانێت شوێنێک لەسەر ڕەوتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنگەریی لەسەر

کۆمەڵانی خەڵکی کورد دابنێت. نەوەکان کۆپی کۆنەپارێزەکانن، هەتاوەکوو ئێستا لەژێر کاریگەریێتیی نابێت و داب و نەریتی کۆن و ئایین و یاسا کۆمەڵایەتییە سەپێنراوەکاندان. هەمان شووناسی سیاسییەکانیان هەیە کە سەرداره خاوەن دەسته‌ڵاته زاڵه‌کان هەیانە. ئەگەر وانەبێت تۆ بڵێی له ماوەی سیی و پێنج ساڵی ڕابردوودا نەوەیەک نەبوویێت خاوەنی ئیرادەیەکی ڕیفۆرمیی بێت و بتوانێت گۆڕانێکی بنەڕەتی بە بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی کورددا و بە یاسا کۆمەڵایەتیی و ئاینییەکاندا بهێنێت؟! بەڵام لێرەدا بەتەنها دەسته‌ڵاتداران تاوانبار نین، بەڵکوو نەوەی نوێش تاوانباره بەوەی کە ملکەچکەری ڕەفتارەکانی دەسته‌ڵاتێکی زاڵ و چەوسێنەرە. ڕاسته مرۆی ڕۆشنبیر دەبێت لەپێشدا بچێت بەگژ دەسته‌ڵاتێکی سەرکووتکەر و زاڵدا، نەگ سەرزەنشتیی گەل بکات کە دەچەوسێتەوە و خەفە دەکرێت. بۆ ئەم بیردۆزەش فریدریش نیچە دەڵێ: دەسته‌ڵاتێکی زاڵ تەنها لەناو گەلێکی گێلدا دروستدەبێت. تۆ بڵێی کۆمەڵگای کوردەوارییش گێل بێت؟! ئەگەر گێل نییە بۆچیی لەوەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە مێژووی بنەماڵەی بارزانیی دەنووسرێتەوە و لەوەتەی هەشن خۆیان سەرداری ئەم پارتەن و بگرە ئێستاش خۆیان بە سەرداری کورد دەزانن، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک هەڵیبژاردبن؟! یان لەوەتەی شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر لە ژیاندا نەماون بەڕێز جەلال تاڵەبانیی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە؟! ئەو ڕۆژە نەوەیەکی نوێ لەدایک دەبێت، کە گۆڕانکارییەک بەسەر ئەم دەسته‌ڵاتە دیکتاتۆرییەدا بهێنرێت. ئەو ڕۆژە نەوەیەکی نوێ لەدایک دەبێت، کە چ وێنەی جەلال تاڵەبانیی و چ وێنەی مەسعود بارزانیی چدی وەک وێنەکانی سەددام حسین و ئەسەدەکان و حوسنی موبارەک بە هەموو بستە زەمیینێکی خاکی کوردستانەوە هەڵنەواسرێت. بەربڵاوبوونەوەی وێنە بەهەموو شێوەکانییەوە کارەکتەری مرۆی دیکتاتۆرە. مەخابوون لێرەدا ئەوەیە، کە خودی نەوەی ئیمرۆش لەسەر هەمان بنەمای دۆگماتیکانە پەروەردە بوون، ئەوان ڕۆڵەی پارتەکانن، نەگ ڕۆڵەی هزر و ڕۆشنگەریی، هەربۆیە پارتەکان هەمیشە پەلیان هاویشتووە بۆ ناوجیهانی نەوەی نوێ و بەوشێوەیە پەروەردەیان کردوون، کە خۆیان ویستوویانە. بۆچوونێکی هەستەکیی هەمیشە چەکی دەستی دەسته‌ڵاتدارانی کورد بووە، ئەمەش وەهایکردووە کە کورسیی دەسته‌ڵاتی خۆیانی پێبپارێزن. لەپێش هەمووشتێکەوە بەردەوام بابەت سەرەتا دروستکردنی شانازیی و ڕێز و شکۆی خود بووە، ئەوسا قسە لەسەر ئایندەی کورد و خاکەکەی کراوە. چونکە کوردستانیش لایان ئامانج نەبووە، بەردەوام بە پاساوی بۆچوونێکی هەستەکییانەوە، وەک نەبوونی زەمیینەی گونجاو بۆ ئازادکردنی خاکی کوردستان و خەڵکەکەی، دیسانەوە کوردیان خستۆتەوە بندەستی دەسته‌ڵاتی ئێراقی عرووبە. سەردارانی کورد بە بانگەشە، هەمیشە پشت و پەنای کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و ڕەنجدەران و هەژارانی کوردستان بوون، لێبەڵێ هەمیشە کار لە سیستێمێکدا دەکەن کە خەڵکانی نابەجێ بچنە سەرتەختی دەسته‌ڵاتداریی و دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر و هەژاران هەژارتر بن. هەربۆیە خەونی ڕەنجدەران و هەژرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە بە "یۆتۆپیا"ی کورد " یۆتۆپیا واتە شوێنێکی نەبوو، بریتییە لە بیروباوەڕی سۆسیال ئایدیالیستەکان". چونکە ئەو دونیایەی کە زەحمەتکێشانی کورد بەخەیاڵ بۆخۆیان چێکردبوو،

لەسای سەری دەستەڵاتدارانی کوردەوە دوورە لە ڕیاڵ. سەمەرە نییە کە بەڕێز نەوشیروان مستەفا، لە بەرگی پەنجەکان یەکتر دەشکێنن دەستنیشانی ئەوە دەکات کە هەموو تەمەنی نە مارکسیی بووە و نە باوەڕیشی پێی هەیە، لەکاتێکدا سەدان و هەزاران پێشمەرگە و ڕێکخستن و ئەندامانی کۆمەڵ، نەوشیروان مستەفایان بە ئیرادەی هێزێکی ڕۆحیی ڕەنجدەران دەزانیی. بۆ ئەوەی بتوانیین گۆڕان دروستبکەین پێویستمان بە دروستکردنی نەوەیەکی نوێیە. دروستکردنی ئەو نەوەیەش بە پلەی یەکەم ئەرکی سەرشانی خودی تاکەکانی کۆمەڵە پاشان نوخبەی ڕۆشنبیران و ڕووناکبیران و فەیلەسووفان.

لەمەڕ هەبوونی ئازادیی و ئایندەی کورد و هەبوونی دەوڵەتێکی کوردیی وەک خەونێکی هەمیشە زیندوو، بەردەوام ئەندامانی کۆمەڵانی خەڵکی کورد گفتووگۆیان کردووە. هەمانکاتیش ناکۆکیی نێوان دەستەڵاتداران لەسەر تەختی دەستەلاتدارێتیی. لەم هەلومەرجە ناسکەی ئێستای گەلەکەشمدا، ڕووداوەکان وەها دەکەن، کە قسەکردن لەسەر ئەم خەونە بە پێویستییەکی قۆناغەکان بناسێنم. لەیەکێک لە گفتووگۆکانمدا لەسەر هەبوونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان " تێبینیی دەربڕیینی ئەم دەستەواژەیە، مەبەست لە خودی بوونیەتی یەکێتییەکەیە نەگ پارتەکە" من دەمگووت: تەنها گۆڕانێکی ڕادیکالانە و چاکساز دەتوانێت ئەو دوو دەستەی باڵای فەرمانڕەوایەتییە ڕزگار بکات. ئەمەش ئەرکی سەرشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئەندامانی هەردوو پارتی ناوبراوە. لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیی خاکی کوردستان دا، کە چ سەرانی کورد و چ چەقی دەستەڵاتی بەغدادیش ناچار بکات مل بۆ داواکانی کورد کەچ بکەن. کورد ئامانجێکی پیرۆزی هەیە ئەویش سەربەخۆکردنی خاکی کوردستانە، هەربۆیە نەوەی نوێ پشت بە سانترالیزم و دەستەڵاتێکی سیاسیی خاوەن هێز دەبێت هەوڵی دروستکردنی سیستێمێکی کۆماریی کوردستانیی بدەن، چونکە تەنها کۆمارێکی کوردستانیی دەتوانێت پارێزگاریی ئاسایشیی نەتەوەییی کورد بکات و نەهێڵێت خاکەکەشی بەش بەش بکرێت و لێکبترازێت. دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە هۆی قەیرانی سیاسییەوە، دوو دەستەڵاتی فەرمانڕەوایەتیی پەیدابوو. لەگەڵ کڵپەسەندنی ئاگری شەڕدا، بە دەستووری پارت " حیزب" باشووری کوردستانیش بوو بە دوو کەرتەوە. هەرێمی ژێردەستەڵاتی زەرد و هەرێمی ژێردەستەڵاتی سەوز. ئاخر هەربۆیە کورد هەتا ئێستا نەیتوانیوە لەناو خۆیدا یەکێتییەک پێکبهێنێت، گۆڕانکارییە سیاسییەکانیش لە ڕوویەکی کۆمەڵناسییەوە تەنها وەک شەیدایی کۆمەڵایەتیی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا ڕەنگی داوەتەوە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە سەردارانێکی زۆر ئەگەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش ناویان لێنەنابێتن ڕابەر یان پێشەوا یان سەرۆکی کورد، ئەوا خودی خۆیان بەو سیمبوڵەوە هاتوونەتە مەیدانی خەباتەوە، هەریەکەشیان بە مافی ڕەوای خۆی زانیووە ببێتە خاوەنشکۆی کورد. ڕاستییەکی تاڵ هەیە دەبێت هەموومان ددانی پێدا بنێن، کە لە ماوەی سیی و پێنج ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئێستا کۆششکردن لەپێناوی هێنانەکایەوەی دەوڵەتێکی کوردیی دا، لەلایەن سەرانی کوردەوە بەدەر لە کارکردن بۆ بە خاوەنبوونی شانازیی و ڕێز و شکۆی خوددا بنەمایەک نەبووە بۆ ئەوان لەسەر بنچینەی دادپەروەریی و ئازادییخوازیی و سەربەخۆییبووندا کاری بۆ بکەن. بۆ نموونە ئەم

بارووdۆخەی ئێستا لە باشووری کوردستان دا  بۆتە هیوای گەشی گەورە و بچووکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریێتیی لەسەر کۆمەڵگای کوردەواریی هەیە. ئەم هەلومەرجە بووەتە شەیدابییەکی کۆمەڵایەتیی، ئەم شەیدابییە کۆمەڵایەتییەش، کە بە هۆی پارتە ڕامیارییەکانی کوردەوە بڵاوبۆتەوە وەک هەوەسێکی درێژخایەن، کە لەگەڵ هەست و سۆزدا زۆر بە قوڵیی تێکەڵ بووە، کات و کاری دەوێت هەتا کۆمەڵگای کوردەواریی و هزری سیاسیی کورد گۆڕانکاریی بەسەردا بهێنێت. هۆکارەکانی دروستبوونیشی دیارە پەیوەندییەکی پتەوی بە کۆنەپارێزییەوە هەیە، کە لەکاتی سەرهەڵدانی دیاردەیەکی تازەدا، کۆمەڵ زۆر بە قوڵیی سەرقاڵی دەبێت و خەو و خواردنی لێ تاڵدەکات و پەیوەست دەبێت بە دیاردە تازەکەوە. بۆ نموونە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کورددا، ئێمەی کورد لە باشووری کوردستان دا لە سەرەتای ساڵەکانی شەستدا تەنانەت بە مافێکی بەڕێوەبردنی " لا مەرکزی"ش ڕازی بووین، لە حەفتاکاندا داوای خودموختارییماندەکرد، لە ساڵی 1984 دا دیسانەوە لە ڕوانگەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە بە خودموختاریی ڕازییبووین، کە حیزبی بەعسی لەناوچوو ئەوەشی پێڕەوا نەبینین. لە ڕاپەڕیینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 دا دیسانەوە هەر لەسەر هەمان قەوان ئەڕۆیشتین، تا نزییکبوونەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کورد، چەندیین لایەن و پارتی کوردیی داوای دەوڵەتێکی فیدراڵییان بۆ گەلی کورد کرد. دیارە ئەم دیاردەیە ڕۆڵێکی تازەبوو لە بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کورددا، جەماوەری گەلی کورد داواکەیان بەدڵ بوو دەستوبرد پەسەندیانکرد. بەڵام هێشتا کارکردنی سیاسییانەی سەردارانی کورد ئەوەیان سەلماندەوە، کە پروپاگەندەکانی هەڵبژاردنیش تەنها گفت و بەڵێنی سەرلاپەڕە بوون و ڕێز و شکۆی کەسایەتیی پێش بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان کەوتن. کارکردنی بەمشێوەیەش ئەفلاتوون بە تیموکراسیی ناوی دەبات. گەلی کورد هێشتا لە قۆناغی شۆڕش و ڕزگارییدایە، بۆیە هەرگیز نابێت پارت و سەرانی کورد دیماگۆگیانە لەگەڵ جەماوەردا ڕەفتار بکەن. ئەوان کاتێک دەتوانن لەگەڵ جەماوەردا دیماگۆگ بن، کە نەتەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت و ئازاد بێت. دیارە ئەوکاتیش جەماوەر و ڕۆشنبیرانی کورد دەمی ڕەخنەیان لێدەکەنەوە و داوای گۆڕانیان دەکەن. لێبەڵێ ئێستانێ بەهیچ شێوەیەک قۆناغ قۆناغی دیماگۆگیی نییە بۆ کورد. ئاسان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان فریوودان بە دروشم و بەڵێنی درۆ و چاوبەستن لەلایەن پارتە کوردییەکانەوە، بێجگە لەوەی خەڵکیی بۆ لای خۆیاندا ڕادەکێشن و درێژە بە دەستەڵاتی سیاسیی خۆیان دەدەن، هیچ سوودێکی تر بە ئایندەی کورد ناگەیەنێت. دەزگاکانی میدیا بە تەواویی بۆ پرۆژە سیاسییەکانی ئەمان تەرخان دەکرێت، نەگ بۆ ئازادیی نەتەوەیەکی بن دەست و زۆرلێکراو. ئێستانێش لەبری ئەوەی پارتەکان کار بۆ ئایندە و سەربەخۆیی و یەکێتیی بکەن، هێز و توانای خۆیان لە قەیرانی سەرۆکایەتییدا دەخەنەگەڕ. ئەم ڕەگە ئەگەر بێتو لە قوڵایی بیرکردنەوەی سەراندا دەرنەهێنرێت، کورد ناتوانێت ڕەنگی دوارۆژی خۆی لەسەر زەویی دەستەڵات و سیاسەتی داهاتووی وڵاتی ئێراق دا بڕێژێت. سیاسەتمەندارانی کورد دەبێت لەپێناوی بەرژەوەندیی و ئاسایشی نەتەوەییی کورددا، لەژێرکاریگەرێتیی کەسایەتییە سیاسییەکانی ناوەڕاستی خۆرهەڵات دا بێنەدەر. پرۆسێسەکانیش هەموو دەروونیین، منداڵێک

که دەچەوسێنرێتەوە و زۆرداریی بەرانبەر دەکرێت، جا لەلایەن دایک و باوکانەوە بێت، یان منداڵانی گەڕەک، یان قووتابخانە، هەوڵدەدات تۆڵەی خۆی لەکەسێک یان شتێک بکاتەوە، کە دەستەڵاتی بەسەریدا دەشکێت. ئێمەی کوردی بن دەست خاوەنی دەستەڵاتی زاڵ و چەوسێنەرین، هەرچەندە ئێمە خەباتگێڕانە دژ بەو سیستێمانە شۆڕش دەکەین لە کوردستانی کەرت کەرتکراودا، لێبەڵێ دەستەڵاتە زاڵەکە شوێنێکی زۆری لەسەرمان داناوە. هەربۆیە ئەو شووناسەش لەناوماندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەمەش وەهای کردووە ئەکسێپتی یەکدیی نەکەین فەرمانەکانی یەکدیی پەسەند نەکەین. سەرۆکایەتیی لە کوردستان دا بۆ سەردارێکی کورد لە سنوورە نەتەوایەتییەکان دەرچووە، سەرۆکایەتیی بۆ تاکی کورد چۆتە ژێرکاریگەرێتیی داواکارییە غەریزەییەکانەوە. "ئیگۆ"ی تاکی کوردیش وەک سەردارێک وا خۆی فێرکردووە، کە دەبێت ئەو غەریزەیە تێر بکات. سەردارێکی کوردیش، کە وا ڕاهاتووە بە بەردەوامیی غەریزەکانی تێربکات، بۆیە بە هەرنرخێک بێت دەبێت بگاتە ئامانج، کە بێگوومان لە کاتێکدا تێرکردنی غەریزەکان بووە ئامانج مەترسیی لێدەکەوێتەوە و کەسەکە تووشی هەڵە دەکات. هەرکاتێکیش ئەمانە کەوتنە بەرچاو کەسی ناوبراو دەکەوێتە باروودۆخێکەوە، کە دەبێت بڕیار بدات. یان ئەوەتا دەبێت خۆی بدات بەدەستەوە و ڕایالیزمانە بیربکاتەوە و واز لە تێرکردنی غەریزەکانی بهێنێت، یان ئەوەتا ڕیاڵ ڕەتبکاتەوە و نەترسانە غەریزەکانی تێربکات. ململانێی نێوان داواکارییە غەریزەییەکان و فاکت " ئەمری واقیع" لە تەمەنیی منداڵییدا ڕەنگدانەوەیەکی تریان هەیە، چونکە منداڵەکە هیچ ڕێگایەک ناگرێتەبەر لەو دوانەی دەستنیشانمانکرد، بەڵکوو ململانێیەکی تر دێنێتە ئاراوە، کە هەردووکیان پەسەندن. منداڵەکە لەلایەک واقیعەکە ڕەتدەکاتەوە بە هاریکاریی چەند پرۆسەیەکی میکانیزمیی، هەمانکاتیش هیچ مەترسییەک پەسەند ناکات و ناشترسێت. لەلایەکی تریشەوە منداڵەکە ددان بەو مەترسییەی واقیعدا دەنێت و هەوڵی خۆ ڕزگارکردنیش دەدات لە مەترسییەکان. کەواتە منداڵەکە هەم داواکارییەکانی تێربوونی غەریزەکانی بەجێدەگەیەنێت هەم ڕێز لە فاکتیش " ئەمری واقیع" دەگرێت. قەیرانی سەرۆکایەتیش هەمان داواکاریی غەریزەکانی سەرانی کوردە لە پرۆسێسی بەرگرییکردندا. دابەشبوونی ئیگۆی کەسایەتیی سەرانی کورد لەم پرۆسێسی بەرگرییکردنەدا، هەم دەتوانن داواکانی غەریزەکانیان بەجێبگەیەنن هەم دەشتوانن ڕێز لە فاکت بگرن و زیانیش بە ئایندە و ئاسایشی نەتەوەییی کورد نەگەیەنن. لێرەدا دیسان دەگەڕێینەوە سەربنەڕەتەکانی یەکێتیی، کە ئێمە لەسەرەتای ئەم وتارەدا تیشکمان خستبووەسەر. بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لە قەیرانی سەرۆکایەتیی ڕزگاربکەین پێویستە ئامادە بین مل بۆ فەرمانەکانی سیستێمێک کەچ بکەین باشتر بێژم ئەکسێپتی فەرمانەکانی بکەین. با دابنێین ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان لە هەلومەرجێکی ناسکدایە و کورد دەبێت ئامادەی ئەوە بێت بونیادێک بۆخۆی پێکبهێنێت، ئەمەش بەوەی سیستێمێک لە گۆڕان پێویستە مل بۆ چەند یاسایەک کەچ بکات، لە کاتێکدا ئەو یاسانەش لە کوردستان دا خۆیان سیستێمن. کەواتە دیسانەوە دەبێت خاوەنی بونیادێکی یەکێتیی بین لەم یەکێتییەشدا خاوەنی یاسایەک بین بەپێی ئەو یاسایەش ڕێکوپێکییەک و ڕێکخستنێکی جیاواز پێکدەهێنین. لەم بونیادەدا یەکێتیی گۆڕانکارییە جیاوازەکان دەبێت گرنگییەکی زۆری پێبدرێت،

هەرئەو یەکێتییەش یاسای گۆڕانەکان پێکدەهێنێت. ئا بەم شێوەیە ئێمەی کورد دەشێت لە قەیرانی سەرۆکایەتیی ڕزگارمان بێت و یەکتریی ئەکسێپت بکەین، بەبێ ئەوەی زیان بە بونیادی یەکێتیی بگەیەنین. چونکە هەریەکەمان دەتوانین خاوەنی سیستێمی جیاوازی خۆمان بین، کە لێرەدا یەکێتیی یاسای ئەو گۆڕانانە دادەنێت. بەڵام مەخابن ئێمەی کورد بونیادەکەمان لەشێوەی پێکهێنانی ئەتۆمیزمدایە، چونکە ئەتۆمیزم هەوڵدەدات ئەو ڕەگەزانە پەرت پەرت بکات، کە کۆمەڵەیەک پێکدەهێنن. کەواتە ئێمەی کورد بۆ ڕزگارکردنی ئایندەی کورد و ئاسایشی نەتەوەیی کورد، پێویستە سیستێمێکی بونیادگەرانەمان هەبێت. کورد دەبێت جەغت لەسەر ئەوە بکات، کە کۆمەڵە جیاوازەکان لەیەکتریی نزیبک بکاتەوە، نەگ بە ناچاریی لەبەرئەوەی، کە جیاوازن بەڵکوو بەهۆی خودی ئەو جیاوازییانەیانەوە.

لە هەر کەرتێکی داگیرکراوی ئەم خاکە سووتەمەڕۆیەی کوردستان دا بێت. ئێمە پێویستمان بە نەوەیەکی نوێیە، سەرانی کورد بە هەموو مانایەکی ئەپستمییەوە دەکرێت پشتیان پێ نەبەسترێت. تەنها ڕیفۆرمێکی سیاسیی دەتوانێت ئەو دوو دەستەی باڵای فەرمانڕەوایەتییە ڕزگار بکات. ئەمەش ئەرکی سەرشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئەندامانی هەردوو پارتی ناوبراوە. ڕیفۆرمێک، کە پشت بە سانترالیزم و دەستەڵاتێکی سیاسیی دەرچوو ببەستێت، بێ گوێپێدانە هیچ جۆرە بەهایەکی مۆڕالیی و ناوچەیی و جیهانیی. ئەمەش لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیی خاکی کوردستان دا، کە چ سەرانی کورد و چ دەستەڵاتی سیاسیی سەرانی بەغدادیش ناچار بکات مل بۆ داواکانی کورد کەچ بکەن. کورد ئامانجێکی پیرۆزی هەیە ئەویش سەربەخۆکردنی خاکی کوردستانە، هەربۆیە دەستەی نەوەی نوێی ڕیفۆرمخواز پشت بە سانترالیزم و دەستەڵاتێکی سیاسیی دەرچوو دەبێت هەوڵی دروستکردنی سیستێمێکی کۆماریی کوردستانیی بدات، چونکە تەنها کۆمارێکی کوردستانیی دەتوانێت پارێزگاریی لە خاکی کوردستان بکات و نەهێڵێت بەش بەش بکرێت و لێکبترازێت، بە بەشکردنی دەستەڵاتی میرنشینانە و ناوچەگەرانە و خێڵگەرانە لە دوو یان چەند هەرێمێکی فیدڕاڵ ئاسادا. کاتێکیش پشت بە سانترالیزم دەبەستین پێویستە لەسەرمان ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین.

1. هۆشیاریی سیاسیی، چینایەتیی، کۆمەڵایەتیی، لەناو ڕێکخستنی ناوبراودا دەستەڵاتدار بێت.
2. کۆمیتەی ناوەندی ڕیفۆرمخواز دەستەڵاتی ڕابەرایەتیی بگرێتە دەست.
3. داڕشتنی بەرنامەیەکی گونجاو و یەکگرتووی نوێخواز و نیشتیمانپەروەرانەی 100% کوردستانیی.
4. کۆمیتەی ناوەند دەبێت چەندیین ئۆرگان و ڕێکخراو لەناو کۆمەڵدا بخاتە گەڕ، کە هەموویان سەر بە کۆمیتەی ناوەند بن. لە خوارەوە بۆ سەرەوە ڕێکبخرێت و کەمایەتیی مل بۆ زۆرایەتیی کەچ بکات لە بڕیارداندا.

## خەبـــــــــــــــات

مرۆڤێکی کورد لە هەرکات و سەردەمێکدا، کە دەبێتە پێشمەرگە ئەوا بە دڵنیاییەوە کاریگەریێتییەکی نەتەوەییی لەسەرە بۆیە دەبێتە پێشمەرگە. ئەم کاریگەرێتییەش سەرەتا لە هەست و پاشان لە هۆشیاریی نەتەوەییەوە سەرهەڵئەدات. ئەم هۆشیارییەش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بیر و باوەڕ و تێگەیشتنە، بەرئەنجامی باروودۆخەکانی ڕامیاریی و ئابوورییە، کە لەسەر بنچینەکانی نیشتیمان و باری دەروونیی و دابونەریت و زمان و چاولێکەرییە یەکگرتووەکانی کۆمەڵ ڕێچکە وەردەگرێت. لە بنچینەکانی سۆسیۆلۆگییدا هۆکانی دروستبوونی ئەم هۆشیارییەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرێتییەکانی چەوسانەوە و ناکۆکیی بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکان و جیاوازیی ئایین و بیروباوەڕ و زمان و دابونەریت و یاسا وێنەیییەکانی کۆمەڵایەتیی و داگیرکردن و قەلاچۆکردن و ڕەوشتە جینۆسایدیەکانی نەتەوەی سەردەست بەسەر نەتەوەی ژێردەستدا. ئەم هۆشیارییەش ئاوات و هیوای گۆڕینی کۆمەڵە بەرەو گەیشتن بە دوارۆژێکی باشتر بۆ ژیان. هەستکردنە بە چەوسانەوە و هەستکردنە بە هۆیەکانی دواکەوتن و ژێردەستەیی و ملکەچیکردن. ئاکاریش دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتییە بۆ دەردەکانی ژێردەستەیی و قەلاچۆکردن و دواکەوتوویی. ئەم بنچینانە پاڵنەری هەموو مرۆڤێکی سەرڕووی جیهانە بەرەو خەبات و تێکۆشان دژی نەتەوەسەردەستەکان لەپێناوی سەربەخۆییدا، بەتایبەت لەناو گەلی کورددا ڕەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی بەخۆیەوە بینیوە. هەزاران پێشمەرگەی دێرینی ئەم گەلە ئەو خاڵانەی سەرەوە وایلێکردوون، کە ڕووبکەنە خۆری ئازادییخوازانی وڵات. هەر لە تەمەنی لاوێتییدا پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی پارتێکی کوردییەوە بکەن.

لێرەدا بەچەند هەنگاوێک پێدەنێینە نێو ئەو پێگە کۆمەڵایەتییانەوە، کە کۆمەڵی کورد خۆیان تێیدا بینیوەتەوە لەسەردەمانی خەباتی سەختی شاخدا و ئێستاش بەردەوامیی بەخۆیداوە.

1ـ تاک: ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار **تایلۆفیلیی** بەکاریهێناوە و لە پەرتووکی دیموکراسییدا قوڵبوونەوەی زۆری لەسەرکردووە. ئەوەی شایانی باسە بەڵام زاراوەی تاک لە پەرتووکەکەی تایلۆفیلیی کۆنترە. تەنانەت خودی سوقرات گرنگییەکی زۆری بە ئازادیی تاکەکەس داوە. زۆرجار تاک دەچێتە ژێرکاریگەرێتیی سۆزەوە و زیان بە کۆمەڵ دەگەیەنێت. تاکەکەس دەبێت بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵ کار بکات. هەندێجار تاکەکەس لە کۆمەڵدا سەرهەڵئەدات کە بەتەنها بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی هەوڵئەدات لێرەدا خۆپەرستیی بەسەریدا زاڵدەبێت. هەندێ جاریش تاکەکەس لە کۆمەڵدا وەدەردەکەوێت، کە بە دڵ و بە گیان و بە هۆش بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵ تێدەکۆشێت و زۆرینەیجاریش گیانی خۆی لەوپێناوەدا لە کیسدەدات. نموونەش بۆ ئەمە شێخ عبدالسلام بارزانییە کە لە 01.12.1914 لە موسڵ بە دەستی ڕژێمی عوسمانلیی ئەو سەردەمە لە سێدارەدرا. عبدالرزاق بدرخان هەمانشێوە لە دوای ڕووخانی ڕووسیای قەیسەریی و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا لە گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتی تورکیا عوسمانلییەکان دەستگیریدەکەن و ڕەوانەی موسڵی دەکەن بۆ دادگاییکردن، بەڵام پێشئەوەی بگاتە موسڵ لە ڕێگا بە پلانێک شەهیدی دەکەن. لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا هەمانشێوە ئەنوەر و جەعفەر و شەهاب نموونەیەکی دیکەی تری مێژوویەکی تازەی گەلەکەمانن.

2. ڕەفتاری گرۆیی: ئەم یەکەیە لە کۆمەڵدا لە دووکەس یان زیاتر پێکهاتووە، کە بەهۆی پەیوەندییە دوولایەنییەکانەوە سەرهەڵئەدات. لەم پەیوەندییانەدا هاوئاهەنگییەک پێکدێت لەوانە گفتووگۆکردن، فێربوون و لێوەفێربوون، تێگەیاندن و لاساییکردنەوە. هۆی دروستبوونی گرۆ دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکیی.

1. جێبەجێکردنی فەرمانەکانی تاکەکەس.

2. لەپێناوی بەرفراوانکردنی تێکۆشانە کۆمەڵایەتییەکان.

زاراوەی ڕەفتاری گرۆیی، چۆنیەتی سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕیینە کۆمەڵایەتییەکان و چاکتریین ڕێگای قوربانیکردنی سەروسامان لە ڕێگای کۆمەڵدا نیشان ئەدات و بە کۆمەڵی ڕادەگەیەنێت. ڕەفتاری گرۆیی لە سەرەتای دروستبوونیدا خاوەنی یاسا و ڕێسای بەڕێوەچوون نییە، بەڵام لە پاشاندا بە تێپەڕبوونی کات بە هۆی پەیوەندییە دوولایەنیەکانەوە لەو ئاستەدا نامێنێ و ئەبێتە خاوەن ڕێکخستن و یاسا. وەک چۆن بەڕێز کاک سابیر کۆکەیی لە لاپەڕە148ی پەڕتووکەکەیدا بەشی یەکەم دەڵێ: بنکەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی بێجگە لە دوو دەستەکاغەزی کۆنکەن و دەستەیەک دۆمینە هیچی تری تێدا دەست نەدەکەوت. ئەمە یەکێکە لە قۆناغە سەرەتاییەکان لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەموو یەکێکی پێشمەرگە خۆی هەست بەولێپرسراویەتیە بکات، کە خۆی گۆشبکات و بەردەوام لە خۆدروستکردندا بێت. ئەگەر هاتوو ڕەفتار بەمشێوەیە نەڕوات بەڕێوە کەواتە ئەو پێشمەرگەیە بە مانای وشە هۆشیار نییە و ئامادە نییە بۆ دانانی بناغەیەکی هۆشیاریی نەتەوەییی و خەبات لە دڵ و دەروون و هۆشیدا. دیارە نەبوونی ئەم هۆشیارییە چەندیینەی جار لە ڕووخانی بیرکردنەوەدا چەندیین پێشمەگەی قارەمانی گەلەکەمانی ڕاپێچکردووە بۆ ناوبەرەکانی دوژمن و بوون بە پیاوی دەوڵەت و لە ئاکاریشدا هەر بە پلانی دەوڵەت لەناوبراون. هەندێکی تریان ڕێگەی بەربەرەکانێییەکی پڕ لاڕێیی دەگرنەبەر، کە زیان بە ڕۆڵەکانی دوارۆژی گەلەکەمان دەگەیەنێت. بەوەی، کە هەمیشە و بەردەوام تۆوی ڕق و کینە و دووبەرەکیی دەچێنێن، لەبری ئەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان فێربکەن چۆن یەکترمان خۆش بوێ؟ چۆن هەموومان فەرهادی شیریینی خاک بین، بێ بەرژەوەندیی تایبەت و پلان و فشارهاویشتن.

3. هاوئاهەنگی گرۆیی: هەرێمی کۆمەڵایەتیی کۆیەکی سەقامگیری نییە، جا لێرەدا ئەگەر هەرێمەکە جەماوەرێکی بچووک یان گەورەی هەبێت. هەر گرۆیەک خاوەنی چەند ئەندامێکە، کە گرۆ یان وردەگرۆی پێدەڵێن. ئەم خەڵکانەی نێو ئەم گرۆ و وردە گرۆیانە کە بچووکتریینیان تاکەکسە هەرگیز سەقامگیر نییە، بەڵکوو بەردەوام لە گۆڕاندایە کۆمەڵێک ئەندام دێن و کۆمەڵێکی تر دەڕۆن. ئەمەش لە پێناوی ئەوەدایە، کە گرۆی مرۆڤایەتیی بتوانێت ڕێکخراوی خۆی بپارێزێت و درێژە بە ژیانی خۆیبدات. بۆیە بەردەوام گرۆ ناچاردەبێت ئەندامە تازەکان لەگەڵ خۆی هاوئاهەنگ بکات و بۆ ژیانی بەکۆمەڵ ئامادەیان بکات. ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی، کە بەڕێز کاک سابیر کۆکەیی لە ژیانی خەباتی سەختی شاخ و ژیانی ئەوروپاشیدا هەتا ئێستا تێینەگەیشتووە، کە بۆچی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بە بەردەوامیی

ئاڵوگۆڕی به لێپرسراوانی تیپەکان و بەتالیۆنەکان و کەرتەکان دەکرد. له کاکڵەبوونی هاوئاهەنگیی گرۆییدا ڕێگایەک خۆشدەبێت بۆ بەدەستهێنانی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی، کە بەهۆی دروستکردنی ڕووداوێکەوە، کە بتوانێ سەرنجی کەسانی تر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت ڕەنگدانەوەیان تێدا دروستبکات و هەستیان بجوڵێنێت. ئەمەش بۆ مەبەستی ئەوەیە کە خەڵکانێک ببنە کۆمەڵێک لە هەربارێکدا، کە خۆیان هەڵیدەبژێرن. لێرەدا شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی ئەو کارانەدا دروستدەبێت، کە ئازایانە لەلایەن کۆمەڵێکەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت لە پێناوی دروستکردنی ڕژێمێکی دیموکراسیی تازەدا. نموونەش بۆ ئەم تێڕوانینە ڕاپەڕیینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 ە.

**جیاکردنەوەی چینەکان:** دابەشکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی لە کۆنەوە هەتا ئیمڕۆ سێ تیۆری سەرەکیی کۆیکردوونەتەوە.

1. تیۆرییەکانی جیهانی کۆن: وەکوو یاساکانی حاموورابی لە بابل و میسرییەکان لە سەردەمی فیرعەونەکاندا و هیندییە کۆنەکان و یۆنانی کۆن و ڕۆما.
شیکردنەوەی ڕەچەڵەکەکانی کۆمەڵگا لە یۆنانی کۆندا چەندیین کەس قوڵبوونەوەی لەسەرکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا "ئەفلاتوون" لەوبوارەدا لە هەموو فەیلەسوفەکانی دیکەی تر لەبەرچاوتربووە. ئەفلاتوون لەسەر بچینەکانی هێزی دەروونی مرۆڤ و لە تێڕوانینی دابەشکردنی کارەوە کۆمەڵگای بەسەر چەند دەستە و چینێکدا دابەشکردووە. وەکوو وەرزێرەکان و پیشەسازەکان و جەنگاوەرەکان و سەرۆکەکان.
2. تیۆری ئیسلام: لەلای کۆمەڵگای ئیسلامیی کۆمەڵ بە گوێرەی دەرامەتە ئابوورییەکان بەسەر هەژار و دەوڵەمەنددا دابەشدەکرێت. بەڵام لەسەردەمی " عهد الاشتر" دا چین و توێژی جیا جیا هاتەکایەوە.
3. تیۆری ماتریالیزم: لەسەر بنەماکانی پەیوەندیی بە پرۆسەکانی بەرهەمهێنانەوە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی بەسەر چەند چین و توێژێکەوە دابەشدەکەن. لێرەدا بە پێی تیۆریی مارکسییەت و لینینییەت هەموو کۆمەڵگایەک لەم جیهانەدا لەسەر بناغەی کار و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بەشێوەیەکی سروشتیی بەسەر چەند چیین و توێژاڵێکی کۆمەڵایەتیی دا دابەشدەکرێت. ئەو چینانەش لە نێوان خۆیاندا خەبات دەکەن لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییە تایبەتییەکانی خۆیاندا دەستگرتن بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەت دا.
خەباتی چینایەتیی لە ئەنجامی ئەشکەنجە و ستەمی کۆمەڵایەتییدا دێتەکایەوە، ئەو خەباتەش لە نێوانی چینە چەوساوەکان و چەوسێنەرەکاندا قەوارە وەردەگرێت. بە پلەی یەکەم جوتیارەکان و دەرەبەگەکان و کرێکاران و بۆرژوا و سەرمایەدارەکان. لە هەرکۆمەڵێکدا بەپێی پلەی گۆڕان و گەشەکردنی باری ڕامیاریی و ئابووریی و فەرهەنگیی سەردەردێنێت و گەشەدەکات، تا ئەوکاتەی ئەم جوڵانەوەیە دەگاتە ئاستی ناڕەزایی دەربڕیین و خۆپیشاندان و دامەزراندنی ڕێکخراو و بەربەرەکانیکردنی نەتەوەی سەردەست و چەوسێنەران پاشان ئاست دەگاتە ئەوەی

تەقینەوە و تووند و تیژیی و چالاکی چەکدارانە بێتە ئاراوە لەپێناوی گەیشتن بە داهێنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیزمییدا.

بنەماکانی کۆمەڵناسیی لە شۆڕشی هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێویستە بایەخێکی پان و بەریینی پێبدرێت. من پێموایە هەموو ئەندامێک یان لایەنگرێکی هەر پارت و ڕێکخراوێک پێش ئەوەی پەنا بەرێتە بەر هەرسکردنی ئیدیۆلۆژیەتی لایەنەکەی پێوستە خۆی لەسەر بناغەگشتییەکانی کۆمەڵ ڕۆشنبیربکات تا بزانێت بۆ دەبێتە لایەنگر یان ئەندام و پێشمەرگە. دیارە ئیمڕۆ بارودۆخەکانی خاکی وڵات قۆناغێکی تریان بەخۆوەگرتووە، بەڵام لەسەردەمانی خەباتی سەختی شاخدا، من پێموایە ئەوە ئەرکێکی سەرشانی پێشمەرگە خۆی بووە لەو ئاستەدا خۆی دەوڵەمەند بکات و بەدوای سەرچاوەدا بگەڕایە بۆ خوێندنەوە یان هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە خوێندەوارییەکەشیان ئەو توانایەی نەبووە بتوانن سودێک بەخۆیان بگەیەنن.

هەر لە ساڵەکانی "1502"ەوە هەردوو دەوڵەتی عوسمانلیی سوننیی و فارسی شیعە گەلی کوردیان لەناوخۆیاندا کردووە بەگژیەکتردا و تۆی دوژمنایەتییان تێدا چاندوون. هەتا ئیمڕۆ دەستەڵاتداران و نەتەوەسەردەستەکانی داگیرکەری خاکی کوردستان هەموو جۆرە تەقەلایەکیان خستۆتەگەڕ لەپێناوی پەرەپێدانی ئەو ڕەوشتە نالەبەرەیاندا. ئیمڕۆ ئێمەی کورد زۆرییینەیجار بێئەوەی بەخۆمان بزانین بەو ڕەوشتە نالەبارەی دوژمنانمان سوود دەگەیەنین. دیارە ڕەخنە کارێکی دروست و پێویستە لە هەربوارێکدا مرۆڤ کاری بۆ بکات، کار وادەکات زۆرییینەیجاریش ڕەخنەی ڕووخێنەرانە بگیرێت لەپێناوی دروستکردنەوەی گونجاوتر و باشتردا. بەتایبەت کۆمەڵگای کورد کە یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی لە هەلومەرجێکی گەلێک چارەنووسسازدا هەڵوسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت.

ئەو کەسانەی دەبنە پێشمەرگە ئەگەر بنچینەیەکی پتەوی دەروونییان نەبێت، ئامادەشن ئەگەر هەلومەرجی پێشمەرگایەتیی لەگەڵیاندا نەگوونجا ببنە دوژمنی پێشمەرگە. سەرهەڵدان و چۆنیەتی پەیدابوونی کەسایەتییەک دەشێت لە زەمینەی کۆمەڵایەتیی دا پەیدابکرێت. ئەگەر مرۆڤ لە تەمەنی منداڵییدا بخرێتە ژێرچاودێریی و ڕێنوێنی زانایی و فێربوونەوە، ئەوا بۆ دواڕۆژ دەبێتە خاوەنی کەسایەتییەکی پتەو و لەسەرخۆ و فەرمانبەر. ئەگەر وانەبێت ئەوا بۆ دواڕۆژ تووشی لارێیی کۆمەڵایەتیی و تاوان دەبێت. مەڵبەندی بنەماڵەی ناجۆر ئەبێتە هۆی سەرهەڵنەدانی کەسایەتی وەیان وەدەستهێنانی کەسایەتییەکی دواکەوتوو. منداڵ لە تەمەنی باڵقبوون و هەرزەیی دا پتر لە هەر کاتێک لەژێر کاریگەرێتیی هاوکارانیدایە. لەم تەمەنەدا مرۆڤ پشت بەستن بە بنەماڵە و خێزان لەکیس ئەدات یان کەمدەکاتەوە و ڕوودەکاتە هاویارانی.

# بەزۆرکردن بە جاش و نۆکەری داگیرکەران یان نەبوونی هۆشیاریی نەتەوەییی؟

ئەو تاکانەی ناوکۆمەڵ، کە وەدەردەکەون و ناتوانن خۆیان لەگەڵ هاوئاهەنگیی گرۆیی دا بگونجێنن، کە نیشانەکانیان هەر لەسەرەتای ڕەفتاری گرۆیی دا دەردەکەوێت، ئەوسا بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەو جۆرە تاکانە ململانێی خۆیان لەگەڵ گرۆدا بەرجەستە ئەکەن. لەم بەرجەستەکردنەدا هەر لەو گرۆیەدا ئەو تاکە دەتوانێت کاریگەریتیی خۆی بۆسەر ئەو کەسانە بهاوێت، کە هێشتا ناکاڵان لە بڕیار و لە بیرکردنەوەدا. کەواتە ئەو کەسانەی خانەکانی هۆشیان بەپێی پێویست پڕکراوە نییە لە هۆشیاریی نەتەوەیی دا، بەئاسانیی دەتوانن بچنە ژێرکاریگەریتیی کەسانێکەوە، کە هاوئاهەنگیی گرۆییان نییە و ئامادەی لاڕێیین.
دیارە "ڕەفتاری گرۆیی" یەکەیەکە لە کۆمەڵدا لە دووکەس یان زیاتر پێکهاتووە، کە بەهۆی پەیوەندییە دوولایەنییەکانەوە سەرهەڵئەدات. لەم پەیوەندییانەدا هاوئاهەنگییەک پێکدێت لەوانە گفتوگۆکردن، فێربوون و لێوەفێربوون، تێگەیاندن و لاساییکردنەوە. هۆی دروستبوونی گرۆ دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکیی.
1. جێبەجێکردنی فەرمانەکانی تاکەکەس.
2. لەپێناوی بەرفراوانکردنی تێکۆشانە کۆمەڵایەتییەکان.
لێرەدا هەموو ئەو کەسانەی، کە نەیانتوانیوە لە ڕەفتارە گرۆییەکاندا خۆیانبدۆزنەوە، لەناو ڕیزەکانی هەر لایەنێکی سیاسیی کورددا تاوانەکەیان ناوەتە پاڵ سەرکردەکانی لایەنی ناوبراو، کە ئەوان هێند سووکایەتییان پێکردوون و تاوانیان خستوونەتە پاڵ ئەوانیش لەداخاندا بوونەتە هاوکاری حیزبی بەعسی فاشیی لەناوچوو. دیارە نەگ تەنها لەناو بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کورددا، بگرە لە زۆرینەی شۆڕشەکانی گەلانی ژێردەستی جیهاندا دەست تێوەردانی دوژمنکارانە و تێکدەرانە لەناو ڕیزەکانی خەباتدا هەبووە. گەلی کوردیش وەک هەریەک لەگەلانی دونیا بێبەش نەبووە لەو ئاڵۆزییە و لەو دەست تێوەردانە خراپەکارانە. حیزبی بەعسی فاشیی لەناوچوو لەوسەردەمانەدا بەهەموو شێوە چەکێک جوڵانەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کوردی دادەپڵۆسی. بە چەکی قورس و تانک و فڕۆکەی جەنگیی و کۆپتەر و گازی کیمیاویی و پلارە دەروونییەکان و جەختی ڕاگەیاندن و ترس و تۆقاندن و زۆرلێکردن هەوڵی نەهێشتنی نەتەوەی کوردی دەدا. هەمانکات بەچەندەها دەزگای سیخوڕیی و هەواڵگریی لەناو شار و گوند و هێزی پێشمەرگەدا مۆڵگەی خستبوو. سەردەمانێک وای لێهاتبوو کە سیخوڕایەتیی شانازیی پێوەدەکرا گەنجانی تازەپیاهەڵکەوتوو بە شانازییەوە دەمانچەکانیان بەلاقەدیانەوە ئەهێنایە خوارەوە و دەستێ جلی مغاویرییان ئەپۆشیی یان قەمسەڵەیەکی سەربازییان لەبەردەکرد. خەڵکانێک ئەوسەردەمانە، کە بەهەرنرخێک بووبێت توانیبێتیان ئەفسەرێکی ئاسایشی ناوشار یان لێپرسراوێکی سەربازیی حیزبی بەعسی لەناوچوو بانگ بکەنەماڵەوە بۆ نانخواردنێکی نیوەڕۆ یان ئێوارە، ئەوا بۆ سبەی ڕۆژ بەوپەڕی سەربەرزییەوە بە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا دەهات و ئەچوو بگرە وای هەستدەکرد کە لەو کاتەوەی فڵان کەسی بەعسیی لە ماڵەکەیدا بووە دەستەڵاتی زیادی کردووە. زۆرینەی ئەم جۆرە کەسانە خوشک یان دایک یان ژنیان یان هەرکەسێکیان لەو بانگکردن و نانخواردنانەدا لە خزمەتی بەعسییاندا بووە. هەندێک لەم جۆرە کەسانە هەر لە سەرەتای شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە لەلایەن حیزبی بەعسەوە خرانە ناو

ڕیزەکانی پێشمەرگەوە بۆ کاری هەواڵگریی، کە ئیمڕۆ بەوپەڕی مەخابوونەوە گەیشتوونەتە ئەوپەڕی دەستەڵات و کۆمەڵی کوردیش شازییان پێوە دەکەن و ئەوانیش بە کۆمەڵ کوردایەتیی دەفرۆشن.

# ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لە هێنانەدی خەونی دەوڵەتێکی کوردیی دا:

ئارتور شنیتسلەر دەڵێ: زانایی ژیان مانای ئەوەیە، هەمووشتێک کەم تا زۆر گرنگە، وەلێ هیچیان بە قورسیی وەرمەگرە. لەناو کۆمەڵگای کوردەواریی دا، زۆر شتن هەن، کە کۆمەڵ پێویستە گرنگییان پێبدات، لێبەڵێ هیچکامیان هێندە بە قورسیی نەگیراون. زاڵبوون بەسەر بەئەنجام نەگەیاندنی شتەکان دا، چێژی تەواوی لەوێدا بوونە. لەناو کۆمەڵگای کوردەواریی دا بەتایبەت لە باشووری کوردستان دا، بوون بەتەنها بوونیەتێکی بێفەڕ و بێکەڵکە، هەربۆیە بە بەردەوامیی بوون ناتوانێت هیچ کارێک بە ئەنجام بگەیەنێت. هیچ بارانی ناڕەزاییەک داینەکردووە و زریانی بەرەنگاریی بگەیەنێتە قولەپێی لووتکە. گەلێک ئازاد نەبێت چۆن دەبێت بە دەوڵەت؟ گەلێک ئازاد نەبێت چۆن دەتوانێت کێڵگەی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی بە ماشێنی هەست و هۆش بکێڵێت؟ خاڵی سەرەکیی لەناو کۆمەڵگای کوردەواریی دا بۆ سەلماندنی بوون لەوێدا بریتییە لە جوڵە. ئەوی جوڵەش بێت لەناو کۆمەڵگای کوردەواریی دا نییە، لە ڕووی ڕۆشنگەرییەوە بۆ سەلماندنی بوون. ئەگەر بوون لەوێدا وەک بەردێکی زل و زەبەلاح تەنها کاری قووتبوونەوە بێت و بێ جوڵە، ئەوا نەبوونی باشترە. باشترە هێندە شەق لەو بوونە هەڵبدەیت، هەتا سەرەوخول پێش خۆتی بدەیت و نەهێڵیت لەوێدا بمێنێتەوە. زۆرییینەیجار پرسیارێک قووتدەبێتەوە و کورد دەڵێ: هیچ ئاڵتەرناتیڤێکی ترمان نییە، باشترە بەم بارووەدۆخەی ئێستا ڕازیی بین، پێویستە لەسەرمان لەمپەڕی ناپاکیی هەتا ئەوپەڕی چینچێتیی هەردوو گەورە دەستەڵاتی سەوز و زەرد پەسەند بکەین. کە دەڵێین چینچێتیی مانای ئەوەیە، کە هەردوو لایەنی ناوبراو تەنها لووتکەی دەستەڵاتی چینێکی زاڵن، لەو چینەش تێپەڕێت هیچ کەسێکی دی لەناو ئەم دوو لایەنەدا خاوەنی دەستەڵات نین. ئاخر بۆیە کۆششی ڕۆشنبیران دەبێت تێکۆشان بێت دژی لووتکە. ئاڵتەرناتیڤ لە هەموو هەلومەرجێکدا دەبێت، یاساکانی

سروشت وەهایە، ئینستینکتی مرۆڤ هەمیشە زاڵبووە بەسەر کێشە سروشتییەکان دا. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت هەتا بوون و لەوێدا بوونی کۆمەڵگای کوردەواریی جوڵەی تێنەکەوێت میکانیزمیەتی ئاڵتەرناتیڤ ناکەوێتە سووڕان. ئێستانێ بوون لە کۆمەڵگای کوردیی دا بوونیەتێکی بێکەڵکە، ئەم بێکەڵکییەش زیان بە ئایندەی کۆمەڵگای مەدەنیی کورد دەگەیەنێت. کۆمەڵی کوردیی، کە دەیان ساڵی دەوێت لەژێر کاریگەرێتیی شووناسی بەعسییزم ڕزگاری ببێت، ئەگەر لە ئێستاوە سەرای ئەو بەرانبەرێنە خۆش نەکەن، بەدڵنیاییەوە یەک سەدەی تریش هەر ژێردەست و هەر خەفەکراو دەمێنێتەوە لە ڕووی هزریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و سیاسییەوە. جەنگی شەقامی کوردیی دەبێت جەنگ بێت دژی لووتکە. میتهۆدێکی نوێ بۆ گۆڕان بە نوخبەی فەیلەسووفانەوە بەرەو داهێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی و دیموکرات و ئازاد و سەربەخۆ. هەڵگەڕان بە شاخی دەستەڵات دا هەتا گەیشتن بە لووتکە، لە لووتکەشدا دەست بە ڕووخانی لووتکە کردن. ئاخر هەتاوەکوو لووتکەی دەستەڵاتی زاڵی چیینە زاڵەکان نەڕمێت ئاسایش و ئارامیی و ئازادیی لەدایک نابێت. کارڵ مارکس دەڵێ: چیینی زاڵ دەستەڵاتی زاڵ پەسەند دەکات، چیینی سەرکردایەتیی دەستەڵاتی ئیمڕۆی کوردیش بریتیین لە ئەندامانی چیینی زاڵ، هەربۆیە لە لووتکەی دەستەڵاتیانەوە دەستەڵاتێکی زاڵ دابەزیوەتە ناوژیانی کۆمەڵگاوە. فۆکۆ دەڵێ: دەستەڵاتی زاڵ وتاری زاڵ پەسەند دەکات، هەربۆیە کاتێک دەستەڵاتی سەوز و زەرد دەدرێنە بەرڕێژنەی ڕەخنە هاوار دەکەن و دەڵێن: ئێمە دەستمان زۆر درێژە. ئەگەر بوون جوڵەی نەبێت بۆ بوونە؟ ئەگەر شەقامی کوردیی نەبێتە پیاوێکی مەچک ئەستوور و بەسەر شاخی دەستەڵات دا هەڵنەزنێت بۆ لووتکە و تەپوتل گابەردی ئەندامانی چیینی دەستەڵاتی زاڵ فڕێنەداتە خوارەوە بۆچیی پێی دەڵێن شەقامی کوردیی؟ ئەگەر ڕەوتی ڕۆشنبیریی کوردیی لەلایەن دەستەڵاتی زاڵەوە خەفە نەکرابێت مانای چییە هەتا ئێستا دەستەڵاتی سێهەم قووت نەبۆتەوە؟ دەستەڵاتێک دیموکرات بێت نەگ چەقۆکێش، دەستەڵاتێک هومانیست بێت نەگ جەللاد، دەستەڵاتێک بۆ کورد بمرێت نەگ کورد بۆ مانەوەی خۆی بکووژێت. کەم ڕۆشنبیرمە ئیمڕۆ شەڕی لووتکە بکات، کەم نووسەرمە ئیمڕۆ سەری بەهای بوونی خۆی لە تەوالێتی مشتێ ئۆیرۆ و دۆلار نەکات. ئەگەر شەقامی کورد ئیمڕۆ سەرنەکەوێتە سەرلووتکە هەمیشە پانەوەبووی ژێر تەلاشەبەردی سەرەوژووری لووتکەیە. ئەگەر گەل لووتکە نەخوات، ئەو گەل دەخوات. ئەگەر بۆ قووتی دەمی "هەموو" دەست بە گەرووی تێری لووتکەدا نەکات، ئەو لە گۆی مەمکی دایکان شیری گەل بۆ قورقوراگەی نەوەکانی سوڵتان دەبات.

سەرچاوە 4،5 بەشی "بی"

بۆ ئەوەی بزانین ڕۆشنبیر کێیە، پێویستە سەرەتا لە هزری ماتریالیزمی ئەڵمانییەوە بڕوانینە ئەو کەسە. لە ماتریالیزمی ئەڵمانییدا سروشت دەبێتە جێگای کارکردن، نەگ مزگەوت و کەنیسە و پەرستگا. لەم ڕووەوە کارڵ مارکس لە کاپیتاڵەکەیدا ئێژێت: کار پرۆسێسێکە لەنێوانی سروشت و مرۆڤ دا. لێرەدا ئەرکی مرۆی ڕۆشنبیر دەچێتە قۆناغی یاخیبوون و ئانارشیستبوونەوە، بەرپەچی ژیانی ڕۆژانەی باوی کۆمەڵگا و دەستەڵاتی ئایینیی و یاسا چەوسێنەرەکانی کار و دەستەڵات دەداتەوە. خەڵکانێکی ناوکۆمەڵ ئەمجۆرە ڕۆشنبیرانە بە تێکدەر و ئاژاوەچیی ناوزەند

دەکەن، بێگوومان ئەمانەش باکگراوندێکی سیاسییان هەیە و بەرژەوەندیی لایەنە سیاسییەکانی خۆیان دەپارێزن. ئەمجۆرە ڕۆشنبیرانە تەنانەت ژیانی تایبەتیشیان نۆرماڵ نییە، بەتایبەت لە ژیانی دڵداریی و ژن و مێردایەتییدا هەمیشە لە کێشەدان. ئەو کەسانەی دڵداریی یان ژن و مێردایەتیی لەگەڵ ئەمجۆرە ڕۆشنبیرانەدا دەکەن، هەمیشە ژیانیان لە دڵەڕاوکێ و ترسدایە. کەسی بەرانبەر هەم ئەم ڕۆشنبیرەی خۆشدەوێت هەم لێشی دەترسێت هەم پێشی دەڵێت سەرلێشێواو و ئاژاوەچیی. چونکە ئەمجۆرە ڕۆشنبیرە دەبێتە مەترسیی لەدەستدانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەو. هەربۆیە بەردەوام لەنێوانی خۆشەویستیی و دڵەڕاوکێدا دەژیین و هەندێکجار واهەستدەکەن لەسەر لێواری باڵەخانەیەکی بەرز وەستاون و ترسی کەوتنەخوارەوەیان هەیە. ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە نەترسانە بە کۆمەڵ دەڵێ: ئەو چیی دەکات و چیی ناکات. باوەڕی بە چیی هەیە و باوەڕی بە چیی نییە. ڕۆشنبیر خزمەتی شتێک ناکات کە باوەڕی پێ نەبێت، جا ئایا ئەو شتە ئایینە یان ئیدیۆلۆژییە یان یاسایەکی کۆمەڵایەتییە. ڕۆشنبیر لەم بوارەدا بەپێی توانای خۆی گوزارشت لەگەڵ بۆچوونەکانیدا دەکات. ئەو خاوەنی چەکێکە کە داکۆکیی لە خۆی پێدەکات، چەکەکەش بریتییە لە بەردەوامیپێدان بە ڕەوشی بیرکردنەوەی خۆی و بەرزکردنەوەی دەنگی ڕەوای خۆی بە ڕووی کۆمەڵ و دەستەڵات و ئایین و .. هتد دا. ئەگەر هاتوو ڕۆشنبیر بۆی ڕێکنەکەوت لەناو خاک و نیشتیمانی خۆی دا بەردەوامیی بەم کارە بدات، بەهۆی هاتنە پێشەوەی مەترسیی بۆسەر ژیانی، ئەوا ئەم بێدەنگیی هەڵنابژێرێت و ناهێڵێت خەفەبکرێت، بەڵکوو خاک و نیشتیمانەکەی خۆی بەجێدێڵێت و ڕوودەکاتە تاراوگە. هەربۆیە زۆرجار تاراوگە دەبێتە لانکەی یاخیبوون بۆ ڕۆشنبیران. بەڵام وێڕای ئەم جۆرە یاخیبوونانەی ڕۆشنبیران، ڕۆشنبیری ناپاکیش هەیە، کە ئامادەیی کەوییبوونیان تێدا هەیە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان. بێگوومان گرفتی گەورەی ڕۆشنبیران ئەوەیە، کە ڕۆشنبیر دەستبەرداری دەستەڵاتی ئاکاری خۆی دەبێت و لەبەرژەوەندی ڕێکخستنی کۆدا وەک پشتگیرییکردن لە دەستەڵاتی تایفە و بنەماڵە و خێڵ و دەمارگیریی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی چینایەتیی دا پێنووسەکەی بەکاردەهێنێت. بێگوومان دەستەڵاتداران هەمیشە توانیوویانە ڕۆشنبیران بۆ خزمەتی خۆیان بەکاربهێنن و داوایان لێبکەن لەبەرژەوەندیی ئەو دەستەڵاتەدا بنووسن و بەگژ ڕەخنەگران و ناحەزانی ئەو دەستەڵاتەدا بچن بە پاساوی بەرژەوەندیی و شکۆی نەتەوەیییەوە. بەمشێوەیەش لێرەدا ناپاکیی ڕۆشنبیریی دێتەکایەوە وەلێ بەڵێ: ڕۆشنبیر کەسێکە دەتوانێت لە بەرانبەر دەستەڵاتدا قسەی هەق بڵێت. کە ڕۆشنبیر کەسێکە تووڕە و یاخیی و ئازا پێی وایە هیچ دەستەڵات و هێزێک لە جیهاندا نییە ئەو نەتوانێت ڕەخنەی لێنەگرێت. کەواتە ڕۆشنبیران نەگ چینێکی تایبەت بن لە کۆمەڵگادا، بەڵکوو داینەمۆی هەڵسووڕاندنی کارەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیین. ڕۆشنبیر ژیلەمۆیەکە، هەرچەند ببێتە هۆی گیروگرفت دروستکردن لەپێناوی دەرخستنی ڕاستیی و ڕسواکردنی دیووە خراپەکانی کۆمەڵ و دەوڵەت و سیاسەتی لایەنەکان ئەم زیاتر دەگەشێتەوە. بەڵام ئەوی ئیمڕۆ قەیرانێکی بەرفراوانی بۆ ڕۆشنبیرانی کورد دروستکردووە، ئەوەیە چەندیین ڕۆشنبیری کورد، پێشتر هۆکاری دروستکردنی قەیرانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و ئایینیی و .. هتد، بوون ئیمڕۆ

خۆیان لە قەیراندا دەژیین، چونکی ئەوان خاوەنی تیۆرییەکی پرینسیپیی بوون بۆ دەرخستنی دیووە دزێوەکانی دەستەڵاتداران، بەڵام ئیمرۆ بەپێچەوانەوە ئەو ڕۆشنبیرانە بوونەتە جێگای گلەیی و گازندەی خوێنەر و کۆمەڵانی خەڵک و هەمانکاتیش دەستەڵاتداران هەم یارییان پێدەکەن، هەم لە بەهایان کەمدەکەنەوە و ئەوان ڕەخنە لە ڕۆشنبیر دەگرن. ڕۆشنبیر دەبێت نوێنەری کۆمەڵانی خەڵک بێت و ڕاستیی لابێت، هەرچەندە ئیمرۆ لەم قۆناغەدا ئەو ڕاستییانەی لەلای مرۆی ڕۆشنبیر دەستدەکەوێت، لە هەگبەی کۆمەڵانی خەڵکییشدا هەیە. بگرە هەندێکجار مرۆی ڕۆشنبیر بەقەد خەڵکیی ئاگای لە ڕاستییەکان نییە. کە ڕۆشنبیر پرۆسێسی داهێنانی هزری خۆی لەگەڵ سروشتدا دەخاتە کار لەپێناوی بایەخدانە بە ڕاستیی و مرۆڤپەروەریی و ئازادیی و دادپەروەریی. بۆ ئەم کارەش پێویستی بە میکانیزمی دەستەڵاتە هەتا بتوانێت ڕاستییەکان ئاشکرا بکات. لەم ڕووەوە میشێل فوکۆ دەڵێ: ڕاستیی ناکرێت بەبێ ستراتیژ و میکانیزمەکانی دەستەڵات بوترێت و بناسرێتەوە. ئەوەی جێگەی مەخابوونە لەناو کۆمەڵگای کوردەوارییدا، ڕۆشنبیری کورد هێشتا نەیتوانیوە پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەنێوانی خۆی و دەستەڵاتیی سیاسییدا دروستبکات، ئەمەش وەهایکردووە کە دەستەڵاتدارانی سیاسیی ددان بە ڕۆڵ و دەستەڵاتی هزریی ڕۆشنبیردا نەنێن. ڕۆشنبیرانی کورد نەیانتوانیوە بەشداریی لە دارشتنی ڕای گشتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بکەن و کاریگەرێتییان لە دینامیزمی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی و برەوی مێژوویدا نەبووە. هەربۆیە مێژووی چەندیینەی ڕۆشنبیرانی کورد و مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشە هزرییەکانی خۆیان و ژیانی ڕیاڵدا، گەواهیی دۆڕان و پەراوێزبوونیانە لە جیهانی ڕۆشنبیرییدا. لە ئایندەشدا مەترسیی زۆرتر دێتەکایەوە بۆ بە پەراوێزکردنی مرۆی ڕۆشنبیر لە کوردستانی ئازادی بەزۆر بە ئێراقی داهاتووەوە لکێنراو. ئەمەش وادەکات کۆمەڵانی خەڵک باوەڕیان بە ڕۆشنبیر نەمێنێت و چدی وەک ڕابەری ئازادییخواز و یاخیی تەماشای نەکەن. کۆمەڵانی خەڵک خۆیان بەدووی ڕاستییەکاندا دەگەڕێن و پێویستیان بە ڕابەرێکی ڕۆشنبیر نامێنێت، ئەمەش بەهۆی کەوییبوون و هاتنەکایەوەی ڕۆشنبیری ناپاکەوە. ئەوی ئیمرۆ لەناو ڕۆشنبیرانی کورددا، بەدەگمەن درکی پێدەکرێت بریتییە لە ڕەخنە لە خود گرتن. دیارە ئەم ڕەخنەیەش دەبێت لە پێناوی ئامانجێکی دروستدا بێت، کە بریتییە لە ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی نێوان خودی خۆی و هزر و داهێنانی ئەو چەمکانەی دەیهێنێتە مەیدانەوە بۆ میکانیزمەکردنی. دیارە ئەم ڕووبەرە نادیارە، کە ڕۆشنبیری کردۆتە قوربانیی داهێنانە هزرییەکان پێویستە پێداچوونەوەی لەلایەن خودی ڕۆشنبیرەوە لەسەربکرێت و ڕەخنە لەخۆی بگرێت. ئەمەش بۆ ئەوەی پەیڤیینی ڕۆشنبیر لەمەڕ ئازادیی و یەکسانیی و مافی مرۆڤ بچێتە ناوڕای گشتیی کۆمەڵگاوە و لەلایەن ڕۆشنبیرەوە نەخرێتە پەراوێزەوە. کێشەیەکی تر ئەوەیە، کە دەستەڵاتداران هەتا ئێستا بەتایبەتی لە کوردستان دا هیچ بایەخێکی ئەو تۆیان بە ڕۆشنبیران نەداوە، ئەوەشی کە هەیە تەنها ئارایشتکردنی دەستەڵاتەکانیان و میدیاکانیانە. هەربۆیە ئەم جۆرە دەستەڵاتانە هەتا ئێستا نەیانویستووە و نایانەوێ ددان بە بایەخی دەستەڵاتی ڕۆشنبیردا بنێن، ئەمەش هۆی ئەوەیە، کە ڕۆشنبیرانی کورد نەیانتوانیوە پەیوەندییەکی چالاک و بەکێشان لەنێوان خۆیان و دەستەڵات دا دروستبکەن. بگرە دەوڵەت

توانیوویەتی یەکێتییەکی نووسەران دروستبکات، کە لە 100% بەرژەوەندییەکانی دەستەڵات بپارێزێت. یەکێتیی نووسەرانی زەرد لەلایەک و سەوز لەلایەکی تر. ئەم ڕاڤەکردنە بووەتە هۆی ئەوەی بەتەنها نووسەرانی دەربار لەناو ئەو یەکێتیی نووسەرانەدا جێگایان ببێتەوە. ئەو یەکێتیی نووسەرانە بێجگە لەوەی بووەتە تیبوونالێک بۆ سزادانی نووسەران و دەزگایەکی پۆلیسیی هزر هیچ سوودێکی تر بە ئایندەی گەل و بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیی ناگەیەنێت. لە دوای پرۆسەی ڕزگارکردنی ئێراقەوە گەش و هەوایەکی ترسناک لەناو ڕۆشنبیرانی کورددا دروستبوو. زۆربینەی ڕۆشنبیرانی تاراوگە گەڕانەوە بۆ کوردستان بوونە پۆلیسی هزر، لەکاتێکدا هەتا لە تاراوگە بوون شمشێری ڕەخنەیان هەڵدەکێشا و داکۆکییان لە ئازادیی بیروڕاو بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی دەکرد. وەلێ ئیمڕۆ بەپێچەوانەوە ئەو ڕۆشنبیرانە وەک پۆلیسی هزر پشت و پەنای دەستەڵاتن و لەبری ئەوەی قەیران بۆ دەستەڵاتداران دروستبکەن، ئێستا خۆیان لە قەیراندا دەژیین و خاوەنی گیروگرفتی گەورەن. ئەم ڕۆشنبیرانە ئیمڕۆ لە وتارەکانیاندا باسی پایەی خۆیان لە دەستەڵاتدا دەکەن و سەرمایە و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ دام و دەزگا دەوڵەتییەکاندا ڕادەگەیەنن. لەبری ئەوەی ڕۆشنبیران ڕێگربن لە هێنانەکایەوەی چەمکی "ڕۆشنبیر و دەستەڵات" لەناو ڕۆشنبیرانی کورددا، کەچیی خۆیان یەکەمیین هەنگاویان بۆ هەڵهێنایەوە. ئیمڕۆ کێشەی ڕۆشنبیر و دەستەڵات بیری زۆربەی ڕۆشنبیرانی داگیرکردووە. هەروەک چۆن بەخشیینەوەی پارچە زەویی بیری خەڵکی ڕەشۆکی داگیرکردووە. ئەمەش شووناسێکی نوێی لەناو ڕۆشنبیرانی کورددا داهێنا، بیانگەیەکی وەکوو پاسەوانییکردن لە ڕۆشنبیران لەناو دەستەڵاتدا، ئەم ڕۆشنبیرانە نەگ ناتوانن کار بۆ ئەوە بکە، کە دەوڵەت دەدان بە دەستەڵاتی ڕۆشنبیران دا بهێنێت، بەڵکوو خۆیان وەک پۆلیسێکی هزر پاسەوانیی لە دەستەڵاتی ئەو دەوڵەتە دەکەن. سەرچاوە 25، 3 بەشی "بی"

چاوەڕوانییکردن توانین هونەرێکی گەورەیە، وەلێ چاوەڕواننەکردن گەورەترە. سێ کوچکەی ئیستبداد و تیرۆر لە کوردستان دا نووسینی نووسەر و ڕووناکبیر " تاهیر ساڵح شەریف" یەکێکە لەو وتارە بوێر و ڕەخنەییانەی سەراپای بەژنی بیرکردنەوەی خوێنەر دەهاژێنێت. تاهیر ساڵح خاوەنی هێزێکی گووتنە، کە ئیمڕۆ کەم لە ڕۆشنبیران هەیانە. هەرئەم تێڕوانینەش وەهایکردووە نازناوی ڕۆشنبیریەت لە کەسانێک بسەنرێتەوە، چونکی ئەوان چدی لەبەرەی بەرەنگاربوونەوەدا نەماونەتەوە، بەڵکوو بوونتە هۆزی " دەست بە کڵاوەکەی خۆتەوە بگرە با نان براو نەبیت" دەشێت تاهیر ساڵح خاوەنی ئارامییەکی چەند گەورە بووبێت، هەتا توانیبێتی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی کووشتن و برِیین و سانسۆر و هەڕەشەدا بەردەوامیی بە ژیانی ڕۆژانەی ناچاریی بدات؟! هەڵتەکاندنی دامودەزگا تۆقێنەرەکانی بەعس لە کوردستان دا، تەنها لە ڕووی جوگرافییەوە بوو، دەنا ئیدیۆلۆژیەتی بەعس بەشێوەیەکی وەرگێڕدراو لەناو کۆمەڵگای کوردەواریی دا بە زمانی کوردیی کاری پێدەکرا، کە هەتاوەکوو ئێستا خەڵکی کورد نەیتوانیوە لەو شووناسە تۆقێنەرە خۆی دەرباز بکات. تاهیر ساڵح لەوەش گەورەتر بووە، کە نەیتوانیوە چدی چاوەڕوانبکات، نەیتوانیوە چدی ڕۆژانە لەو مەملەکەتی پڕ تاوانەدا چاو لە ڕاستیی و هەقیانەتەکان دابخات. پیشەی مرۆڤی ڕۆشنبیر وەهایە ئەگەر هاتوو بۆی ڕێکنەکەوت لەناو خاک

و نیشتیمانی خۆی دا بەردەوامیی بە بەرەنگاربوونەوە بدات، بەهۆی هاتنە پێشەوەی مەترسیی بۆسەر ژیانی، ئەوا بێدەنگیی هەڵنابژێرێت و ناهێڵێت خەفەبکرێت، بەڵکوو خاک و نیشتیمانەکەی خۆی بەجێدێڵێت و ڕوودەکاتە تاراوگە. هەربۆیە زۆرجار تاراوگە دەبێتە لانکەی یاخییبوون بۆ ڕۆشنبیران. تاهیر ساڵحیش هەرلەگەڵ یەکەم پێ هەڵهێنانەوەی بۆ ترافیە لە تورکیادا سێ کوچکەی ئیستبداد و تیرۆر لە کوردستان دا دەنووسێت. ئاخر ئەو ڕۆشنبیری نان نەبووە هەتا وەک سەدان نووسەری تر، کە ناتوانین ناویان بنێین ڕۆشنبیر ئازادیی بە نان پێبفرۆشن. فرانسۆ حەریریی هەر لە دوای ڕاپەڕیینەوە دەستیکرد بە کڕیینی ئازادیی نووسەرانی کورد. تەنانەت هەتا پێش تەقینەوەی بۆمبی یەقینی نێوان یەکێتیی و پارتی دیموکرات هەموو یەکێتیی نووسەرانی کوردی لە سلێمانییەوە بەرەو دهۆک ڕاپێچکرد بۆ کۆنفرانسی نووسەرانی کورد، لەدوای کۆنفرانسەکە لەیەکێک لە کۆڵانەکانی دهۆک دا لاندکرۆزەرەکەی ڕادەگرێت و یەکە یەکە نووسەرانی لە سلێمانییەوە هاتوو دەچنە لای فرانسۆ و ئەویش هەروەک خەڵاتەکانی بەعس باوەشی نووسەران پڕ دەکات لە دینار. کەم بە دەگمەن نووسەر هەیە لە باشووری کوردستان دا نانی دەستی فرانسۆ حەریریی نەخواردبێت. ئەوانەشی لەگەڵ مەلابەختیاردا نەیانتوانیبێت هەڵبکەن لەبەر هەرهۆیەک بێت، ئێستانێ سەر بە لیستی نووسەرانی هەولێرن و چالاکییان لە بازنەی زەرددا هەیە. پارت ڕۆشنبیران دەکات بە مقاش و دەنگی ڕەخنە و نارەزایی و کەوییکردنی کۆمەڵگای پێ دەگرێت. پارت هێز و توانای ڕۆشنبیران زەوت دەکات و دەیکات بە نووسەر، ئاخر مەرج نییە هەموو نووسەرێک خاوەنی هێزی ڕۆشنبیریەت بێت.

هێز پێویستە بۆ حەق سەندن
هێزی پێکهاتووی یەکگرتن
هێزی باوەڕ هێزی وتن،
" گۆران"

زۆرینەی نووسەرانی کورد، چونکە هەموو هێزی خۆیان داوە بە پارت چدی بێجگە لە پێداهەڵگووتنی نابەجێیانە و خۆڵکردنە چاوی گەل هیچی تریان پێ نییە بۆ وتن. هەربۆیە ئەوانە باوەڕی هێزی وتنیان نەماوە. ئەوانە دەیانەوێت وەک کادێری سیاسیی پارتەکان ئەوەمان فێربکەن، کە دەنگی پارت دەنگی نەتەوە و دەنگی کۆمەڵە. کە ئەم دەستەواژەیە ساڵانێکی دوورودرێژە پارت گەلی کوردی پێ هەڵدەخڵەتێنێت. پارت کووشتن و تۆقاندن و ناپاکیی و شەڕی ویست، بەڵام ئەمە ویستی نەتەوەی کورد نەبوو، وەلێ سەپاندیان بەسەریدا. گرفتی گەورەی ڕۆشنبیرانی ئیمڕۆی کورد ئەوەیە، کە دەستبەرداری دەستەڵاتی ئاکاری خۆیان دەبن و لەبەرژەوەندیی ڕێکخستنی پارت دا کاردەکەن، وەک پشتگیرییکردن لە دەستەڵاتی تایفە و بنەماڵە و خێڵ و دەمارگیریی نەتەوەییی و بەرژەوەندیی چینایەتیی و پارتایەتیی. ئاخر ئەگەر ڕۆشنبیرانی کورد ئامادە بن برسیی و ئازاد بن، نەگ تێر و کۆیلە و ژێردەست و دەنگ کپکراو،

ئەوا لە قەیرانی دەبەنگیی ڕزگاریان دەبێت، ئەگەر نا ئەوا دەبەنگیی ئەوان دەکووژێت. بە جەستە زیندوون بەڵام بە هزر مردوو، بە جەستە زیندوون وەلێ بە بوون مردوو.

بۆئەوەی بیرێکی پاک و پووخت لەدایک بێت، ڕۆشنبیر پێویستە لە ئەدمۆزفێرەیەکی دیموکراتیزەکراودا ژینگەی هزرێکی پاکژی هەبێت. ڕۆشنبیر چونکە خاوەنی هێزی دروستکردنی هزرە، دەبێتە کەسێکی ڕەخنەگریش. ئیمرۆ بەپێی پێوانەی هەڵسەنگاندنیش کاری ڕۆشنبیر زیاتر پێداگرتنە لەسەر مافەکانی تاک و کۆمەڵ و ئازادیی تاک و کۆمەڵ. ڕەواییی ڕۆشنبیر لە داکۆکییکردنیدا لەسەر وتن و دەرخستنی ڕاستییەکان لەمەڕ ماف و ئازادیی دا دەردەکەوێت. جیاوازیی نێوان دەستەڵاتدارێک و ڕۆشنبیرێک لەوەدایە، دەستەڵاتدار بە کێشانی چەک و پارە و هەڕەشە دێتە مەیدانەوە، ڕۆشنبیر بێ شیر و قەڵغانە، ئەو بەتەنیا پەیڤین و نووسینی هەیە لە سەرای بەرانبەرێندا بەکاری بهێنێت. جیاوازیی ڕۆشنبیرێک و کەسێکی ئاسایی لە کۆمەڵ دا لە قەیراندا خۆی دەبینێتەوە، ڕۆشنبیر لە قەیرانەکاندا هەناسە دەدات بۆ پێگەیاندنی ئازادیی و ماف و یەکسانیی تێدەکۆشێت. دەشێت ڕۆشنبیر گۆڵمەزگێڕیش بێت بە دەرخستنی دیوە تارییکەکانی دەستەڵاتداران و ناپاکییان و ئاشکراکردنی لایەنە خراپەکانیان، ئەمەش دەبێتە دروستکردنی گیروگرفت بۆ دەستەڵاتداران و سیاسەتمەنداران. لە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵی کوردیی دا، ئەو ڕۆشنبیرانەی سەردەمانێک گۆڵمەزیان دەنایەوە و قەیرانیان بۆ دەستەڵاتداران دروستدەکرد، ئیمرۆ خۆیان هەم خاوەنی گیروگرفتن هەم لە قەیراندا دەژیین. پابەندبوون بە بلۆکی دەستەڵاتدارانەوە و داپۆشینی لایەنە خراپەکانی دەستەڵاتداران، لەلایەن ئەمجۆرە ڕۆشنبیرانەوە بووە هۆی ئەوەی لە سەرای بەرانبەرێندا ئەوانە لەلایەن کۆمەڵەوە چەکی ڕاستگۆییان لێ دابماڵرێت. جاران ئەوان داکۆکییان لە چەندیین بەهای گەورەی وەک ئازادیی و ڕاستیی و ماف و یەکسانیی دەکرد، ئەوان قەیرانیان بۆ جیهان و بۆ دەستەڵاتداران دروستدەکرد، کەچیی ئیمرۆ هەم جیهان و هەم دەستەڵاتداران قەیران بۆ ئەوان دروستدەکەن، ئەوان دەیسەلمێنن، کە ئەمجۆرە ڕۆشنبیرانە بەرانبەریان گەلێک بێدەستەڵات بوون. زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد پێیانوایە، کە ئەوان نوێنەری گشت خەڵکی کوردن. پێیانوایە، کە ئەوان هەموو ڕاستییەکانیان لایە. بەڵام ئیمرۆ ئەو ڕاستییانەی دەکەونە بەرچاو بەرلە ڕۆشنبیران پێشتر بەردەستی کەسانی تر کەوتوون. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەوان خاوەنی هەموو ڕاستییەکان نین. قۆناغی ئێستاکانێی ڕۆشنبیرانی کورد بریتییە لە شۆڕش لە شۆڕش دا. بۆ ئەوەی بوونیەتی ڕۆشنبیر بەها و متمانەی خۆی لە کۆمەڵ دا ون نەکات، بەهۆی شکستە چاوەڕواننەکراوەکانەوە، دەبێت تێکۆشان لەو ڕەوتانەدا بکات، کە لە ئایندەدا بەپێچەوانەوەی بیری ڕۆشنبیرەوە نەشکێتەوە بەسەر کۆمەڵ دا. تێکۆشانی ئەم هەفتەیەی گەورە گۆرانیییێژانی ئەمەریکا و ئەوروپا دژی برسێتیی لە جیهان دا داچڵەکینێکی تری نوێ بوو بۆ ڕۆشنبیران و ڕووناکبیرانی جیهان، چونکە ئەو هەنگاوە گەورەیەی ئەوان نایان بۆ گۆڕان بەرەو لێپرسراوێتییەکی هومانیستیانە و جیهان بەماڵی خود زانین لە دەیانساڵەی ڕابووردا ڕۆشنبیران نەیانتوانی بیکەن و شوێنی کاریگەرێتی خۆیان لەسەر کۆمەڵ و دەوڵەت دابنێن. هەڵگیرساندنی چرای ڕەخنە لە ڕەخنەدا دەتوانێت ڕۆشنبیران بەرەو ئاکارێک بەرێتەوە، کە چدی

هزری خۆیان بۆ فەزایەک بەکاربهێنن، کە لە ئایندەدا پێچەوانەکەی ڕوونەدات. هەروەکوو چۆن ڕۆشنبیران هەتا یانزدەی سێپتێمبەر نەیانتوانی شیکردنەوەیەک لەسەر تیرۆر و کارە تیرۆریستییەکان و ئایندەی تیرۆر لە جیهان دا بکەن. هەروەک چۆن نەیانتوانی هەتا دوای جەنگی ئێراق و ئەمەریکا پێشبینیی ئەو هەموو داهێنانە کارە تیرۆریستیانە بکەن، کە لە ئێراق دا بەرجەستە دەکرێت و لە سایتەکانی ئینتەرنێت  و تەلەڤیزیۆنەکان دا بە ئاشکرا دەخرێنە بەرچاوی جیهان. هەروەکوو چۆن شاعیرانی ئەم سەردەمە لە دەربڕینەکانیاندا هەمیشە دوای ڕووداو کەوتوون، وەک لەوەی پێش ڕووداو بکەون. ئیمڕۆ خودی ڕۆشنبیر بووەتە بابەتی قەیران و ڕەخنە لێگرتن  و بابەتی ڕەخنە لە ڕەخنەی ڕۆشنبیردا. لە دوای پرۆسەی ڕزگارکردنی ئێراقەوە ئەو فەزایەی پارت بۆ ڕۆشنبیری هێنایەکایەوە بۆ کردنیان بە پۆلیسی هزر بەرانبەر بە شەقامی کوردیی، هەرلەم ڕوانگەیەشەوە وەک پۆلیسێکی بەکرێگیراو لە پاڵیشەوە باسی پلە و پایە و دەستەڵات و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، لە کاتێکدا ڕۆژانێک بوو هەر هەمان ڕۆشنبیر شمشێری ڕەخنەی هەقی لە دەستەڵاتداران بۆ داکۆکییکردن لە ئازادیی و یەکسانیی و مافی نەتەوەییی و سەربەخۆیی کوردستان هەڵکێشا بوو. ئەم خاڵەش وەهایکردووە، کە هەتا ئێستا ڕۆشنبیرانی کورد نەیانتوانیبێت وەک گەورە ڕۆشنبیرانی جیهان " کامۆ، سارتەر، فۆکۆ" کار لە پراکتیزەکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی دا بکەن و ڕەوتی مێژووی ڕۆشنگەریی کورد وەرچەرخێنن بەرەو قۆناغێکی نوێ و پێشکەوتنخواز. هەربۆیە هەتا ئێستا پارت دەتوانێت کار لەوەدا بکات، کە ڕۆشنبیرانی کورد لەناو کۆمەڵدا بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدرێت. ئەو شوێنە گەورەیەی پارت لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردی داناوە، هەتا ئێستا ڕۆشنبیری کورد بە چارەکی پارت نەیتوانیوە شوێن لەسەر کۆمەڵ دابنێت، لەکاتێکدا دەشا پرۆسێسەکە پێچەوانە بوایە. کەواتە ڕۆشنبیران هەمیشە بەدەستی پارت پەراوێزکراون و لە جەنگی بەرەنگاربوونەوەی پارت و دەستەڵاتدا دۆڕاون. کەواتە ڕۆشنبیرانی کورد نەیانتوانیوە ڕاستیی بەرهەم بهێنن، هەمیشە ویستوویانە وەک جادوگەرێک میکانیزمیەتی ئازادیی بخەنەگەر. ژینگەی هزری ڕۆشنبیر دەبێت ژینگەیەکی پاکژ بێت، هەتا بتوانێت لە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆندا بمێنێتەوە و بەردەوام چەکی ڕەخنەی لە شاندا بێت. ئەو پێویستە ئالای سەربەخۆیی خۆی بەرەوڕووی دەوڵەت و دەستەڵات هەڵبکات بانگەشەی ئەوە بکات، کە ئەو ئەرکی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی بەها ئازادییەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەگەر کاری ڕۆشنبیرانی کوردیش بەردەوام لەو ژینگە پۆخڵەدا بمێنێتەوە، کە پارت بۆ ڕۆشنبیرانی سازکردووە، ئەوا هەتا بێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هزر و بۆچوونی ناپاکیش دێتە ئاراوە و ڕۆشنبیرانیش بەهای ڕاستیی خۆیان لەناو کۆمەڵدا لەکیس دەدەن. سەرچاوە بەشی "ئا" 3، 4

**ئەنتۆنیۆ گرامشیی** فەیلەسووفی ئیتاڵیی دەڵێ: ڕۆشنبیران نەگ چینێکی جیای  کۆمەڵگان، بەڵکوو تەوەری سەرەکیی کارەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیین. ڕۆشنبیر ڕۆڵێکی دیاریکراو و ئاشکرای هەیە لە کۆمەڵگادا، بۆیە هەرگیز مرۆی ڕۆشنبیر ناکرێت ڕەوتی ڕۆشنبیریی خۆی بۆ پیشەیەک بچووکبکاتەوە. ڕۆشنبیر ناکرێت خۆی لە بازنەی ئەندامێتی چینێکدا قەتیس بکات. کاری مرۆی ڕۆشنبیر لێکدانەوە و بیرکردنەوە و کردنەوەی پەنجەرەی نوێیە لە هزرێکی فەلسەفییانەی

داهێنەر بۆ گۆڕینی سیستێمێکی نابەجێ و چەسپا و بەرەو سیستێمێکی لەبارتر و نوێتر بۆ ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی. داکۆکیکردن لە ڕاستیی و چەسپاندنی ئازادیی کاری سەرەکی ڕۆشنبیرە. ڕێژەی ڕۆشنبیران نەگ تەنها لەناو کۆمەڵگای کوردەوارییدا، بەڵکوو لە سەرتاسەری جیهاندا هێندە زۆربووە، کە ئەو بوارە جیاوازانەی ڕۆشنبیران کاری تێدا دەکەن بوونەتە بابەتی لێکۆڵینەوە. مرۆڤ ناتوانێت بوونیەتی کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر لە بازنەی وشەی نووسەر و بوێژ و فەیلەسووف و ..هتد دا زیندانیی بکات. بۆیە هەر ڕۆشنبیرێک نووسەر بێت یان کارمەندێکی دەوڵەوت یان ئەندامێکی چالاکی لایەنێکی ڕامیاریی، یان کرێکار یان قاپشۆرێکی چێشتخانەیەک، پێویستە خۆیان لەو چینەدا قەتیس نەکەن، کە پابەندن پێوەی. ئەگەر هاتوو کار وا بڕوات ئەوا ئەو کەسانە تەنها ڕۆشنبیری ناوچینێکن، ڕۆشنبیری کەسانی شارەزا و زانا و ڕامیارکار و خوێندەوارن. لێرەدا خەڵکانی ئاسایی و ڕەشۆک هیچ سوودێک لەم ڕۆشنبیرانە وەرناگرن و ڕۆشنبیرانیش ناتوانن لەم باروودۆخەدا ڕۆڵی هەڵسووڕێنەری کۆمەڵگا ببینن. نووسەرانی کورد ئیمڕۆ زۆریان خاوەنی دەستەی چینایەتیی خۆیانن، کە لێرەدا ئەمانە بەتەنها دەبنە ڕۆشنبیری چینەکەی خۆیان نەگ کۆمەڵ. ئەم چینانە بەردەوام هەوڵی شکاندنی ملی چینێکی تر ئەدەن جا هەرلایەکیان خاوەنی باکگراوندێکی تایبەتی خۆیانن. ئیمڕۆ لە سەرای ڕۆشنگەریی کورددا سەدان نووسەر و پۆلیسی هزرمان دێتەبەرچاو و هەریەکێکیان لەژێر ساباتی لایەنێکدا شان و قۆڵی لێهەڵماڵیوە و سەنگەرێکی نابەجێیانەیان لە شەقامی کوردیی و لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کورد گرتووە. ئەگەر تەماشای ئەرشیفی هەریەکێک لە ڕۆژنامەکانی هاوکاریی و پاشکۆی ئێراق و گۆڤاری ڕەنگیین و ڕۆژنامەی ئاسۆ و بزاڤ و ..هتد. بکەین ئەوا وێنە و ناو و وتار و هۆنراوەی چەندیین نووسەرمان دێتە پێش چاو، کە زۆرینەشیان بگرە خودی خۆیان بەعسیی بوون و بۆ بەعسیان نووسیووە نەگ بۆ کورد. نووسەرانی پاکیش لێرەدا هاوسێی نووسەرانی بەعسیی بوون لە لاپەڕەکاندا، ئەگەر ئیمڕۆ پرسیاریشیان لێبکرێت ئەوا پاساوی ئەمان ئەوەیە، کە لەڕێگای نووسیینە بەنرخەکانی ئەمانەوە جەماوەرێک هۆشیارکراوەتەوە، ئیدی کێشە نییە کە بابەتەکانیان لە شانی نووسەرێکی بەعسییەوە دابەزیووە. ئیمڕۆ ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانە، دەمی خۆیان بەرانبەر ئەو نووسەرە شان تەڵخانە داخستووە، بەس بەتەنها لەبەرئەوەی ئێستا لەژێر سایەی ئەو پارتەدا دەنووسن، کە ئەوان پۆلیسایەتییان بۆ دەکەن وەک ڕۆشنبیرێک. بگرە ئەوان سەنگەرێکی پتەویان بەس بە تەنها بۆ هزری نوێی ڕۆشنبیرانی سەردەم هەڵکەندووە و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پارتەکان دەمی پێنووسی ڕەخنەیان تیژدەکەنەوە. ئەمانە وەک دیکتاتۆرێکی هزر دەیانەوێت بۆچوونەکانی خۆیان بسەپێنن و دەریبخەن بەس خۆیان ڕاستن. چەواشەکردنی ڕاستیی و شاردنەوەی ناپاکییەکانی دەستەڵاتداران بووەتە پیشەی سەرەکییان. سەرچاوە 25

هەربۆیە چەند سیاسەتمەندارانی کورد زیانیان بە ئایندەی ئازادیی کورد گەیاندووە، ڕۆشنبیرانیش هەمانشێوە. دەشا ڕۆشنبیران شوێنێکی زۆریان لەسەر ڕەفتارەکانی سیاسەتمەندارانی کورد دابنایە و هانیانبدانایە تێکۆشانێکی ڕاستەوخۆ بۆ جیابوونەوەی خاکی کوردستان لە سنووری دەستەڵاتی ئەو دەوڵەتانەی خاکی کوردستانیان زەوتکردووە بکردایە،

نەگ وابەستەی دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست بن. هەمانکاتیش گۆشکردنی کۆمەڵی کوردەواریی لەسەر بنەمای ئازادیی بۆ هێنانەدی خەونی دەوڵەتێکی کوردیی.

بزاڤی ڕزگارییخوازی گەلی کورد بە درێژایی سەدەی بیست، هەلێکی مێژوویی وەک ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 و هەلومەرجی هەنووکەیی لەدوای پرۆسەی ڕزگارکردنی وڵاتی ئێراقەوە لە سەدەی بیست و یەکدا بۆ هەڵنەکەوتووە. وەلێ مامەڵە سیاسییەکان نەیانتوانیوە نەتەوەی کورد لانی کەم لە باشووردا لە گرێیەک ڕزگار بکەن. نەتەوەی کورد لە ئایندەیەکی نزییک یان دووردا شەڕێکی گەورەی لەپێشدایە، کە ئەویش شەڕی ئازادییە. لە بەرانبەری ئەمەشدا دەشێت کورد ملکەچبکات بۆ بندەستبوونی خۆی و پەسەندکردنی پێناسی خۆی وەک ئێراقییەک. ئولتیماتووم، کە مەبەست لە دواهەمیین پێشنیارە، کە بۆ نموونە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بیدات بە چەقی دەستەڵات لە بەغداد، ئەگەر چەقی دەستەڵاتی دەوڵەت لە بەغداد ئەم پێشنیارە پەسەند نەکات ئەوا دەبێتە شەڕ لەنێوانی هەردوو دەستەڵاتی ناوبراودا. وەلێ دەستەڵاتی سیاسیی کورد لە پرۆسەی ڕزگارکردنی ئێراقەوە زۆر ئۆپتیمیسمانە " خۆشباوەڕیی سیاسیی" هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بەغدادا کردووە و هەتا ئێستاش بە دەهۆڵ و زوڕنای برایەتیی کورد و عەرەب هەڵدەپەڕن. ئەمان وەهایانکردووە، کە سیستێمی دەستەڵاتی دەوڵەتی هەرێمی کوردستانیش، ببێتە دەستەڵاتێکی ئالیگارشیی " ئەو دەوڵەتەی لەلایەن چەند کەسێکەوە دەبرێت بەڕێوە و هەموو دەستەڵاتی دەوڵەت بەدەست ئەو کۆمەڵە دیاریکراوەوەیە". کێشەی دەستەڵاتی سیاسیی کورد لە نەبوونی بنەمایەکی فەلسەفییدا بۆ ئازادیی خۆی دەبینێتەوە. کێشەکەی ئەمانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کلتوورەی تێیدا گەورەبوون. کلتوورەکەش هی کوردە، کلتووری خوێندنەوە و کڕیینی پەڕتووک و گرنگییدان بە بوارە زانستییەکان، فەلسەفییەکان، کۆمەڵایەتیی، دەروونیی .. هتد. بەدەگمەن هەبووە، ئەگەرەکو هەنووکەش بە هەوڵوتەقەلای نووسەران و بیرمەندان کارێکی بۆ کرابێت، هێشتا بەپێی پێویست نییە و لاوازە. پرۆسەی ڕزگارکردنی ئێراق و نەمانی دەستەڵاتی دیکتاتۆریەت و ئەو فەزا تایبەتییەی دەستەڵاتی سیاسیی کورد بۆ ڕۆشنبیرانی سازکردووە گەیشتۆتە ئاستێک، کە ئێستا ئۆپۆرتونیسم باڵی تەواوی بەسەر ڕەوتی ڕۆشنگەریی کوردیی دا ڕاکێشاوە. ئۆپۆرتونیسم بەمانای ئەوەی خەڵکانێکی بیرمەند و ڕۆشنبیر لەپێناوی بەرژەوەندیی خوددا بیروبۆچوونەکانیان لە داهێنانی هزریی دا بە قازانجی سەرکردەکان دەگۆڕن. ئەمەش بێجگە لە ئیفلیجکردنی پێ و هەنگاوی ئازادیی قازانجێک بێجگە لە داهێنەرەکانیان، کە خودی ڕۆشنبیرەکانن، بە ئایندەی کوردی ناگەیەنێت. دەکرا ڕۆشنبیران ئەو توانایەی خۆیان لەپێش هەموو شتێکەوە بۆ کۆمەڵگا بخستایەتە گەڕ نەگ بۆ دەستەڵاتی سیاسیی سەرکردەکانی کورد، کە ئەوان بۆ مەبەستی خۆیان ڕۆشنبیرێک دەکەنە سکرتێر یان ڕاوێژکاری خۆیان. ئەمەش ڕێگاخۆشکەرە بۆ داهێنانی سیستێمێکی ئاوتۆریتاریانیسم " ئازادیی تاکە کەسیی لەم سیستێمی دەوڵەتییەدا، ئەکەوێتە ژێر سەرنج و تیشکی دەستەڵاتی دەوڵەتەوە". ڕۆشنبیران دەبوایە و دەبێت بچنە سەرئێسقانی بیر و هۆشی کۆمەڵگای کوردەواریی و لە بناغەوە هەڵیان بوەشێننەوە و سەرلەنوێ لەسەر بنەمایەکی فەلسەفیی زانستیی دروستیان بکەنەوە، هەتا بتوانن هەم قورسایی بە بوونیەتی خۆیان بدەن و هەم شوێنیش لەسەر

دەستەڵاتی سیاسیی دابنێن. چونکە گەلێک، کە خاوەنی سەرخانێکی ڕۆشنبیریی نەبێت، هەمووکات دەستەڵاتی سیاسیی دەیقۆزێتەوە و بۆ مەرامی تایبەتی خۆی و بەرژەوەندیی خۆی بەکاریان دەهێنێت. لە باشووری کوردستان دا، ئەگەرەکو پێنج کەسایەتیی پاکی ئانارشیسم " ئانارشیسم دەوڵەت و دەستەڵاتی سیاسیی تووشی مەینەتیی کۆمەڵایەتیی دەکات و پێشی دەڵێن گۆڵمەزگێڕ و ئاژاوەچیی" هەبوایە، هەڵبەتە دەستەڵاتی سیاسیی کوردیان دەخستە قەیرانەوە و ملیان بۆ داواکانی گەل و ڕۆشنبیران پێکەچ دەکردن. لێبەڵێ دەستەڵاتی سیاسیی کورد هەتا ئێستا ڕۆشنبیرانی خستۆتە قەیرانەوە و ملیان پێ کەچ دەکەن. بەڵام هەرچەند دەستەڵاتی سیاسیی کورد چاو لە ڕاستییەکان بنووقێنن ناتوانن، ئولتیماتوومی ئایندەی کورد لە چارەنووسی کورد بشارنەوە. یان ئەوەتا دەستەڵاتی بەغداد ددان بە ئازادیی گەلی کورددا دەنێت یان ئەوەتا کورد و بەغداد جارێکی تر دەبێت شەڕ بکەن.

## سەرچاوەکان: کوردیی بەشی "ئا"


1. یاداشتەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمیی
2. چیم دیی: ئەحمەد خواجە
3. المستضعمون الکرد و اخوانهم المسلمون " جەمال نەبەز"
4. ململانێی ئایدیۆلۆژیی، حوسێن محەمەد عەزیز
5. بناغە گشتییەکانی کۆمەڵناسیی، دکتۆر حوسێنی خەلیقی
6. یاداشتەکانی تۆفیق وەهبی
7. یاداشتەکانی مامۆستا زێوەر
8. فەلسەفە و کۆمەڵ: نووسینی دکتۆر حوسێنی خەلیقیی
9. دەوڵەتەکەی شێخ مەحمودی قارەمان بەشی یەکەم: نووسیینی محەمەد ڕەسول هاوار
10. ئیسماعیل ئاغای شکاک" سمکۆ ": نووسیینی محەمەد ڕەسول هاوار
11. بیری نەتەوەییی کوردیی: دکتۆر جەمال نەبەز
12_ گۆڤاری یەکگرتن: لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن ژمارە 15
13. بارگەی یاران: سەرجەمی شیعرەکانی هێمن.
14. شەرەفنامە " شەرەفخانی بەدلیسی"
15. خولانەوە لە ناو بازنەدا " نەوشیروان مستەفا"
16. مێژووی کورد لە سەدەی 16 هەمدا "د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر وەرگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە بۆ کوردی شوکور مستەفا"
17. زەرتەشت " عەبدوڵڵا قەرەداغی"
18. علاالدین سوجادی "مێژووی ئەدەبی کوردی"

19. شێخ محەممەدی مەردۆخیی "مێژووی کورد و کوردستان"
20. ئەمین زەکی بەگ " کورد و کوردستان"
21. کوردستان و کورد: دکتۆر عەبدول ڕەحمان قاسملوو
22. جەهالەتی ئیسلام و دونیای هاوچەرخ: ئارام ڕەشید
23. ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو: سابیر کۆکەیی.
24. بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد: دکتۆر سادقی شەرەفکەندیی
25. وێنەکانی ڕۆشنبیر: ئیدوارد سەعید

## سەرچاوەکان: ئەڵمانیی بەشی "بی"

1_ Bei  Sokrates auf der Cauch: Lou Marinoff
2_Das Kapital: Karl Marx
3_wahnsinn und Gesellschaft: Michel Foucalt
4_Hegel: Martin Gessmann
5_ Sarter: Susanne Moebuss
6_ Jenseits Von Gutt und Boese: Friedrich Nietzsche